# نووسەری خەیاڵپەروەر

# ئیدگار ئالان پۆ

# ١٨٠٩-١٨٤٩

نووسین

و ئامادەکردن وپاچڤەی

حەمەکەریم عارف

پێڕست

*- پێشەکییەکی کورت

*- پاژی یەکەم

*- پاژی دووەم

*- پاژی سێیەم

*- پاژی چوارەم

*- پاژی پێنجەم

١- هەرەسی کۆشکەکەی ماڵباتی ئۆشەر

٢-پشیلە ڕەشەکە

٣- سێبەر

٤- دڵی ڕازدرکێن

٥- ئەفسانەی بێدەنگی

٦- چەند پەیڤێک دەگەڵ مۆمیایەکدا

٧- دەمامکی مەرگی سوور

٨- بەرمیلی ئەمۆنتیلادۆ

* ناوی هەندێ لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی پۆ

* سالْنامەی ژیانی پۆ

* فەرهەنگۆک

* ژینامەی حەمەکەریم عارف

# پێشەکییەکی کورت

ئیدگار، یەکێکە لە ئەدیبە نێودارەکانی ئەمریکاو بەشێکی زۆری ژیانی لە نیۆیۆرک بردۆتە سەر. بەڵام نەکەوتە ژێر کاریگەری هیچ ڕێبازێکی ئەدەبیاتی ئەوێندەر. وەکو شاعیرو چیرۆکنووس‌و ڕەخنەگر، تاقە سوارە لە دەرێی بازنەی ئەدەبیاتی ئەمریکادا مایەوە... ئەم نووسەرە فرە بەهرەیە، شارەزاییەکی تەواوی هەبوو لەمەڕ داب‌و بنەما هونەرییەکانی سەردەمی خۆی و هۆشیارانە دەقە ئەدەبییەکانی لە دەقە نا ئەدەبی و لاوازەکان جودا دەکردەوە. هەر بۆیە ئیدگار، لە ریزی پێشەوەی تیۆریسێنەکانی ئەمریکایە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا. دیدو بۆچوونە ڕەخنەییەکانی هێندە کارامەو قووڵ بوون کە کاریگەرییان بە سەر قوتابخانەی ڕەخنەی نوێی ئەمریکاو ئەورووپاوە هەبووە.. سەبارەت بە ئەدەب دەڵێت : "جۆرە بەرهەمێکە لەودیوی درکەو مانا رواڵەتی و راستەوخۆکانیەوە ، ماناو چەمکێکی دیکەی ناڕاستەوخۆی گرتۆتە خۆی، کە لە ڕێگەی تیلنیشان‌و ئاماژەوە دێتە تێگەیشتن نەک لە ڕێگەی گوتنی راشکاوانەو راستەوخۆوە."

بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکە کورتەکانی وەربگرین، دەبینین جیهانێکی سەربەخۆیان پێکهێناوەو پشتیان بە وێنەگرتنی راستەوخۆی واقیعی ژیان نەبەستووە، بەڵکو پشت بە نیشاندان‌و بەرجەستەکردنی ڕەمزی دەبەستن.. ئەدەب لە روانگەی ئیدگارەوە، هەوڵدانی مرۆڤە بۆ وەدەست هێنانەوەی توانای دەرککردنی ئەم دنیایە لە ڕێگەی ئەو خەون‌و شەبەنگانەوە کە دەیگەیەننە قولایی و نهێنییە ئەستاتیکییە ئەزەلی و ئەبەدییەکان، ئەو نهێنییانەی کە بە پێوەرە لەقەکانی ژیانی رۆژانە نایەنە پێوان و هەڵسەنگاندن.

ئیدگار، گوڵێکی تاقانەو بێگانەی نێو گوڵە کێویلەکانی ئەمریکا بوو. پەی بردن بەحەقیقەتی ئیدگار کارێکی گەلەک قورس‌و زەحمەتە : چ نووسەرێکی ئەمریکایی لەم بارەیەوە بە ئەندازەی ئەو ئاڵۆزو دژوار نییە. تەنانەت قسەکانی خۆیشی زۆر جێی باوەڕو متمانە نین. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە لە سێ بۆنەی جیاوازدا، سێ ساڵی جیاوازی بۆ لە دایکبوونەکەی دەست نیشانکردووە. پێدەچێت لە سەروبەندی لاویدا زۆر بەخۆی نازی بێ. توێژەرەوەکان راوبۆچوون و هەڵسەنگاندنی جیاوازیان دەربارەی هەیە. هەندێ بە لوتکەی دەزانن و هەندێکی دی بە ئاشکرا دوژمنایەتی دەکەن و بە توبزی لەو لوتکەیەوە تورِی دەدەنە خوارێ و بە ناخی عەردیدا دەبەن.

ئیدگار ئالان پۆ، لە ساڵی 1809دا, لە شاری بۆستۆن لە دایک بووە. بابی کابرایەکی ئەفسەری شۆڕشگێڕ بوو. پاشان وازی لە ئەفسەری هێناو خووی دایە نواندن و بوو بە ئەکتەرێکی دەرەجە دوو. دایکی ئەکتەرێکی چاک و لێهاتوو بوو. ئیدگار هێشتا زۆر منداڵ بوو کە بابی لە دایکی جیا بووەوە . ئیدگار، سێ ساڵان بوو کە دایک و بابی بە نەخۆشی سیل مردن. ئیدگارو دوو منداڵی دیکەیان لە پاش بەجێما، گەورەکەیان پێنج ساڵان بوو. دراوسێیەکی بازرگانی دەوڵەمەند و دەسترۆیان هەبوو. ئەم بازرگانە کە ئەو منداڵە لێقەوماوانەی بەو حاڵەوە بینی، بەزەیی پێیاندا هاتەوەو ناوەنجییەکەیانی، واتە ئیدگاری هەڵگرتەوە، هەرچەندە بە فەرمی نەیکرد بە کوڕی خۆی، بەڵام ناوی "ئیدگار ئالان پۆ" ی لێنا. بەمجۆرە ئیدگار دەرگایەکی باشی لێکرایەوە. ساڵان هاتن و چوون، ئیدگار بوو بە شەش ساڵان، ئەو ماڵە چوون بۆ ئینگلستان‌و ئیدگاریان لە گەڵ خۆدا برد و لەوێندەر لە گوندێکی دەوروبەری لەندەن نایەنە بەر قوتابخانەیەکی تایبەتی. پێنج ساڵ لەم قوتابخانەیەدا دەوامی کرد، کە گەڕانەوە بۆ ئەمریکا مامۆستای تایبەتییان بۆ گرت و درێژەی بەخوێندن دا. تەمەنی گەییە هەژدە ساڵان و لە ساڵی 1827 چووە زانستگەی فەرجینیاو سەلماندی کە مرۆڤێکی زیرەک و بە توانایە و نمرەی زۆر چاکی

هێنا، بەڵام لەم قۆناغەی تەمەنیدا خووی دایە خواردنەوە و قومار و قەرزکردن و قەرزێکی زۆری هاتە سەرو نەیتوانی خەرجی زانستگە بدات و ناچار وازی لە خوێندن هێنا و کەوتە کارکردن. چونکە بابەکەی قەرزەکانی بۆ نەدایەوە و لێی زویر بوو، و کردی بە فەرمانبەر لە نووسینگەی کۆنە هاوسێیەکی خۆیان. بەڵام تەبیعەتی نیگەران و دەمدەمی ئیدگار لە گەڵ ئەم کارەدا نەگونجا؛ بۆیە وازی لێهێنا و بۆ بوستوون گەڕایەوە. پاش ماوەیەکی کەم یەکەم دیوانی شیعری خۆی بە نێوی "تەیمورلەنگ و چەند قەسیدەیەکی دی" بڵاوکردەوە، بەڵام نێوی خۆی لە سەر دیوانەکە نەنووسی، بەڵکو بە نێوی "بە پێنووسی بوستونیەک" بڵاوی کردەوە. لە ساڵی 1827دا بۆ ماوەی دوو ساڵان چووە ریزی سوپا، گەییە پلەی "رەقیب" کە هەواڵی مەرگی دایکەکەی ژنەوت، چوو بۆ پرسەکەی و باوکەکەی، واتا ئەو پیاوەی کە ئیدگاری هەڵگرتبووەوە، لێی خۆش بوو، و لەگەڵی ئاشت بووەوە، هەوڵی بۆ داو چووە کۆلیژی جەنگ، بەڵام لەبەر بێ موبالاتی و خەمساردی و بەدڕەفتاری خۆی لەوێش نەحەوایەوەو دوای دە مانگان دەرکرا. ئیدی بابەکەی حاشای لێکرد، کە مردیش لە وەسێتنامەکەیدا، لە هەموو میراتییەک بێبەشی کردبوو.

پاش ماوەیەکی کەم چوو بۆ شاری بالتیمور، کە لەو سەروبەندەدا پایتەختی ئەدەبیاتی باشوور بووە . ئیدی لە ساڵی 1829وە کەوتە بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەیەکی شیعری و پاشان لە ساڵی 1831دا هەموو ئەو شیعرانەی کە لەو سەروبەندانەدا نووسیبوونی کۆی کردنەوەو لە یەک بەرگدا چاپی دووەمی کردنەوە. دیارە شیعرەکانی یان ئەم شیعرانەی سەرەتای چ شۆرەتێکیان بۆ پەیدا نەکرد. تا لە ساڵی 1833دا بە چیرۆکی " ئەو دەستنووسەی لە شووشەیەکدا دۆزرایەوە" بەشداری پێشبڕکێیەکی چیرۆکی کرد و خەڵاتی یەکەمی وەرگرت. ئەمە تیشکی شۆرەتی خستە سەر و کۆمەڵە ئەدەبدۆستێکی لە دەورخڕکردەوەو رێگەی بڵاوکردنەوەی نیمچە بەردەوامی لەبەردەم کردەوە. "جون کیندی" کە ئەندامێکی لیژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو چیرۆکانە بوو کە ئیدگار براوەی یەکەمی بوو، دەڵێ: "ئیدگار چیرۆکەکەی بە خەتێکی یەکجار جوان نووسی بووەوە، خەتەکەی لە چاپ جوانتر بوو. ئەم لایەنە رواڵەتییە کارێکی زۆری کردە سەر ئەندامانی لێژنەکە و پتر ئەمە بووە هۆی ئەوەی خەڵاتەکەی بدرێتێ. شەش چیرۆک لەو پێشبڕکێیەدا بەشداریان کرد و یەکێکیان بۆ بڵاوکردنەوە هەڵبژێردرا، ئەویش چیرۆکەکەی ئیدگار بوو". ئیدگار، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گەڵ پورێکیدا ژیا. پاشان جون کیندی بۆی تێکەوت و لە گۆڤاری "پەیامی ئەدەبیاتی باشووردا" دامەزراو پاش ماوەیەکی کەم بوو بە سەرنووسەری گۆڤارەکە . بەڵام بە حوکمی تەبیعەتی نیگەران و راڕای خۆی وازی لە سەر نووسەری گۆڤارەکە هێناو لە ساڵی 1833 کیژە پورەکەی خۆی خواست.

کیژێکی خشکۆک و جوان بوو. تەمەنی 14 ساڵ بوو، ئیدی خۆشەویستی ئەم کیژە خەم و پەژارەی لێرەواندەوە، روناکی بە ژیانی بەخشی و دەرگای شادی و سەرکەوتنو پاشە ڕۆژی بۆ خستە سەرگازی پشت. هەر لەم سەرو بەندەدا بوو کە گۆڤارەکەی نێو بانگی دەرکرد و رەواجی پەیداکرد، هەر لە ڕێگای ئەو گۆڤارەوە نێو و نێوبانگی ئیدگاریش وەکو رەخنەگرو چیرۆکنووس بڵاوبووەوەو کەوتە سەر زاران، کەچی وەکو لە سەرێڕا ئاماژەمان کردێ پاش ماوەیەکی کەم وازی لەم کارە هێناو بایدایەوە سەر بەڕەڵڵاییەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی لە نێوان نیۆیۆرک و فیلادلفیادا بەسەر برد، پێنج ساڵ لە فیلادلفیادا مایەوە، لە هەندێ رۆژنامەی ئەوێندەردا کاری سەرنووسەری دەستوگرت، پاشان چوو بۆ نیۆیۆرک تا درێژە بە هەمان پیشە بدات. هاتە سەر ئەو خەیاڵەی کە ئیدی بە یەکجارەکی لەم بوارەدا بگیرسێتەوەو جێگیربێ، کەچی ئەو ئاخر شەڕە بەدخووە سەرەڕۆیە نەیدەتوانی لە سەر هیچ کارو پیشەیەک بەردەوام بێ ..

له ساڵی 1840دا بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی له دوو بەرگدا به نێوی "چیرۆکێن خەیاڵێن چەتوون"ەوه کۆکردەوەو نێو بانگی له هەموو نێوەند ئەدەبییەکانی ئەوروپادا بڵاوبووەوە. به تایبەتی که له ساڵی 1843دا کورته چیرۆکێکی به نێوی "قالۆنچەی زێڕین"ەوه بڵاوکردەوەو له ساڵی 1845دا قەسیده به نێو بانگەکەی "قەلەڕەش"ی بڵاوکردەوە. هەر له هەمان ساڵدا دوو کۆمەڵه چیرۆک و شیعری، به نێوی "حیکایەتان" و "قەلەڕەش و چەند قەسیدەیەکی دی" بڵاوکردەوە.. ئا بەمجۆره لەو دەمەدا که کلۆڵیو کوێرەوەری و شۆرەت تەنگیان پێ هەڵچنی بوو، له ساڵی 1847 دا ژنەکەی مرد. ئیدگار سەرەڕای ئەدەبەکەی و رەواجه ئەدەبییەکەی ناچار بوو یارمەتی لەم و لەو وەربگرێ. لەگەڵ مردنی ژنەکەیدا وەکو نیمچه شێتی لێهات و به جارێ کەوته دنیای کەمتەرخەمی و بێ موبالاتییەوە. دوای دوو ساڵان چووه سەر دۆستێکی منداڵی خۆی، رێگەی بۆ خواستنی خۆشکرد، وەختێ ئافرەتەکه قایل بوو، ئیدگار بەرەو باشوور چوو تا مەسەلەی ژن هێنانەکەی ببڕێنێتەوە.. ئا بەمجۆره ئەم پیاوەی که هەورازه دژوارەکانی هونەری بڕی و خۆی به بنکی نهێنییەکانی فیکری مرۆڤدا کرد، له ماوەی ژیانی گەردەلول ئاسای خۆیدا، گەلێک رێبازی نوێ و شێوەو قاڵبی نەناسراوی کەشف کرد، تا خەیاڵی سەرسام و ئاوەزی تینووی ئیستاتیکا پاراو بکات.. بەرەو باشوور چوو تا مەسەلەی ژن هێنانەکەی ببڕێنێتەوە، لەوێ له بالتیمور تووشی کۆنه هاوڕێکانی خۆی بووەوەو سەری کرده خواردنەوەیەکی بەترەف، زۆر بەبێ لەزەتی و له ڕادەبەدەر مەست دەبوو.. پاش چەند رۆژێک ئەم پیاوه له تەمەنی چل ساڵیدا، له نێو شەقاماندا و لەسەر تەختێک وێڵ و سەرگەردان و تەنیا، له ئۆکتۆبەری ساڵی 1849 دا کۆچی دوایی کرد .

ئیدگار ئالان پۆ، " روفوس. و. گریسوولد"ی کرد بەسەر وەسێتی خۆی تا له پاش مردنی کاره ئەدەبییەکانی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەم پیاوه بێ ئەمەک بوو، پاش دوو رۆژ له مردنی پۆ، گوتارێکی دەربارەی بڵاوکردەوە پڕبوو له نیمچه حەقیقەت و درۆ و دەلەسه و بوختانی بێبنچو بناوان .

گریسوولد، هەر بەوەندەوه نەوەستاو بگره درێژەی بەم گوتاره داو کردی بەژیننامەی ئیدگارو گوتی چەندین نامەی له ئیدگارەوه دەست کەوتووەو له کتێبێکدا بڵاوی کردنەوە. دیاره ئەم نامه ساختەو دەستکردانه پڕبوون له شتی ئەوتۆ که وێنەو ئەدگاری ئەم نووسەرەیان دەشێواند، بەڵام دۆستان و هاوڕێیانی ئەدیبی ئیدگار ئالان پۆ، خێرا کەوتنه داکۆکی و بەرەڤانی له ئیدگار. تەنانەت "لونجفیلو"ی شاعیریش، که ئیدگار ئالان پۆ، له ژیانیا زۆری رەنجاندبوو و تانەی لێدابوو، هەستیکرد که ئەمانەتی ئەدەبی و حەقیقەت پەروەری وای لێدەخوازن داکۆکی له ئیدگار بکات .

بەڵام ئەم رەفتارەی گریسوولد کارێکی زۆر خراپی کرد و توانی بۆ ماوەی یەک سەده وێنەی ئیدگار ئالان پۆ بشێوێنێ، تا پاشان یەکەمین ژیننامەی زانستی و بابەتیانەی بڵاوبووەوەو تیشک و روناکی خسته سەر ژیان و بەرهەمەکانی، بەم حاڵەشەوه هێشتا هەر کەسایەتی ئیدگار ئالان پۆ تا ڕادەیەکی زۆر وەکو کەسایەتی ئەفسانەیی کەوته بەرچاو، به هۆی ئەو توندڕەوییەوه که هەردوو لایەنگران و ناحەزانی پەنایان وەبەر دەبرد. هەڵبەته ئەو ژیانه سەیرو غەریبەش که ئیدگار ئالان پۆ، بەسەری برد، یاریدەدەرێک بوو بۆ چەسپاندنی ئەم لایەنی ئەفسانەییەی که دەدرایه پاڵی .

ئیدگار ئالان پۆو شیعر :

بەرهەمە شیعرییەکانی ئیدگار ئالان پۆ فرە نەبوون . بەڵام لە ڕووی چۆنیەتییەوە، ناوازە و نایاب و دیار بوون، بە تایبەتی لە ڕووی نەباوی و چڕی و ڕەمز ئامێزییەوە ، وەکو ئەمە بەچاکی لە قەسیدەکانی "بۆ هیلین"، " قەلەڕەش"، "ئەنابل لی"، "ئەلیانورا" و "ئولا لوم"دا بە دیار دەکەوێ . توانایەکی یەکجار گەورەی لە بەرکارهێنانی دەنگ و ریتمی مانا بەخشدا هەبوو. هێندە سوور بوو لە سەر وردەکاری و جوانکاری شێوە و فۆڕمی هونەری، کە شازدە جاران بە قەسیدەی "قەلەڕەش" دا چوو بووەوە . هەمیشە دەیگوت و دەیگوتەوە کە دەنگ هەرگیز لە مەعنا دانابڕێ . بۆیە هەرچی توانای مۆسیقای وشە هەبووە وەگەڕی خستووە تا حاڵەتێکی دەرونی وەها بخولقێنێ کە خوێنەر تەواو ئاوێتەی ببێ و بە باڵی مۆسیقا بیگوازێتەوە بۆ جیهانێکی جادویی پڕ لە خەون و زندەخەون و خەیاڵ و تەنانەت مۆتەکەیش .

ئیدگار، باوەڕی وابوو کە شیعر دەکارێت روحی مرۆڤ لە پۆخڵەواتی ئەم سەرزەمینە پاقژ بکاتەوەو بەرەو ئاسمانی جوانییەکی خالیسەی بەرێ . ئەمەش تاقە ئەرکی ئەخلاقییە کە دەشێت شاعیر ئەنجامی بدات . بەڵام پێداگرتن لە سەر وەعزادانی ئەخلاقی ئەمە ئەرک و پەیامی شاعیر و هونەرمەند نییە. بگرە ئیدگار ئالان پۆ، قبووڵی نییە شاعیر ئەزموونەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵکی وێنە بگرێ، چونکە ئەمە مانای وایە لە ئاستی واقیعی سنووردار و دیاریکراو بەرز نابێتەوەو لە زیندانی واقیع دەرناچێت و بەمەش قەسیدەکانی دەکەنە کاوێژ کردنەوە و دووبارە کردنەوە و تەنانەت وێنە گرتنەوەیەکی شێواوی واقیع . هەڵبەتە ئەمە ناکاتە راکردن و هەڵاتن و خۆ دزینەوەی ئیدگار لە ژیان، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ باشتر کردنی ژیانی مرۆڤ .

ئیدگار ئالان پۆ، پێی وایە قەسیدەی کورت، زۆر کاریگەرترە لە قەسیدەی درێژ ، چونکە بارگە "شحنە" هەستییەکان لە ماوەیەکی کورت تردا دەگوازێتەوەو بەمەش پترو قوڵتر کار لە دەروونی خوێنەر دەکات .

هەرچەندە ئیدگار، پابەندی نێوەڕۆکێکی دیاریکراو نەبووە ، بەڵام ئاڕاستە ئەدەبییەکەی چ لە قەسیدەدا و چ لە چیرۆکدا جۆرە گەشتێکی هونەرییە بە نێو کارەساتەکانی روحی مرۆڤدا و تەنانەت پێی وایە قۆناغی منداڵێتی مرۆڤیش، کە لەو قۆناغەدا روحی مرۆڤ زۆر نزیکە لە روحی گەردوونەوە، قۆناغێکی زۆر لەزو تیژتێپەڕەو، منداڵ بە هۆی بچووکی بەهرەو توانا ویژدانی و رووحییەکانییەوە دەرکی ناکات . واتە مرۆڤ لەم سەر زەمینەدا چ منداڵ بێ و چ گەورە، مەحکومە بە سەرگەردانی ، هەر بۆیەش روحی، هەمیشە تینووی ئیستاتیکای نموونەییە و تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەوڵی بۆ دەدات. ئیدگار ئالان پۆ، هەرگیز سنووورداری و کەوشەنو تخوبی بۆ شیعر پەسندو بەگەن نەکردووە ، چونکە پێی وابووە شیعر بەرجەستە کردنی روحی گەردوونە ، جا کە گەردوونێک لە چوارچێوەو قاڵب و سنووراندا نەهێورێ و جێی نەبێتەوە ، ئیدی مەحاڵە جەوهەرو نێوەرۆکێک بۆ شیعرێک دیاری بکرێ و دابنرێ کە لە بنەڕەتدا رەمزو هێمایە بۆ گەردوون نەک بۆ سنوور وکەوشەن. قەسیدە لەلای ئیدگار ئالان پۆ ، بریتییە لە وێردێکی جادوویی، یان هەڵچوونێکی روحییە کە مرۆڤ لە هەموو کۆت و پێوەندێکی سەر زەمینی ئازاد دەکات .

ئیدگار ئالان پۆو چیرۆک :

چیرۆکەکانی تێکڕا چیرۆکی کورتن ، هەندێکیان چیرۆکی تەحلیلی و ئەوانی دی خەیاڵین. لێ دەبێت ئەو راستییەش بێتە گوتن کە ئیدگار، زۆر جارو بگرە زۆربەی چیرۆکەکانی لە پێناوی دابینکردنی گوزەراندا نووسیوە

و ناچاربووه ئەو شتە بازاڕیانە بنووسێت کە بە ئاسانی دەفرۆشرێن. بۆیە لێکۆڵەرەوە پێویستە بەزەبری شارەزایی و زیرەکی خۆی بگاتە ئەو بڕیارەی کە چ بەرهەمێکی ، بەرجەستە کردنی خودی نووسەرەو چ بەرهەمێکی تەنیا بۆ سەرگەرم کردنی خوێنەر بووە .

ئیدگار، لە چیرۆکەکانیدا بە هێمنی دەستی خوێنەر دەگرێ و هێدی هێدی بەرەو جیهانێکی تەژی شێتایەتی دەبات ، ترس و هەڵچون و کوێرەوەری باڵی بەسەر تێکڕای چیرۆکەکانی ئیدگاردا کێشاوە : ترس لە شێتی، لە مردن ، لە خۆشەویستی ، لە زۆر چیرۆکیدا ، خۆشەویستی دەبێت بەمەرگ . هەڵبەتە لە چیرۆکەکانی ئیدگار ئالان پۆدا، خۆشەویستی بە مانا خالیسەکەی وشەی خۆشەویستی بەدی ناکرێت ، دوور نییە پێی وابووبێ کە پەخشان، زوبانێک نییە لەو ئاستەدا بێ کە ئەم سۆزە هەرە باڵایە بگرێتە خۆ، کە رەنگە مەحاڵ بێ گوزارشتی لێ بێتەکرن . بە پێچەوانەوە شیعرەکانی ئاوسن بە خۆشەویستی و لێوان لێوی خۆشەویستین. گوتمان لە زۆر چیرۆکیدا خۆشەویستی دەبێت بە مەرگ . بۆیە ئیدگار، خۆی پێی حەسیابێت یان نە ؟ ، زۆربەی چیرۆکەکانی بریتین لە تۆمارێکی گەورەی ئەو ترس و نیگەرانی و دڵەراوکێیانەی گەمارۆیان داوە . هەموو ئەمانەش شتێکی ئاڵۆزو سامناک لە ناخدا دەهاڕوژێنێ و تەنیا مەرگ کەوی و ئاسودەی دەکات . تەنانەت ناو نیشانی چیرۆکەکانیشی رەشبینانەیە ، چیرۆک لەلای ئەو ، خزمەتی چ ئامانجێک ناکات تەنیا ئەوە نەبێ کە خوێن لە دەماردا بماسێنێ ، لە گەڵ ئەوەشدا زۆر لێهاتووانە و وەستایانە بیرۆکەی چیرۆکەکەی دەگەشێنێتەوەو لە رێگەی سۆزی شیعریی و خەیاڵی فراوان و راستگۆیی هەستەوە ، خوێنەر دەگەیەنێتە قەناعەتی بنجبڕ. ئیدگار، لە چیرۆکەکانیدا بیر لە هیچ ناکاتەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە کار لە ناخی خوێنەر بکات. بۆچوونی ئیدگار ، لەم بوارەدا ئەوەیە کە : "مشتو ماڵ کردن و وەعزدادانی ئەخلاقی بە هیچ جۆرێ لە دنیای داهێنانی هونەریدا جێی نابێتەوە". هەڵبەتە هەمیشە داکۆکی لەم بۆچوونەی خۆی کردووە . وێڕای ئەوەی جیهانی ئیدگار سەر لەبەر ئاڵکاوی ترس و کارەساتە ، بەڵام ئەوجاش هەر زۆر ناسک و جوان و سەرنج راکێشە. ئەم ئاوێتەکردنەی ترس و تاوان و ئەندێشانە، بێئەوەی لە دەسەڵاتی خۆماندا بێ خەمی ناخمان دەڕەوێنێتەوە ، ئەگەرچی چوار دەوریشمان سەر لە بەر کوێرەوەری و واقیعی خەمناک بێ. کورتە چیرۆکەکانی ئیدگار، بابەتی چیرۆکی کۆن بوون و لە زەمینەیەکی سامناک و تۆڵە ئەستێنی و رووداوی ترسناکدا سەر لە نوێ دروستکرایەوە و پەرەی سەند، ئەم چیرۆکە خەیاڵی و کابوسییانە بەر لە ئیدگار، لە نێو نووسەرە رۆمانسییەکانی ئەڵماندا باو بوو.

هوفمان "1776- 1822" یەکێک بوو لە نووسەرە هەرە بە نێو بانگەکانی بواری ئەم تەرزە چیرۆکە. تان و پۆی زۆربەی چیرۆکەکانی بریتی بووە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترس و شڵەژان . ئاشکرایە ئیدگار-یش لە سایەی کارتێکردنی نووسەرە رۆمانسییەکانی ئەڵمانیا و بە تایبەتی هوفمان، چیرۆکە خەیاڵییەکانی خۆی نووسیوە ، بەڵام کاتێ رەخنەگران ئیشارەتیان بۆ ئەم لێکچوونە دەکرد و دەیانویست ئەوە بسەلمێنن کە سێبەری هوفمان بەسەر چیرۆکەکانی ئیدگارەوەیە، ئیدگار لێیان دەهاتە دەنگ و بە متمانەوە داکۆکی لە خۆی دەکرد.

لە پێشەکی چیرۆکی "سەیرو سەمەرەدا" دەڵێ : "ئەگەر ترس لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا زاڵە، بە قەناعەتی من ترس زادەو هەڵقوڵاوی ئەڵمان نییە. بەڵکو بنج و بناوانی لە روحدایە و من ئەم ترسەم لە بنج و بناوانە رەسەنەکەی خۆیەوە هەڵێنجاوە و سوورم لە سەر ئەنجامە رەواکەی.

ئیدگار، لە چیرۆکدا بایەخێکی یەکجار زۆر بە رەگەزی ترس و نیگەرانی دەدات و قەناعەتی وایە وەکو چۆن جوانی بۆ هۆنراوە بایەخێکی گەلەک گەورەی هەیە، بەو جۆرەش ترس و نیگەرانی و هاڕوژان و دەرهاویشتەی ناوەوە بۆ چیرۆک بایەخی هەرە گەورەیان هەیە و دەبن بە رەگی حەیاتی چیرۆکەکە.

گوتمان کەش و هەوایەکی سامناک باڵی بە سەر بەرهەمی ئیدگار ئالان پۆدا کێشاوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باوەڕی وا بوو مرۆڤ لە حاڵەتی ترسی زۆر گەورەدا ڕاستگۆترو پاکتر دەبێت و دەشێت ترس ببێت بە یەکێک لە هۆیەکانی پاقژبوونەوەی ڕوحی مرۆڤ لە پۆخڵەواتی سەرزەمینی. قارەمان لە چیرۆکی ئیدگاردا، هەموو هەر لە پێناوی گەیشتن بە جوانی و عەدالەت دەجەنگن و دەخەبتن و کەچی نائومێد و رەنج بێوەر دەگەڕێنەوە، چونکە ڕاوبۆچوونیان زۆر دوورە لە حەقیقەتەکانی ژیانەوە.

ئیدگار، دڵبەندی دەستەیەک نووسەری تایبەتە . بەرهەمی ئەم دەستەیەش رەنگدانەوەی گیانی بێ ئۆقرەو هاڕوژاو و ترساوی خۆیانە و لەم رووەوە هەمیشە لە ئازار چەشتندان. ئەم نیگەرانی و بێ ئۆقرەییە هێندەیان دەگوشێت کە بەرهەمەکانیان پڕ لە ترس و شڵەژان و پەشێوی دەکات و مۆرکێکی تایبەتی ئەوتۆی دەداتێ کە لە بەرهەمی نووسەرانی دی جیاوازە .

رەنگە زۆربەمان ئەم چەند وشەیەی ئیدگارمان خوێندبێتەوە:

"ڕاستە، تورەم، تا رادەی خۆزی خواستن بە مەرگ تورە بووم و تورە، بەڵام بۆ دەڵێن شێتم". بەو ڕستانە چیرۆکی "دڵی رازگۆ" دەست پێدەکات و قارەمانی چیرۆکەکە لە ئاکامدا دووچاری هستریا دەبێت. چیرۆکەکە لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی دەروونییە، ئەگەرچی جوان و تازەیە، بەڵام نامۆو نا ئاساییە.

ئەم دەستە نووسەرە بایەخیان بەو لایەنە شەڕخوازییە داوە کە لە بوونی مرۆڤدا خۆی مەڵاس داوە. بەرهەمەکانی هوفمان بەر لە ئیدگار، بە چڕی ئەو دیاردانەی گرتبووە خۆ، و پاش ئیدگار- یش نووسەرانی دیکەی سەر بەم ڕێبازە زۆر بوون و لەم رووەوە بەرهەمەکانیان تا رادەیەکی زۆر لێکدی دەچن. وەک بڵێی ئەم دیاردە و رەشبینییە بە میرات لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دی بگوێزرێتەوە و ژیانیان لە نووسەرانی دی جیا بکاتەوەو خەسڵەتێکی جیاواز بە بەرهەمەکانیان ببەخشێت، بەرهەمێک کە بە زۆری بە دەوری مەرگ و نائومێدی و ترسدا دەخولێتەوە . ژیانی ئەم گروپە نووسەرە ئاوێتەی نیگەرانی و هاڕوژانێکی سەیر و نامۆ بووە ، هاڕوژانێک کە هەندێجار نووسەر تا لێواری شێتایەتی ڕادەماڵێ . ئەم تاقمە نووسەرە، بە زۆری لە نێوان شێتایەتی و بلیمەتیدا لە مۆلەق وەستاون. کێشە ڕوحییەکانیان رەنگێکی بە هێزی ئەوتۆ بە بەرهەمەکانیان دەبەخشێت کە کەوشەنی لایەنە هونەرییەکەی چیرۆک دەبەزێنێ و هەنگاو بەرەو ئەولاتر دەنێ و خەسڵەتی تەنیاییان پێدەبەخشێت.

قارەمان، لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئیدگاردا یا کابرایەکی شێتە یا دووچاری نەخۆشی مێشک بووە و لە شێتی نزیک بووەتەوە . ئەم حاڵەتە بۆ ئیدگار وا لە قەڵەم دەدرێ کە گوایە بە میرات لە باب و باپیرانییەوە بۆی مابێتەوە . بێقەراری و هەڵچوونی دەروونی و نیگەرانی قارەمانانی چیرۆکەکانی بەزادەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری ژینگە ناژمێرن و بەوەی لە قەڵەم دەدەن کە بە میرات بۆی ماوەتەوە. واتە لەم رووەوە قارەمانەکانی مەحکومی چارەنووس و گیرۆدەی ئەو نیگەرانی و هەڵچوونە بێ دەرمانانەی نێو ناخی خۆیانن.

ئیدگار، باوەڕی وایە کە نووسەر دەبێ رووداوی دەستکرد و خەیاڵی بکات بە تانوپۆی خەیاڵەکانی و لە رێگەی چیرۆکەکانییەوە بگاتە ئەو ئەنجام و مەبەستەی دەیەوێ. بۆیە دەبینین ئیدگار بە پێچەوانەی چیخۆفەوە، بە خۆی رووداو و دیاردەی چیرۆکەکانی دەخولقێنێ و گوێ بەوە نادات کە ئەم رووداو و دیاردانە لە گەڵ حەقیقەتەکانی ژیاندا دەسازێ یان لە نێو ژیانی واقیعیدا بوونیان هەیە یان نا. کەچی چیخۆف، رووداوێک لە چیرۆکەکانیدا بەکارناهێنێ کە لە سەرچاوەی رووداوەکانی ژیانەوە هەڵنەقوڵابێ و هەرگیز بە خۆی رووداو دروست ناکا و بە زۆری حاڵەت و رووداو و دیاردە ئاساییەکانی ژیان وەردەگرێ و چیرۆکەکانی خۆی لە سەر رۆدەنێ. بۆیە لەم بارەیەوە، رووداو لە چیرۆکی چیخۆفدا سروشتی و ریالیستییە، بەڵام لە چیرۆکی ئیدگاردا بە زۆری نا سروشتی دێتە بەرچاو .

ئیدگار، لەو رەخنەیەیدا کە لە کۆمەڵە چیرۆکی "چیرۆکە گوتراوەکان" ی ناتانیل هوثورنی 1804-1864 گرتووە، دان بەم مەسەلەیەدا دەنێ و دەڵێ : "کە هونەرمەندێکی ئەدیب چیرۆکێک دادەنێ، ئەگەر ئاقڵ بێ بیرەکانی نارێژێتە قاڵبێکەوە کە لە گەڵ رووداوەکانا گونجاو بێ، بەڵکو ئەو تاقە کاریگەرییەی کە دەبێ بێتە دی، بە وردی و هوشیاری لە هزرو بیری خۆیدا پەروەردە دەکات و ئەوسا رووداوەکان دەخولقێنی بە جۆرێ پێکیانەوە گرێ دەدا کە بە جوانترین شێوە ئەو کاریگەرییە بێنێتە دی کە لە مێشکی خۆیدایە، خۆ ئەگەر یەکەم رستە هەوێنی ئەم کاریگەرییەی تێدا هەست پێنەکرا، ئەوا لە یەکەم هەنگاوەوە سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە. نابێ لە سەرانسەری بەرهەمەکەدا وشەیەک بەکاربهێنرێ کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی ئەو پرۆژە پێشوەختەدا نەبێ. تەنیا سەبارەت بەم هۆ و وردەکاریانەیە کە ئەو وێنەیەی لە ئەنجامدا پەیدا دەبێ و لە هزرو بیری خۆیدا، لە پێناوی ئاشنایەتی لە گەڵ هونەر دروستی کردووە، هەستی رەزامەندییەکی تەواو جێدێڵێ ".

گەورەترین کەم و کوڕی ئیدگار ئەوەبوو کە هەقی بەسەر کاری ئاسایی و خەڵکانی عەوام و سادەو کلۆڵەوە نەبوو، ئاوڕی لێ نەدەدانەوە. پتر خووی دابووە کاری سوپەرمانی و نا ئاسایی بۆیە چیرۆکەکانی ئیدگار، لە حیکایەتی کۆن دەچن تا لە چیرۆکی تازەی هاوچەرخ. وەک دەزانین لە حیکایەتیشدا پتر بایەخ بە رووداوی نائاسایی و دەستکرد دەدرێ و ژیانی ئاسایی و رووداو و بەسەرهاتی سادەی خەڵکانی ئاسایی لە حیکایەتە کۆنەکاندا جێیەکی ئەوتۆی نییە .

ئیدگار، پێویستی بەوە نەبوو، بە رووداوی ریالیستی چیرۆکەکانی بڕازێنێتەوە، بەڵکو بە خۆی رووداوی دەخولقاند و قارەمانی چیرۆکەکانی لە قاڵب دەگرتن تا ئەو یەکێتی کاریگەرییەی چیرۆکەکانی لە سەر رۆدەنا، بێنێتەدی.

لە روانگەی ئیدگارەوە چیرۆکی کورت : چیرۆکێکە کە لە سەر بناغەی یەکێتی بابەت و یەکێتی کاریگەرییەکی پێشبینی کراوەوە بنووسرێتەوە، واتە ئەم یەکێتی کاریگەرییە "وحده التأثیر" وەکو چەقی بازنەیەکە و گشت رەگەزو فاکتەرەکانی چیرۆکی کورت بە دەوریدا دەسوڕێنەوە بە پێی ئەم پێناسەیەی کورتە چیرۆک، چیرۆکەکە خۆیشی دەبێت بە بازنەیەک و گشت رووداوەکان دەکەونە سنووری ئەوەوە. لەم چەشنە کورتە چیرۆکانەدا، چ رووداو، وشە، رستە یان قارەمانێکی زیادە بەدی ناکرێن. چیرۆکی کورت هەڵبژاردنی رووداوێکە، بۆیە چیرۆکی کورت بە زۆری لە گەڵ رێکەوتە کوتوپڕەکاندا، لە گەڵ هەڵچوونی خێرای سۆزو غەریزەو فیکردا خەریکە تا لە گەڵ لێکدانەوە و پشکنینی فیکریدا. چیرۆکی کورت دەبێ خوێنەر ڕابکێشێت و وای لێبکات بە سۆزو تاسەوە شوێن ئەنجامی رووداوەکە بکەوێت... چیرۆکنووس بە دروستکردنی ئەم حاڵەتە لە لای خوێنەر، بەردەوام هەڵی

دەخەڵەتێنێ و خۆی لە پێشبینییەکانی ئەو دوورە پەرێز دەگرێت تاکو کەڵکەڵەی زانینی ئەنجامەکەی لەلا بگەیەنێتە لوتکە و ئەوجا ئەنجامێک بە دەستەوە دەدات کە خوێنەر نەیتوانیوە پێشبینی بکات. لەم حاڵەتی خۆدزینەوەیە لە پێشبینی خوێنەر بەستنەوەی بە سەرجەمی چیرۆکەکەوە، نووسەر بە موو لە مەبەستە بنەڕەتییەکەی خۆی لانادات و فەرامۆشی ناکات. چونکە لە ڕێگەی بەرە بەرە دەرخستنی ماهیەتی ئەو تاقە مەبەستەوەیە کە سەر لە بەری هزرو بیری خوێنەر لە دەوری ڕووداوی کورتە چیرۆکەکە دەئاڵێ و وێڕای دروست دەرنەچوونی گەلێک لە پێشبینییەکانی خۆیشی هەر درێژە بەخوێندنەوە دەدات."

بیرۆکەی یەکێتیی کاریگەری، لە هەناوی هەموو کورتە چیرۆکێکدا هەیە . چ لەو چیرۆکە کورتانەدا کە لە ڕێگەی ئیدگارەوە هاتە ئاراوەو پاشان لەلایەن ناتورالیستەکانی سەدەی نۆزدەوە پەیڕەوی کراو ئەوە بوو لە ئاخرو ئۆخری هەمان سەدەدا، بوو بە شتێکی یەکجار هونەری و خاڵی لە نێوەڕۆک و چ لەو کورتە چیرۆکانەدا کە لە ڕێگەی تولستوییەوە لە رووسیا دا هاتە ئاراوە و لە سەرەتای سەدەی بیستدا زۆربەی نووسەرانی کورتە چیرۆکی هێنایە ژێر رکێفی خۆیە .

ئەو کورتە چیرۆکانەی ئیدگار نووسیونی، وەنەبێ چ هەواڵێکی ژیانیان تێدا نەبێ، بەڵام چونکە ژیان یەکجار بەربڵاو و پەڕاگەندەیە بۆیە ئەم بەربڵاوی و پەڕاگەندەییە بۆ چیرۆکی کورت دەست نادات. بۆیە چیرۆکی کورت تەنانەت بەو مانایەش کە لە چیرۆکی درێژدا خۆی دەنوێنێ لاسایی کردنەوەی ژیان نییە، بەڵکو مۆنتاژکردنی ڕووداوە جیاوازە هەڵبژاردەکانی ژیانە تاکو ئەو یەکێتیی کاریگەری و مەبەستە بگاتە لوتکە. ئەم تەرزە کورتە چیرۆکە ، یەکجار هونەرین و لەوانەیە کەسێک کە نووسەرێکی گەورەش نەبێ، بتوانێ لە سایەی هەندێ بارودۆخدا ئەو یەکێتیی کاریگەرییە وەدەست بهێنێ. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێ کە رۆژاوا پاش 60-70 ساڵ ڕاهاتن بەم چەشنە چیرۆکە ، ئیدی لێی بێ تاقەت بوون و ڕوویانکردە کورتە چیرۆکی ڕووسی. خاسییەتێکی تری بەرهەمی ئیدگار ئەوەیە کە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر تەم ومژو جۆرە ڕەمزو هێمایەکی ئاڵۆز بەکاردێنێ. سەرکەوتووترین چیرۆکی ئیدگار لەم ڕووەوە کورتە چیرۆکی: "دەمامکی سووری مەرگ"ــە، کەش و هەوایەکی بەهێز، باڵی بەسەر ڕەگەزەکانی تری ئەم چیرۆکەدا کێشاوە. لەم چیرۆکەدا، پێویستە "پروسپیرو"ی شازادە لە گەڵ ئەو تاعوونەدا بجەنگێ کە لە قەڵەمڕەوەکەیدا بڵاوبووەتەوە. هەزارکەس لە دۆستانی بەهێزو لەش ساغی خۆی ، لە نەجیب زادە و ژنانی دەربار لە خەڵکەکە دووردەکەونەوەو پەنا دەبەنە بەر کۆشکێکی مەحکەم ئەوجا ئاهەنگێکی خۆ لێکدی گۆڕین( بالماسکەیی) ، لە حەوت ژووری ڕازاوەدا بەرپا دەکات. یەکێک لەم ژوورانە بە پەردەی مەخمەل و پەنجەرەی سوورباوی خوێن ئاسا ڕازاوەتەوە. وەختێ سەعاتە زەبەلاحەکە زەنگی نیوەشەو لێدەدا، مەرگی سوور لە شێوەیەکی ترسناکدا خۆی بە کۆشکەکەدا دەکات و سەیرو سەفاو ڕابواردن لە شازادە و یاوەرەکانی دەشێوێنێ . شازادە لە حەژمەتاندا توڕە دەبێت و بەسەر یاوەرەکانیدا دەنەڕێنێ.

– ئەوە کێیە هێندە بە غیرەتە؟ ئەوە چ شێرە پیاوێکە بەم سوعبەتە قۆڕانە ئیهانەمان دەکات؟ ئادەی پەلاماری بدەن، دەمامکەکەی لە سەر داماڵن، با بزانین سبەی بەیانی لە بارەگای کۆشکدا کێ لە سێدارە بدەم؟

شازادە بە غار دووی دەکەوێت . هەرکە دەگاتە ژوورە ڕەشەکە هاواری لێهەڵدەستێ و دەکەوێ و گیان دەسپێرێ . هەموو میوانەکانیش بەو پەڵە سوورانەوە کە کەوتبووە ڕوویان. لە نێو ساڵۆنی عەیش و نۆش و کەیف و سەفادا کەوتن و بە ناهومێدی گیانیان سپارد.

ئەم چیرۆکە گەلێک لێدوان و لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا. هەندێ پێیان وایە ئیدگار ویستویەتی سەرەنجامی پڕ لە کارەساتی بەشەریەت نیشان بداو تاعونیان بە رەمزی مەرگ داناوە. چونکە مەرگ دوا قۆناغی ژیانە و کۆتایی بە هەموو ویست و هیواو ئارەزوویەکی بەشەر دێنێ. هەندێکی دی پێیان وایە کە تاعون ئیشارەتە بۆ خواوەندی تۆڵەو لە چیرۆکەکەدا دروستکراوە . ئەو خواوەندەی کە تۆڵە لە شازادەی خۆشگوزەران و ئاسوودە و لە خۆبایی و میوانە بەرەڵلاکانی و دەربارەکەی دەستێنێ .

ئیدگار، یەکەم کەس بوو کە چیرۆکی پۆلیسی داهێنا.. لەم مەیدانەدا سەرامەد و ئاڵا هەڵگربووە و هەر کەسێک پاش ئەو خۆی لەم بوارەی چیرۆکنووسین دابێ، لە کاریگەری ئەو بەدەر نەبووە و بە تەواوەتی پەیڕەوی ئەویان کردووە و تاکو ئەمڕۆش لەوان کەڵەگەت ترە؟ چونکە تەنیا بایەخی بەدۆزینەوەی تاوانبار نەداوە، بەڵکو بایەخی بەو هەنگاوە شیتەڵکاری و لۆژیکیانەش داوە کە زەمینەیان بۆ ئەم دۆزینەوەیە "دۆزینەوەی تاوانبار" خۆشکردووە. لە چیرۆکە پۆلیسییەکانی ئەودا ، لۆژیک بەسەر دنیای بە ڕواڵەت ناماقوڵ و نامەنتیقیدا سەردەکەوێ . ئەوەی ئەم چیرۆکانە جیا دەکاتەوە دروستکردنی ترس و نیگەرانی و دڵەخورپەیە لەلای خوێنەر. پاش ئەم ئیدی چیرۆکی پۆلیسی سەری هەڵدا و کەوتە زاوزێ.

ئیدگار، لە رۆژگارێکدا دەژیا کە بەهاسانی جێی ئەم چیرۆکە ترسناک و خەمامێزانەی تێدا دەبووەوە ، تایبەتمەندی سەدەی نۆزدە و بڵاوی باوەڕی میتافیزیکی و بیری خورافی و بڵاوبوونەوەی بازرگانی و دەریاگەڕی، زەمینەیەکی چاک و لە باری هێنا بووە کایەوە کە خوێنەران بە ئارەزوویەکی بێ پایانەوە چیرۆکی نهێنی ئامێز و سامناک بخوێننەوە و رۆژنامە و گۆڤارەکانیش بە گەرمییەوە باوەشیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکە تازانە دەکردەوە.

ئیدگار زادەو پەروەردەی ئەم کۆمەڵگایە بوو. ئەمە جگە لەوەی ئیدگار سەبارەت بەو ژیانە تایبەتییەی کە گرتبوویە بەر، کە لە رادە بەدەر هۆگری خواردنەوەو بەنگ بوو، زیاتر بایەخی بە چیرۆک و ئەفسانەی تەم ومژو لێڵ و پڕ سام دەدا. هەرچەندە بەرهەمی مرۆڤ ، وێنەیەکی ژیانیەتی، بەڵام مەرج نییە ژیانی مرۆڤ وێنەیەکی بەرهەمەکەی بێ .

ژیانەکەی بەرهەمەکەی شەرح ناکات . هەروەها بەرهەمەکەش ژیانەکەی روون ناکاتەوە. بەڵکو ئەو پەڕەکەی دەتوانین بڵێین هەریەکەیان تیشکێک دەخاتە سەر ئەوی تریان بێئەوەی چ کارێک بکاتە سەر جیاوازییەکانی نێوانیان .

رەخنەگران، لە مەیدانی چیرۆکی زانستیشدا هەر بە ئاڵا هەڵگرو سەر ئامەدی دەزانن و شارەزایی ئەو ، لە زانستە نوێباو و هاوچەرخەکاندا یارمەتی دا کە پشت بە زانستە ئەزموونگەرا نوێیەکان ، لەم بوارەشدا هەر دیارو لەبەرچاو بێ ، بە تایبەتی کە توانیویەتی خەیاڵ و زانست و گیانی گاڵتەجاڕی لە یەکەیەکی هونەری ڕەوان و بێگرێ و گۆڵدا یەک بخات و کۆبکاتەوە . ئیدگار، بلیمەتێک بوو لە دەرێی سەردەمەکەی خۆیدا ژیا، ئەو هونەرمەندە بوو تا لە ژیانا بوو هەمیشە هەر بێزراوو فەرامۆش کراو بوو. کەس لە سەردەمی ئیدگاردا لە وڵاتەکەی ئیدگاردا نەیتوانی پەردە لە سەر بلیمەتی ئەو پیاوە هەڵبداتەوە، رەنگە یەکەم بایەخ کە بە ئیدگار درابێ لە فەرەنسەوە سەری هەڵدابێ، ئەویش لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا بوو، کە بۆدلێر پەخشانەکانی وەرگێڕاو ، مالارمیە شیعرەکانی وەرگێڕا، ئەوە بوو "گی دو موپاسان"ش لە قۆناغی یەکەمی دەست پێکردنیدا کەوتە ژێر

کارتێکردنی ئەوەوە. بەڵام لە ئینگلستاندا یەکەم کەس کە ئاوڕی لە ئیدگار دایەوە، "ئەلیزابیت باریت" بوو ئەوجا کەسانی دی ڕێچکەی ئەویان گرت...

لە سەرانسەری بەرهەمەکانی ئیدگار ئالان پۆدا ، وێڕای بەهرەی موعجیزە ئاسای ئەو پیاوە لە هەردوو مەیدانی ترس و پێکەنیندا، تاقە پەرەگرافێک بۆ لەزەتی بەدەنی و سێکسی بەدی ناکرێت، ئەو وێنانەی لە سەر ئافرەت پێشکەشی کردوون ، جۆرە خەرمانەیەک دەورەی داون و تەنکە تەمومژێکی ئاسمانی لە هەمێزی گرتوون، مەرجە بنەڕەتییەکانی شادی بەلای ئیدگارەوە بریتیین لە : خۆشەویستی، ژیان لە هەوای ئازادا، خۆ ڕزگارکردن لە هەر جۆرە تەماح و تەماحکارییەک و ئەوجا خوڵقاندنی جوانییەکی نوێ... دیارە لە بواری چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری خۆیدا ڕاستگۆیانە کاری بۆ ئەمە کردوەو کەم و زۆر لە بەرهەمیا ڕەنگی داوەتەوە.

هەموو دەزانین ئیدگار ، پیاوێکی تەنیا و کلۆڵ و بەلەنگاز و بێنەوا بوو . زۆرجار بۆ ئەوەی ئەم وەزع و حاڵە لە بیری خۆی بەرێتەوە ، پەنای وەبەر خواردنەوەیەکی بێ لەزەت دەبرد . بە جۆرێک دەیخواردەوە وەکو ئەوەی شتێک لە ناخیدا بێ و بیەوێ بیکوژێ و خەفەی بکات. بەڵام ئەو خواردنەوەیە هەرگیز کاری نەکردە سەر سازگاری شێوازی نووسین و روونی بیر و بیرکردنەوەی و توانی بە زنجیرە چیرۆکێکی شێوە تازەو گوتاری رەخنەیی بوێرانە، جەماوەری خوێنەرانی خۆی سەرسام بکات . پێی وابوو چیرۆکنووس کۆمەڵێک توانای گوزارشتی لە بەردەمدایە کە بۆ شاعیر ئەو توانا گوزارشتیانە لە گۆڕێ نین . هەر بۆیەش هونەرەکەی بەرزکردەوە بۆ ئاستی شیعری مەزن و غەریب و نامۆ و جوان. چونکە ئیدگار وەکو هونەرمەند، جوانی خوڵقێنێکی بەدەسەڵات و پڕ بەهرە بوو ، و نامۆیی و غوربەتی بە بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتوو لە جوانی دەزانی... ئیدگار ئالان پۆ، هەر بە زگماک روحیەت و تەبیعەتێکی هەرە ناسکی شاعیرانەی هەبووەو ئەمەش لە هەردوو بواری شیعرو چیرۆکی ئەو پیاوەدا ڕەنگی داوەتەوە . کە چیرۆکی نووسیوە، شاعیرەکەی ناخی دەستبەرداری بوونی شاعیرانەی خۆی نەبووە و کە قەسیدەی نووسیوە، چیرۆکنووسە پڕ بەهرەکەی ناخی، خۆی ڕەپێش ناوە و چاوشارکێیەکی هونەریانەی دەگەڵ کردووە . مرۆڤ زۆر بە سانایی دەتوانێ پەی بەو وێنە شیعری و ریتمە تایبەتیانە بەرێت کە لە چیرۆکەکانیدا هەن . یان شوێن پێی گێڕانەوەی حیکایی لە قەسیدەکانیدا هەڵبگرێ . پێدەچێت وەکو یەک "یەکە" سەیری بەرهەمەکانی خۆی کردبێ و بە پێی پێویست و بە پێی خەون و خەیاڵ و جیهانبینی خۆی پەنای وەبەر هەردوو کەناڵی شیعر و پەخشان بردبێ بۆ بەرجەستەکردنی هونەریانەی کارەکان و خوڵقاندنی ئیستاتیکایەکی غەریب و ئەنتیکە و روحپەروەر، وێڕای ئەوەی ساڵانێکی زۆر بە سەر مەرگی ئیدگاردا تێپەڕیوە، کەچی چیرۆکەکانی تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر تەڕ و تازەن و سەر بە جیهانی ئەمڕۆکەن و بایەخی هونەری و مەنتیقی خۆیان پاراستووە و کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر فۆرمی هونەری ڕۆمانی ئەمریکی پاش خۆیان..

### ئیدگار ئالان پۆ و رەخنەی ئەدەبی:

بەرهەمە رەخنەییەکانی ئیدگار ئالان پۆ، ئەگەر لە شیعر و چیرۆکەکانی پتر نەبێت بە هێچ جۆرێ کەمتر نابێت، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان بریتییە لە ڕانان وعەرزکردنی کتێبان و کاری تازە ، ئیدگار لە زۆربەیانا پابەندی بێ لایەنی بابەتی نەبووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری پەیوەندییە شەخسییەکانەوە، لە گەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە نووسینانەی بە تایبەتی ناساندنی نووسەرانی تازە، لە ئینساف و هاندانی بابەتی بەدەر نەبوون. بەڵام بەرهەمە

ڕەخنەییە ڕاستەقینەکانی، لەو دیدو بۆچوون و تیۆریانەیدا خۆی دەنوێنێ کە کاریکی زۆریان کردە سەر قوتابخانەی ڕەخنەی نوێی سەدەی بیستەم. ئیدگار، هێرشێکی توندی کردۆتە سەر توخم و ڕەگەزی فێرکاری لە ئەدەبداو ناوی ناوە "چەنەبازی ئەدەبی". ئیدگار ئالان پۆ، لە تیۆرییە ڕەخنەییەکەیدا، لە ژێر کاریگەری "کولریدج"ی شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزیدا بووە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە شیعر داهێنانێکی ئیستاتیکییە لە قاڵبی زمانی ڕیتمدا، بەڵام حەقیقەت پەیوەستە بە ئەقڵ و ئاوەزو لۆژیکەوە ، لێرەدا مەبەست لە حەقیقەت ڕەگەزی فێرکارییە، زانستی ئەزموونییە، مەنتیقی ئەقڵانییە. هەر هەموو ئەمانە کەرەستەی خاون و دەبێت بخرێنە قاڵبێکی ئیستاتیکییەوە، ئەگەر کران بە نێوەڕۆکی کارێکی ئەدەبی، بگرە ئەمانە هەندێ ڕەگەزی ڕەوتەنین و جەستەی ڕاستەقینەی شیعر پێک نایەنن .

یەکێتی ئۆرگانی لە شیعردا – بەپێی ئیدگار- وا دەخوازێ کە قەسیدە دەبێت کورت بێ تا خوێنەر بتوانێ لە یەک دانیشتندا بارگە هەستییەکەی "الشحنه الشعوریه" وەربگرێ. بەڵام ئەگەر بە پچڕپچڕی خوێندییەوە ئەمە وەکو ئەوەیە ئەندامانی جەستەی شیعرەکە پارچە پارچە بکات و بەمەش چێژی کاریگەرییە گشتییەکەی لە کیس دەدات و ناتوانێ چێژی لێوەربگرێ .

ئەم ڕاستییە ڕەخنەییەی لە هەردوو گوتاری "پرەنسیپی شیعری"و "فەلسەفەی دانانی ئەدەبی"، ئیدگار ئالان پۆ دووپاتی دەکاتەوە کە هەر ئەمە وای لێکردووە چیرۆکی کورت بنووسێت کە پێی وایە زۆر کاریگەرترە لە ڕۆمانی دوورو درێژ کە خوێنەر لە پێچ و پەناکانیدا گوم دەبێت . دەربارەی بنەما پێویستەکانی چیرۆکی کورت دەڵێ : " لە شێوەی گشتی کاری ئەدەبیدا نابێت تاقە وشەیەک هەبێت کە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو بونیادەوە نەبێ کە نووسەر یان ئەدیب ویستوویەتی بۆ کارەکەی ڕۆی بنێ."

دیارە ئەمە یەکێکە لە بنەماکانی ڕەخنەی نوێ کە ئیدگار بە یەکێک لە پێشەنگەکانی سەرەتای دەژمێردرێ. بۆیە سێبەرو کاریگەری ئیدگار ئالان پۆ، بە سەر ئەدەبی نوێی جیهانەوە وەکو ڕۆژی ڕوون دیارە و خەڵکانی وەکو بۆدلێر، فیرلین و مالارمیە و ئەندامانی قوتابخانەی ڕەمزی بە شێوەیەکی گشتی لە کاریگەری ئەو نەخەلەسیوون . تەنانەت دۆستۆفسکی- ش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕیالیزمی خەیاڵییەوە کە ئیدگار پێی بە نێو بانگ بوو و هەردوو چیرۆکی "کتکە ڕەشەکە"و "چیرۆکێک لە کانگای دڵەوە"ی وەرگێڕاوەو لەو گۆڤارە وەرزانەیەدا بڵاوی کردونەتەوە، کە دەری دەکرد. ڕەنگە کاریگەریی ئیدگار، لە سەر ئەدەبی ئەمریکی لەو کاتەوە دەستی پێکرد بێ کە ئەوروپاییەکان کەشفیان کرد. چیرۆکە زانستییەکانی تارادەیەکی زۆر کاریان لە ڕۆمانەکانی ه.ج. وێڵز و جیل فیرن کرد. چیرۆکە پۆلیسییەکانی سێبەریان بە سەر ڕۆمانەکانی "ئارپەر کونان دویل"وە دیارە و ئەوە بوو هەردووکیان بەرزترین دوو لووتکەی ئەم جۆرە چیرۆکەیان پێکهێنا . بە کورتی لە زۆربەی بوارەکانی چیرۆکدا کاریگەری بەسەر خەڵکانی ترەوە هەبووە .

بە هەرحاڵ، پاش ئەوەی ئیدگار مرد، لە ئەنجامی ئەو بایەخەوە کە هەندێ لە ڕەخنەگران و دەستەیەک لە هونەرمەندانی فەرەنسەیی وەک : بۆدلێر، مالارمیە، پول فالیری، بە بەرهەمەکانی ئەو پیاوەیان دا ، شۆرەت و نێوبانگی ئیدگار دنیای گرتەوەو پلە و پایەی یەکجار بەرز بووەوە، لێ پاش ماوەیەک ئەم شۆرەت و نێوبانگەی بەرە بەرە نیشتەوەو لە چاو کەڵە نووسەرانی وەک : تۆلستۆی، دۆستۆیفسکی، دیکنز، بالزاک و چیخۆف، پایەی تەواو هاتە خوارەوە ، تا ئەو ڕادەیەی کە بە ڕای زۆربەی ڕەخنەگران تەنیا وەکو نووسەرێکی بچووک، بەڵام بە تازەگەر و بەهرەمەند لە قەڵەم دەدرا. تەنانەت بە ڕای ژمارەیەک لەم ڕەخنەگرانە، گۆگۆل، نەک تەنیا وەکو

نووسەر لە ئیدگار چاکترە بەڵکو دەوریشی لە گەشەپێدانی چیرۆکدا بە گشتی و چیرۆکی کورتدا بە تایبەتی، یەکجار لە ئیدگار زێدەترە .

رەنگە ئیدگار وەکو نووسەرێکی بەرزە خەیاڵ و خەیاڵپەروەر، هەرگیز بیری لەوە نەکردبێتەوە کە سەدەیەک پاش ئەو، جڵەوی گۆڕین و پەرەپێدانی چیرۆک دەکەوێتە دەستی نووسەرانێک کە هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە تەرخان بکەن کە ژیانی ئاسایی خەڵکانی سادە بکەن بە هەوێن و سەرچاوەی چیرۆکەکانیان و چیرۆک لە دنیای تەنگی خەیاڵبازی و بێ ئیلتیزامی بێتە دەرێ و روو لە جیهانی حەقیقەت و هەستپێکراوی خودی ژیان بکات.

کاتێ ئیدگار مرد، ئەوجا ئەمریکییەکان هەستیان بەوە کرد کە نووسەرێکی داهێنەری خۆیان فەرامۆش کردووە ، بۆیە کەوتنە خۆیان و زۆریان لە سەر نووسی، بە ڕادەیەک رەنگە کەم نووسەری ئەمریکی هێندەی ئیدگار خرابێتە ژێر وردەبینی لێکۆڵینەوە و کەموکوڕییەکانی خرابێتە ڕوو، یەکەم کەسێک کە ژیننامەی ئیدگاری نووسی "گریسوولد"ی رەخنەگر بوو کە تارادەیەک مەوزوعیەتی لە نووسینەکەیدا فەرامۆش کردبوو. بەڵام نووسەرو رەخنەگرەکانی پاش ئەو مەوزوعیانەتر دەربارەی ئیدگاریان نووسیوە. ئەوەتا "ولز" کە لە نزیکەوە ناسیویەتی دەڵێ : " چالاک و خۆڕاگر بوو، هێمن و بە سەبر بوو، شۆڕەسوارێکی بەڕێز بوو."

لە ساڵی 1885 دا لە مۆزەخانەی هونەری تازەدا لە نیۆیۆرک، تابلۆیەک بۆ یادکردنەوەی ئیدگار هەڵواسرا کە لە سەری نووسرا بوو : "بلیمەتێکی مەزن بوو، سەرگەردان بوو لە ژیانیا ، کڵۆڵ بوو لە مەرگیا ، بەڵام شۆرەت و نێوبانگی هەتا هەتایە هەر دەمێنێ."

لە ساڵی 1877دا لە بالتیمور، پەیکەرێکیان بۆ دروستکرد. وێڕای ئەوەی ئیدگار شاعیر و رەخنەگر و چیرۆکنووس بوو، بەڵام لە بواری چیرۆکدا سەرکەوتنی تەواوی بە دەست هێنا.. جا لێرەدا کۆتایی بەم پێشەکییە دێنین و دەچینە سەر لایەنە حەیاتی و ئەدەبیەکانی دیکەی و لە کۆتاییدا چەند نموونەیەک لە چیرۆکەکانی دەخەینە خزمەتی  ئێوەی خوینەرانی بەرێز .

## پاژی یەکەم

((1))

ئیدگار ئالان پۆ شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگری ئەدەبیی ئەمریکایی لە 1809/1/19دا لە شاری بوستن هاتووەتە دنیا. دایکی، ئیلیزابت ئارنولد پۆ ژنێکی هونەرمەندی جوانکیلە و خشکۆک بوو، ئیدگار میهرو سۆزێکی قووڵ و تایبەتی دەربارەی هەبووە . بابی، دەیڤید پۆ خەڵکی بالتیموری ستانی مەریلاند بوو . ئیدگار، زۆر زوو، هەر بە منداڵی داک و بابی لە دەست دان و لە سۆزو میهری داک و باب بێبەش بوو. تەمەنی یەک دووساڵان بوو کە بابی لە دەوروبەری ساڵی 1810 یان 1811 ماڵئاوایی لە ژیان کرد . ئیدگار برایەکی لە خۆی گەورەترو خوشکێکی لە خۆی بچووکتری هەبوون ، جا ئیلیزابت کە دووچاری نەخۆشی سیل و دەردە باریکە بوو بوو، ناچار بوو بە تاقی تەنیا خەمی ئەم منداڵانە بخوات و بە خێویان بکات...

دەڵێن پاش ئەوەی ئیدگار لە دایک بوو، هێندە نەدارو دەستکورت بوو، بێ گوێدان بە ئامۆژگاری پزیشک، کەوتەوە سەر شانۆ و دەستی بە سەما و سترانان کردەوە . تا وای لێهات لە پەل وپۆ کەوت و خێری پێدەشیا. ژیانی خەمناکی ئەو بەڕادەیەک سۆزی مرۆڤانی خەڵکی بزواند کە یەکێک لە عاشقانی هونەر لێبڕا ئاگادارییەک لە ڕۆژنامەدا بڵاوبکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە پیتاکی بۆ خڕبکاتەوە. بەڵام کۆمەک و پیتاکەکە لەوە کەمتر بوو ژیانی ئەوی پێ بەڕێوە ببرێ یان لەو نەخۆشییە کوشندەیە رزگاری بکات. هەڵبەتە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا هونەرمەندان و ئەکتەرانی گەڕۆک ، قەدرو حورمەتێکی ئەوتۆیان نەبوو ، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە ناچار بوون دەموچاوی خۆیان لە سوراو سپیا و بگرن و بە جەستەی نیوە رووت ، گۆرانی باوی ڕۆژ بڵێن یان سەما بکەن ، بە چاوی سووک تەمەشا دەکران ، بە تایبەتی ئیلیزابت پۆ کە باریک و بنێس و لەشبەبار و نەخۆش بوو. ئەنجام لە هەڕەتی گەنجییدا، تازە پێی نابووە تەمەنی بیست و چوار ساڵییەوە، لە شاری ریچموند. کۆچی دوایی کرد و منداڵێکی لاوازی جوانکیلەی چاوڕەشی بە نێوی ئیدگار لە پاش بە جێما.

لە شاری ریچموند، لە نزیکی تەماشاخانەکەدا ( شانۆ)، فرۆشگەیەک هەبوو هی پیاوێک بوو بە نێوی جۆن ئالان ، ئەم پیاوە سکۆتلاندی بوو، بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو ، لە ڕێگەی سەوداو مامەڵەی هەمە جۆرەوە ، بە تایبەتی سەوداو مامەڵەی تۆماکۆوە ، سەروەت و سامانێکی پێکەوە نابوو. ئەم پیاوە هەرچەند هەشت ساڵێک بوو فرانسیس ئالانی هاوسەری خواستبوو ، لێ منداڵیان نەبوو بوو . فرانسیس ئاگاداری ژیانی پڕ خەم و

خەمباری ئیلیزابت پڕ بوو . کە ئیلیزابت کۆچی دوایی کرد، فرانسیس چوو بە سۆراغی منداڵەکەیەوە و لە گەڵ خۆیدا بۆ ماڵی هێنایەوە . جۆن ئالان ، پێنەدەچوو لە دڵا بەمە قاییل بێ ، لێ لەبەر خاتری هاوسەرەکەی هیچ قسەیەکی نەکرد و ناڕەزایی دەرنەبڕی . ئیدی ئیدگار کە هێشتا سێ ساڵانی پڕ نەکردبووەوە، لەم ماڵە تازەیەدا ژیانی نوێی خۆی دەست پێکرد .

ئیدگار منداڵێکی جوانکیلە و زیرەک بوو ، لێ دڵناسک و تۆرینۆک بوو ، ئەم ژن و مێردە زوو بە زوو خوویان پێوە گرت و هەوڵیان دا زەمینەی بەختەوەری بۆ بسازێنن و خۆشبکەن ، بە تایبەتی فرانسیس زۆری خۆشدەویست . بەڵام جۆن ئالان ، بە ئاسانی ملی نەدەداو هەر بە تەبیعەت پیاوێکی گرژو مۆن و وشک و سارد و سەختگیر بوو، دەیویست ئەم منداڵە لە قاڵبی خۆی بدات و لە چوار چێوەی چاودێری توندی ئەودا گەورە بێت . کاتێ کە جۆن ئالان و هاوسەرەکەی لە ساڵی 1815 بە کاروباری بازرگانی بۆ سکوتلاندای زاگەی جۆن ئالان رۆییشتن ، ئیدگاریشیان دەگەڵ خۆدا بردو لەوێندەر نایەنە بەر خوێندن و لە تەمەنی یازدە ساڵی قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لەوێندەر تەواوکرد .

***

ژیانی سەردەمی هەرزەکاری ئیدگار ئالان پۆ هەندێ ئاڵۆزو کەمێک نادیارە ، هەر لەم تەمەنەدا بووە کە بەرە بەرە دوچاری نەخۆشی شیزوفرینا دەبێت... گومان لەوەدا نییە کە جۆن ئالان پیاوێکی زبرو سەختگیر بووە ، رەفتاری دەگەڵ ئیدگاردا زبر بووە ، بەڵام ئەم رەفتارەی تەنیا لە و حاڵەتانەدا بووە ، کە ئیدگار بە قسەی نەکردووە ، گوێڕایەڵی دەستورەکانی نەبووە . چ شتێک کردویەتییە کارێک کە ئەم نەوجەوانە کە بەڕواڵەت بەختەوەرو ئاسوودە بووە ، ژیانی خۆش بووە ، لە هیچی کەم نەبووە ، بەو جۆرە لە قسەی بە ناو بابەکەی دەربچێت و سەرپێچی لە دەستورەکانی بکات؟.

ئەوانەی کە لە ژیان و گوزەرانی ئەم بلیمەتە قەرە بەختەیان کۆڵیوەتەوە ، بە شێوەیەکی گشتی ، رەفتاری بە ناو بابەکەیان بە فاکتەرو بایسی نەخۆشییە دەرونییەکەی پۆ زانیوە ، هەرچەندە لەگینە ئەمە وا نەبوو بێ ، بەڵام خاڵی هاوبەشی توێژەرەکان لەو رووەوە ئەمەیە کە :

جۆن ئالان، بە چاوی سووک تەمەشای ئیدگار ئالان پۆی کردووەو هەمیشە بەو چاوە تەمەشای کردووە کە منداڵی سەماکارو گۆرانی بێژێکی سیلاوی بووە .

نە ئیدگار حەزی لە کاروباری بازرگانی و سەوداو مامەلە بوو کە کاری دڵخوازی جۆن ئالان بوو و نە جۆن ئالان حەزو ئارەزووەکانی ئیدگاری ، کە بریتی بوو لە خەون و خەیاڵ و شیعران، بە دڵ بوو. جا لەم ملاملانێ و کێشما کێشەی نێوان ئەم جووتەدا ، دۆڕاوی بەردەوام هەر ئیدگاربوو . بە هیچ جۆرێ بۆ یەکیان دانەدەهێنا، بۆیە هەرگیز ئاشتی و ئاشتەوایی و خۆشەویستی و مەحەبەت نە دەکەوتە نێوانیانەوە . ئیدی ئەم نەفرەت و ڕقە کاتێ لە لایەن ئیدگارەوە گەییە پۆپەی خۆی کە جۆن ئالان ، لە هەموو میراتێکی خۆی بێبەشی کرد و رێگەی نەدا ، ناوی ماڵبات و شۆرەتی ئالان لە خۆی بنێ .

فرانسیس ئالان ، ئیدگاری زۆر خۆشدەویست و لەوەیە ئەم خۆشەویستییە لە ڕادەبەدەرە جۆرە غیرەیەکی لە لای مێردەکەی پەیدا کردبێت . لەلایەکی تریشەوە ئیدگار هەر زوو پەی بەوە برد کە جۆن ئالان و فرانسیس ئالان باب و داکی ڕاستەقینەی ئەو نین و بە خێرو لە ڕووی بەزەییەوە لە ماڵی خۆدا رایانگرتووە و پەنایان

داوە . ئەم وێناو تەسەورە جیهانێکی بۆ دروستکرد کە ئەو بە تاقی تەنیا و بێکەس و کار تیایدا دەژیا . لەم دنیای تەنیاییەدا ، هەمیشە لە ترس و دڵە ڕاوکێدا دەژیا و بە خەیاڵی خۆی تاپۆو شەبەنگانی ترسناک پەلاما ریان دەدا . کەس نەبوو خۆی بکات بەشەریکی ترس و نیگەرانییەکانی . کەواتە ئیدگار بە پێچەوانەی رواڵەتی هێدی و هێمنیەوە ، منداڵێکی ترسنۆک و سلۆک بوو . ئیدی ئەم تەنیایی و سلۆکی و بێکەسی و بێدەرەتانییە دەبووە بایسی ئەوەی پەنا وەبەر کار و کردەوەێن نا ئاسایی ببات و لە ئەنجامدا زڕبابە هەستیار و دڵتەنگ و خەمبارەکەی هێندەی دیکە پەست و تورە بکات. بۆ نموونە کاتێ لە ساڵی 1826دا چووە زانستگەی فیرجینیا و کەوتە فێربوونی زمانانی یونانی ، لاتینی ، فەرەنسایی ، ئەسپانیایی و ئیتاڵیایی و لە خوێندندا بلیمەتییەکی زۆری نیشان دا ، دوای یازدە مانگێک کە ئازادییەکی زیاتری بەخۆوە بینی و فریوی چەند گەنجێکی کە چرەوی خوارد و سەری کردە مەی نۆشی و قوماربازی . دیارە روحی نا ئارام و سەرکێشی وی دەیویست کارێن نا ئاسایی بکات ، بۆیە لە ئەنجامدا پارەیەکی زۆری دۆڕاند و قەرزێکی زۆری هاتە سەر. کە جۆن ئالان بەمەی زانی بە جارێ دەهری بوو ، نەک هەر قەرزەکەی بۆ نەدایەوە بەڵکو دەستی لێبەرداو ناچاری کرد زانستگەش تەرک بکات .

دیارە ئەمە زەبرێکی گەورەی لێدا ، لێ وێڕای ئەمەش گوێی نەدایە و لێبڕا کە بۆ ریچموند بزڤرێتەوە و پەنا وەبەر ئالمیرا رویستەری دڵداری بەرێت و دەردی دڵی خۆی بۆ ئەو هەڵرێژێت و خەمێک بەبا بدات ، لێ بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و تەمای خۆیەوە ، هەواڵی زانی کە ئالمیرا وازی لێی هێناوەو بۆ خۆی شووی کردووە.. ئیدی خێرا ئەوێندەری بەجێهێشت و بۆ بۆستن زڤرییەوە و بە دەرجەی سەربازی رووت پەیوەندی بە خزمەتی سوپاییەوە کرد و زۆری نەبرد پلەی سەرگروبانیان دایە... جا پۆ کاتێ بۆ خزمەتی سوپایی رۆیی ناوی خوازراوی (Edgar A. perry) بۆ خۆی هەڵبژارد و بەو ناوەوە کەوتە خزمەتی سەربازیی . لەو رۆژانە زڕداکەکەی کە پشت و پشتیوانی ئەو بوو کۆچی دوایی کرد و بە مەرگی فرانسیس ئالان هێندەی دیکە زڕ باب و زڕ کوڕ لێکدی دوورکەوتنەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆن ئالان ، دیارە وەکو وەفایەک بۆ ژنەکەی و لە سەر وەسێتی ئەو، ئیلتیزاماتی دارایی ئیدگاری دا بە سوپاو ئیدگاری بۆ ئەکادیمیای سوپایی ویست پوینت برد . کاتێ کە لە ئەکادیمیای ناقبری دەریان کرد ، ئیدی جۆن ئالان هەستیکرد کە ئەم کوڕە مەحاڵە چاک ببێت ، بۆیە هەستا لە هەموو میراتێکی مەحرووم کرد...

((2))

ئیدگار ئالان پۆ، کاتێ کە لە بۆستن بوو ، لە ساڵی 1927دا کە تەمەنی هەژدە ساڵان بوو ، کۆ شیعرێکی چکۆلەی خۆی لە ژێر سەر ناڤی (تەیمور لەنگ و چەند چامەیەکی دی)دا بڵاوکردەوە . پۆ، لە چامەی تەیمور لەنگدا کە باشترین قەسیدەی ئەم دیوانەیە ، باسی ئیعترافاتی شەوێکی ژیانی تەیمووری خوێنرێژ دەکات کە لەو شەوەدا چۆن گرێی نهێنییەکانی دڵی پڕ غروور و بە تاڵ لە هەر مرۆڤدستییەکی خۆی دەکاتەوەو ئەوە دەگێرێتەوە کە چۆن مەیل و ئارەزووی جیهانگیریی لە نک وی پەیدا بوو و چۆن ئەشقی کیژێک وای لێکرد بکەوێتە گرتنی وڵاتان تا لە ئەنجامدا ئەشق و پایە و سەرکەوتن بە یەک کەڕەت پێشکەش بە خانمی خۆی بکات....

ئیدی بە دەم خزمەتی سەربازییەوە و لە کاتی دەست بە تاڵیدا شیعری دەنووسی ، دوای دوو ساڵ لە بڵاوبوونەوەی دیوانی یەکەمی ، کۆ شێعرێکی دیکەی لە ژێر سەرناڤی (ئەعراف، تەیموورلەنگ و چەند وردە ئاوازێکی دی)دا بڵاوکردەوە . دیوانی یەکەمی کە کاریگەری و سێبەری شیعرەکانی بایرونی پێوە دیار و

بەسەرەوە بوو ، زیاتر بۆ دڵدارە بێ ئەمەکەکەی خۆی ، واتا ئالمیرا وتراوە ، لێ دیوانی دووەمی کاریگەری شیعرەکانی جۆن میلتون و هزرێن سێرتوماس مۆر، ئی، سی، پینکنی ، شاعیری هاوعەسری  خۆی پێوە بوو.

کاتێ کە لە ئەکادیمیای سوپایی دەرکرا ، ئیدی هیچ ئومێدێکی گەڕانەوە بۆ ماڵی نەما ، چونکە لای روون بوو کە زڕ بابەکەی هەرگیز نای بەخشێت ، بۆیە ناچار سەری خۆی هەڵگرت و بە ئومێدی پورە بێوەژنەکەی ، خا ماریا کلیم ، رووی کردە شاری بالتیمور ، کە پوری بەوپەڕی هەژاری و دەستکورتی لە خانوویەکی پەرپووتی ئەوێندەر ژیانی دەگوزەراند . ئەم پورەی ژنێکی داوێنپاکی ئابڕوومەند و زەحمەتکێش و فیداکار بوو و ساڵانێکی زۆری بە بێوەژنکۆشی قەتاند . ئیدگاریش زۆری خۆش دەویست و لە ساڵی 1849دا شیعرێکی لە ژێر سەرناڤی (بۆ دایکم) بۆ نووسی کە لەوێدا هەستی پڕ رێزو حورمەت و منەتباری خۆی بە ئاشکرا دەرهەق بەو دەربڕیوە.

هەر لەم سەروبەندەدا ، هەفتەنامەی ساتردەی ڤیزیتەر پێشبڕکێیەکی کورتە چیرۆکی سازداو بڕی پەنجا دۆلاری بۆ باشترین چیرۆکی پێشبڕکێییەکە تەرخان کرد . ئەوە بوو پۆ بە چیرۆکی (دەستنووسی ناوبوتڵێک) بەشداری کرد ، وەکو باشترین چیرۆکی پێشبڕکێیەکە خەڵاتەکەی بردەوە . ئەم رووداوە چاوەڕوان نەکراوە ، سەرکەوتنێکی باشی بە نسیبی ئیدگار ئالان پۆ کرد و تا رادەیەکی باش شۆرەتی پەیدا کرد و دەرفەتی هاوکاری دەگەڵ چاپەمەنیاندا بۆ رەخساند و ئیدی بەرە بەرە ناسیاوی دەگەڵ ئەهلی قەڵەم و خوێنەواریدا پەیدا کرد . لەم کەین و بەینەدا پیاوێک بە نێوی جۆن پندلتون کینیدی کە لە شاری بالتیموردا وەکو چیرۆکنووس پایە و پێگەیەکی هەبوو ، توانی کارئاسانی بۆ پۆ بکات و بیگەیەنێتە پۆستی سەرنووسەری گۆڤاری ساترین لیتراری میسنجەر . دیارە ئەگەر ئیدگار ئالان پۆ کەسێکی ئاسایی بوایە و هاوسەنگی دەروونی هەبوایە ، هەرگیز ئەم کارەی لە دەست خۆی نەدەدا و وەکو پاشا و بە مسۆگەری پێی دەژیا ، بەڵام مخابن بەسەر ئەعسابی خۆیدا زاڵ نەبوو . لەم سەروبەندەدا زۆر خراپ رووی کردە مەی نۆشی و هێندەی دەخواردەوە ئاگای لە خۆ نەدەما ، کەچی بەو حاڵەشەوە چالاکییەکی رۆشنبیریی یەجگار فرەو بە بڕشتی هەبوو ، لە ماوەی تاقە ساڵێکدا سی و حەوت گوتاری دەربارەی کتێبانی ئەمریکایی و بیانی ، نۆ چیرۆک و چوار قەسیدە و ژمارەیەک رەخنەی ئەدەبی لە گۆڤاری ناڤبریدا بڵاوکردەوەو بە بۆنەی پۆوە ژمارەی تیراژ و فرۆشی گۆڤارەکە لە پڕێکا زۆر زیادی کرد . لێ مخابن قەت لە سەر کارێک نەدەمایەوەو هەمیشە کارەکەی دەگۆڕی . لەم بڵاوکراوەوە بۆ ئەو بڵاوکراوە دەڕۆیی و لە یەک شوێن نەدەگیرسایەوە . بەجۆرێ ئالوودەی مەستەمەنی بوو بوو کە بەبێ خواردنەوە کاری پێنەدەکرا ، هەرکە یەکەم جورعەشی هەڵدەدا خێرا مەست دەبوو و دەیگرت .

لەم سەردەمەدا بوو کە دەگەڵ کیژە پورەکەیدا، ڤیرجینیا کلیم، کە تەمەنی هەر سیازدە چواردە ساڵ دەبوو ، زەماوەندی کرد ، هەر لەم سەردەمەدا بوو کە رێگەی مەیخانەکانی ریچموندی گرتە بەرو بە رادەیەک ئالوودەی خواردنەوە بوو کە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە ، سەرباری پێشکەوتن و سەرکەوتنی بڵاوکراوەکەی ، جوابی کرد... ئیدی لەسەر پێشنیازی پۆ بە سێ قۆڵی، خۆی و هاوسەرەکەی و خەسووی بەرەو نیویورک چون و لەوێندەر ئاکنجی بوون . لەوێ لە گۆڤاری کوارتەرلی ریو ریودا کارێکی زۆر باشی دەست کەوت ، لێ لە سەری بەردەوام نەبوو . هاوکارەکانی گومانی ئەوەیان لێدەکرد کە ئالوودەی ئەفیون بووبێ و خۆیان لێدەپاراست . بەڵام وێڕای ئەوەش دانیان بە تواناو بەهرەمەندی پۆدا دەنا، لەم سەروبەندەدا (1838) چیرۆکێکی نووسی بە ناونیشانی (سەربهووردی ئارتور گوردون پیم) کە سەرنجی ئاشقانی ئەدەبی بە تەواوەتی راکێشا . ئەمە چیرۆکێکی جەنجاڵی پڕ ریسک و بویەران و دیمەنێن ترسناک و خەیاڵییە و بە گوتەی رەخنەگران کاریگەری (موبی

دیک)ەکەی (هرمان ملڤیل)ی پێوە دیارە . بە هەرحاڵ پۆ ویستویەتی لە ڕێگەی خەیاڵی – زانستییەوە شەقڵ و مۆرکێکی ریالیستی پێ ببەخشێت .

پۆ لە ساڵی 1839دا بۆ ڤیلادلڤیا زڤرییەوە دەگەڵ گۆڤاری (بورتونز جەنتلمنز)دا کەوتە هاوکاری و کەوتە نووسینی چیرۆک و شیعر و وتارێن رەخنەیی . ئیدی قەرار بوو مانگانە چیرۆکێک بۆ گۆڤاری ناڤبری بنووسێت وئەوە بوو لەم قۆناغەدا چیرۆکانی وەکو: (ویلیام ویلسن و هەرەسی کۆشکەکەی ئوشەر)ی نووسی. لە ساڵی 1840دا کۆ چیرۆکی: (چیرۆکێن سەیرو سەمەرەو خەیاڵئەنگیز) ی بڵاوکردەوە. ئەم کۆچیرۆکە لەلایەن بۆدلێری شاعیری فەەنساییەوە پاچڤە کراو ماوەیەک پاش مردنی پۆ بڵاوکرایەوەو شۆرەت و نێوبانگی جیهانی بە پۆ بەخشی . پۆ لە پێشەکی ئەم چیرۆکانەدا بەرگری و داکۆکی لە خۆی کردووە و بەرپەرچی ئەوانەی داوەتەوە کە چیرۆکەکانیان بە لاسایی کردنەوەی بەرهەمەکانی هوفمان زانیوە... هەر لەم سەروبەندەدا (1840) رۆژنامەی (دۆلار نیوزپەیپەر) چاپی ڤیلادلڤیا پێشبڕکێیەکی چیرۆکی کورتی سازدا و بڕی سەد دۆلاری بۆ باشترین کورتە چیرۆکی پێشبڕکێیەکە تەرخان کرد ، ئیدگار ئالان پۆ بە چیرۆکی (قالۆنچەی زێڕین) بەشداری کرد و خەڵاتەکەی بردەوەو هێندەی دی شۆرەت و نێوبانگی پەیدا کرد .

لە ساڵی 1844دا چوو بۆ نیوێورک و بوو بە یەکێک لە نووسەرانی رۆژنامەی) سەن .(Sun : بەڵام هێشتا هەر دەستبەرداری مەی و مەینۆشی نەبوو بوو ، هەموو کەسێک گومانی ئەوەی لێدەکرد ئالوودەی مەوادی هۆشبەرو بەنگکێشی بووە . لەم ماوەیەدا چیرۆکی: (شۆخی باڵۆنێک)ی نووسی و ئیدی وەکو نووسەرێکی بە توانا نێوی دەرکرد و بە یاریدەدەری سەرنووسەری رۆژنامەی پڕ تیراژی (نیویورک مێرۆر) دامەزرا و لە ساڵی 1845دا بەناوبانگترین و باشترین قەسیدەی خۆی (قەلەڕەش)ی لە رۆژنامەی ناڤبریدا بڵاوکردەوەو بەمە هێندەی دی نێوبانگ و خۆشەویستی پەیدا کرد . ڤیرجینیا کلیمی هاوسەری زۆر نەخۆش و داماو بوو ، بەدەم ئازاری دەردەباریکەوە دەتلایەوە ، زۆری بە خەمەوە بوو و هیچ دەسەڵاتێکیشی نەبوو ، بۆیە بە خەمی ئەوەوە ، زیاتر روویکردە خواردنەوە و بە دەم مەینۆشییەوە چەند چیرۆکی خەمناکی داهێنا ، لەوانە : دەمامکی مەرگی سوور، پشیلە رەشەکە ، دڵی نهێنی بێژ و... هتد. کە کارێکی زۆریان کردە سەر چیرۆکنووسانی فەرەنسایی و رووسیایی و ئینگلیزی و لە راستیدا بوون بە بناغە و سەرچاوەی کورتە چیرۆکی نوێ .

بە هەرحاڵ پۆ، بە جۆرێ مامەڵەی لە تەک هاوسەرە منداڵکارو رەنگ زەرد و بێدەنگ و نەخۆش و لە حاڵی مردنەکەی خۆیدا دەکرد وەکو ئەوەی نموونەیەکی زندووی قارەمانانی چیرۆکەکانی خۆی بێت . بەڵام هەر لەم سەروبەندەدا ، ژنێکی دیکەش لە ژیانی نووسەرو شاعیردا پەیدا بوو . ئەم ژنە جەوانە شاعیرێکی نوێخوازو لیبرال بوو بە نێوی فرانسیس سارگنت لاک ئوسگورد . ڤیرجنیا کلیم بەمەی دەزانی و خۆی لێ نەبان دەکرد ، بەڵام ئەم فرانسیسە کارێکی حەیابەرانەی کرد و هەستا چیرۆکی ئاشقێنی و رابواردنەکانی خۆی کە ئیدگاریش پشکی تێدا هەبوو ، بڵاوکردەوە . ئەم رووداوە زۆری کار لە ڤیرجینیا کرد و وەزعی زۆر خراپتر بوو . پۆش چوو لە (فوردهام)ی قەراخی شاری نیویورک دا کوختەیەکی بەکرێ گرت و باری کرد بۆ ئەوێندەر ...

سەرەنجام ڤیرجینیا لە رۆژێکی ساردی مانگی 1847/1دا لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا کۆچی دوایی کرد ، ئەو کاتە مێردە سەرگەردانەکەی سی و هەشت ساڵان بوو . ئیدی وەکو یەکێک پێشبینی مەرگی خۆی کرد بێت و جێ بە خۆی نەگرێت ، لە نیویۆرکەوە رۆیی بۆ ئایلاند و لەوێوە بۆ ریچوند و لەوێوە بۆ شارانی باشوری فیلادلفیاو ئەنجام رووی کردە بالتیمور . لەم ماوە کورتەدا تووشی چەندین ئەشقی کورتخایەن و ناکام بوو ،

لە رودئایلاندا دەگەڵ ژنێکدا تێکەڵ بوو بە ناوی سارا هلین ویتمن کە شاعیر بوو و قەدری هونەرەکەی ئەوی دەزانی ، ماوەیەک بە دەزگیرانی مانەوە، بەڵام زوو لێکدی جیابوونەوە ، چونکە پۆ خۆی پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا . شایانی باسە لە دیوانەکەی پۆدا غەزەلێکی ناسک هەیە بە نێوی (بۆ هلین) ، ئەم غەزەلە بۆ سارا هلین ویتمن نووسراوە . دوای ئەو چوو بە لای ئانی ریچموندا . پۆ وەکو دەگێڕینەوە عەشقێکی ئەفلاتونی دەرهەق بەم ژنە هەبوو . زۆری نەبرد کەوتە داوی سارا ئانالویسەوە . سارا دەوڵەمەند بوو و دەیتوانی کۆمەکی دارایی پۆ بکات.. پۆ لەم سەرو بەندەدا ، واتە لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا چەند قەسیدەیەکی یەجگار جوانی نووسی لەوانە: ئولالوم، زەنگ ، ئیلدورادۆ ، ئانابل لیو... هتد. هەروەها وتاری (یورکا)ی بڵاوکردەوە کە سەنگ و ئیحتوبارێکی تایبەتی هەبوو . ئەم وتارە کە ناونیشانەکەی دیکەی باسێک دەربارەی جیهانی مادی و مەعنەویە لە ساڵی 1848دا هاتە وەشاندن ، شاعیر لەوێدا باسی دنیای مەتریالیستی و میتافیزیکی و سەرچاوەی خەلیقەت و چارەنووس دەکات . ئیدگار ئالان پۆی شاعیری مەرگ و نوقمی نەهیلیزم ، لەم بەرهەمەدا بە گەشبینییەکی فرەوە لە ژیان دەدوێ . ئەم وتارە لە لایەن شارل بودلێرەوە کرا بە فەرەنسی. بێ سەروبەری و ئاڵۆزی ژیانی پۆ لەلایەک و جوانی و نامۆیی بەرهەمەکانی لەلایەکی ترەوە بەڕادەیەک سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ، کە لە کۆڕەکانیا ، دەربارەی فەلسەفەی شیعر یان پرەنسیپ و بنەماکانی شیعر ، ئامادە دەبوون . ئەم وتارانەش لە لایەن بودلێری شاعیرەوە پاچڤەکران و لە ساڵی 1950دا ، واتە لە دوای مردنی پۆ ، هاتنە وەشاندن .

بە هەرحاڵ پۆ لە سەفەری شارانی باشووری فیلادلفیادا هەمیشە مەست و سەرخۆش بوو . تا ڕۆژێک بە نێوەگیانی خۆی گەیاندە ڕیچموند ، هەڵبەتە پۆ هەمیشە نیگەرانی ئەوەبوو نەبا ڕۆژێ شێت ببێت ، بۆیە تەنانەت لە خۆیشی هەڵدەهات . رەنگە هەر ئەمەش بایسی ئەوە بووبێ کە جارێک هەوڵی خۆ کوژی دابوو . لە ریچموندا ، جارێکی دی یەکەمین دڵدارەکەی خۆی، واتە ئالمیرا رۆیستەری بینییەوە کە لە ئاخرو ئۆخری ساڵی 1826دا، کاتێ پۆ هەڤدە ساڵان بوو ، دڵدارەکەی پەیمان شکێنی دەگەڵ کردبوو و شووی بە پیاوێکی دیکە کرد بوو . ئالمیرا نها بێوەژن بوو ، دەیتوانی دەگەڵ کۆنە دڵدارەکەیدا ئاشت ببێتەوەو بسازێت . ئیدی ئیدگار هاوینێکی پڕ لە خۆشی و شادی دەگەڵ ئەودا بەسەربرد و هەر لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک لە هاوڕێ و دۆستانی منداڵی خۆی بینی . بە هەرحاڵ لە نک کۆنە ماشوقەکەی خۆیشی نەمایەوە و سەروسەختی دەگەڵ کچێکی دیکە بە نێوی سوزان ئارچەر تولی پەیدا کرد بوو کە شاعیر بوو .

لە ئاخرو ئۆخری مانگی ئەیلولی ساڵی 1849، بەرەو بالتیمور ڕۆیی . دەیزانی مەرگ بە سەر سەرییەوە دەسوڕێتەوە . ئیدی لەم ماوەیەدا نەک هەر لە مەینۆشیدا زێدە ڕۆیی دەکرد ، بەڵکو لە بەکارهێنانی مەوادی هۆشبەریشدا هەر زێدەڕۆیی دەکرد . شەوێک لە جەژنی لە دایکبوونی خانمێکدا زێدە نۆشییەکی ئەوتۆ دەکات ، کە دەگاتە حاڵی مردن و بلەز بۆ خەستەخانە دەبرێ ، لێ هەوڵ و تەقەللای پزیشکەکان دادی نەداو دڵی لاوازی وی بەرگەی ئەم هەموو گوشارەی نەگرت و ئیدی جارێکی دی چاوی بە ژیاندا هەڵنەهێنا . بە ڕیوایەتێکی دیکە گوایە لە مەیخانەیەکدا بەبێ هۆشی دەی بینن و پێش ئەوەی بگەیەنرێتە خەستەخانە دەمرێت . یانی لە (1849/10/7 )دا لە تەمەنی چل ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات ..

کۆ بەرهەمەکانی پۆ لە ساڵی 1902دا لە هەڤدە بەرگدا هاتووەتە چاپکردن . بەرهەمە شیعریەکانی پۆ شەقڵی لیریکی و رۆمانتیکیان هەیە و دەردی غوربەت و بیزاری و نیگەرانی و پەریشانی واقیعی بەرجەستە دەکەن . لێ شۆرەت و سەرکەوتنی پۆ تا خۆی لە ژیاندا بوو ، پتر لە چیرۆکەکانیا و بە چیرۆکەکانییەوە بوو . چیرۆکەکانی

پۆ ڕەگیان لە ژینگەیەکی ترسناک و نهێنی ئامێزدایە . چیرۆکەکانی بە زۆری ترسناک ، دڵتەزێن و خەیاڵین و زادەی وەسوسەی مەرگباری نووسەرن . دەشێت ئەم چیرۆکانە بەبناغەی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پۆلیسی دابنرێن کە پاش وی رەواجی پەیدا کرد . پاچڤەی کارەکانی پۆ لەلایەن بۆدلێرەوەو کاریگەریی بەرهەمەکانی پۆ بە سەر شاعیرانی مینا ڤالیری ، مالارمێ و ڕامبۆوە ، کەسیەتیەکی جیهانییان پێبەخشی و کارێکی فرەی کردە سەر بزاڤی سەمبولیزمی فەرەنسا .

بۆدلێر دەربارەی پۆ دەڵێت : " بە تواناترین نووسەری ئەم سەردەمەیە . من ئیدگار پۆی هەمیشە مەست ، هەژار ، بێنەوا ، ئازارکێش و بێزراو زیاتر بەگەن دەکەم تا گۆتیە یان والتەر سکۆتی هێمن و بە تەقوا ".

"3"

لە نێو ڕێباز و شێوازە جۆراو جۆرەکانی چیرۆکنووسیدا ، ڕیبازێک هەیە کە ڕێبازی سوپەر ناچراڵی پێدەگوترێ . لەم ڕێبازەدا ڕووداوو بویەرەکان ، بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی روو نادەن و ڕەگیان دەچێتەوە سەر زەینی خەیاڵپەروەری و ئەفسانە سازی بەشەر . پێدەچێ ئەم خەیاڵپەروەری و ئەفسانە سازییەی زەینی بەشەر زادەی ئەوە بوو بێ ، کە روو بە رووی یەکێک لە نهێنییەکانی گەردوون و دنیای واقیعی بووەتەوە و سەری لێدەرنەکردووە ، لە ئاستیا دەستەوەستان بووە و ئەقڵی بە هیچ کوێ نەگەییوە ، ناچار داویەتیە پاڵ هێزێکی باڵا و بە توانای دەرێی دنیای واقیعی.. هەڵبەتە ئەو خەڵکانەش کە متمانەیان بە توانای پەنهانی خۆیان نەبووە و خۆیان بە ئەسیر و دیلی چارەنووس زانیوە ، بە گەرمی پێشوازییان لەمجۆرە حیکایەتو ئەفسانانە کردووە.

ئەفسانەو حیکایەتی خوداوەندان و جن و پەرییان و لەمەچێتران خۆی لە خۆیدا هەڵقوڵاو و زادەی ئەم جۆرە خەیاڵپەروەریانەیە ، کە بەر لە پەیدابوون و سەرهەڵدان و ڕەواج پەیداکردنی چیرۆکنووسی لە نێو خەڵکیدا باو بووە و ئەمڕۆکە بە گەنجینەی کەلەپوور و فولکلۆری نەتەوە جیاوازەکانی دنیا دێنە ژماردن .

ئەفسانان بە شێوەیەی گشتی دڵگیر و سەرنجڕاکێشن ، بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆریاندا هێزێکی نا ئاسایی و میتافیزیکی ، باڵاتر لە توانای بەشەر دەوریان تێدا دەبینێ و جڵەوی ڕووداوەکان لە دەستی ئەو هێزە نادیارانەدایە کە بە سەمتی بەختەوەری یان کلۆڵی و نەگبەتیدا دەیبەن . دیارە نموونەی چیرۆکێن سەر بە ڕێبازی سوپەر ناچراڵ ، لە ئەدەبیاتی میللەتاندا زۆرن . ئیدگار ئالان پۆش ، لە کاری چیرۆکنووسی خۆیدا پەیڕەوی هەمان ڕێبازو شێوازی کردووەو تان و پۆی چیرۆکەکانی بە خەون و خەیاڵێن نائاسایی و ناواقیعی تەنیوە و ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زاڵە بە سەر سەرانسەری چیرۆکەکانیا . خوێنەر کە چیرۆکەکانی دەخوێنێتەوە لە یەکەم ڕستەوە تا کۆتایی چیرۆکەکە خۆی لە کەش و هەوایەکی ترسناک و غەمناکدا دەبینێ و بە جۆرێ تێکەڵاوی ئەم ژینگە ترسناک و سامناکە دەبێت و تیایدا نقوم دەبێت کە بۆ تاقە ساتێکیش ناتوانێ لێی بێتە دەرێ . بویەر و ڕووداو هەندێجار دەگاتە لوتکە بەڵام روو نادات تا لە دوا دێڕەکانی حیکایەتەکەدا بە دیاردەکەوێ کە ئەو بویەرە چییەو چی نییە، هەڵبەتە ئەم بابەتە چیرۆکە تەنیا لە ڕێگەی وشە و پەیڤ و دەستەواژە و ڕستە و شێوازی تایبەتی و هەڵبژاردە و دانسقەوە دێتە داهێنان و بەرجەستە بوون .

لە نێو ناودارانی ئەدەبی جیهانیدا، کەم شاعیر و چیرۆکنووس هەن، بە ئەندازەی ئیدگار ئالان پۆ ، ڕاو بۆچوونی هەڤدژی دەربارە گوترا بێ . جماعەتێک بە شاعیرێکی بە تواناو بەهرەمەند ، بەباشترین رەخنەکاری نەسلی خۆی ، بە باوکی کورتە چیرۆکی ئەمریکایی و بە پێشەنگی ئەفراندنی چیرۆکی پۆلیسی دەزانن . جماعەتێکی دی

به بابایەکی ئالوودەی مەینۆشی ، بە زەوق و سەلیقەی دەزانن، کە چیرۆک و هۆزانی دەنووسی و ڕوحێکی سەرگەردان و قەڵەمێکی وێرانکەری هەبوو و زۆری لەزەت لە ڕەخنەی توندو زبر وەردەگرت .

ڕەنگە نەگبەتی و بەدشانسی پۆ لەوەدا بێ کە کاتێ مرد ، گشت نووسینەکانی خۆی بە کەسێک سپارد کە بە دۆستی خۆی دەزانی و وای وێنا دەکرد لە پاش مردنی ، چاکەی هاوکاری و دۆستایەتی ئەو دەداتەوەو وەکو پێویستە بەو ئاوایە باسی دەکات و بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگێنێ، لێ ئەم ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرە کە لە ساڵانی 1842–1843دا لە جیاتی ئیدگار ئالان پۆ بە یاریدەدەری سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبی (گراهام)ی چاپی نیویورک هەڵبژێردرا و هەر لەوێندەر ناسیاوی دەگەڵ پۆدا پەیدا کرد ، دیباجەیەکی بۆ کتێبەکەی پۆ نووسی کە بۆ هەتا هەتایە شورەت و خۆشەویستی پۆی لە قوڕی ڕەش نا . ئەم پیاوە ناوی ڕۆفۆس گریس وولد بوو (1815–1857) بەرهەمەکانی پۆی لە ماوەی شەش ساڵدا 1850–1856 لە چوار بەرگ دا بە ناوی (بەرهەمان) بڵاوکردەوە . پاش ئەو، لە ساڵی 1902دا ، زۆربەی هەرە زۆری نووسین و شیعرەکانی پۆ لە هەڤدە بەرگدا لە لایەن ڕەخنەگر و ئەدەبناسی ئەمریکایی جیمز هارسیونەوە لە ژێر سەرناڤی کۆ بەرهەمدا بە چاپ گەیەنرا . دەڵێن بەرهەمەکانی پۆ لەوە زیاترەو هێشتا بە تەواوەتی هەمووی بە چاپ نەگەیەنراوە . ئەو بابەتانەی کە گریس وولد دژی پۆی نووسیوون لە ژێر سەرناڤی (بیرەوەریان)دا بڵاوی کردووەتەوە . ڕۆفۆس گریس وولد ، کە نزیکەی شەش ساڵێک لە پۆ بچووکتر بوو، سەردەمانێ شاگردی چاپخانە ، مودەتێک کەشیشی غوسڵی تەعمید و ماوەیەکیش خەریکی کاری سەرنووسەریی ڕۆژنامان بوو ، لە دوا ساڵەکانی تەمەنی پۆدا ناسیاوی دەگەڵدا پەیدا کرد ، پۆ نزیکەی هەشت ساڵێک پێش مردن ، لە سەردەمێکدا کە تازە ژنی هێنابوو ، هات بۆ نیویورک و دوای بڵاوکردنەوەی چەند قەسیدەو چیرۆکێک ، لە گۆڤاری ناڤبریدا(گراهام) کرا بە یاریدەری سەر نووسەر و بەدەم ئەو کارەوە ڕەخنەشی دەربارەی بەرهەمێن نووسەرانی هاوچەرخی ئەمریکا دەنووسی. هەڵبەتە بایەخی وتارە ڕەخنەییەکانی پۆ لەمەدا بوو کە پیاوێکی کەماڵخواز بوو و باوەڕی وابوو کە نووسەرانی ئەمریکایی دەبێ لە ئاستێکی بەرزدا بنووسن و پێوەر و پێوانەیەکی بەرز بۆ ئەدەبی ئەمریکا بێتە ئاراوە ، جا لەم ڕوانگەیەوە زۆر بە توندی لە سەر شاعیران و نووسەرانی دەنووسی و چاوپۆشی لە بچووکترین کەم و کوڕییان نەدەکرد . لە دوو کۆ وتاری ڕەخنەییدا لە ژێر سەرناڤێن فەلسەفەی ئینشا و، پرەنسیپێن هونەری شیعردا، پوختەی ڕاوبۆچوونی خۆی لە بوارێن نڤیساری و شاعیریدا دەربڕیوە . کاتێ کە پۆ لە تەمەنی چل ساڵیدا بە نامرادی ماڵئاوایی لە ژیان کرد، خەڵکی ئەمریکا ، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئاشنایەتیان دەگەڵ بەرهەمەکانی ئەم شاعیرەدا هەبوو ، بە تەواوەتی نەیاندەزانی پۆ کێیە . زۆربەی هەوادارانی بەرهەمەکانی، هیچیان دەربارەی ژیانی نەدەزانی و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعری و چیرۆکڤانیە پەراگەندەکانیشی کارێکی ئاسان نەبوو . روفوس گریس وولد ئەو بەرهەمانەی کۆ کردەوە و بڵاوی کردنەوە ، بەڵام بەو نووسینەی کە لە بارەی ئەوەوە نووسی ، جارێکی دیکە پۆی کوشت و بەرهەمەکانی لە بەرچاوی خەڵکی خست . ئیدی پۆ لە وڵاتی خۆیدا وەکو پێویست نەناسراو بە نیمچە گومناوی مایەوە ، تا لە ئەنجامدا ئەمریکاییەکان تەریق و شەرمەزار لە ڕێگەی ئەوروپا و بە تایبەتی فەرەنساوە ئەم داهێنەرە ناکامەی خۆیان ناسی . پۆ لە وڵاتانی فەرەنسی زماندا نەک هەر شۆرەتی پەیدا کرد ، بەڵکو زۆر شاعیرو نووسەر ، هەمان ڕێبازی ئەویان لە بواری شیعرو چیرۆکنووسیدا گرتەبەر . شارل بۆدلێری شاعیری نوێخوازی فەرەنسایی، ئیدگار ئالان پۆی لە ساڵی 1852دا، واتە سێ ساڵ دوای مردنی ، ناسی . کاتێ بۆدلێر ، قەسیدەکانی وی خوێندەوەوەو چاوی بە چیرۆکەکانیدا گێڕا ، بەجۆرێ شەیداو دڵبەندی بوو کە چەند وتارێکی لە بلاڤۆکی ڕوو دوپاری، لە هەردوو مانگی

مارس و نیساندا دەربارەیان بڵاوکردەوە . ئەم وتارانە یەکەمین نووسین بوون دەربارەی پۆ کە لە دەرێی ئەمریکا نووسران و بڵاوکرانەوە. هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە بودلێر کەوتە پاچڤەی شیعرەکانی . قەلەڕەش هەوەڵین قەسیدەی پۆ بوو کە بۆ فەرەنسی پاچڤە کرا ، ئیدی ئەم کاری پاچڤەیە تا ساڵی 1865 بەردەوام بوو. (مێژووی نا ئاسایی ، مێژووی نوێی نائاسایی، سەربهووردی ئارتور گوردن پیم و یورکا،) ئەو بەرهەمو لێکدانەوانە بوون کە بودلیر کردنی بە فەرەنسی و بڵاوی کردنەوە. ئەم پاچڤانە باشترین پاچڤەی بەرهەمەکانی پۆن کە تا نها بڵاوکراونەتەوە و ئەمڕۆکە دەچنە خانەی بەرهەمێن کلاسیکەوە . دیارە جوانی و وردی و دروستی پاچڤە فەرەنساییەکەی بۆدلێر ، دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی وی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا . ئەم ئینگلیزییە چۆن فێر بووە؟ دایکی بۆدلێر لە ئینگلتەرا هاتبووە دنیایە و بە خۆیشی کوڕی موهاجیرێکی فەرەنسایی سەردەمی شۆڕش بوو و، شارل هەر لە منداڵی ڕا سەرو سەختی دەگەڵ زمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا هەبوو، بەڵام هۆی ئەمەی کە شەیداو دڵبەندی پۆ بوو و کەوتبووە ژێر باندۆری زمان و هزرێن وی ئەمە بوو کە لە باری سایکولوژییەوە هەردووکیان وەکو یەک بوون .

(پۆل ڤالیری)ش، کە بە خۆی شاعیرێکی مەزن و ڕەخنەگرێکی بە توانا و هزرڤانێکی بە نێو بانگ بوو ، لە ساڵی 1891دا، یانی لە تەمەنی بیست ساڵیدا ، ڕووی کردە پۆ و لە ساڵانی لاویدا هەندێ شیعری بە چاولێکەری وی، دەربارەی جوانی سروشت و ڤیان و خۆشەویستی نووسی . بەڵام لە ساڵی 1894وە ئیدی ڕێڕەوی خۆی گۆڕی و روویکردە زانستە سروشتیەکان ، زمانناسی ، وردبوونەوە لە نهێنییەکانی ژیان و سەرەنجام کۆمەڵێک بیرەوەری ڕۆژانەی بڵاوکردەوە کە دەچێتە خانەی بەرهەمە گرینگ و بایەخدارەکانی ئەدەبی فەرەنساوە .

لە نێو ئەمریکاییەکانیشدا ڕای جیاواز و هەڤدژ لەمەر پۆ و بەرهەمەکانی هەیە ، بۆ نموونە جیمز روسل لاولی شاعیر و ڕەخنەگر و سیاسەتوانی سەدەی نۆزدەی ئەمریکا و رالف والدو ئەمرسنی فەیلەسوف و ڕەخنەگری گەورە ، زۆریان ستایش کردووە و بەرهەمەکانیان بە دڵ بووە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دادوەری و قەزاوەتی خەڵکی ئەمریکا سەبارەت بە بەرهەمەکانی پۆ بەو جۆرەی ئەوان نییە . خەڵکی هاونەسل و هاو عەسری وی چ لە ژێر کاریگەری و باندۆری داوەریی روفوس گریس وولدا و چ وەکو بۆچوونی خۆیان ئیدگاریان بە شاعیری گەورە و چیرۆکنووسی بە توانا نەزانیوە . لێ گومان لەوەدا نییە کە پۆ یەکێک بوو لەو شەش حەوت ئەمریکاییەی کە لە سەدەی نۆزدەدا لە دایک بوون و شۆرەت و نێو بانگی جیهانیان پەیدا کرد . هەندێک لە شیعرناسان باوەڕیان وایە کە قەلەڕەش تاکو ئەمڕۆش باشترین و پوختەترین قەسیدەی ڕۆژئاوایە . هەڵبەتە لە بواری چیرۆکنووسیشدا ، بە تایبەتی چیرۆکی پۆلیسی ، زۆر نووسەری نێوداری وەکو سێر ئارتور کونان دویلی داهێنەری چیرۆکی شارلوک هولمز ، و ئیمیل گابوریوی دامەزرێنەری چیرۆکی پۆلیسی فەرەنسا ، هەردووکیان بەریز بە پۆی ئینگلستان و پۆی فەرەنسا ناوبراون . سێر ئارتورکونان دویل (1859-1930) چیرۆکنووسی ئینگلیز خاوەنی چیرۆکی شارلۆک هوڵمز و دکتۆر واتسونە .

شارلۆک هوڵمز لە ئینگلیستاندا سیمایەکی هێندە بە ناوبانگ و خۆشەویستە کە چەندین دام و دەزگای بە ناوەوە ناونراوە . دویل پاش ئەوەی خوێندنی زانستگەی ئەدینبرگی تەواوکرد لێبڕا ببێ بە پزیشک و چەند ساڵێکیش پزیشکی خوێند ، بەڵام ڕۆژێک قرێری دا چیرۆکێک بنووسێت ، ئەم چیرۆکە کە لە ژێر سەرناڤی (Astudy in scarlet)بڵاوبووەوەو پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکرا ، ئیدی ئارتوری لاو، کە ئەوسا تەمەنی بیست وهەشت ساڵان بوو، لەوە بە دواوە ڕووی کردە ئەدەبیات و قارەمانی ئەم چیرۆکە ناوی شارلوک هوڵمزە.

ئیمیل گابوریو (1832–1873) لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا بە باوکی ڕۆمانی پۆلیسی بەناوبانگە و بە ئیدگار ئالان پۆی فەرەنسا ناوبراوە . بیست و یەک چیرۆکی نووسیوە کە هەر هەموویان ناوبانگی جیهانیان هەیە و بە شێوەی جۆراو جۆر بۆ شانۆ و سینەما ئامادەکراون .

به هەرحاڵ بابێینەوە سەر باسی ئیدگار ئالان پۆیەکەی لەمەڕ خۆمان . بێگومان ئیدگار ئالان پۆ ، کەسێکی پەریشان بوو . کەسێکی تۆرینۆک و دڵناسک بوو ، نامرادی دەورانی منداڵیەتی ، سەختگیری بەخێوکەرەکەی (جۆن ئالان) ، بێ پارەیی و دەستکورتی سەردەمی لاویەتی و ئالوودەبوون بە مەی و ئەفیون و مردنی هاوسەرەکەی و لەشبەباری خۆی ، هەموو ئەمانە کاریان لە دەرون و بیری وی کردووە . پۆ بەشێوەیەکی گشتی گیرۆدەی خەونە پەریشانەکانی خۆی بوو. ئەوەی ئەو دەینووسی وێنەی تێکەڵ و پێکەڵی زەینی خۆی بوو کە بۆ تاقە دەمێکیش لە وەهم و خەیاڵان نەدەخەلەسی . بەڵام پۆ زۆر زاڵ بوو بە سەر ئەو زمانەدا کە هەست و نەستی خۆی پێدە گێڕایەوە ، ئیدی ئەم دەسەڵات شکانەی بەسەر پەیڤ و وشە و ڕستە و توانای گوزارشت و دەربڕین دا ، بوونە هۆی ئەوەی شاکاران دابهێنێ . خۆ ئەگەر ئیدگار ئالان پۆ بەو ڕادەیە شارەزای زمانی زکماکی خۆی نەبوایە ، بە ئەندازەی نیگارکێشێک ، وردو سەرنج تیژ نەبایە ، هەرگیز نەیدەتوانی لە کارەکانیا بەم ڕادەیە سەرکەوتن وەدەست بێنێ و لە نێو ئەدەبناسانی هاوعەسری خۆیدا ، شۆرەت و قەدر پەیدا بکات . پۆ وەکو لە بەرهەمەکانیداو لە ژیاننامەکشیدا دەردەکەوێ خودانی دوو کەسێتی جیاواز بوو . هەم میهرەبان بوو هەم ڕکوونی ، دەگەڵ دۆستانیدا میهرەبان و دڵسۆز بوو ، دەگەڵ ناحەزانیدا توند و سەختگیر و ڕکوونی بوو ، یانی نەیدەتوانی لە حەزو ڕقی شەخسی دەرباز ببێت . دیارە ئەمجۆرە هەڵوێست و ڕەفتارە لە پیاوێکی مینا پۆ سەیر نەبوو ، چونکە دڵ و دەروونی وی جارێ مەڵبەندی فریشتەو جارێ مەڵبەندی ئەهریمەن بوو . شیعر و چیرۆکەکانی بەڵگەی ئەو بۆچوونەن . پیاوێک کە بتوانێ ئەو ناسکە شیعرە پڕ سۆزو ئەشقانە بنووسێت ، چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت چیرۆکانێک دەربارەی مەرگ و تاوان و وێرانی بنووسێت کە مووی بەدەنی خوێنەر گرژ بکەن؟

دەڵێن پۆ کەسێکی خۆش مەشرەب بووە ، زۆر بە جوانی و ناسکی باسی ئەدەبیاتی کردووە ، بە تۆنێکی هێندە جوان شیعرەکانی خۆی خوێندووەتەوە کە گوێگری بە تەواوەتی گیرۆدە کردووە . شەیدای شەکسپیر بووەو حەزی لە بەرهەمەکانی ئالکساندەر پۆپ بووە . زۆرجار شۆخی و سوعبەتانی کردووە .

زۆر شیعری ئاشقانەی جوانی وەکو: بۆ هیلین، ئانابل لی، یولالی، بۆ کەسێکی بەهەشت نشین، لیگیا ، و ئیلونورا ، بە جوانترین و پڕ جۆشترین شیعری ئاشقانەی شاعیرێکی ئەمریکایی سەدەی نۆزدە هاتوونەتە ژماردن . خوێنەر کە ئەو شیعرانە دەخوێنێتەوە، وا هەست دەکات شاعیر بەدەم جەزبە و جەزمە و حاڵ لێهاتنێکی دەرۆیشانەوە ئەو شیعرانەی گوتووە . دیارە ئەم جەزبەیە ، ئەم شەیداییە لە بەرهەمەکانی دیکەشیدا بەدی دەکرێت و، تەنانەت لە چیرۆکە پۆلیسییەکانیشیدا ، خوێنەر واهەست دەکات پۆ لە کاتی داهێنانی دیمەنە ترسناکەکاندا ، بە تەواوەتی چووەتە پێستی قارەمانەکانەوەو بە ڕۆح لە ژینگەکەی واندا ژیاوە . چیرۆکی (هەرەسی کۆشکەکەی ئوشەر) نموونەیەکی گەشی ئەو جۆرە چیرۆکانەیە .

ئیدگار ئالان پۆ، کورتە چیرۆکی بە هونەرێکی گەورە دەزانی و زۆری حەز لێدەکرد . کە پۆ چیرۆکی درێژی نەنووسیوە لەبەر ئەوە نەبووە کە دەسەڵاتی بەسەردا نەشکاوە یان توانای داهێنانی ئەو جۆرە چیرۆکەی نەبووە ، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە باوەڕی وابوو نووسەری بە توانا کەسێکە کە لە کەمترین ڕستەو بەرپەڕاندا

شاکارێک بخوڵقێنێ . هەمان بۆچوونی دەربارەی شیعریش هەبوو . هەمیشە خۆی لە نووسینی چامەێن درێژ دووردەگرت . لەو وتارو نووسینانەیدا کە دەربارەی شیعر و پەخشان نووسیونی هەمیشە تاکیدی لە سەر کورتبڕی و دووره پەرێزی لە درێژدادڕی کردووه و بەرەڤانی لەو بۆچوونەی خۆی کردووه . رەنگە رەخنەگرانی ئەدەبیی ئەمریکا لە بەر ئەوه بە "باوکی شێوازی کورتە چیرۆکی ئەدەبی ئەمریکا" یان دانابێ چونکە پێش ئەو هیچ نووسەرێکی دیکە بەم باوەڕو مکوڕی و دڵنیاییەوە لەم بوارەدا هەنگاوی نەنابێ و ئەم سەرکەوتنەی بە دەست نەهێنا بێ . بەڵام هەموو کورتە چیرۆکەکانی پۆ لە یەک ئاستدا نەبوون و دەکرێت بە سەر سێ گروپدا دابەش بکرێن :

١-ئەو چیرۆکانەی کە تیمەو ناوەرۆکی بنەڕەتیان ، هەوێنی سەرەکیان ترس و لەرزە . نووسەر هەموو مەبەستێکی ئەوە بووە خوێنەر بترسێنێ و بیباتە دنیای ترس و نیگەرانییەوە .

٢- ئەو چیرۆکانەی کە باسی جوانی و خەون و خەیاڵ دەکەن و زۆر بە جوانی و خەیاڵاوی هاتوونەتە نووسین. ئەم چیرۆکانە هەرچەندە لە وەهم و واهیمە بەدەرنین ، بەڵام مەبەستی نووسەر "ترس" نەبووە . هەڵبژاردنی وشە و پێکهاتەی ڕستە و ڕستەبەندی لەم چیرۆکانەدا دەوری گرینگ و کاریگەریان هەیە .

٣- ئەو چیرۆکانەی کە مامەڵە لەتەک بابەتێکدا دەکەن ، کە نووسەر مەبەستی بووە ، هونەریانە پیشانی بدات و بیسەلمێنێ . هەندێ لە چیرۆکە جینایی و پۆلیسیەکانی دەچنە خانەی ئەم گروپەوە .

رەنگە ئەو پرسیارە بکرێت کە بۆچی پۆ حەزی کردووه چیرۆکێن ترسناک بنووسێت؟

بە بۆچوونی هەندێ لە شارەزایان ، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ کە یەکەمیان ئەمەیە خەڵکی هاوعەسری وی ئەو جۆرە چیرۆکانەیان بەلاوە پەسندبووە و دووەمیان ئەم بابەتە چیرۆکانە دەگەڵ زەوق و هزر و روحی ویدا گونجاون . بۆ نموونە وەختێ سەربهوردی ماسیگرەکەی چیرۆکی (کەوتنە گێژاوەوە) دەگێڕێتەوە ، بە عالەمی ئاشکرا دیارە کە لەزەت لە باسی ئەم ماسیگرە دەبینێ کە چۆن کەوتوەتە گێژاوە تووش و کوشندەکەوە و لە هەوڵ و تەقەلادایە بۆ خۆ رزگار کردن . یەکێک لەو خوێنەرانەی کە ئاگاداری ژیانی ئیدگار ئالان پۆیە ، دان بەوەدا دەنێت کە وەزع و حاڵی ئەم ماسیگرە ، لەو ساتانەدا کە روو بە رووی مەرگ بووەتەوە ، هەمان ئەو وەزع و حاڵەیە کە پۆ بەخۆی تیایدا بووە . واتە رێک رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی ژیانی نووسەر خۆیەتی . هەروەها پۆ کە بەسەرهاتی لیگیا دەگێڕێتەوە و باس دەکات کە چۆن ژنێک دەمرێت و دەچێتە گۆڕەوەو سەرەنجام بە زندوویەتی دەگەڕێتەوە ، ئەمە دەقاو دەق هەمان وەزع و حاڵی خودی نووسەرە . چیرۆکەکە زمانێکی زۆر جوانی هەیە و ئەمەش مایەی لەزەت و شانازی نووسەر بووە ، چونکە پێی وابوو نووسەری باش کەسێکە کە سەرباری داهێنانی بابەتەکە ، قەڵەم و ئینشایەکی پڕ توانا و ئەفسوناویشی هەبێت .

لە چیرۆکەکانی پۆدا ، زۆربەی قارەمانەکان مەژی نەخۆشن . لە چیرۆکەکانی هەرەسی کۆشکەکەی ئۆشەر، برنیس، دڵی نهێنی بێژ و پشیلە ڕەشەکەدا ، کاراکتەرەکان لە رووی ئەقڵییەوە تەواو نین ، کاری وەهایان لێ سادر دەبێت کە بە هیچ کلۆجێ لە خەڵکانی ئاسایی و سروشتی ناوەشێتەوە .

یەکێک لەو ئیراد و رەخنانەی کە نەحەزانی پۆ لێیدەگرن ئەمەیە کە پێدەچێ نەهەستی کەسێکی ئاسایی هەبووبێ و نە هیچ شارەزاییەکی لە هزرو بیری مێشک و ئەقڵی ساغلەم هەبوو بێ . ئەمانە دەڵێن بۆچی بنیادەم دەبێ بە شێوەیەکی دەستکرد بیربکاتەوە . قارەمانانی ناو بەرهەمەکانی نە لە رووی روحییەوە نە لە رووی هزرییەوە

ئاسایی نین و شێت ئاسا دێنە بەرچاو و تا کەسێک شێت نەبێ ناتوانێ پەی بە حەقیقەتی ، تەسەوری شێتێک ببات ، لەبەر ئەمە چیرۆکەکانی بە چیرۆکی ڕەسەن و ئاسایی نازانن .

لێ لایەنگرانی بەرهەمەکانی پۆ ، ئەو بۆچوونە رەت دەکەنەوە و دەڵێن دەبێ تەمەشای کاریگەریی بەرهەمەکە بکرێ ، کاریگەریی بەرهەمەکە شەرتە . کورتبڕی ، سفتی، خولقاندنی فەزایەک کە خوێنەر ناتوانێ خۆی لێبدزێتەوە ، سێ خاڵ و ئیمتیازی ئیجابی و بێ چەندو چوونی چیرۆکەکانی پۆن .

بۆ نموونە ، سێبەر ، ئیلینورا، قەڵەمڕەوی ئارنهایم و ، دەمامکی مەرگی سوور ، لەو چیرۆکانەن کە لێوان لێون لە جوانی و وەهم و واهیمە و خەیاڵ و بە زمانێکی شیعری جوان هاتوونەتە داڕشتن .

بەرهەمێکی دیکەی پۆ (قاڵونچەی زێرینە) کە  نووسەر لە جیاتی گێڕانەوەی رووداوەکە ، وەکو چیرۆکێکی پۆلیسی پشتی بە پرەنسیپ و لۆژێکی سەلماندن بەستووە . هەروەها هەر سێ چیرۆکی: تاوانەکانی کوچەی مردن ، نهێنی ماری روگت و نامەی رفێنراو دەچنە خانەی گروپی سێیەمی چیرۆکەکانی پۆوە . یەکێک لە ئاواتە گەورەکانی پۆ ئەوەبوو کە بە خۆی بڵاوکراوەیەکی هەبێ ، هەر لەبەر ئەوەش بوو لەم رۆژنامەوە بۆ ئەو رۆژنامە ، لەم گۆڤارەوە بۆ ئەو گۆڤار دەڕۆیی ، بەو ئومێدەی کە یەکێکیان بۆ خۆی بکڕێت . لێ مخابن بەو ئاواتە نەگەیی و تەنیا جارێک نەبێ کە لە نیویورک، بوو بە خودانی بڵاوکراوەی (برودوی جورنال) لێ چونکە پارەی نەبوو تا بە کەیفی دڵی خۆی بەڕێوەی ببات، دوای شەش هەیڤان نەک هەر تێشکا ، بەڵکو لەسەریشی قەرزار بوو .

لە نێو بلیمەتە ناودارەکانی جیهاندا ، رەنگە ئیدگار ئالان پۆ تاقە نووسەر و شاعیرێک بێ کە هەم لە ژیانا نامراد و ناکام بوو ، هەم لە دوای مردنیش . گەلێک لە ناودارانی دنیا لە ساڵانی ژیانیاندا رووی شادیان بەخۆوە نەدیتووە و بەو پەڕی نامرادی مردوون . لێ لە دوای مردن شانازی و خۆشەویستی زۆریان پێبڕاوە . تەنیا پۆ لەو بەینەدا نە لە ژیاندا ئۆخەی کردو نە لە دوای مەرگیش وەکو پێویست زندوو کرایەوە .

## پاژی دووەم

( سەربهوردی بێ پێشینەی هانس فاڵ ناوێک) بە یەکەمین کاری رەسەنی پۆ لە بواری ژانری چیرۆکی خەیاڵی- زانستی دانراوە . ڕاستە پۆ بێهیچ شەرمێک بۆ پارەی دەنووسی چونکە بە درێژایی تەمەنی کەسێکی دەستکورت و نەداربوو ، بەڵام وێڕای ئەمەش باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە پەیامی ئەدەبیات پەیامێکی بەرزەو هەرگیز دەستبەرداری ئەم باوەڕەی خۆی نەبوو..

*

لە ساڵی ١٨٣٢دا لە گۆڤاری (فیلادلفیا ساتردەی کوریر)دا پێنج چیرۆکی بڵاوکردەوە ، لێ ئەمە بەشی خەرجی ژیانی خۆی و خانم کلیمی کە ئەویش هەر دەستکورت بوو ، نەدەکرد . لە نیسانی ساڵی ١٨٣٣دا نامەیەکی گلەیی ئامێز بۆ جۆن ئالانی بەخێوکەری دەنێرێت و دەڵێت :

ئەوە بۆ دوو ساڵ زیاتر دەچێت کە هیچ کۆمەکێکی منت نەکردووە… ئەگەر دەزانی لە چ وەزع و حاڵێک دام ، بێگومان دڵت بە حاڵم دەسووتێ – بێکەس و تەنیا، هیچ دەرفەتێکی کار پەیدا کردنم نییە ، خەریکە تیا دەچم… وێڕای ئەمەش بێکار نیم- ئالوودەی هیچ شتێکیش نیم- هیچ رەفتارێکی ئەنتی کۆمەڵایەتیم نەکردووە… بۆ خاتری خوا بەزەییەکت پێمدا بێتەوەو لەم تەنگانەیەم رزگار بکە .

وادیارە جۆن ئالان وەڵامی ئەم پاڕانەوەنامەیەی ، کە زادەی ئەوپەڕی داماوییە ، نەداوەتەوە. بەڵام زۆری پێ نەچوو جەڵتە لێی داو زەمینگیر بوو و لە سەر کورسیەکی چەرخدار دادەنیشت و لە ژووری نووستنەکەی نەدەچووە دەرەوەوە ، پێشوازی میوانی نەدەکردو ، لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری پەرستاراندا بوو . پۆ لە ناچاریدا ، لێبڕا بۆ وەڵامی نامەکەی ڕێگەی ریچموند بگرێتەبەر . کە لە زەنگی دەرگای دا ، هاوسەرەکەری ئالان (دوای مردنی فرانسیس ژنی هێنابووەوە) دەرگای کردەوە ، کە چاوی بە سەرو سەکوتی پۆ کەوت ، گوتی مێردەکەی لە وەزع و حاڵێکدا نییە کە بتوانێ پێشوازی بکات . لێ پۆ بە تۆپزی کەناری خست و بەڕاکردن بەرەو نهۆمی سەرێ چوو و بە هەشتاو بۆ ژووری نووستنەکەی ئالان چوو، خانم ئالانیش بە دوویا . بە گوتەی ئەو ، هەر کە پۆ وەژوورکەوت ، ئالان دەستی دایە دارعاساکەی و هەڕەشەی لێکرد کە ئەگەر نزیکتر ببێتەوە ، پێیدا دەکێشێت و داوای کرد کە بڕواتە دەرەوە ، هەنگێ پۆ گەڕایەوەو ئەمە دوا دیداری بوو دەگەڵ جۆن ئالان دا.

دوای ماوەیەکی کەم جۆن ئالان مرد و سەرباری دەوڵەمەندییەکەی لە وەسێتنامەکەیدا ، بە هیچ جۆرێ ناوی پۆی نەبرد بوو.

**

پۆ لە مانگی ئابی ١٨٣٥دا لە بالتیمورەوە رۆیی بۆ ریچموند کە لەوێندەر تۆماس دبلیو وایت ، خاوەن ئیمتیازی پەیکی ئەدەبی باشوور بە سەرنووسەری گۆڤاری ناڤبری دایمەزراند . زۆری پێنەچوو کە رۆژێ پۆ بەسەرخۆشی دەچێت بۆ سەرکارەکەی و میانەی دەگەڵ وایت دا تێکدەچێ ، لێ دوای پۆزش و پاڕانەوەیەکی زۆر ، وایت دڵی بە حاڵی دەسووتێ و دووبارە لە سەر کارەکەی دایدەنێتەوە ، بە مەرجێ کە دەگەڵ خانەوادەیەکی بەڕێز و حورمەتدا (کە مەشروبی تیا نەخورێ) بژی . پۆ دەنێرێت بە دووی ماریا کلیم و ڤیرجینیای کیژیدا تا بێن بۆ لای وی . ڤێرجینیا هەنگێ سیازدە ساڵان بوو ، بەڵام پۆ حەزی لێکردو داوای کرد . خاتوو کلیم دوو دڵ بوو، لێ کە بینی کیژەکەی و خوشکەزاکەی هەردووکیان ڕازین ، ئەویش لە ئەنجامدا قاییل بوو . پۆ توانی بە چاوپۆشی دۆستێک گەواهینامەیەک بە دەست بێنێ کە گوایە ڤیرجینیا "بیست و یەک ساڵی تەواو)ی پڕ کردووتەوەو ئیدی زەماوەندیان کرد . خانم کلیم ، بە خۆشحاڵییەوە، ئاهەنگی شەکراو خواردنەوەکەی ، هەڵبەتە بەبێ مەشروب ، لە ئەستۆگرت و پاش ئەوە بووک و زاوا مانگی هەنگوینیان لە بناری چیاکانی ڤێرجینیا بەسەر برد .

پۆ کە گەڕایەوە ئیدی هەموو کاتی خۆی بۆ گۆڤاری ناڤبری تەرخان کرد ، بۆ ئەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە پڕ بکاتەوە پەیتا پەیتا وتار ، رەخنە و چیرۆکانی بڵاودەکردەوە . ئیدی گۆڤارەکە بەرە بەرە ڕەونەق و نێوبانگی پەیدا کرد ، بەڕادەیەک لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٧دا تیراژی گۆڤارەکە لە پێنج سەد دانەوە هەڵی بوارد بۆ سێ هەزارو پێنج سەد دانە و گۆڤارەکە و سەرنووسەرەکەی لە سەرانسەری ئەمریکادا شۆرەت و نێوبانگیان پەیدا کرد . پاشان پۆ دووبارە رووی کردەوە مەینۆشی و وایت دەری کرد . ئیدی دەگەڵ هاوسەرەکەی و خەسوویدا بەرەو نیویورک رۆیی . لەم سەروبەندەدا ئەوەندەی نێوبانگ و شۆرەت پەیدا کردبوو کە خەمی ئایندەی نەبێت . لێ بۆ نەگبەتی وی، لە سەرەتاکانی ١٨٣٧دا ئەمریکا دووچاری قەیرانێکی توندی ئابووری بووەوە . گەلێک لە کۆمپانیاکان نابووت بوون ، کارو کاسبی وەستا ، و بێکاری وڵاتی گرتەوە . ئەو گۆڤارانەی کە بەرهەمو چیرۆکەکانی پۆیان بڵاودەکردەوە ، یەک لە دوای یەک داخران و پێشنیازی ئەوە بۆ پۆ کرا کە باشترین رێگە بۆ پارە پەیدا کردن نووسینی ڕۆمانە . ئەنجام کورتە رۆمانی ( سەربهووردی ئارتورگوردون پیم نانتوکتی) نووسی کە لە ساڵی ١٨٣٨دا لە نیویورک بڵاوبووەوە . ئەمە تەنیا ڕۆمانە کە پۆ بڵاوی کردووەتەوەو نووسەر بە خۆی هەوێن و ئامیانی قارەمانی رومانەکەیەتی .

**

پۆ سەرباری ئەوەی لە واری چیرۆکنووسیدا سەرکەوتوو بوو ، سووکە دەستکەوتی هەبوو ، بەڵام وەزع و حاڵی دارایی و سۆزداری وی وەکو هەمیشە ناجێگیر بوو. پاش ئەوەی ماوەیەک ، بە هەفتەی دە دۆلار ، وەکو یاریدەدەری سەر نووسەر لە گۆڤاری (برتونی پیاوان) لە فیلادلفیا کاری کرد ، لە نیسانی ١٨٤١دا وازی لە گۆڤاری ناڤبری هێنا تا سەرنووسەریی گۆڤاری گراهام لە ئەستۆ بگرێت ، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو، کەوتە بیری ئەوەی دەستبەرداری کاری رۆژنامەوانی ببێت ، تا بەڵکو لە رێگەیەکی ترەوە ژیان و بژێوی ڤیرجینیا و دایکی دابین بکات . لە مانگی حەوتدا داوای کرد لە وەزارەتی دارایی لە واشنگتۆن ، بە

کارمەند دابمەزرێ ، لێ وەرنەگیرا . خۆشبەختانە زۆر زوو وەکو سەرنووسەری گۆڤاری گراهام ، سەرکەوتنی گەورەی بە دەست هێناو لە کۆتایی ساڵی ١٨٤١دا تیراژی گۆڤارەکە گەییە دوو هەزارو پێنج سەد نووسخە. ئیدی وردە وردە کەوتە دانەوەی قەرزو قۆڵەکانی و جۆرە ئاسوودەییەکی خێزانی باڵی بە سەر ژیان وگوزەرانی پۆو ڤیرجینیای خێزانی و خا کلیمی پوری دا کێشا . پۆ وەکو هەمیشە ڤیرجینیای ، کە تازە پێی نابووە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە زۆر خۆش دەویست ، شەوان پاش شیو، ئیدگار هەندێجار ڤیرجینیا و دایکی بە فلوت ژەنی سەرگەرم و دڵخۆش دەکرد و پاشان ڤیرجینیا بە چەنگ لێدان و گۆرانی بەشداری لەم ئاهەنگە خێزانییەدا دەکرد .

شەوێکی مانگی حەوتی ١٨٤٢ ، لە کاتێکا ڤیرجینیا سترانی بۆ پۆ و دایکی خۆی دەچڕی ، لە پڕ دەنگی گیراو کەوتە خوێن هەڵهێنانەوە. وایانزانی تووشی خوێنڕێژی دەمار بووە و ماوەیەک حاڵی هێندە خرابوو کە پێیان وابوو دەمرێت . ئیدی ڤیرجینیا لەوە بە دواوە هەرگیز نەهاتەوە تایم ، رۆژ بە رۆژ پتر لاوازو کەسیرە دەبوو ، هەر زوو دەرکەوت کە تووشی دەردە باریکە (سیل) بووەو پاشان لە جێدا کەوت . پۆ لە ژێر گوشاری ئەم هەموو مەینەتی و بەهۆی کاری زۆر و ماندوو بوونی لە رادە بە دەرەوە پەنای وەبەر مەی و مەیئۆشی بردەوەو لەمەوە تووشی بێ خەوی بوو ، لە خەوتن دەترسا ، چونکە خەوێن زۆر ترسناکی دەبینی... ئیدی لە ساڵی ١٨٤٢دا بە هۆی سووکە بەدحاڵی بوونێکەوە ، سووک و باریک وازی لە گۆڤاری گراهام هێنا.

**

ساڵی دواتر (١٨٤٣) بە چیرۆکی "قالۆنچەی زێرینی" بە شداری پێشبرکێیەکی سەد دۆلاری رۆژنامەی دۆلاری لە فیلادلفیا کرد و خەڵاتەکەی بردەوەو جارێکی دی ناو و شۆرەتی لە سەرانسەری ئەمریکادا دەنگی دایەوە...

ئیدگار، لە ساڵی ١٨٤٤دا بۆ نیویورک گەڕایەوە و بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری برادوەی.

**

پۆ لەو ماوەیەدا کە لە نیویورک ئاکنجی بوو ، ناچار بوو بۆ پارە پەیداکردن و دابینکردنی بژێوی جارەکی دی رووبکاتەوە رۆژنامەوانی . لە (گادیز لیدیز بووک)دا ستوونێکی هەبوو بە نێوی "ئەهلی قەڵەم" کە لەو ستوونەدا رەخنەو ئیرادی لە ژمارەیەک لە نووسەرانی هاوچەرخی نیویورک گرتبوو . کاروکردەوەی پۆ لە نێو نووسەرانی نیویورکدا ناحەزانێکی بۆ پەیدا کردبوو : هەندێک بەغیلی و ئێرەییان پێدەبرد ، هەندێکی دی دژی ئەو بۆچوونە تەوس ئامێزانە بوون کە پۆ بە مەستی و سەرخۆشی دەری دەبڕین . بۆیە زۆرجار چیرۆکەکانی لەلایەن گۆڤارە ناوچەییەکانەوە رەفز دەکران و هیچ کارێکی فەرمی هەمیشەییشی نەدەدرایە . ستوونە تەنزئامێزەکەی پۆ، دەرفەتی ئەوەی دەدایە کە چەند وردە حیساباتێکی کۆن پاک بکاتەوە و ئەم کارەی بە تاسەوە ئەنجام دەداو زۆرجار کار دەگەییە هێرش و جنێودانی رووت . بۆ نموونە بەمجۆرە گاڵتە و قەشمەری بە چارلز، تی. بریکزی نووسەری خەڵکی نانتوکت دەکات : "مستەر بریگز لە عەمراتی سێ ڕستەی دوا بە دوای یەکی ، دروستی لە رووی دەستووری زمانی ئینگلیزییەوە نەنووسیوە . زۆر نەخوێنەوارە." لە باسی لویس گیلورد کلارکی رەخنەگردا دەڵێت : "کەسێکی هیچ نەزانە ، تا بڵێی بێ کەڵک و نەزانە،" ئەم جۆرە بۆچوونانە زۆرجار دەگەییە شەڕە جنێو و شەڕە مستان و دژایەتی کردن و سکاڵای دادڤانی و....

**

لەوە دەچێت پۆ پێشبینی مەرگی خۆی کردبێت ، بۆیە پێشوەختە روفوس دەبلیو. گریس وولد دەکات بە سەر وەسێتی ئەدەبی خۆی ، پۆ و گریس وولد لە ساڵی ١٨٤١دا ، کە بە دوو قۆڵی کاریان لە سەر پرۆژەیەکی ئەدەبی دەکرد ، ناسیاویان دەگەڵ یەکدیدا پەیدا کرد . پۆ لەو ماوەیەدا جارێک دەگەڵ گریس وولدا بەشەڕ هاتبوو ، بەڵام زوو ئاشت بووبوونەوە . لێ گریس وولد ، هەرگیز دڵی لە پۆ پاک نەبوو بووەوەو لە دڵی خۆیدا لێی خۆش نەبوو بوو . گریس وولد ، لە دڵەوە رقێکی زۆری لە پۆ هەڵگرتبوو، ئێرەیی پێدەبرد و شۆرەت و نێوبانگی پۆی پێ قووت نەدەچوو.. گریس وولد وەکو سەر وەسێتی ئەدەبی پۆ ، ناچار بوو بەرهەمەکانی وی لە پاش مردنی بڵاو بکاتەوە ، لێ بیرەوەرییەکی خۆی لە چل لاپەڕەدا، خستە بەرایی کۆ بەرهەمەکانی ئەوەوە کە پڕ بوو لە بوختانو درۆ و دەلەسە و شێواندنی راستییەکان...

**

پۆ لە ئەیلولی ١٨٤٩دا بە نیازی نیویورک بارگەی پێچایەوە ، لێ هەرگیز نەگەییە ئەوێندەر و پاش ئەوەی مەست و سەرخۆش لە کوچەیەکی دەرێی نۆشگایەکدا دۆزرایەوە ، لە نەخۆشخانەیەکی بالتیموردا گیانی سپارد ، لە ١٨٤٩/١٠/٩دا لە گۆڕستانی پرسبیتریان لە فایت ئاندگرین ستریت لە بالتیمور بە خاک سپێردرا ، دوای چەند ساڵێک تەرمەکەیان دەرهێنایەوەو لە سوچی باشووری رۆژهەڵاتی گۆڕستانەکەدا لەلای ڤیرجینیای ژنی و خا کلیمی خەسوویەوە ناشتیان.

**

هەندێ بەرهەمی پۆ ، تەنانەت پێش مردنیشی گەیی بوونە ئەوروپا. چیرۆک و شیعرەکانی لە ئینگلیستاندا شۆرەتیان پەیدا کردبوو و، لە ساڵی ١٨٤٧دا چیرۆکی (پشیلە رەشەکە) لە پاریس دا ، لە گۆڤاری دیموکراتیک پاسیفیکدا بڵاو بووەوە.

رووداوی "پشیلە رەشەکە" لە کەش و هەوایەکی ترسناکدا روودەدات . ئەم چیرۆکە زۆر سادەیە و باسی ئەو پشیلەیە دەکات کە کراوە بە ناونیشانی چیرۆکەکە ، بەڵام لە زۆر رووەوە ، راستەوخۆ رەنگدانەوەی بیوگرافی پۆ خۆیەتی . گوتیاری (راوی) چیرۆکەکە بە ڕواڵەت کەسێکی خۆشەویست و میهرەبانە :

لە منداڵیدا ، بە هۆی گوێڕایەڵی و دڵناسکیمەوە مایەی سەرنج بووم . ئەوەندە دڵناسک بووم کە هەندێجار گاڵتەیان پێدەکردم ، گیانلەبەرانم زۆر خۆشدەویست...

گوتیار، بە گەورەیی ژن دێنێ و "خۆشحاڵ بووم کە تەبیعەتی ژنەکەم زۆر لە خولق و خووی منەوە نزیک بوو."

ئەمانە پشیلەیەکی ماڵییان هەیە کە " گیانلەبەرێکی زەلام و جوان بوو، رەشی رەش بوو ، لە رادەبەدەر زیرەک و هۆشمەند بوو "

پۆ لە رێگەی باسی ئەم دیمەنە ناسکە خانەوادەییەوە زیرەکانە زەمینە بۆ پێشهاتەکە خۆش دەکات :

" ژنەکەم کە زەڕەیەک لە ناخی دڵی خۆشیا باوەڕی بە خورافات و پڕوپوچان نەبوو ، لە باسی زیرەکی وهۆشمەندی پشیلەکەدا چەند جارێک ئاماژەی بۆ ئەم باوەڕە میللییە کۆنە کردبوو کە هەموو پشیلەیەکی رەشی بێ نیشان ، جادووگەر و سیحربازن و چوونەتە پێستی پشیلەوە".

ئەنجام کاتێ ڕاوی گیرۆدەی مەینۆشی دەبێت ، دەبێت بە دێوێکی موزیرو سادی . شەوێک، وەختێ "مەست و سەرخۆش ، لە یەکێ لە کابارێکانی شارەوە" بۆ ماڵ دەزڤرێتەوە ، هەست دەکات پشیلەکە خۆی لێدووردەگرێت ، ئەمەی پێ قووت ناچێت ، پشیلەکە دەگرێت ، پشیلە گازی لێدەگرێت وچڕنۆکی لێدەدا .

" یەکسەر توڕەییەکی ئەهریمەنانە سەراپای داگرتم. بە جارێ دەهری بووم. دەتگوت روحم ، یەکسەر لە بەدەنم دەرهات.... قەڵەمبڕێکم لە گیرفانی چاکەتەکەم دەرهێنا ، کردمەوە ، ملی پشیلەی داماوم گرت و چاوێکیم دەرهێنا".

ئەم چیرۆکە بە ڕادەیەک دەنگیدایەوە کە زوو بە زوو پاچڤەی (قالۆنچەی زێڕین) و چەندین بەرهەمی دیکەی پۆی بە دوودا هات . شارل بودلێر، گەورە شاعیری فەرەنسا ، ئەم بەرهەمانەی خوێندەوەو زۆر زوو هەندێ لایەنی کەسێتی خۆی تیایاندا بینیەوە . بۆدلێرش گرفتاری مەینۆشی و دەستکورتی و نەداری بوو. بە هۆی ناوەڕۆکی جەنجاڵی بەرهەمەکانییەوە ، لەلایەن هاوپیشە ئەدەبییەکانی خۆیەوە ، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەوە کە لەو کەم بەهرەتر بوون ، دژایەتی دەکرا. ئیدی بۆدلێر ، بە جۆرێ شەیدای پۆ بوو کە خێرا ئینگلیزییەکەی دەمەزەرد کردەوە تا بەرهەمی زیاتری پۆ بۆ فەرەنسی پاچڤە بکات و، لە ساڵی ١٨٥٢دا وتارێکی دەربارەی ئەم پیاوە ئەمریکاییە نووسی کە ڕێک پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە گریس وولد بڵاوی کردبووەوە . ئیدی لەمە بە دواوە بەرهەمەکانی پۆ لە سەرانسەری جیهاندا پاچڤە کران . لە ئەمریکادا وەکو یەکێک لە کەڵە نووسەرەکانی سەدەی نۆزدە ، لە ریزی واڵت ویتمەن و هرمان ملفیل دانرا . عەوام پەسندی بەرهەمەکانی یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کە شۆرەتی بەردەوامیان بۆ دابین دەکرد.

## پاژی سێیەم

ئیدگار ئالان پۆ، بەڕادەیەک باوەڕی بەخۆیبوونی هونەرە کە تەواو لە بۆچوون و پرەنسیپی "هونەر بۆ هونەر" نزیک دەبێتەوە . یانی بەو پێودانگە شیعر دەبێ تەنیا لە پێناوی شیعردا بنووسرێت و ئامانجی بەرودوای شیعر تەنیا شیعریەتەو هیچی تر . واتە باوەڕی بەوە نییە ئامانجی شیعر حەقیقەت بێ، پێی وایە شیعریەت و حەقیقەت بە ئاسانی تێکناکەنەوە . یانی حەقیقەت نوێنی ئەرکی شیعر نییە ، خۆ ئەگەر حەقیقەتنوێنی لە هەندێ ژانری هونەریدا ڕەوا بێت ئەوا زیاتر لە شانۆنامەو ڕۆماندا رەوایە کە بە ڕای ئیدگار ئالان پۆ لەم رووەوە لە شیعر پاین ترن ، وهونەری تەقلیدین . جا لە حاڵی حەقیقەت نوێنیشدا نابێ ببن بە ئەوزاری گواستنەوی حەقیقەت.

پۆ، لە بۆچوونە هونەرییەکانی خۆیدا ، بایەخێکی یەجگار فرە بە جوانی دەدات ، هونەر لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ گەیشتن بە جوانی باڵا ، نموونەیی ، ئایدیالی و، لەمبارەیەوە دەڵێت : " جوانی هەر جۆرێک بێ ، بەدەم گەشەکردن و نەش و نمای بەرزو باڵای خۆیەوە ، هەمیشە روحی هەستیار دێنێتە گریان "و " مردنی ژنێکی جوان ، بێگومان، شاعیرانەترین بابەتی جیهانە". جا لەم پێودانگەوە شیعر لە نک پۆ تەنیا بریسکەیەکی کورتخایەنی تێژتێپەڕی میتافیزیکی ، نموونەیی ، ئایدیالی نیشان دەدات و دەنوێنێ . سەبارەت بە خەیاڵیش هەمان بۆچوونی بارون فون بیلفلد دووبارە دەکاتەوە کە " ئەوەی بە خەیاڵی یەزداندا دێت ، هەیە، لێ پێشتر نەبووە ، ئەوەی بە خەیاڵی بەشەردا دێت هەیە، لێ پێشتر هەبووە . زەینی بەشەری ناتوانێ شتێ بێنێتە بەر دیدەی خەیاڵ کە نییە.". هەروەها لە درێژەی باس و رۆڵی خەیاڵدا دەڵێت کە خەیاڵ " تەنانەت لە دزێویانیشدا جۆرە جوانییەک بەرهەم دێنێ کە لە هەمان کاتدا تاقە ئامانج و ئەزموونی بێ چەندو چوونی خەیاڵە.". پۆ باوەڕی بە شیعری درێژ نییە و پێی وایە شیعر ئەو پەڕەکەی دەبێ سەد بەیتێک بێت و ئاماژە بەوە دەکات کە شیعر یان چیرۆک پێویستە لە یەک دانیشتندا بێتە خوێندنەوە . چونکە لە دانیشتنێک زیاتر بخایەنێ ، بەرهەمەکە ، ئەفسوونی خۆی لە دەست دەدات و لە یەکێتیی کاریگەریی وکورتبڕی دوور دەکەوێتەوە . بۆیە نووسەر دەبێ هەمیشە یەکێتیی کاریگەریی بەرهەمەکەی ڕەچاو بکات و نابێ لە سەرانسەری بەرهەمەکەدا تاقە وشەیەک بێتە نووسین کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە خزمەتی ئەو نەخشەو پلۆتەدا نەبێت کە پێشوەختە بۆ بەرهەمەکە داڕێژراوە . یانی ئەگەر هەر بەشێکی پێکهاتەی بەرهەمەکەت ، چەند لاوەکیش بێ ، لابرد یەکسەر ئاسیو بە سەرانسەری بەرهەمەکە بگەیەنێ . جا بەم پێودانگە رۆڵی پلۆت لە چیرۆکدا ، هەمان رۆڵی ریتم و موزیکە لە شیعردا...جا کە هەمان گۆشەنیگای شیعری لە لای بۆدلێریش بەدی دەکرێت ، لەبەر ئەوەیە کە بۆدلێر یەکێکە لەو شاعیرو ئەدیبە مەزنانەی کە لە

رووی خەمڵینی بلیمەتیی شیعری و داهێنانی هونەرییەوە قەرزاربارى ئیدگار ئالان پۆن . هەرچەندە پێوەندی بۆدلێر بە پۆوە سنووری ئەو مەسەلانە دەبەزێنێ و سەروساخت دەگەڵ رەهەندو مەودا مرۆڤانییەکاندا پەیدا دەکات . بۆدلێر نەک هەر هاوشێوەو برای پۆ بووە بەڵکو لە براو هاوشێوەی زیاتر بووە ، مەینۆشی و ئالوودە بوون بە مەستەمەنیان تاقە خاڵی هاوبەشی نێوانیان نەبووە ، هەردووکیان لەلایەن ئەدیبان و رەخنەگرانی هاوچەرخی خۆیانەوە بێزراون و دژایەتی کراون ، یەک بۆچوونیان لەمەڕ پرۆسەی ئەفراندن هەبووە . بۆ نموونە هەردووکیان دەربارەی شیعر دەڵێن: " شیعر، جگە لە خودی خۆی هیچ ئامانجێکی تری نییە ، ناشێت جگە لە خۆی (شیعر) هیچ ئامانجێکی دی هەبێ . بۆدلێر ". " شیعر مەگەر بە شێوەیەکی لاوەکی ، دەنا هیچ پەیوەندییەکی بە ئەقڵ یان هوشیارییەوە نییە ، شیعر بە هیچ کلۆجێ گوێ بە ئەرک یان حەقیقەت نادات ، مەگەر بە رێکەوت... پۆ."

**

باپیری ئیدگار ئالان پۆ ، ناوی داڤید پۆ بووە ، نەوەی ئەمیرال ماک براید بووە ، هەر بە منداڵی هاتووەتە ئەمریکا ، یەکێک بووە لە هاوڕێیانی لافاییت ، بە پلەی جەنەڕاڵی کارگێڕی لە سوپای رزگاری دامەزراوە . جا کوڕی ئەم پیاوەش هەر ناوی داڤیدی لێنراوە . بە شێوەیەکی زۆر بۆرژوایانە پەروەردەو بەخێوکراوە . کەس وکارەکەی ئامادەیان دەکرد کە پۆستێکی دادڤانی وەربگرێت ، لێ داڤید پۆی کوڕ ، وازی لە خوێندن هێنا، لە تەمەنی بیست و شەشساڵیدا ، لە کاتێکا هێشتا هیچ کاروپیشەیەکی نەبوو ، پەیوەندی بە تیپێکی نواندنەوە کرد بە ناوی چارلیستۆن پلایەر، هەڵبەتە لەبەر بەهرەمەندی هونەریی پەیوەندی بە تیپی ناو براوەوە نەکرد ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو ئەکتەرێکی گەنجی ئافرەت لەو تیپەدا بوو کە داڤید پۆ حەزی لێکرد بوو . ئەم ئافرەتە نێوی ئێلیزابیت ئارنۆڵد بوو . دەڵێن : " ئەم ئافرەتە سەرو سیمایەکی منداڵانە ، دوو چاوی قووڵ و مەنگ ، قژێکی پڕوچڕو لوولی یەجگار ڕەشی هەبوو ، بە ژن و باڵای بەرزو باسکەکانی باریک و لاواز ، هەمیشە و بە شانازییەوە سەری بەرزدەگرت ". لە تەمەنی یازدە ساڵییەوە ، خووی داوەتە کاری شانۆیی، چونکە داک و بابی کە ئینگلیز نەژاد بوون ، هەردووکیان ئەکتەر بوون . لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، لە ساڵی ١٨٠٦دا مێردی بە داڤید پۆ کرد . بەڵام پێشتر ژنی ئەکتەرێکی کۆمیدی بوو بە نێوی هوبکیس کە لە ساڵی ١٨٠٥دا مرد بوو.

جا ئەگەر ئێلیزابیت تۆزە بەهرەیەکی بووبێ ، ئەوا داڤید بە هیچ جۆرێ بەهرەمەند نەبوو . جووتە هاوسەر لە چەند تیپێکی ناوچەییدا ، ژیانێکی زۆر سارد و سڕیان بەسەر برد ، ئوتێلی خراپیان بینی ، خواردنی ناخۆشیان خوارد . ئێلیزابیت سێ منداڵی دوا بە دوای یەکی بوو، بەمەش بە تەواوەتی تەندروستی تێکچوو . کە ئیدگاری بوو تووشی سیل بوو بوو . لێ داڤید لە پێش ئەودا مرد و ئیدی ئەرکی بەخێوکردنی سێ منداڵ کەوتە ئەستۆی وی . بەڵام ئەم ژنە کڵۆڵە ، بوێرانە و تا بە پێوە بوو بەرەنگاری دژوارییەکان بووەوە.. هاوڕێکانی چەندین جار یارمەتیان بۆ خڕ کردەوە ، چەندین ئاهەنگیان بۆ کۆمەکی ئەو ساز کرد . ئەوە بوو لە ١٨١١/١١/٢٩کەناڵە رۆژنامەوانیەکان لە ریچموندا ، کە ئێلیزابیت لەوێندەر ژوورێکی بەکرێ گرتبوو و چاوەڕوانی مردن بوو ، دوا ئێوارە ئاهەنگی بۆ کۆمەکی ئێلیزابیت بەمجۆرە ڕاگەیاند : " ئەمشەو ، خاتوو پۆ کە لە سەر جێگەی نەخۆشی کەوتووەو منداڵەکانی دەوریان داوە ، داوای کۆمەکتان لێدەکات و رەنگە ئەمە دوا داوای بێت ". بەڕاستیش دوای ئەو ئێوارە ئاهەنگە کۆچی دوایی کرد .

هەڵبەتە خەڵکانێک هەبوون کەم و زۆر دەستیان پێوە بوو و کۆمەکیان دەکرد ، بە تایبەتی دوو خاتوونی دەوڵەمەند بە نێوی ئالان و ماکنسی . ئەم دوو ئافرەتە توانیان ختووکەی سۆزی مێردەکانیان، کە بازرگانی رژد بوون ، بدەن . ئەوە بوو قاییل بوون کە خەرجی رێورەسمی پرسە و ناشتنی جەنازەکە بکێشن و خەمێکی منداڵە هەتیوەکان بخۆن . کورە نۆبەرەکە کە هنری ناو بوو باپیرەو نەنکی (واتە باب و داکی بابی) گرتیانەخۆ . ناوەنجییەکە کە روزالی ناو بوو ماڵباتی ماکنسی بردیانە لای خۆ ، ماڵباتی ئالانیش ئیدگاریان گرتەخۆ .

جۆن ئالان، کە بەرەگەز سکوتلاندی بوو لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بوو. ئەم ژن و مێردە لە ریچموندا دەژیان و ئان مورفالنتاینی خوشکی فرانسیسش لە گەڵ واندا دەژیا . ئەمانە منداڵیان نەبوو ، جۆن ئالان پیاوێکی خراپ بوو . کابرایەکی خۆپەرست بوو . هەموو سەواو مامەڵەیەکی دەکرد ، لە بارکردنی کەشتیان و کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلی بیانییەوە بیگرە تامەی و شەراب و دانەوێڵە و کوتاڵ و تا دەگاتە ئەسپ و هەندێجار کۆیلەش ، لە مەسەلەی شەرەف و ئابڕو و ئەو شتانەدا هەندێ محافەزەکار وسەختگیر بوو ، هەرچەندە لە ریچموندا کوڕێکی نا شەرعیشی هەبوو . کابرایەکی تا رادەیەک ڕژد و پیسکە و دەست نوقاو بوو. هیچ حەزی نەدەکرد ژنەکەی ئەوەندە لە خەمی ئیدگاری کوڕی داک و بابێکی لێبۆکدا بێت و ، چەند جارێک هەوڵی دا قەناعەت بە ژنەکەی بێنێ و دەستبەرداری ئیدگار بێت و بیدات بە خەڵکانێکی دیکە . بەڵام ژنەکەی دەستبەرداری ئیدگار نەبوو نەبوو.

بۆ نەگبەتی پۆ ، فرانسیس ئالان ، تووشی نەخۆشی سیل بوو، رۆژ بە رۆژ تەندروستی خراتر دەبوو ، چەند وەزع و حاڵی فرانسیس خراتر دەبوو ، جۆن ئالان ئەوەندە دەگەڵ پۆدا خراتر دەبوو...

**

ئیدگار ئالان پۆ، هەر بە هەرزەکاری حەزی لە کیژە جیرانێکی خۆیان کرد بە نێوی سارا ئالمیرا رۆیستەر . ئەم کیژە سێ ساڵان لە خۆی گەورەتر بوو.. پەیمانیان دابوو کە بۆ یەکتربن..بەڵام ئالمیرا رویستەر پەیمانشکێنی کردو وەختێ کە ئیدگار لە زانستگەی شارلوتسفیل بوو ، شووی بە پیاوێک کرد بە نێوی شلتون، یان بە گوتەیەکی دی بە شوویان دا ، چونکە پاشان ئیدگار بۆی دەرکەوتبوو کاتێ کە جۆن ئالان ، بە بەینی ئیدگارو ئەو کیژەی زانی بوو گوشاری لە بابی کچە کردبوو کە بە زووترین کات بە شووی بداوت بیدات بە شلتون....

بەو جۆرە بەینی ئیدگارو جۆن ئالان بە تەواوەتی تێکچوو . پارەی بە ئیدگار نەدەدا ، ئەویش نەیتوانی لە سەر خوێندنی زانستگە بەردەوام بێ . فرانسیس ئالانش نەخۆش و داماو بوو ، نەیدەتوانی مێردەکەی بێنێتە ڕەداو دەگەڵ ئیدگاردا ئاشتی بکاتەوە. ئیدی لە ١٨٢٧/٣/١٨دا بەینیان بە تەواوەتی خراپ بوو . جۆن ئالان بەڕاشکاوی و بەتوڕەیی پێی گوت : " ئەگەر رازی نیت ، برۆ بۆ خۆت شوێنێکی دی بدۆزەوە !". ئیدگاریش یەکسەر رۆیی و لە (کورت هاوس تافرن) گیرسایەوەو لە وێوە نامەیەکی بۆ جۆن ئالان ڤڕێکرد کە فریای بکەوێت و یارمەتی بدات ، جۆن ئالان وەڵامی نامەکەی بە کۆمەلێک گلەیی و نارەزاییەوە دایەوە . بەڵام هیچ کۆمەکێکی دارایی بۆ نەنارد . ئەوە بوو ئیدگار بۆ رۆژی دوایی نامەیەکی تازەی بۆ نارد :

"من لەو پەڕی تەنگانەدام ، لە دوێنێ بەیانییەوە تامی زەوادم نەکردووە ، هیچ شوێنێک نییە شەوی تیا رۆژبکەمەوە ، سەرگەردانی نێو شەقامانم ، زۆر ماندووم .. تاقە پولێکم پێ نییە خواردنی پێبکڕم "..

جۆن ئالان ئەمجارەیان وەڵامی نەدایەوە . پاشان نامەکە لە نێو ئەوراقەکانی پۆدا دۆزرایەوە ، کە لە پشتییەوە ئەم ڕستە کورتە نووسرا بوو : "نامەیەکی جوانە "!

پاشان پۆ کۆمەکی لە فرانسیس ئالان کە جانتاکانی بۆ بردبوو وەرگرت. ئیدی ڕۆیی بۆ بۆستۆن و لەوێ کەوتە هەوڵی بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی . ئیدی بەو پارەیەی کە فرانسیس ئالان دابویە ، کۆ شیعری (تەیمور لەنگ و چەند هۆزانێکی دی) لە ڕێگەی گەنجێکەوە بە نێوی کالفن تۆماس ، کە بە ڕێکەوت تووشی بوو بوو ، بە چاپ گەیاند و، لە جیاتی ناوی خۆی ، بە ئیمزای بۆستۆنییەک دیوانی ناقبری بڵاوکردەوە..

* *

لە ١٨٢٧/٥/٢٦ بە ناوی ئیدگار ئا . بری، بوو بە سەربازی سادە . لە سەرەتادا بۆ سەربازگەی خوێبوون ، نزیکی بۆستون نێردرا ، پاشان بۆ سەربازگەی مۆڵتری لە دورگەی سولیفان ، نێردرا کە لە چیرۆکی قالونچەی زێڕیندا وەسفی کردووە . پۆ بەدەم عەسکەرییەوەو لە وەختی دەست بە تاڵیدا چامە هەرە بەناوبانگەکەی ( ئەلئەعراف) ی نووسی . پاشان وەک بڵێی بەخت بە پیریەوە هات ، چامەی ئەلئەعرافی نارد بۆ جۆن نیلی رەخنەگری ئەدەبیی " گۆڤاری ئەدەبی ئەمریکا و بۆستۆن"و ئەوەبوو لە بڵاڤۆکی ناقبریدا کە زۆر بڵاوو بەناوبانگ بوو ، بۆی بڵاوکردەوە ، پاشان وەشانخانەی هاتش ئاند دانینگ ، لەگەڵ چەند قەسیدەیەکی دیکەی پۆدا لە دیوانێکدا بڵاوی کردەوە . ئیدی جۆن نیل وتارێکی باشی لە سەر نووسی و ستایشێکی زۆری کرد و ئیدگار لە گومناوی دەرچوو .

**

ئیدگار ئالان پۆ ، لە عەسکەریدا . قەرزاری یەکێک لە هاوڕێ سەربازەکانی خۆی بوو ، ئەم کوڕە نێوی بۆلی بوو ، زۆری هەوڵدا قەرزەکانی لە ئیدگار وەربگرێتەوە ، لێ بێهودە بوو. بۆیە بیری لەوە کردەوە کە ئەو قەرزە لە جۆن ئالان ، بەخێوکەرەکەی پۆ وەربگرێتەوە ، هەستا کۆپیەکی لە چەند نامەیەکی پۆ ، کە لەو نامانەدا زەمی جۆن ئالانی کردبوو ، بۆ جۆن ئالان نارد . هەڵبەتە جۆن ئالان بەمە زۆر توڕە بوو ، هەستا قەرزەکەی پۆی بۆ بۆلی ناردەوە بەو مەرجەی بۆلی ئەو نامانەی بداتێ . ئەوە بوو جۆن ئالان بە نامەیەک پۆی ئاگادار کردەوە کە ئیدی نە بیناسێت و نە دەیناسێت و هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نییە و نەما. پۆ لە ١٨٣١/١/١ نامەی ناقبری پێگەیی .

بەمجۆرە ئیدگار ئالان پۆ ، لە هەموو دێنێ بوو ، هیچ چارێکی نەما جگە لەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای کەس وکارەکەی لە بالتیمور. خوا هەڵناگرێ ماری کلیمی پوری زۆر بە گەرمی پێشوازی کرد ، بەڵام ئەو ژنە کڵۆڵە گێرۆدەی مێردێکی بەد مەستی دەست بڵاو بوو ، بە هەزار شەڕەشەق بژێوی خۆی و منداڵەکانی پێ دابیندەکرا. ئیدی وەک دەڵێن نەگبەتی خۆشە بەڵام قۆرتەکانی ناخۆشە ، هنری پۆی برای ئیدگار کە ئەفسەری دەریایی بوو نەخۆش کەوت و لە ١٨٣١/٤/١ مرد ، ئەم پیاوە نەک هیچ میراتێکی لە پاش بەجێ نەما ، بەڵکو قەرزاریش بوو ، قەرزار هاتنە سەر ئیدگارو ئەویش هیچی نەبوو قەرزی خودان قەرزان بداتەوە ، ئەگەرچی بری قەرزەکە لە دەیان دۆلارێک تێنەدەپەڕی . ئیدی ماری کلیم چاری نەما ، نامەیەکی بۆ جۆن ئالان نارد و لەو مەسەلەیەی ئاگادار کردەوە . جۆن ئالان کە زانی ئیدگار دەخرێتە زیندانەوە ئەوجا لە ١٨٣٢/١/١٢ دا پارەی بۆ ناردن کە قەرزەکەیان بدەنەوە .

**

له ساڵی ١٨٣٣ دا ، گۆڤاری (بالتیمور ساتردای فیزیتور) پێشبڕکێیەکی ئەدەبی بە دوو خەڵاتەوە ساز کرد . یەکێکیان بریتی بوو لە بیست و پێنج دۆلار بۆ باشترین قەسیدە و ئەویتریان پەنجا دۆلار بوو بۆ باشترین چیرۆک . ئیدگار بە قەسیدەی کولیزەو چیرۆکی دەستنووسی نێو بوتلێک بەشداری کرد. لیژنەی هەڵسەنگاندن کە بریتی بوو لە : جیمس ه. میللەر، جۆن کیندی ، ج. ه، لاترو، خەڵاتی پەنجا دۆلارەکەیان دا بە چیرۆکی ناڤبری و چیرۆکەکە لە رۆژنامەشدا بلاو کرایەوە... پۆ بەمە ناوبانگێکی ڕاستەقینەی پەیدا کردو ئیدی گۆڤارو بلاڤۆکان کەوتنە بلاو کردنەوەی چیرۆکەکانی و کەمێک لە کوێرەوەری خەلەسی . ئەوە بوو کیندی کە دڵبەندی پۆ بووو خۆشی دەویست بە وایتی بەرێوەبەری "ساوترن لیترەرری میسنجەر" ناساند کە لە ریچموند دەردەچوو . وایت پێشنیازی پۆستی "نووسەری" لە بلاڤۆکی ناڤبریدا بۆ کرد . ئیدی ئیدگار بۆ ڕیچموند زڤڕییەوە (جۆن ئالانش مرد بێئەوەی لە وەسێتنامەکەیدا هەر ناویشی بێنێ) . دیارە ریچموند بۆ ئیدگار شوێنێکی خۆش نەبوو، سەرچاوەی خەم و پەژارە بوو ، رۆژگاری خەمناک و خەمینی منداڵیەتی لە نەستیدا زندوودەکردەوە ، چیرۆکی زنجیرەیەک ئەڤینداری وخۆشەویستی ناکامی وەیاد دێنایەوە : جین ستانارد ، فرانسیس ئالان ، ئالمیرا رویستەر، لێرەدا ، لە ریچموندا هەموو شتێک بۆ ئەو خەمین و خەمناک بوو.. بۆیە جارێکی دی سەری کردە خواردنەوەو کارەکەی فەرامۆش کرد . وایت دەری کرد . بەڵام جارێکی دی و لە کۆتایی ساڵی ١٨٣٥ دا ، لەسەر داوای جۆن کیندی ، ناردییەوە بە شوێنیا . ئەمجارەیان ئیدگار بە تەنیا بۆ ریچموند نەزڤڕییەوە ، بەڵکو ماری کلیم و ڤیرجینیا، کیژە چکۆلەکەی پوری کە هەنگی تەمەنی سیازدە ساڵان بوو و بەدزییەوە خواستبووی ، لەگەڵدا بوون. ئەمجارەیان زۆر بەجدی شانی دایە بەرکارکردن . گەر چاوێک بە ژمارەکانی ئەو سەردەمەی "ساوترن لیترەری میسنجەر" دا بگێڕین ، دروستی ئەو قسەیەمان بۆ دەردەکەوێ : پڕن لەو ستوونانەی کە ئیدگار دەینووسین! چەندین وتاری رەخنەی ئەدەبی سەرکەوتووی ئیدگاریان لە خۆگرتووە ، کە بە هۆی ڕەوانی و راشکاوی و بوێرییەوە بە جۆرێ دەنگیان دابووەوە کە تیراژی گۆڤارەکە تەواو زیادی کرد . هەڵبەتە وایت ئەمەی لە گیان خۆش بوو ، ئەوەبوو سەرنووسەریی گۆڤارەکەی بە مووچەیەکی ساڵانەی هەشت سەد دۆلاری بەو سپارد. هەرچەندە ئەمە پارەیەکی زۆر نەبوو، بەڵام ماری کلیم توانی بەو پارەیەماڵێکی باشیان بۆ دابمەزرێنێ و ژن و مێرد بە شێوەیەکی شایستە ژیان بگوزەرێنن . ئەوە بوو بە شێوەیەکی فەرمی لە ١٨٣٦/٥/١٦دا زەماوەندیان کرد و بووک وزاوا توانای ئەوەیان پەیدا کرد کە بۆ مانگی هەنگوین سەفەری بیتسبورگ بکەن .

بەڵام زۆری پێنەچوو، خەم و پەژارەیەکی دژوار سەر لە نوێ بەرۆکی ئیدگاری گرتەوەو گەڕایەوە سەر خواردنەوەو کارەکەی فەرامۆش کرد و ئەمجارەیان وایت بە یەکجارەکی دەری کرد.

**

ئیدگار لە ساڵی ١٨٣٨ دا بە نیازی دامەزراندنی رۆژنامەیەک ، بۆ فیلادلفیا رۆیی ، بەڵام گیرفانی بەتاڵ بوو ، بۆیە ناچاربوو بکەوێتە بلاوکردنەوەی چیرۆکان لە گۆڤاری (بوستنز جەنتلمانز ماگازین) و لە هەنبەر هەر چیرۆکێکدا دە دۆلاری وەردەگرت . هەندێک لەو چیرۆکانەی لەو سەردەمەدا بلاوی کردنەوە بریتی بوون لە : ( هەرەسی کۆشکەکەی ماڵباتی ئۆشەر، ویلیام ویلسون ، موریلا ، گفتوگۆی ئیروس دەگەڵ شارمیون.) ئیدی بە دەم کاری نووسینەوە هێنای تا ساڵی ١٨٤٠. لەو ساڵەدا گراهام گۆڤاری "بۆستنز جەنتلمانز ماگازین"ی کڕی و ئیدارەی بەشی ئەدەبی گۆڤارەکەی بە ئیدگار سپارد . ئەم پۆستە دەرگای ئەنجوومەنانی ئەدەبی و نووسینگەی

وەشانکارەکانی بۆ کردەوەو پەیوەندی دەگەڵ نووسەرانی بناڤ و دەنگی وەکو لونگفللۆدا پەیدا کرد . جۆرە ئاسوودەییەکی بە خۆوە بینی... بەڵام هەمدیس کارەسات بەرۆکی دەگرێت : ڤێرجینیا، ئەشقە چکۆلەکەی، نەخۆش دەکەوێت . ئیدی بەرگەی خەم و پەژارە ناگرێت و جارێکی دیکەو شێتانە سەر دەکاتە خواردنەوەیەکی بەترەف ودەستی لە هەموو لایەک بەردەبێت و تەنانەت کۆنە دۆستەکانیشی دژایەتی دەکەن، وەک گریس وولد وبترسون... کە بترسون بەڕادەیەک خۆی لە بەڕێوەبەری "بوستنز جەنتلمانز ماگازین" دەباتە پێشەوەو مەرایی دەکات کە توانی دڵی نەرم بکات و ئەم لە شوێنەکەی ئیدگار دابنێت ، بەو جۆرە ئیدگار بێکار مایەوەو هیچ ئومێدێکی بەوەش نەبوو کە کاری دەست بکەوێ . زۆری هەوڵ دا مۆڵەتنامەی رۆژنامەیەک بۆ نێوی (ژی ستیلوس) بە دەست بێنێ ، لێ ئەو ئاواتەی نەهاتەدی . ئیدی وێڵ و سەرگەردان رۆژێ لە فیلادلفیا بوو ، رۆژێ لە نیویورک بوو، هەولێکی زۆر و بێهودەی لەگەڵ بڵاڤۆکانی (نیویورک سەن) و (ئیڤنینگ میرۆر) و (برود وایز جورناڵ)دا، دا کە قەسیدەی قەلەڕەشی بۆ بڵاوبکەنەوە ، لێ هەوڵەکانی سەری نەگرت تا لە ئەنجامدا و دوای هەولێکی زۆر (ئیڤنینگ میرور) دەقی نێوبراوی بە نەبەدڵی بۆ بڵاوکردەوە . کەچی دوای چەند رۆژێک قەسیدەی قەلەڕەش لە (ئەمیرکان ویگ ریڤیو) و (سلوترن لیترەری میسنجەر) و (برود وایز جورناڵ)دا دووبارە بڵاوکرایەوەو ئیدگار بەمە کەمێک بوژایەوەو خەمی دڵی رەوییەوە . ئیدی کەوتە کۆڕگرتن و بوو بە یەکێک لە ئەستێرە درەوشاوەکانی نێوەندە ئەدەبییەکان . لەو سەروبەندەدا ماشقەیەکی گرت بە نێوی فرانسیس سارگنت ئوسگود، کە ئەویش هۆزانڤان بوو. بەو ئاوایە کەمێک لە ڤێرجینیای داماو کە لە فوردهام نیشتەجێ بوو، دوور کەوتەوەو بە خۆی لە نیویورک ئاکنجی بوو و مەستی شۆرەت و نێوبانگ بوو... ئەوە بوو (بریگز)ی وەشانکار کە زۆر شەیداو دڵبەندی پۆو بەرهەمەکانی بوو ، کردی بە بەڕێوەبەری "برود وایز جورنال" کەچی ئەو دەرفەتەیشی لە دەستداو هەمدیس بایدایەوە سەر خواردنەوەو بە بێکار مایەوە . ئیدی بە پەلەو بەوپەڕی پەشیمانی گەڕایەوە بۆ فوردهام ، بۆ لای ڤیرجینیا . ئیدی لەوێندەر وبە دیار ڤیرجینیاوەو بۆ ڤیرجینیا قەسیدەی (ئەنابیل لی)دانا. ئیدی پۆ کەوتە نەدارییەکی ئەوتۆوە دەڵێن کاتێ کە ڤیرجینیا بە باوەشیەوە مرد ، پارەی نەبوو کفنی بۆ بکڕێت و کفنێکی بۆ خواست...

بەڵام دۆستەکانی پشتیان تێنەکردو ئەوە بوو مەدام شۆ ، دوا بە دوای مردنی ڤیرجینیا ، کەمپینێکی بۆ کردەوەو پیتاکێکی باشی بۆ کۆکردەوەو کەمێک بوژایەوەو سەر لە نوێ کەوتەوە کارکردن و (ئولالوم) ی نووسی و دەستی بە نووسینی یوریکا کرد کە لە ١٨٤٨/٢/٣ پێشکەش بە جەماوەری کرد و پاشان لای بوتمان بڵاوی کردەوە ، بەڵام ئەو سەرکەوتنەی بە دەست نەهێنا کە بە تەمای بوو.

دیسان پەرێشانی و نا ئارامی بەرۆکی گرتەوە . فوردهامی بە جێهێشت بەونیازەی زنجیرە کۆڕێکی ئەدەبی بگرێت، ئەشق و ڤیانی خۆی بۆ مەدام شۆ دەربڕی ، بەڵام دوایی لێی دوورکەوتەوە، چونکە هەستی دەکرد شەرمەزاری چاکەکانی ئەوەو چاکەی ئەوی پێنادرێتەوە. ئیدی بە تەواوەتی خووی دایە ئەفیون و لودانۆم و مۆرفین ، کەوتە داوی ئەشق و ڤیانی هەردوو خانم: مەدام ریچموند و مەدام وایتمان و تیا مابوو کامیان هەڵبژێرێت ، ئەنجام لێبڕا خوازگاری مەدام وایتمان بکات کە بێوەژنێکی گەنجی خشیک و زۆر دەوڵەمەند بوو. بەڵام سەر لە بەیانی رۆژی زەماوەندەکەیان تووشی کۆمەڵێک کۆنە هاوڕێیانی خۆی بوو وکەوتە خواردنەوە لە گەڵیانداو زۆر پیس سەرخۆش بوو ، بەمەش لەقەی لە بەختی خۆی داو دەرگایان لە روویا داخست ، ئیدی بەلای مەدام ریچموندا بایدایەوەو چەند نامەیەکی ئاگرینی بۆ نارد و قەسیدەی (بۆ ئانی) بۆ نووسی . لە ١٨٤٩/٧/١ سواری ڤیتار بوو بە نیازی ئەوەی لە (ماساشوتس) مەدام ریچموند ببینێ ، دیارە بێ پارە بوو ،

یەکێک لە دڵبەندانی خۆی بە نێوی ئیدوارد نورتون پەنجا دۆلاری دابویە ، کەچی لە فیلادلفیادا تووشی کۆمەڵێک کۆنە هاوپیاڵەی خۆی بوو ، لەگەڵیاندا کەوتە بەزمی خواردنەوەو هێندەی خواردەوە کە ئاگای لە خۆی نەما. لەمە بە دواوە گلۆڵەی بە تەواوی کەوتە لێژی و دووجاران هەوڵی خۆ کوشتنی دا ...

ئیدگار لە ٧/تەموزدا وەئاگا هاتەوەو لە ١٣/ تەموزدا جارێکی دی فوردهامی بە جێهێشت و ئەمجارەیان بەرەو ریچموند وەڕێکەوت . لەوێندەر تووشی ئالمیرا رویستەر بوو ، کە بێوەژن کەوتبوو ، مەدام ریچموندی هەر لە بیر نەما! ئیدی ئەشقەکەی سەردەمی منداڵیەتی سەری هەڵدایەوە ، هەرچەندە ئالمیرا بوو بوو بەدایک و ژنێکی پاک و خواناس بوو، بەڵام قاییل بوو شووی پێبکات . ئەوە بوو مەوعیدی ١٠/١١یان دانا ، ئیدگار بەڵێنی دا کە چیتر توخنی خواردنەوە نەکەوێ! ئەوسا لە ١١/٦دا بەرەو فیلادلفیا رۆیی ، تا لەوێندەرەوە بۆ نیویورک بڕوات و چیرۆکەکانی بە چاپ بگەیەنێت ، لە رێگە ، لە بالتیمور دادەبەزێ و تێروپڕ دەخواتەوە ، لە رێگا لە قیتاردا نەخۆش دەکەوێ، دەگەڕێتەوە بۆ بالتیمورو بە درێژایی شەوێ دەسوڕێتەوە . بۆ سبەینێ چەند رێبوارێک دەی بینن کە بەبێ جوڵە لەسەر تەختێکی لایت ستریتدا کەوتووەو بۆ ئەنستیتۆی واشنتۆنی ساغڵەمی دەبەن و لەوێندەر دکتۆر ج. ج. موران سەرپەرشتی دەکات و دوای دوو رۆژان گەورەترین شاعیری ئەمریکا کۆچی دوایی دەکات و دەگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی بالتیمورو لە ئارامگەی ماڵباتەکەیاندا ، کە نۆ کەس بوون ، بە خاک دەسپێردرێت..

## پاژی چوارەم

ئەگەر راستت دەوێ هەر یەکێکمان بگریت شتێک لە ئیدگار ئالان پۆمان تێدایە ، شتێکی پەنهان لە ناخماندا، کە بریتیە لە ترس لە نادیار . ترس لە تاریکی ، ترس لە شێتی ، بێزاری لە نەمان . ترس لە بێدەسەلاتی لە هەنبەر مردن... هەر هەموو ئەو کابوس و مۆتەکانە لە چیرۆکەکانیا بەروونی و ڕەوانی نیشاندراون و بێ پەردەو پەروا خراونەتە روو و ئامادەن بۆ شیکردنەوە . جا ئەم مۆتەکە و کابوسانە دەستمان دەگرن و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو دوورترین قوڵایی ناخی خۆمانمان دەبەن . یانی راستت دەوێ پۆ بەرەو کەوشەن و ئاقاری ئەو ترسە قووڵە مرۆڤانیەمان دەبات ، ترسی خود کەشفکردن .

مرۆڤ، جگە لە خۆی، دەتوانێ روو بەروو و بەرەنگاری هەرشتێکی تر ببێتەوە. مرۆڤ بە شادی و شانازییەوە هەر دیارەیەکی هێزداری و سەرکەوتنی خۆی دەداتە پاڵ خۆی ، بەڵام کە ڕوو بە رووی ناکامی و لاوازی و شکست دەبێتەوەو هیچ دەسەلاتێکی بە سەریدا ناشکێت خێرا هۆیەکەی بە ملی خودا و بەخت و یەغباڵ و چارەنووس و سروشت و قەدەر و ئەهریمەندا دەدات.. جا ئیدگار ئالان پۆ، یەکێک بوو لەو کەسانەی دەقاودەق وەکو قارەمانی چیرۆکی "هەرەسی کۆشکەکەیماڵباتی ئۆشەر" خۆی بە قوربانییەکی گەورەی قەدەرێکی بە سام و ترسناک دەزانی. بەڵام لە هامان کاتدا هەستی بە زەرورەتی هەبوونی دەروو ومەفەڕانش دەکرد . بەڵام پۆ تەنیا لە خەیاڵدانی خۆیدا ئەم دەرووانەی گرتەبەر نەک لە واقیعدا ، بۆیە دەبینین قارەمانەکانیشی وەکو خۆی، لە زیندانی دۆزەخی خودی خۆیان دەرنەچوون . هەڵبەتە پۆ بە هەر چوار پەلەوە کەوتبووە دۆزەخی تایبەتی خودی خۆیەوە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە لەو دۆزەخە هەڵێت و سەنگەرو چەکی دەستی لەم شەڕە دژوارو ئاڵۆزەدا کارە ئەدەبییەکانی بوو . سەربهوردی ئیدگار ئالان پۆ ، یەکێکە لە تراجیدیا مەزنەکانی جیهانی ئەدەب ، ژیانی خۆیشی وەکو ژیانی قارەمانانی چیرۆکەکانی یەجگار ترسناک و ئاڵۆز و دژوار و زۆرجار نامەنهوم و گۆنگ بوو. لەلایەکەوە جوانی پەرستێکی کەم وێنە بوو، و لەلایەکی ترەوە ناچار بوو لەوپەڕی دەستکورتی و هەژاری و بێنەوایی داو بە نەخۆشی بژی و لە روانگەی هاوچەرخانییەوە بە ناکامی و نامرادی بمرێت... بەڵام نها و دوای پتر لە سەد و شەستەمین ساڵوەگەڕی مردنەکەی کێ هەیە ناوی ئیدگار ئالان پۆی نەبیستبێ؟ خەڵکی لە سەرانسەری دنیادا کەیفیان بە چیرۆکەکانی دێت . گەلێک لەم چیرۆکانە کراون بە فیلمی سینەمایی یەجگار سەرکەوتوو ، شیعرەکانی لە قوتابخانان‌دا دەخوێندرێن ، بە سەدان وتار دەربارەی بەرهەمەکانی بڵاوکراونەتەوە ، زۆرجار وەکو بلیمەتێک ئاماژەی بۆ دەکرێت و ناو دەبرێت. ئەمەش سەربهوردو

چیرۆکی زۆربەی ئەو کەسانەیە لە دەرێی رۆژگار و سەردەمی خۆدا دەژین ، چیرۆکی ئەو هونەرمەندەیە کە لە ژیانا کەس دانی پێدانانیو هەموو بەشێکی هەر مەینەت و تەوس و توانجە ، پاشان کە دەمرێت ، دانی پێدا دەنەن ، یانی بە زندوویەتی دەکوژرێت و بە مردوویەتی دەپەرسترێت.

جا رەنگە ئەم حاڵە خەتای ئیدگار خۆیشی تێدا هەبووبێ ، لە لایەکەوە چونکە دەگەڵ عامێدا نەبووە ، لێدراوە. لەلایەکی ترەوە زۆر خاڵی لاواز لە کەسێتی ویدا هەبووە ، لە رووی تەندروستیەوە وەزعی باش نەبووە ، بەوە خۆی لە واقیع دزیوەتەوە کە پەنای وەبەر خواردنەوەو مەینۆشی بردووە ، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی دیکەی لایەنی سایکولۆژی بووە ، کەسێکی خۆپەسند و خۆ بە گەورەزانی ئەوتۆ بوو کە پێی وابوو وەکو کەسێکی شارستانی و رۆشنبیر ، خەڵکی لەسەریانە قەدرو حورمەتی بگرن و خۆ بە قەرزارباری بزانن، کە ئەم شتەی وەکو پێویست لە خەڵکی نەبینی ، زۆری لەبەر گران و ناخۆش بوو ، ئەمە لە دڵ و دەروونیا پەنگی خواردەوە وهێندەی دی لە خەڵکی دڕدۆنگ و بێزار بوو . هەر ئەم خۆپەسندی و روح زلییە وای لێکرد کە تەمەنی راستەقینەی خۆی وەشێرێت ، بۆ ئەوەی وەکو پەڕجوویەک بنوێنێ . بەڵام ئەم روح زلی و خۆپەسندییە لە چاو هەستی بەزەیی بە خۆهاتنەوەو خۆ بە مەزڵوم زانیدا هیچ نەبوو ، چونکە هەستی مەزڵومیەت هەندێجار وای لێدەکرد ، منەتی ئەو کەسانە هەڵبگرێت کە دەستگیرۆییان دەکرد یان پارەیان دەدایە . جا لەمەش خراترو نەنگینتر ئەوە بوو ، کە زیاتر و بە شێوەیەکی نیمچە بەردەوام رووی لە ژنان دەنا ، کە رەنگە هۆی ئەمە لە هەندێ رووەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە منداڵی ، لە تەمەنی کەمتر لە سێ ساڵی، دایکی لە دەست داو لە سۆزی دایک بێبەش بوو و هەمیشە بە تامەزرۆییەوە بۆ نموونەی ئایدیالی ڤیان و جوانی دەگەڕا تا قەرەبووی بێ دایکی پێ بکاتەوە . بەڵام پۆ دەگەڵ ئەو خاڵە نیگەتیفانەدا ، کۆمەڵێک خاڵی ئەرێنی و پۆزەتیفیشی تێدابوو ، کە لە هەموویان گرینگتر بەهرە خۆڕسکە ئەدەبییەکەی بوو . لە پاڵ ئەم بەهرە خۆ ڕسکەشدا کەسێکی بەکارو کۆڵنەدەر بوو ، سەرباری ئەو هەموو دژواری و نەخۆشی و نامرادی و پەراوێز خستنەی رووبەڕووی بوونەوە ، هەر کۆڵی نەدەدا و بەوپەڕی پشوو درێژی قەڵەمڕانی خۆی لە بوارێن شیعر و چیرۆک و رەخنەدا دەکرد . خاڵی بە هێزی پۆ لەوەدا بوو کە توانایەکی یەکجار دەگمەنی هەبوو ، لە ڕۆچوون بە قووڵایی نیگەرانییە دەروونی و پەرێشانییە عەسبییەکانیداو پاچڤەکردنیان بۆ چیرۆکی نەفەس تاسێن ، بەڵگەشمان بۆ ئەو بۆچوونە ئەو کۆ چیرۆک و کۆمەڵە شیعرانەیە کە بەرەنگدانەوەو دەنگدانەوەی راستەوخۆی ژیانی پۆ دێنە ژماردن . بۆ نموونە ئەگەر لە چیرۆکە ترسناک و گەلێک لە قەسیدەکانی پۆ ورد ببینەوە ، دەبینین بیرۆکەی مەرگ ، بەسەر پۆدا یەجگار زاڵە و ئەگەر لە ژیانی پۆ وردببینەوە ، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە رەنگە لەمەدا زۆر نەهەق نەبووبێ ، لێ ئەم خولیاو خەیاڵاتە ترسناکە کە لە ئەزموونی پراکتیکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ جیهانی ئەدەب ، شێوەو نێوەڕۆکێکی زۆر جیاوازترو فراوانتر وەردەگرێت... بۆیە کە پۆ چینە لە قوڵایی ترسەکانی خۆی، لە قوڵایی کابوس و مۆتەکەکانی خۆی دەکات ، دەیەوێ لە بنج و بناوانیان بکات ، ئەمە خۆی لە خۆیدا گوزارشتە لەو کێشەو ئاریشانەی کە بە درێژایی مێژوو زانایان ودانایان و فەیلەسوفانی بە خۆوە مژوول کردووە و تا رۆژگاری ئەمڕۆش هەر بەردەوامە ، رەنگە ئەمە سەرچاوەی بلیمەتی پۆ بێت .

هەڵبەتە ، کەس لە ئەمریکادا ، لە زەمانی پۆدا پەی بە بایەخ و بلیمەتی پۆ نەبردووە و قەدریان نەزانیوە . یەکەم ئیعتراف بە بایەخی پۆ لە فەرەنساوە بووە ، ئەوە بوو لە ئاخرو ئۆخری ژیانیدا ، بۆدلێر پەخشانەکانی و مالارمێ شیعرەکانی پاچڤە دەکەن ، تەنانەت موباسانیش لە سەرەتاوە کەوتە ژێر کاریگەری و باندۆری ئەوەوە . لێ لە ئینگلتەرەدا یەکەم کەس کە ئاوڕی لێدایەوە ئێلیزابیت باریت براونینگ و، پاشان چارلز دیکنز بوون . دوای

نزیکەی سەدەیەک ئەوسا ئەمیریکا پەیان بەوە برد کە لە یەکەمین نووسەری داهێنەری خۆیان غافڵ و بێ ئاگا بوون و وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەداوەتەوەو بایەخیان پێنەداوە . هەڵبەتە نابێ تەنیا لەو روانگە و گۆشەنیگایەوە تەمەشای ئیدگار بکرێت کە هونەرمەند بووەو پێویستە لەبەر پایەو بایەخە ئەدەبییەکەی قەدری بگیرێت و داکۆکی لێبکرێت ، بەڵکو دەبێ وەکو مرۆڤێک بە هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە تەمەشا بکرێت و ئەوسا وەکو مرۆڤێک کە دووچاری هەزارو یەک عەزابی پەریشانی دەروونی و دژواری دەرەکی و نامرادی و مەینەتی بووە ، مامەڵەی لەتەکدا بکرێ . جا پۆ تەنیا نووسەر نەبووە ، نووسەرێکی رووت نەبووە ، بەڵکو مرۆڤێک بووە لە ناو جەرگەی ژیان و کاریگەرییە حەیاتی و مرۆڤانییەکاندا ژیاوە و وەکو مرۆڤ توانیویەتی ببێ بەو نووسەرە ، لێ مخابن ئەم حەقیقەتە زۆر جار فەرامۆش کراوە ، یا وەکو رەشی رەش تەمەشا کراوە یان وەکو سپی سپی. هەڵبەتە بمانەوێ و نەمانەوێ پۆی هونەرمەند و پۆی مرۆڤ بە تەواوەتی لە یەکدی نایەنە دابڕان و کارلێکیان دەگەڵ یەکدا هەبووە . مەبەست ئەوەیە دەشێت بەرهەمی مرۆڤ کەم دابێژێک رەنگدانەوە و دەنگدانەوە و وێنە و نموونەی ژیانی بێت، لێ مەرج نییە ژیانی نموونەو وێنەی بەرهەمەکانی بێ ، نووسەر ، وەکو هەر هونەرمەندێک بیروبۆچوون و سۆزو گودازو ئەزموونەکانی خۆی بە جۆرێ دەهونەرێنێ کە ئامانجی خۆی واتە کاریگەرییە ئەستاتییەکیەکەی بپێکێ . هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە نە ژیان بە تەنیا ، بەرهەم ، شرۆڤە و روون دەکاتەوەو  نە بەرهەم بە تەنیا ژیان شرۆڤە و روون دەکاتەوە ، ئەوپەڕەکەی دەشێت سووکە تیشک و رووناکییەک بخەنە سەر یەکدی بێئەوەی سنووری جیاوازییەکانی نێوانیان بێتە شێواندن یان بەزاندن . هەڵبەتە سەبارەت بە ئیدگار ئالان پۆ و بەرهەمەکانی حاڵەتێکی دیکەش هەیە ، کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ ، ئەویش ئەو راستیەیە کە پۆ لە سەر نووسین و بە نووسین دەژیا ، لە پێناوی نان و بژێویدا دەینووسی ، بۆیە دەبوایە بازاڕی فرۆختی رەچاو بکردایە ، شتێکی نووسیبا بازاڕی هەبێت . بۆیە جیاکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی خودی نووسەرن لەوانەی کە بابەتی بازاڕن و بۆ سەرگەرمی خوێنەرن ، کارێکی زۆر ئاسان نییە و وردبوونەوە و ڕامانێکی فرەو قووڵ و بە ئینسافی گەرەکە ، بە تایبەتی کە ئەوەمان لەلا عەیانە ، کە قسەو قسەلۆکێکی یەجگار زۆری لە دەور تەنراوە و بژارکردنی راستیەکان ، لە درۆو دەلەسە و بوختانە زۆرو زەبەندەکان ، کارێکی هەروا ئاسان نییە . جا بۆ نەگبەتی ئیدگار ئالان پۆ ، یەکەم بیوگرافیانووسی پۆ، نەک هەر ئەو شوبهە و وگومان و قسەو قسەلۆک و بوختانانەی لە دەور نەڕەواندەوە ، بەڵکو هێندەی دی قوڕەکەی خەست کردەوە و ریشاژۆی کردن و هەر بە درۆکردن و قسە هەڵبەستنەوە نەوەستا ، بەڵکو کەرب و کینە وای لێکرد نامان بە ناوی ئەوەوە تەزویر بکات... بە هەرحاڵ پۆ بە خۆیشی تاڕادەیەکی زۆر بەرپرسە لەو کارەساتەی کە بەسەری هات و تیایدا ژیا ، کەسێک بوو لە رووی جەستەیی و کەمێکیش لە رووی ئەقڵییەوە نەخۆش... ئیدی بە هەموو حاڵ و حیسابێک ، کەسێکە بێ چەندو چوون لە رێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیەوە دەچێتە ریزی نەمرانەوە .

**

لە ١٨١١/١١/٢٩ ، رۆژنامەی ئەنکوایرەر کە لە شاری ریچموندی ویلایەتی ڤیرجینیا دەردەچوو ، بانگەوازێکی دڵتەزێنی دەربارەی یەکێک لە خۆشەویست ترین ئەکتەرانی شار بڵاوکردەوە کە دەڵێت :

بۆ دڵسۆز ان . ئەمشەو ، خات پۆ لە جێگەدا کەوتووەو منداڵەکانی دەوریان داوە . داوای کۆمەکی ئێوە دەکات ، رەنگە ئەمە دوا داوای ئەو بێت . کەرەم و دڵاوایی جەماوەری خەڵکی ریچموند پێویستی بە بانگەوازێکی دی نییە. تکایە بۆ زانیاری زیاتر، بڕواننە ئاگادارییەکانی ئەمڕۆ .

دیارە جەماوەری شانۆی ریچموند ئەو شەوە زۆر بە دەست کراوەیی بە دەم بانگەوازەکەوە هاتن ، لێ هەموو ئەو پارەیەی ئەو شەوە بۆ خا پۆ کۆکرایەوە بایی ئەوە بوو بدرێت بەکرێی ئەو میوانخانە هەرزانەی کە لە دوا رۆژەکانی ژیانیا لەوێندەر دەژیا ، کە ئەم کۆمەکە نەبوایە لەوە بوو خۆی و شڕوشیتاڵی فڕێ بدرێتە دەرەوە . خا پۆ لە ١/٨ بە نەخۆشی دەردەباریکە کۆچی دوایی کرد و سێ منداڵی وردی لە پاش بەجێمان : گەورەکەیان ولیام هنری بوو کە ئەویش لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا بە سیل دەمرێت و، بچووکەکەیان رۆزالی ناو بوو لە ساڵی ١٨٧٤دا لە کەترەخانە دەمرێت ، ناوەنجییەکەیان، چارەنووس و قەدەری ئەوە بوو بەوپەڕی کڵۆڵی و بێنەوایی و داماوی بژی و سەرباری ئەوەش ببێت بە یەکێک لە مەزنترین نووسەرانی ئەمریکاو ناوێکی زندووی مێژووی ئەدەبیاتی جیهان ، ئەو ناوە ئیدگار ئالان پۆ بوو کە ئەمڕۆکە لە سەرانسەری دنیادا ناسراوە.

**

ئیدگار، سێ ساڵ کەم مانگێک بوو کە دایکی مرد ، ئەم دابڕانە بۆشاییەکی گەورەی خستە دڵ و دەروونییەوە و بە درێژایی سی و حەوت دانە ساڵ لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە رێگەی پەیوەندی و دۆستایەتی دەگەڵ ژنانی دیدا ، پەیکەری دایکی لە هەست و نەستی خۆیدا زندوو بکاتەوە ، نەک هەر وەکو دایک ، بەڵکو وەکو ئافرەتێکی ئایدیالی و نموونەیی ، وەکو خواوەندی خۆشەویستی و جوانی . ئیدی سیمای ناسک و رەنگی زەرد و سۆزی دایکێنی، دایکی، بە جۆرێ تێکەڵ بە هەست و نەستی بوو ، پێی وابوو کە بوونی وەستاوەتە سەر سۆزو خۆشەویستی مێیانی، کەچی عەزابی دابڕان لە دایکی - کە ئەم دابڕانە لە ژیانیا ، دەگەڵ ژمارەیەک لەو ئافرەتانەشدا کە خۆشیویستن دووبارە دەبێتەوە- ئەو هەستە ترسناکەی لەلا دروست کرد کە خۆشەویستی کارێکی کوشندەیە . ئیدی خۆشەویستی و ڤیان و مەحەبەت بوو بە تان وپۆی ژیان و بەرهەمەکانی ، کەچی ئەزموونی پڕ هەورازو نشێوی خۆی کردیە کارێک کە خۆشەویستی بە مەرگەوە ببەستێ . ئیدی هەڤدژی نێوان ئارەزووی خۆشەویستی و ڤیان لە لایەک و ترس لە مەرگ و مردن لە لایەکی ترەوە ، بەجۆرێ باڵی بەسەر دڵ و دەروونیا کێشا کە مێشکی شێواند و بەرەو مەرگی برد . ئەمەش زیاتر زادەی ئەو بۆشاییە ترسناکە بوو کە مەرگی دایکی خستیە دڵ و دەروونییەوە .

**

دایکی ئیدگار بە بێوەژنی شووی بە دەیڤید پۆ کرد ، سێ ساڵ لەلای مێردی پێشووی ، هوبکینس بووەو منداڵی لێی نەبووە . بەڵام کە شووی بە دەیڤید پۆ کردووە یەکسەر سکی بووەو لە ک١٨٠٧/١ دا منداڵی یەکەمی بە نێوی ولیام هنری بووە .

ئەم ژن و مێردە دوای زەماوەندەکەیان بۆ چەند مانگێک لە فیلادلفیا کاریان کردوو، پاشان لە شانۆیەکی هاوینە لە نیویورک کاریان کردووە ، پاشتر بۆ ماوەی سێ ساڵان لە بۆستوف ئاکنجی بوون و لەوێندەر لە١٩/ک١٨٠٩/٢دا ئیدگار ئالان پۆیان بوو . پاشان ئیدگار بەخۆی دەستکاری تەمەنی دەکات جارێ زیادی دەکات تا پەیوەندی بە سوپاوە بکات و لە سوپا وەربگیرێت . جارێکی دی کەمی دەکاتەوە ، تاخۆی بنوێنێ وای نیشان

بدات کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کەسێکی هەڵکەوتە و بلیمەت بووە . بە هەرحاڵ ئەمە مێژووی راستەقینەی لە دایکبوونی نەشاردووەتەوە ، چونکە بە روونی لە سەر یەکێک لە لاپەڕەکانی کتێبە پیرۆزەکەی ماڵی جۆن ئالاندا ، کە پاشان پۆ دەگرنە ژێر باڵی خۆیان ، بەم جۆرە تۆمارکراوە: "هنری پۆ لە٣٠/ک٢/١٨٠٧ دا و ئیدگار ئالان پۆ لە١٩/ک٢/١٨٠٩ دا لە دایکبوون." بۆ سەلماندنی دروستی ئەو بەروارەی سەرێ دەشێت پەنا وەبەر رۆژنامەی بۆستنی ١٨٠٩/٢/٩ ببرێت کە دەڵێت: "مژدە بە هەوادارانی شانۆ دەدەین کە پاش هەستانەوەی خاتو پۆ لە زەیستانی ، ئەم ئەکتەرە گەنجە ئەفسونکارە ، سبەی ئێوارە دێتەوە سەر شانۆ".

**

به هەرحاڵ ئیدگار ئالان پۆ نازی شێواو لە نازی دایک و باوک بێبەش بوو، کەوتە بەر دەستی خانەوادەی جۆن ئالان، کە خێزانێکی دەوڵەمەندی بازرگان و مامەڵەچی تووتن بوو . رۆزالی خوشکیشی کە لەوە بچووکتر بوو هەست بە هیچ بکات ، خانەوادەی ماکینزی هەڵیانگرتەوەو. هنری برایشی پێش مردنی دایکی بۆ ماڵی باپیری نێردرا بوو.

**

ئیدگار ئالان پۆ ، هەرچەندە بە بێگەردی منداڵانەوە زوو دەگەڵ ژیانی تازەیدا راهات ، لێ شوێنەواری ئەو زامەی مەرگی دایکی خستبوویە دڵییەوە ، نەک هەر خۆش نەبووەوە ، بەڵکو بە درێژایی ژیانی بە بەردەوامی دەکولایەوەو دەکولایەوە . بۆیە هەمیشە لە خۆشەویستی و ئەمان دەگەڕا ، کە بەداخەوە بە رێکەوتیش تووشی نەبوو... ئەوەی مایەی سەرنج و سەرسامییە پۆ وێڕای گشت کڵۆڵی و کولەمەرگی و نامرادییەک توانی خەرمانێکی گەورەی چیرۆک و شیعری زندوو لە پاش خۆی بەجێ بێڵێت .

**

وەختێ ئیدگار، لەلایەن خانەوادەی جۆن ئالانەوە هەڵگیرایەوە ، ژمارەی دانیشتووانی ریچموند نزیکەی شەش هەزار کەسێک بوون کە نیوەیان قولەڕەشی کۆیلە بوون . بازرگانیی تووتن ، بازرگانی باوی شار بوو.

جۆن و فرانسیس ئالان وەختێ ئیدگاریان هەڵگرتەوە ، هەشت دانە ساڵ بوو کە ژن و مێرد بوون و منداڵیان نەبوو بوو، خاتوو فرانسیس یەکێک بوو لەو خانمانەی کە هاوسۆزی و هاوخەمیان دەگەڵ ئیلیزابیت پۆی دایکی ئیدگاردا کردبوو و لە دوا رۆژەکانی ژیانیا بەهانایەوە چوو بوو. ئیدی لەمەوە سۆزێکی تایبەتی دەرهەق بە ئیدگار لەلا دروست بوو بوو ، ئەوە بوو کە ئیلیزابیت کۆچی دوایی کرد ، ئیدگاری برد بۆ ماڵی خۆی . ماڵەکەیان لە سەر ئەو کۆگایە بوو کە جۆنی مێردی کاری تیادەکرد ، کۆگاکە کەوتبووە سەر دووریانی هەردوو شەقامی مین و سیازدەوە کە نزیک بوو لە ناوەندی شارەوە . جۆن ئالان منداڵی خۆش دەویست ، بێگومان حەزی کردووە منداڵێکی ببێ کە لە پاش خۆی ببێ بە خودانی ئەو سەروەت و سامانەی کە خەونی پێوە دەبینی و ئیشی بۆ وەدەستهێنانی دەکرد . هەنگێ تەمەنی نزیکەی سی و یەک ساڵ بوو، بەڵام حەزی لە تەبەنی و منداڵ هەڵگرتنەوە نەبوو ، بە تایبەتی ئەو بیانووەشی هەبوو کە منداڵێکی نا شەرعی هەیە ، لێ ئەم هەنجەتە خۆی لە بەر گوشاری ژنەکەی نەگرت و ناچار بوو مل بدات و بە فەرمی دەوری باوک بدینێ. و لە٧/ک٢/١٨١٢ دا ، جۆن ئالان ، لە موغازەی هوب دای ئاندسیتون ، قەرەوێڵەیەکی منداڵانەی بە هەشت دۆلار بۆ ئیدگار کڕی .

جۆن ئالان خەڵکی سکوتلاندەیە ، لە تەمەنی پازدەساڵیدا کۆچی کرد بۆ ئەمریکا ، لەوێندەر بوو بە شاگردو کاتبی (ولیام گالت)ی مامی کە کەوتبووە کاسبی و لە زەرفی بیست ساڵێکدا بوو بوو بە یەکێک لە بازرگانە هەرە گەورەکانی ریچموند. جۆن ئالان لە ساڵی ١٨٠٠دا لە مامی جیا دەبێتەوەو بەشەریکی دەگەڵ کەسێکی دیدا بە ناوی چارلز ئیلیس بە دەستمایەیەکی دوو هەزار جونەیهی دەکەوێتە کاری هەناردەکردنی تووتن و مارکێتێکی کەلوپەلی گشتی لە ریمچوند دەکاتەوە.دوای سێ ساڵ، فرانسیس کیلینگ فالینتاین دەخوازێ ، فرانسیس کیژێکی جوان دەبێت و گەلێک لە گەنجانی ریچموند خۆزیان دەخواست زەماوەندی دەگەڵ بکەن . جۆن ئالانیش گەنجێکی قۆز بوو، کاسبکارێکی سەرکەوتوو بوو و ئایندەیەکی گەشی لەبەردەم بوو . جۆن ئالان لە حوزەیرانی ١٨٠٤دا رەگەزنامەی ئەمریکی وەردەگرێت و هێندەی دی متمانە بە خۆی و بە کارو کاسبییەکەی پەیدا دەکات ، بە ئاسودەیی لە ماڵ و حاڵی خۆیدا دەگیرسێتەوەو زۆر بە جدی لە سەر کارو کاسبی خۆی بەردەوام دەبێت و کارو کاسبییەکەی ڕەونەق پەیدا دەکات و برەو دەسەنێ و کۆمپانیاکەی ، ئیلیس-ئالان ، جگە لە بازرگانی تووتن و گواستنەوەی دەریایی ، بازرگانی جل و بەرگ و ئامێری مەعدەنی و دانەوێلە و قاوەوە وچاو مەشروباتیش دەکات . ئیدی ئیدگاری چکۆلە لەو ماڵە تازەیەدا دەگیرسێتەوە وبە دڵ و بەگیان هۆگری فرانسیس دەبێت ، بە دایکی دووەمی خۆیی دەزانی کە زۆر دەگەڵی دلۆڤان و میهرەبان دەبێت و لە ڕادەبەدەر نازی دەداتێ و جۆن ئالانیش هەموو پێویستیەکی بۆ دابین دەکات . ئیدی ئیدگار دەبێت بە ئەندامێکی بەختەوەری ئەو ماڵباتە و تەنانەت پورەکەی خۆی کە لە بالیتمور دادەنیشت لەمبارەیەوە دەڵێت : "بەختەوەری ئیدگار لەوەدایە کە کەوتووەتە بەر دەستی ژن و مێردێکی زۆر باشی وەکو جۆن و فرانسیس ئالان... ئاە ، کەم کەس شانسی وایان بۆ هەڵدەکەوێ.. لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە ئیدگار لەقە لە بەختی خۆی نەدات و ئەو نازو نیعمەتە لە خۆی تێک نەدات کە خەڵکانێکی بێگانە ، تەنیا لە رووی دڵسۆزی و دلۆڤانی و مرۆڤدۆستی خۆیانەوە ، داویانەتێ ".

**

یەکێک لە هۆیەکانی ناکۆکی نێوان ئیدگار و جۆن ئالان ئەوە بوو کە جۆن ئالان بێ وەفابوو دەرهەق بە ژنەکەی و بە دزی ئەوەوە داوێن پیسی دەکرد ، تەنانەت پێش ئەوەی بۆ ئینگلستانیش برۆن داوێن پیسی لێدەکرد و منداڵێکی ناشەرعیشی هەبوو بە نێوی ئیدوارد کولییر ، تەنانەت کە هاتنەوە بۆ ریچموندیش ، لە سەر داوێن پیسی خۆی بەردەوام بوو ، ئیدگار بەمەی دەزانی و ئالان دەترسا لە قاوی بدات ، بۆیە حەزی دەکرد ئیدگار لە ریمچوند دوور بخاتەوە و ناردی بۆ زانکۆ بێئەوەی وەکو پێویست مەسرەفی بکێشێت.. بە هەرحاڵ جۆن ئالان هەر بەوەوە نەوەستا کە سووکایەتی بە ئیدگار بکات ، تانەی لێبدات ، ناوی بزڕێنێ ، بەڵکو لە کۆتاییدا بەیەکجارەکی دەری کرد و لە هەر میراتێکی خۆی بێبەشی کرد ، چونکە جۆن ئالان زۆر بە خەمی پایەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە بوو ، هەرچەندە پەیوەندی ژێراو ژێری دەگەڵ ژنانی دیدا هەبوو ، بەڵام سوور بوو لە سەر پاراستنی ژیانی خێزانداری خۆی ، هەروەها پابەندی دابینکردنی ئایندەی منداڵە ناشەرعیەکانی بوو. وەکو گوتمان کوڕێکی ناشەرعی هەبوو بە نێوی ئیدوارد کولییر، گوایە ئەمە یەکەم منداڵی ناشەرعی بوو، دەڵێن جگە لە ئیدوارد کچێکیشی لە ١٨٢٦دا لە خات ویلیز بووە کە گوایە ئالان ویستویەتی لە وەستێنامەکەیدا مووچەیەکی بۆ ببڕێتەوە.. جا ئەگەر ئیدگار ببوایە بە میراتگری ، ئەوا ئەوانی دی بێبەش دەبوون و ئەمیش دەبوو بەلۆمەکارو بنێشتە خۆشەی ژێر دانی خەڵکی! لەوەش خراتر ئەوەبوو کە ئالان متمانەی بە ئیدگار نەبوو کە ئەو سەروەت و سامانە بەفیڕۆ نەدات . ئیدگار بەلای ئەوەوە کەسێکی بێموبالات و خەمسارد بوو ، هەموو خەمێکی هەر

شیعرو کتێب خوێندنەوەیە ، ئیدی ئامادە نەبوو ئەو سەروەتە زۆرە بکەوێتە دەستێکی نا ئەمینەوە ، بۆیە بڕیاری دا بەیەکجاری ئیدگار لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و لە هەموو میراتێک بێبەری بکات .

**

ساڵ، ساڵی ١٨٣٢ ـە ، جۆن ئالان نەخۆشە . رۆژ بە رۆژ خراتر دەبێت ، وای لێدێ ناتوانێ لە جێدا بنوێت ، شەو و رۆژ بە سەر کورسییەوەیە ، مەگەر ناو بەناو کەسێک بچێتە ژێر باڵی و کەمێک بە ژوورەکەیدا بیگێڕێت . لە کانونی یەکەمی ساڵی١٨٣٢ دا جۆن ئالان دەستی لە چاکبوونەوە شۆرد ، بۆیە وەسێتنامەکەی نووسی و لە ساڵی١٨٣٣ دا پاشکۆیەکیشی بۆ زیاد کرد . هەڵبەتە ئیدگار ، وێڕای ئەوەی بەینی لەگەڵ جۆن ئالاندا نەمابوو ، لێ لە دڵی خۆیدا تەماحی لە سەروەت و سامانەکەی هەبوو ، بۆیە بیری لەوە کردووەتەوە بە هەر شێوەیەک بووە جۆن ئالان ئاشت بکاتەوە . وادیارە لە سەرەتای ساڵی١٨٣٤ دا بە نەخۆشیەکەی جۆن ئالانی زانیوەو دەڵێن گوایە لە مانگی شوباتدا چووە بۆ ریچموند بەو ئومێدەی دوا هەوڵی ئاشتکردنەوەی ئالان بدات ، لێ بە مل گوتیاران ، جۆن ئالان نەک هەر رووی ناداتێ بەڵکو دەریشی دەکات . جۆن ئالان لە١٨٣٤/٣/٢٧ دا دەمرێت ، هەرچەند وەسێتنامەکەی کۆمەڵێک کێشەو ئاریشەی لێدەکەوێتەوە ، بەڵام ئیدگار ئالان پۆ ، لەو کێشانەدا تەرەف نەبووە .

**

پۆ قەناعەتی تەواوی بە کورتی و پوختی هەر کارێکی ئەدەبی هەبوو ، پێی وابوو هەر کارێکی ئەدەبی ، بە تایبەتی شیعر ، دەبێ لە یەک دانیشتندا بخوێنرێتەوە . هەرچەندە لەم بۆچوونەدا زیاتر شیعری مەبەست بووە ، بەڵام لە چیرۆکیشدا پەیڕەوی کردووەو زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانی ، چیرۆکی کورتن ، جگە لە (سەربهووردی ئارتەر گوردون پیم) کە رۆمانە . هەڵبەتە زۆرجار کاری هونەری ، بێئەوەی هونەرمەندەکە بیەوێ یان پێ‌بحەسێت، جۆرە رەنگدانەوەیەکی کەسێتی و خودی هونەرمەندەکە لە خۆدەگرێت . دیارە ئەگەر جۆرە پەیوەندییەکیش لە نێوان کاری نووسەرێک و هەلومەرجی ژیانیدا هەبێت ئەوا پەیوەندییەکی میکانیکی نییە . ئاشکرایە پۆ تەبیعەتێکی یەجگار ناسک و هەستیاری هەبوو ، زۆرجار ناسکی و لاوازی سەرچاوەی ترسن . ترس خاڵی هاوبەشی گشت چیرۆکە ترسناکەکانی پۆیە . ترس لە شێتی، لە مەرگ ، لە خۆشەویستی ، زۆرجار خۆشەویستی لە چیرۆک و شیعرەکانیا بە مردن شکاوەتەوە .

**

پۆ لە ئاخرو ئۆخری ساڵی١٨٣٩ دا ، سەرباری دەستکورتی و هەژاری بەردەوام ، تەواو لە لوتکەی شۆرەت و نێو بانگی ئەدەبی نزیک بووەوە ، لەو سەرو بەندەدا بەشێک لە رۆمانی " سەربهووردی ئارتەر گوردون بیم" و بیستو پێنج چیرۆکی کورتی نووسی کە هەر هەموویان لە گۆڤاراندا بڵاو بوونەوە .

# پاژی پێنجەم

## ١-هەرەسی کۆشکەکەیماڵباتی ئوشەر

ڕۆژێکی تاریک و خەمناک و کپی پایز بوو، هەورێکی توند بەری ئاسمانی گرتبوو و تا دامێنی ئاسمان شۆڕ بووبووەوە ، من بە درێژایی ئەو ڕۆژە بە سواری ئەسپێک ، بەتاقی تەنیا ، بە جادەیەکی تایبەتی چۆڵ و خەمناکی گوندیدا هەر هاتم و هاتم ، سەرەنجام دەگەڵ خۆرنشیندا خۆم لە هەنبەر کۆشکە بە سامەکەی ماڵباتی ئۆشەردا بینییەوە. نازانم چۆن و بۆچی ، بەڵام هەرکە تەمەشایەکی کۆشکەکەم کرد ، هەستی خەمێکی قورس لە روحم ئالآ. بۆیە دەڵێم قورس چونکە هەستم گرفتاری خەم و پەژارەیەکی ئەوتۆ بوو کە هیچ بیرەوەری و تەسەورو وێنایەکی شاعیرانە و دڵخۆشکەر کە عادەتەن ئارامی بە سەر سەختترین تەبیعەت و لە کاتی تەنیایی یان ترسدا ، دەبەخشێت ، کاری لە من نەکرد . تەمەشایەکی دیمەنەکەی بەرانبەری خۆم کرد ، نیگام بڕییە ساختمان کۆشکەکەو ئاسۆی یەکنەوای ئەو موڵکە ، ڕوانیمە دیوارە سارد و سڕەکانی ، پەنجەرە چاو ئاساکان ، زەلو پیرەدارو درەختەکانی دەوروبەری ، بەخەم و پەژارەیەکی ئەوتۆوە تەمەشای هەموو ئەم دیمەنانەم کرد کە نە دەشوبهایە سەر هیچ هەستێکی دنیایی ، مەگەر ئەو جۆرە هەستە تەنیا لە لای خەڵکانی تلیاکی و ئالوودە هەبێت . هەستم بە ڕچینی دڵم کرد ، ڕچینێکی بە سوێ و ئازار ، بیرو ئەندێشەم ئەسیری جۆرە خەمێکی بێ کۆتایی بوو، خەمێک کە هیچ خەونێکی ناخۆش و بە ئازار بە بای قولانیدا نەدەگەیی . لە فکران ڕادەچووم : چییە؟ چ نهێنییەک لەم کۆشکەکەی ئۆشەردا پەنهان بوو ، کە کاتێ تەمەشام دەکرد ، ئەعسابم دەکەوتە لەرزە؟ نهێنییەک بوو نە دەهاتە کەشف بوون و کاتێ کەمێک لە فکران ڕادەچووم و قووڵ دەبوومەوە ، سەیرم دەکرد ، دەمبینی تەنانەت توانای ئەوەم نییە کە بە گژ ئەو خەیاڵە تاریک و ترسناکەدا بچمەوە کە باڵی بە سەراپای ئازامدا کێشا بوو.

ئەم ڕێبوارە میوانی ناوەخت نەبوو . رودریک ئوشەری دۆستی منداڵی ئەو ، نامەی بۆ نارد بوو و تکای لێکرد بوو کە بچێتە دیدەنی . لە نامەکەیدا باسی نەخۆشییەکی کوشندەی جەستەیی و نا ئارامی و پەرێشانییەکی بە ئازاری سایکولۆژی خۆی کردبوو و داوای لەو کرد بوو کە بە پەلە فریا بکەوێت . سەرچاوەی ئەم نەخۆشییە جەستەیی و نیگەرانی و پەرێشانییە دەرووونییە چ بوو؟ هەرچییەک بوو لەم کۆشکەکەدا بوو ، کە لە کۆنەوەو پشتاو پشت بۆماڵبات و خانەدانی ئوشەر مابووەوەو پێدەچوو رودریک دوایەمین پاشماوەی ماڵباتی ناڤبری بێت کە لەم کۆشکە خامۆشەدا دەژیا.

ڕێبوارەکە وەژوورکەوت . شوێنەواری کۆنی و کەونارایی و فەرامۆشی هەموو جێیەکی گرتبووەوە . ڕاستە بەردو خشتەکان نە روخابوون ، لێ هەندێ درزو قلێشان کە بە گەچەکانەوە دیار بوون ، نیشانەی ئەوە بوون کە کۆشک و سەراکە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە . خزمەتکارێک یارۆی میوان بە نێو چەند ڕاڕەوێکی تاریکدا دەبات و ئەنجام دەیگەیەنێتە ئەو ژوورەی کە ئاغا لەوێندەر چاوەڕێی دەکرد . ئەم پیاوە لەبەر چاوی میوانەکە ، ئەو رودریک ئوشەرە گەنجە نەبوو کە رۆژێ لە رۆژان دەیناسی . لەم ماوە کورتەدا بە جۆرێ گۆڕا بوو کە بە ئاسانی نەدەناسرایەوە . تاماوەیەک لە جێی خۆی نەجولا بوو ، بەدەم دانیشتنەوەو بە واقی وڕەوە دەیڕوانییە سەرو سیمای میوانەکەی . لێ ئەنجام هاتە قسان و کورتەیەکی دەربارەی دەردو ئازاری خۆی بۆ گێڕایەوە .

"بە دەم ئازاری نەخۆشی جەستەییەوە دەتلایەوە. جگە لە شۆربای بێتام و خوێ هیچ خواردنێکی دیکەی پێنەدەکەوت . تەنیا دەیتوانی یەک جۆرە جلو بەرگ لەبەر بکات . دڵی لە بۆنی هەر گوڵێک تێکهەڵدەهات . بۆنی گوڵ ئازاری دەدا. کەمترین تیشک و رووناکی چاوانی ئازار دەدا ، لە نێو دەنگاندا ، تەنیا نەوای تایبەتی سازو ئامێری ژێداری لە گیان خۆش بوو و دڵ و دەروونی تەژی ترس نەدەکرد".

کاتێ رودریک ئوشەر باسی خۆی دەکرد ، یارۆی میوان بۆی دەرکەوت کە ئەم پیاوە دەربەست دیل و ئەسیری "ترس"ە، لە رادەبەدەر دەترسێت . ئەم ترسە لە چیەوە هاتبوو؟ زادەی چ فاکتەرێک بوو؟ ئایا گرفتارو گیرۆدەی ئەو خورافاتە بوو بوو کە تاپۆ و شەبەنگان لە کۆشکەکەدا هەن و دێنو دەچن ، یان ئەم ترسە خۆڕاییە لە ئەنجامی نەخۆشی و تەنیایی و گۆشەگیرییەوە پەیدا بوو بوو و نەیدەتوانی و نەیدەویست بۆ تاقە ساتێکیش تەنیا بێ؟ لە پڕو بە دوور لە چاوەڕوانی ، باسی خوشکەکەی هێنایە پێشێ ، باسی خوشکێ کە وەکو ئەو دوا پاشماوەی ماڵبات و خانەدانی ئوشەر بوو و لە هەمان کۆشکدا ئاکنجی بوو . لێ ئەم خوشکە مرۆڤێکی نەساخ بوو ، تووشی نەخۆشییەک بوو بوو کە پزیشکەکان سەریان لێدەرنەدەکرد و بە دەم ئازاری ئەو نەخۆشییەوە دەتلایەوە . رۆژ بە رۆژ پتر دەپوکایەوەو سات بە سات لە مەرگ نزیکتر دەبووەوە . یارۆی میوان ئەم ژنەی، کە (خا مادلین)ی ناو بوو ، یەک جار بینی ، ئەویش هەمان یەکەم ئێوارە بوو کە ڕێی کەوتبووە ئەم ماڵە . لە نێو تاریکییەکەوە دیتی کە بەبێ دەنگی و بێئەوەی وشەیەکی لە زار بترازێ ، بە بەردەمیا تێپەڕی و ئەوسا وەکو یەکێک بکەوێتە چاڵێکی بێ بنەوە دیار نەما.

یارۆی میوانیش دووچاری ترس بوو، ترس لە ژینگەی ماڵەکە ، لە خەڵکی ماڵەکە ، لەو قسانەی کە بەر گوێی دەکەوتن ، لە بۆنی رتوبەت و شێی ماڵەکە ، لە شوێنەواری کەونارای ماڵەکە و کۆمەڵێک دەنگ و سەدای عەجیب و غەریب کە نەیدەتوانی بچێتەوە سەریان و بیان ناسێتەوە . لە چەند رۆژی یەکەمدا ویستی دڵنەوایی دۆستە نەخۆشەکەی بکات و هێوری بکاتەوە ، بەڵام بۆی دەرکەوت هەموو هەوڵێکی بێهودەیە . دۆخێکی ترس ئەنگێزو

خەیاڵئامێز باڵی بەسەر ئەم ماڵەدا کێشا بوو ، لە تۆ وایە سێبەری مەترسییەکی نادیار ، بەردەوام هەڕەشە لەو کەسە دەکات کە لەم کۆشکەدا ئاکنجییە.

رۆژێک ئوشەر، بە دۆستەکەی خۆی گوت کە خوشکەکەی مردووە . دەیگوت دەیەوێ بۆ ماوەی دوو هەفتەیەک لە یەکێک لە ژێرخانەکاندا بینێژێت . مەبەستی لەم کارە چ بوو؟ دەیگوت غەریبی نەخۆشییەکەی ئەو بە جۆرێکە کە نابێ یەکسەر بۆ ئارامگەی بنەماڵەکەیان ببرێ و لەوێندەر بەخاک بسپێردرێت . ناچار بە دوو قۆڵی جەنازەکەیان لە تابوت ناو بۆ یەکێک لە ژێرخانەکانیان برد و لەوێندەر لەسەر سەکۆیەکی بەردینیان دانا . کاتێ کە بە جێیان هێشت ، دوا تەمەشای ناو تابوتەکەیان کرد . ژنەی گەنج لەوێندەر خەوی ئەبەدی لێکەوتبوو و یارۆی میوان کە تەمەشای کرد بینی زۆر لە براکەی دەچێت ، هەر دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو لەتەوە ، کە سەرسامی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕی ، رودریک ئوشەر دانی بەوەدا نا کە ئەو وخوشکەکەی جمکانەن و لە تەبیعەتیشدا چوون یەکن . ئەنجام سەری تابوتەکەیان نایەوە . بزمارکوتیان کرد و بە خەمینی بەرەو ژوورەکەی خۆیان زڤڕینەوە.

رودریک لەو ساوە کە خوشکەکەی مرد بوو ، بۆ ساتێک ئۆقرەی نەبوو . بە ئاشکرا گۆڕا بوو . لە جاران بێ رەنگ تر بوو بوو و جۆرە ترسێکی غەریب لە چاوانی نیشتبوو. دەنگی کز بوو بوو، بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو کە زۆر دەترسێت و لە ترسا دەلەرزی . ترسەکەی بەڕادەیەک زاڵ بوو کە نەیدەتوانی بۆ ساتێک لە شوێنێکدا بحەوێتەوە و ئارام بگرێت . بەردەوام ئەم ژوورو ئەو ژووری دەکرد . وەزع و حاڵی ئەوەندە خراپ بوو، یارۆی میوانی بە تەواوەتی خستبووە ترسەوە ، بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ کارێکی لە دەست نەدەهات .

شەوێک ، کە تۆف و زریان ئەرز و ئاسمانی هێنا بووە لەرزە ، خانەخوێی بێ ئۆقرە و نا ئارام پتر دیل و ئەسیری ترس بوو. یارۆی میوان هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەیدەتوانی لە ژوورەکەی خۆی بنوێ ، دۆخەکە بەجۆرێ بوو کە ئەویش لە ترساندا هەڵدەلەرزی . ئاقیبەت هەستا و جلکی لەبەر کرد ، لێ لەم کاتەدا چەند جارێک بە سووکی لە تەقەی دەرگا درا . کێ بەم درەنگە شەوە هاتبوو بە سۆراخی ئەم میوانەوە ؟ هەستا بە نیگەرانی و شپرزەیی دەرگای کردەوە . رودریک ئوشەر بوو و لە پشت دەرگاکەوە وەستا بوو و چرایەکی بە دەستەوە بوو. سیمای بە جۆرێ بوو کە هێندەی دی ترساندی . دەتگوت فێی لێهاتبوو.

سەرو سیمای ترسناک بوو، ترساندمی ، بەڵام هەرچۆنێک بوو لەم ترسی تەنیاییەم پێ خۆشتر بوو، بۆیە زۆر بە گەرمی پێشوازیم کرد . بەترس و دوو دڵییەوە چاوێکی بە چوار دەوری ژوورەکەدا گێڕاو لە ناکاوا گوتی: " تۆ ئەوت نەبینی ؟ کەواتە تا ئێستا نەتدیوە ؟ لێ...سەبرێ بکە . ئێستا دەی بینی..." دەگەڵ ئەو قسەیەدا دەستی خستە بەر روناکییەکە و بە هەشتاو بەرەو پەنجەرەکە رۆیی . لە چاوتروکانێکدا پەنجەرەی ژوورەکە رووەو تۆف و زریانە بەترەفەکە کرایەوە .

بایەکی هێندە توند و تووڕە خۆی بە ژووردا کرد ، لەزگ بوو بمانبات بە ئاسماندا . لە دەرێ را بایەکی دەهات تا حەزکەی تۆف و زریان ، بەڵام وێڕای ئەوەش ، شەوەکەی بە ڕاستی شەوێکی جوان بوو ، شەوێک بوو دەگمەن ، هەم جوانی و هەم ترس تان و پۆیان تەنی بوو. گەردەلوول و زریانێک بوو ، پێدەچوو هەموو هێزی خۆی لە دەوربەری ئێمە خڕکردبێتەوە ، چونکە بەردەوام لە ژێر گوشاری توند و پەی دەرپەیدا ئاراستەی بایەکەی دەگۆڕی و چڕە هەوران بە جۆرێ سکیان دادابوو لە تۆ وایە خۆیان بە سەربان و لادیوار و قۆقزییەکانی کۆشکەکەدا دەکێشن . بەو حاڵەشەوە گەردیلە هەورەکانمان دەبینی کە بە چ خێراییەک پێکیاندا دەدا و دەچوونە

ناو یەکەوە . گوتم وێڕای چڕی هەورەکە ، هێشتا دەمانتوانی ئەم جم وجۆڵە بدینین لە کاتێکدا نە مانگێ بە ئاسمانەوە بوو ، نە ئەستێرەیەک بەدی دەکرا ، تا دەوروبەرمان روناک بکاتەوە . لێ لە ژێر چڕە هەڵمی نەسرەوتی ئاو و بە دەوری هەموو ئەو دیاردە زەمینیانەی کە دەوران دەوری ئێمەیان دابوو ، تەنکە خەرمانەیەکی گاز ئاسا ، بە ئاشکرا ، پرشنگێکی نائاسایی دەدا و سەرانسەری کۆشکەکەی لە رووناکی خۆی هەڵدەکێشا و ڕۆشنی دەکردەوە.

لە کاتێکا کە ئوشەرم تەکان دەدا و هەوڵم دەدا بە هێمنی لەبەر پەنجەرەکەی لابەم و لە سەر کورسییەکی دابنەم گوتم : "تۆ نابێ... نابێ ئەم شتانە ببینی... ئەم دیمەنانەی کە تۆ نارەحەت دەکەن ، دیمەنی نا ئاسایی نین ، رەنگدانەوەی تەشبریق و گرم و هوڕی هەورەکەن . لەوەشە تەم ومژی دەریاچەی ناو چیاکان بن کە بەرەو ئێرە هاتوون و ئەم گەمە نەفرەت ئەنگێزەیان ناوەتەوە . لاکەوە با پەنجەرەکە دابخەم . هەواکەی ساردەو بۆ خەڵکی وەکو تۆ خراپە . وەرە تەمەشای ئەم کتێبە بکە . یەکێکە لەو چیرۆکە دڵداریانەی کە تۆ حەزی لێدەکەی . دانیشە با بۆتی بخوێنمەوە . باشتر وایە ئەم شەوە ترسناکە بە خوێندنەوەوە رۆژ بکەینەوە"...

میوانەکە ، ئەو کۆنە کتێبەی کە لەبەر دەستیا بوو هەڵگرت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد . ئەم کتێبە چیرۆکێک بوو لە ژێر سەر ناڤی دێوانەیەکی ئەقڵ لە دەستداو ، لە نووسینی سێر لانسلوت کانینگ. سەرگوزەشتەکە لەوێندەرەوە دەستی پێدەکرد کە "ئیتلرد" ی قارەمانی چیرۆکەکە ، پەنا وەبەر دێری رەبەنێک دەبات تا ئاسوودەیی بۆ بگەڕێتەوە . لێ دەرگا کۆن و شەق و شرەکەی پیرەدێر نە دەکرایەوە و ڕەبەنە کە بە خۆیشی نەیدەویست بیکاتەوە . لە دەرێ ڕا ، هەورە تریشقە و چەخماخە و تەشبریق حەشری دەکرد و دەرگاکە بە تەق و هۆڕێکی ناخۆش ، بەرە بەرە دەکرایەوە . وەختێ ئەو چیرۆکەکەی دەخوێندەوە ، لە کاتێکا کە لە دەرێ ڕا گڤ و هوڕی تۆف و زریانەکە دەهاتەگوێ ، بەرێکەوت بوو یان بە هەر هۆیەکی ترەوە بوو ، گوێی لە تەقوهوڕی دەرگایەک بوو کە لە حاڵی کرانەوەدا بوو . دیسان درێژەی بە قسەکانی خۆی دایەوە و دیسان ناڵە و تەقو هۆڕی گیان پڕوکێنی دەرگاکە هاتە گوێ ، چاوی هەڵێناو تەمەشای ئوشەری کرد . چاوانی لە ترسا ئەبڵەق بوو بوون و بڕی بوونییە دەرگاکە . و لە بن لێوانەوە ورتە ورتی دەکرد . دیسان کەوتەوە خوێندنەوەی کتێبەکە . ئیتلرد ، بە هەر زەحمەتێک بوو دەرگاکەی کردەوە و کاتێ وەژوور کەوت ، بەدەر لە هەر تەسەورێک ، لە جیاتی ڕەبەنەکە ، ئەژدیهایەکی بینی کە زمانی دەردێنا و گڕی دەردەپەڕاند . ئیتلرد ، گورزە گرانەکەی بەرز کردەوە و بە هەموو هێزو قوەتی خۆیەوە دایهێنایەوە . جیقە و ناڵەیەکی ترسناک و گوێ کەرکەری ئەوتۆ لە گەرووی ئەو حەیوانەوە دەرهات کە قارەمانەکە ناچار هەردوو گوێی خۆی گرت . بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەمجارەش جیقە و هاوارێکی بەرزو ترسناک ، لە شوێنێکی ئەو دیوی دەرگا و دیوارەکانەوە هاتە گوێ ، دەنگ و هاوارێکی ئەوتۆ کە چیرۆک خوێنەکە لەرزی لێهات و هاونشینەکەشی دووچاری شێتی بوو . ئوشەر ، نەیدەتوانی لەوە پتر خۆی بگرێت. بە دەنگێکی پچڕ پچڕ و ناڵە ئاسا و ترسامێز کەوتە قسە:

"هەنوکە گوێت لێیە ؟ بەڵێ . من گوێم لێیە. پێش ئەمەش گوێم لێ بووە.. زۆر... زۆر... پێش ئێستا بە دەقیقان ... سەعاتان... رۆژان پێش ئێستا گوێم لێ بووەو.... بەڵام زاتم نەدەکرد... فریام بکەوە ، بەزەییت پێدا بێمەوە... بەزەییت بەم بەدبەختی بێنەوایەدا بێتەوە... من زاتم نەدەکرد... زاتم نەدەکرد قسە بکەم... دەزانی چییە؟ من ئەوم بە زندوویەتی ناشت... ئەدی بە تۆم نەگوت کە حەواسم پەرتە ، تەواو نییە ، نەخۆشە ؟ نها بە تۆ دەڵێم کە من هەوەڵین جم و جۆڵی ویم لە ناو تابوتەکەدا ژنەوت... چەندین رۆژ لەمە پێش ژنەوتم... لێ زاتم نەدەکرد... زاتم

نەدەکرد قسە بکەم...و نها.... ئەمشەو... ئیتلرد... گوتت کە دەرگای دێرەکەی شکاندو وەژوور کەوت ؟ گوتت ئەو حەیوانە نالاندی؟ گوتت سپەرەکە کەوت ؟ زۆر چاکە ، باشە نەتزانی کە ئەو ناڵەی دەرگایە ، دەنگی دەرگای تابوتەکەی ئەو بوو کە دەکرایەوە ؟ ئەو تەقوهوڕی ئاسنانە ، دەنگی ئەنجامەی زندانە ئەبەدییەکەی ئەو بوو کە دەکرانەوە؟ ئەو فریادە ، هاواری خودی ئەو بوو کە لە ژێر خانەکەوە دەهاتە دەرێ ؟ ئەوەتا خەریکە نزیک دەبێتەوە... تۆ پێم بڵێ... من بۆ کوێ هەڵێم ؟ ئەوەتا وا خەریکە دێت تا تۆڵە لە من بستێنێ... گوێ هەڵخە... ئەمە دەنگی دڵی ئەوە کە دەگاتە گوێم"...

ئەوجا لە جێی خۆی ڕاپەڕی . هاواری کرد : "شێت... شێت... تەمەشای بکە... لە نێو دوو تاکی دەرگاکەدا ڕاوەستاوە"....

رودریک ئوشەری سا ئەقڵ ، خاوەنی کۆشکەکەی ماڵباتی ئوشەر ، راستی دەکرد . خا مادلین لەوێندەر ڕاوەستا بوو ، پەڵە خوێنی درشت بە سەر کفنە سپیەکەیەوە بوو . ئازای سیماو بەدەنی ئەوەی دەنواند. کە ئەم ژنە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە تا خۆی لەو تابووتە رزگار بکات ، بێتە دەرێ . بۆ چەند ساتێکی درێژخایەن ، بەدەم لەرزینەوە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وێستاو هەنگێ بەدەم جوڵەیەکی کوت و پڕەوە خۆی دا بەسەر برایەکەیدا . لەزمانی چیرۆک خوێنەکەوە ، سەربهووردی دوا ساتەکانی ژیانی ئەم جووتە پاشماوەیەی بنەماڵەی ئوشەر بژنەون :

"بە پەلە پروزێ و ترسەوە لەو ژوورەو ، لەو کۆشکە هەلاتم . کە خۆم گەیاندە رێگە کۆنەکەی دەرێی کۆشکەکە ، تۆف و زریانەکە هێشتا لە هەڕەتی تورەیی خۆیدا بوو . لە ناکاوا روناکییەکی سەیر رێگەکەی رۆشن کردەوە ، ئاوڕم دایەوە تا سەرچاوەی روناکییە نائاساییەکە ببینم . جگە لە کۆشکە بەرزو کۆنەکە ، بە خۆی و سایە و سێبەرەکانییەوە هیچ شتێکی ترم لە دواوە نەبوو . بەدەر لە هەر تەسەوڕێک ، سەیرم کرد کە ئەو روناکییە پرشنگدارە تریفەی مانگەکەیە ، مانگ چواردە بوو ، سوور دەتگوت خوێنە ، نها بە ئاشکرا لە درزو قڵیشی ساختومانەکەوە کە پێشتر نەدەبینران ، دەتریفایەوە . ئەم درزو قڵیشانە هەمان ئەو درزە نادیارانە بوون کە لە سەر بانی کۆشکەکەوە تا ژێر خانەکانی ژێری ژێرەوە هاتبوونە خوارێ . لەو ساتەوە کە تەمەشام کرد ، درزەکان بەرە بەرە زیاتر کرانەوە ، بایەکی توند هەڵیکرد ، مانگە بە تریفەکە ئاشکراتر هاتە بەرچاوم و لە پڕ سەرم بە گێژە چوو ، کاتێ دیتم کە دیوارە گەورەکان داڕوخان ، هاڕەو هاژەیەکی ترسناک چوون دەنگی هەزاران پێل و شەپۆلان هەستا و هەنگێ دەریاچە قووڵ و پڕ ئاوەکەی دەوری کۆشکەکە ، سەر سەختانە و بەوپەڕی هێمنی و ئارامی ، دارو پەردووی کۆشکەکەی ماڵباتی ئوشەری هەڵ لووشی".

سەرچاوە:

*- سیری در بزرگترین کتابهای جهان/ جلد دوم

تألیف: حسن شهباز/ موسسه انتشارات امیر کبیر/ تهران ، 1389(2010)

*- ادگار الن پو/ گربه سیاه و داستانهای دیگر (متن کوتاه شده)/ ترجمه مهدی غبرائی/ چاپ دوم / 1381 کتاب مریم (وابسته به نشر مرکز)

## ٢- پشیله ڕەشەکە

ئەم  چیرۆکەی گەرەکمە بیخەمە سەر کاغەز هەم زۆر ئاڵۆز و حیرەت ئەنگێزە و هەم زۆر سادە و ئاساییە. نە چاوەڕوانم باوەڕی پێبکەن و نە داواتان لێدەکەم باوەڕی پێبکەن . چونکە بە خویشم باوەڕی پێناکەم ، بۆیە شێتییە گەر ئەو داوایە لە ئێوە بکەم ، من شێت نیم ، بێگومان خەونیش نابینم . من سبەینێ دەمرم ، بۆیە دەبێ ئەم بارە لە سەر ڕۆحی خۆم لابدەم .

دەمەوێ بە نەختی و پوختی ، بەو پەڕی روونی و وردی ،  بێ هیچ کۆمێنتێک زنجیرە رووداوێکی زۆر ئاسایی لە بەردەم هەموو دنیادا بگێڕمەوە . زنجیرە رووداوێک کە لەرزی لێهێنام ، عەزابی دام ، بەرەو نابودی و نەمانی بردم . بەڵام ویڕای ئەوەش هەوڵنادەم راڤەو شرۆڤەی بکەم . جا ئەگەر بەلای منەوە زۆر ترسناک بێت، ئەوا لەگینە بەلای خەڵکی دیکەوە ، زیاتر وەکو خەیاڵێکی سەیری گۆنگ بێتە پێش چاو تا ترسناک بێتە بەرچاو . خۆ ڕەنگە ڕۆژێ کەسێکی ئەقڵمەند پەیدا ببێت و ئەم خەیالاتەی من،  بە مۆتەکە و کابوسێکی ئاسایی و سواو بزانێت ، یان یەکێکی زیرەکتر و لۆژیکی تر پەیدا ببێ و، خودانی زەینیەتێکی ئارامتر ، لوژیکی ترو زۆر لە بارتر لە زەینەیەتی من بێت ، خودانی زەینیەتێک بێ کە ئەم رووداوانەی من بە ترسەوە دەیان گێڕمەوە ، بە زنجیرە هۆیەکی ئاسایی و ئاکامە لوژیکییەکانی ئەو هۆیانە بزانێت .

هەر لە منداڵیمەوە بە کەسێکی هێدی و هێمن و مرۆڤدۆست و ناسک ناسرا بووم . ئەوەندە دڵناسک و پڕ بەزەیی بووم کە هاورێکانم گاڵتەیان پێدەکردم ، دەیان بوغزاندم . زۆرم حەز لە حەیوانات دەکرد ، بەڕادەیەک کە باب و داکم لە رووی نازەوە رێیان دەدام هەموو جۆرە حەیوانێکی ماڵی ڕابگرم و زۆربەی کاتی خۆم دەگەڵ ئەو گیانلەبەرانەدا بەسەر بەرم . خۆشترین کاتم ئەو وەختانە بوو کە خواردنم دەدانێ و یاریم دەگەڵ دەکردن و نازم دەکێشان . ئەم خوو و تەبیعەتە غەریبانە بە جۆرێ دەگەڵما هاتن و گەورە بوون ، کە لە گەورەیی دا،

وەختێ بووم بە زەلامی تەواو ، بوو بە تاقە سەرچاوەی سەرگەرمی و خۆشیم . ئەوانەی رۆژێ لە ڕۆژان سەروسەختیان دەگەڵ سەگێکی ئەمەکدارو زیرەک و میهرەباندا بووبێ ، بە ئاسانی لەم مەبەستەی من دەگەن کە گەرەکمە بیلێم ، ئەم کارە ، کاری راگرتنی گیانلەبەری ماڵی ، چەند خۆشە و چ گەشکە و لەزەتێک بە ئینسان دەبەخشێ . پیاو کە وەفاداری و پابەندی و لە خۆ بوردەیی ئەو حەیوانە دەرهەق بە خاوەنەکەی دەبینێ ، بە تایبەتی کەسێک کە دۆستایەتی ناپایەدار و کزی بێوەفایی نێوان تیرەی بە شەری بە خۆی جەڕباندبێ و لێی ورد بووبێتەوە ، دڵی دەگوشرێت .

من زوو ژنم هێنا ، زۆرم دڵ بەوە خۆش بوو کە هاوسەرەکەم کەسێکی میهرەبان و هاومجێزی خۆمە . کە زانی زۆر دڵبەندی گیانلەبەرانی ماڵیم ، هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەتبا باشترین و جوانترین و کەویترین حەیوانی ماڵی بۆ دەکڕم و پەیدا دەکرد . بەمجۆرە بووین بە خاوەنی چەند باڵندەیەک ، ماسییەکی زێڕین ، سەگێکی رەسەن و جوان ، چەند کەروێشکێک ، مەیموونێکی چکۆڵە و پشیلەیەک . پشیلەکەمان زۆر گەورە بوو ، تا بلێی جوان بوو، ڕەشێکی بێ نیشان ، زۆریش وریاو زرینگ بوو . هاوسەرەکەم کە هیچ شوێنەوارێکی باوەڕێن خورافی لە زەین و هزرینیدا بەدی نەدەکرا ، کاتێ کە باسی زیرەکی پشیلەکەی دەکرد ، ئاماژەی بۆ ئەو حیکایەت و نەقڵ و نەزیلە فولکلوریانە دەکرد کە گوایە پێیان وایە پشیلەی رەش ، خەڵکی سیحربازن و چوونەتە کڵێشەی پشیلەوە ، خەڵکانێکن خۆیان بەو شێوەیە گۆڕیوە . هەڵبەتە ئەو قسانەشی بە جددی نەبوون . کە منیش ئێستا بە شێوەیەکی ڕەوتەنی باسی دەکەم ، تەنیا لە بەر ئەوەیە ئێستا و کوت و پڕ بە بیرم هاتەوە ، دەنا قەت پێشتر ئەمەم بە بیردا نەهاتووە .

ئیدی پلوتۆ- ناوی پشیلەکە پلوتۆ بوو- بوو بە هاوڕێ و هاودەمی هەرە نزیکی من ، بە دەستی خۆم خواردنم دەدایە ، چۆن لە ماڵەکەدا دەجولام شوێنم دەکەوت ، بە هیچ جۆرێ لێم نەدەبووەوە . بگرە زۆر بەزەحمەت دەمتوانی نەیەڵم بۆ جادە و شەقامانیش دووم بکەوێ .

دۆستایەتییەکەمان چەندین ساڵ بەو جۆرە بەردەوام بوو ، بەرە بەرە و بە درێژایی ئەو ساڵانە و بە هۆی ئالوودەبوون بە مەوادێن هۆشبەر ، مجێزم شێواو رەفتارم خراپ بوو- ( کە دان بەوەدا دەنەم لە شەرمەزاریدا سوور دەبمەوە)- رۆژ بە رۆژ پتر گۆشەگیر ، تۆرینۆک ، دڵناسک دەبووم و هەڵدەچووم و گاڵتەم بە هەستی خەڵکانی دی دەهات و گوێم بە کەس نەدەدا . کار گەییە ئەوەی   بە داخەوە ڕێ بە خۆم بدەم قسەی زبرو ناخۆش بە هاوسەرەکەم بلێم . تەنانەت لە ئەنجامدا کارگەییە ئەوەی لێی بدەم و عەزابی جەستەیی بدەم . هەڵبەتە حەیوانە داماوەکانیشم هەستیان بەم مجێزە گۆڕکێیەی من کرد . ئیدی هەر بەوەندەوە نەدەوەستام فەرامۆشیان بکەم و گوێیان نەدەمێ ، بەڵکو رەفتاری زبریشم لە گەڵ دەکردن ، لێم دەدان . کەچی بەم حاڵەشەوە هێشتا پلوتۆم لە بەرچاو نەکەوتبوو ، دڵم نە دەهات ئەزیەتی بدەم و زبری بەرانبەر بنوێنم . ئیدی هیچ سۆزێکم دەرهەق بە کەروێشکەکان ، مەیموونەکان و، سەگەکەمان نەما . خۆ ئەگەر لە رووی خۆشەویستییەوە ، یان بە رێکەوت بهاتبانە بەر پێم و بکەوتنا روپامایی ، خوام نەدەما . دەبووم بە یەکپارچە ڕق و کینە ، لە ڕق و کینە پڕ دەبووم – ڕق ئەمما رق ، چ ڕقێک دەگاتە ڕق و کینەی کاتی مەستی و خواردن و خواردنەوەی مەستەمەنی؟- ئیدی بە درێژایی رۆژگار تەنانەت پلوتۆ ش کە پیر بوو بوو و لەو سۆنگەیەشەوە هەندێ سەر سەخت و توندە تەبیعەت بوو بوو ، لە شەڕی مجێزی نەخۆشی من نەخەلەسی.

شەوێک ، لە کاتێکا لە مەستیدا لالا مووم دەکرد ، لە پاتۆقی شەوانەمەوە بۆ ماڵ گەڕامەوە ، هەستم کرد پشیلەکە خۆیم لێدەدزێتەوە ، پڕم دایەوە گرتم ، لە ترسی گیانی خۆی گازێکی لە دەستم گرت و بە ئاستەمێک بریندارى کرد ، غەزەبێکی ئەهریمەنی سەراپای داگرتم ، ئاگام لە خۆ نەما ، لەوە دەچوو روحی ئینسانم لە بەدەنا نەمابێ ، لە شەقەی باڵی دابێ رۆیی بێ . بە هۆی زێدەڕۆیی لە بادەنۆشی و شەرابخۆرییەوە ، کینەیەکی ئەهریمەنی سەراپای تانوپۆی بوونی تەنیم . پڕ بووم لە رق و کینە . قەڵەمبڕێکم لە بەرکی چاکەتەکەم دەرهێنا ، کردمەوە ، ملی ئەو حەیوانە بەسەزمانەم گرت و لە پڕ چاوێکم دەرهێنا ! کە ئەم ستەم کارییە دۆزەخییەی خۆم بە نووسین دەسپێرم ، تەریق دەبمەوە ، سوور هەڵدەگەڕێم ، گڕ دەگرم ، دەلەرزم .

بەیانی کە لە خەو هەستام و مەستی بەری دام و بە هۆی ئەو ستەمکارییەی شەوێی خۆمەوە هەستم بە پەشیمانی کرد ، نەفرەتم لە خۆم دەکرد ، بەڵام ئەم هەستی پەشیمانی و بێزارییە زۆر گۆنگ و لاواز بوو ، ناخی نەتەزاندم ، تەمێ خواردووی نەکردم . دیسان سەرم کردەوە مەی و لە جاران زیاتر کەوتمەوە مەینۆشی و خواردنەوە ، پێک لە سەر پێکم هەڵدەداو زوو بە زوو ئەو تاوانەم فەرامۆش کرد و لە بیرچووەوە.

پشیلەکە بەرە بەرە چاک دەبووەوە ، هەرچەندە دیمەنی چاوە دەرهاتووەکەی زۆر ترسناک بوو ، بەڵام پێنەدەچوو ئازارێکی زۆر بچێژێت . وەکو جاران کەوتە سوڕانەوە بە ماڵەکەدا ، بەڵام چاو ترسێن بوو بوو ، لە من دەسڵەمییەوەو بە ترسێکی زۆرەوە خۆی لێم دووردەگرت . لە ناخی دڵمدا ، زۆرم خەم بەوە دەخوارد کە ئەم بوونەوەرەی جاران لە هەموو کەسێکی خۆشتر دەویستم ، ئەمێستا بەو زەقییە لێم هەڵدەهات و بەو کارەی هەستی بریندار دەکردم . بەڵام ئەم هەستەش زوو بە زوو لە خەمەوە گۆڕا بۆ رق و کینە و ئەنجام گیانی کەچڕەوی خستمیە سەر ڕێگەی هەڵدێر و کەوتنی یەکجارەکی و بێ هەستانەوە . ئەم ئەقڵیەت و گیانی کەچڕەوییەی کە فەلسەفە هیچ سەنگێکی بۆ دانانێت ، یان قەپانی فەلسەفە نایخوێنێتەوە . من باوەڕم وایە کە تاوان و تاوانکاری ، یەکێکە لە غەریزە سەرەکییەکانی بەشەر ، ڕەگی لە خوێنی بەشەردایە ، یەکێکە لەو غەریزە سەرەکیانەی کە رەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکات . کێ لە ئێمە دەیان جار خووی بە تاوانێکەوە یان حەماقەتێکەوە نەگرتووە ، کە ئەو تاوان یان حەماقەتەی تەنیا لەبەر ئەوە کردووە چونکە حەرامە ؟ باشە ئێمە لە هەڕەتی هۆشنی خۆماندا ، هەوڵمان نەداوە یاسا و قانون پێشێل بکەین ؟ یاساو قانونێک کە خۆمان قەبووڵمان کردووە و دانمان بە شەرعیەتیدا ناوە ؟ من ئەم گیانی کەچخوازییە ، ئەم ئەقڵیەتی تاوانخوازییە بە هۆی کەچڕەوی یەکجارەکی خۆم دەزانم . ئیدی ئەمە ئارەزوویەکی پەنهانی نەفسە بۆ رکابەری خۆی – بۆ وێرانکردنی تەبیعەتی خۆی- بۆ تاوانکردن لە پێناوی تاواندا ، ئەم ئارەزووە بێ بنەی کە کەس ناگاتە بنج و بناوانی ، هانیدام درێژە بە ئازاردانی ئەو حەیوانە بەسەزمان و بێ دەسەڵاتە بدەم و لە ئەنجامدا بیکوژم . شەڕخوازی ، تینوویەتی بێ پایانی روحە بۆ خود ئازاری .

بەرە بەیانی رۆژێک ، بەوپەڕی خوێنساردی و بێ هیچ دوو دڵییەک ، پەتێکم لەملی کرد و بە لقی درەختێکەوەم هەڵواسی... بە دەم خەنەقاندی ئەوەوە فرمێسک وەکو بارانی بوهار بە چاوانمدا دەهاتنە خوارێ ، تاڵترین هەستی پەشیمانی لە دڵمدا بڵێسەی دەسەند . لە سێدارەم داو سوور دەمزانی کە لەوە پێش خۆشی ویستووم . لە سێدارەم داو دەمزانی هیچ کارێکی نەکردووە کە تورەم بکات ، لە سێدارەم داو سوور دەمزانی بەو کارە گوناحێکی گەورە دەکەم ، گوناحێکی کوشندەی لە بەخشین نەهاتووی ئەوتۆ کە روحی نەمرم بە هەلاکەتی

ئەبەدی دەگەیەنێ ، روحم بۆ هەمیشە ریسوا دەکات . گوناهێکی ئەوەندە خەیاڵی و سەیر ، کە بەخششی بێ پایانی خوداش – ئەگەر لەگین بێ – نەیگرێتەوە.

هەمان شەوی ئەم تاوانە دزێوە ، لە هاواری "ئاگر" لە خەو ڕاپەڕیم . ئاگر گەیی بووە پەردەی تەختە بەندەکەم و هەموو ماڵەکە نێڵە نێڵ دەسووتا . منو هاوسەرەکەم و خزمەتکارەکەمان زۆر بەزەحمەت خۆمان دەربازکرد . ئیدی ماڵەکەمان بە تەواوەتی وێران بوو بوو . هەرچیم لەم دنیایەدا هەبوو، بوو بە خۆراکی ئاگر ، ئیدی لەو کاتەوە لە نائومێدیدا نقووم بووم . ئەگەرچی بەو رادەیە لاواز و بێدەسەلات نەبوم هەوڵی ئەوە بدەم پەیوەندییەک لە نێوان تاوانە دزێوەکەی خۆم و ئەم کارەساتەدا بدۆزمەوە کە بەسەرم هاتبوو ، بەڵام ناشتوانم چاوپۆشی لەو زنجیرە رووداوەی دوای ئەوەش بکەم – هیوادارم هیچ ئەڵقەیەکی ئەو زنجیرە رووداوە فەرامۆش نەکەم- رۆژێ دوای ئاگرەکە چووم بۆ سەیری دارو پەردووی ماڵەکەم . جگە لە یەک دیوار ئیدی گشت دیوارەکانی دیکە روخا بوون ، ئەو دیوارەی بە پێوە مابوو . دیوارێکی ئەستوور نەبوو ، چونکە دیواری بەینی هۆدەکان بووو رێک کەوتبووە ناوەندی ماڵەکەوە . سەری سیسەمەکەی من رێک بە پاڵ ئەو دیوارەوە بوو . بۆیەو گەچکارییەکەی ئەم دیوارە خۆی لە بەر ئاگرەکە گرتبوو – لە دڵی خۆدا هۆی ئەمەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە تازە گەچکاری کرابووەوە . ئاپۆڕایەکی زۆر لەبەردەم ئەم دیوارەدا وەستابوون و هەندێکیان زۆر بە دیقەت و سەرنجەوە تەمەشای گۆشەیەکی دیوارەکەیان دەکرد و بەدەم تەمەشاوە سەرسامی خۆیان دەردەبڕی و دەیانگوت "سەیرە!" "ماقول نییە!" "ناچێتە ئەقڵەوە !" ئەم مقۆ مقۆیە جوڵاندمی ، خۆم گەیاندە نزیکی دیوارەکە ، وێنەیەکی بەرجەستە لە دیوارەکە کە هێشتا سپی بوو ، هەڵکەندرابوو . وینەی پشیلەیەکی زۆر زەلام بوو ، هێندە بە دیقەت و ڕوونی هەڵکەندرابوو پیاو سەری سوڕدەما ، باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد . پشیلەکە بە پەتێکی درێژ بەسێدارەیەکەوە هەڵواسرا بوو .

کە یەکەمجار چاوم بەم تاپۆیە کەوت – هەڵبەتە لە تاپۆیەک زیاتر نەبوو- لە جێی خۆم چەقیم . بۆ ساتێک سەرسامی و ترس سەراپای داگرتم . بەڵام هەر زوو بە کۆمەکی لێکدانەوەی لۆجیکی ، خۆم رزگار کرد . من ئەوەندەی بیرم بێ ، پشیلەکەم لە باخێکی تەنیشتی ماڵەکەمان بە دارێکەوە هەڵواسی بوو ، دیارە کە لە کاتی ئاگر کەوتنەوەکەدا هاواری کۆمەک بەرز بووەتەوە ، یەکسەر باخەکە پڕ بووە لە خەڵکی . بێگومان یەکێک لە دارەکەی کردووەتەوەو لە پەنجەرەکەوە تورِی داوەتە ناو ژوورەکەی من ، لەوەیە بەو مەبەستە ئەو کارەی کردبێت کە من لە خەو بێدار بکاتەوە . دیارە دەبێ پشیلەکە ، قوربانیەکەی دڕندەکارییەکەی من ، بەدەم هەڵدانەوە ، لەو کاتەدا کە دیوارەکەی تری ژوورەکە لە حاڵی روخاندا بووە ، کەوتووەتە بەینی دیوارە روخاوەکە و دیوارە ساغە تازە بۆیەو گەچکاری کراوەکە و ئیدی پێکهاتەی گەچە تازەکە و ئامونیاکی جەستەی پشیلەکە و گەرمای ئاگرەکە تێکەڵبوون و ئەو وێنە و رەسمەیان لێکەوتووەتەوە .

هەرچەندە من ئەم لێکدانەوە و بیانووە سادەیەم بۆ ئەوە هێنایەوە تا ئەقڵی خۆم – ئەگەر نەڵێم ویژدانی خۆم – ئاسوودەبکەم ، بەڵام ئەو دیمەنە غەریبەی باسم کرد ، دەستبەرداری هزر و خەیاڵم نەبوو . ئیدی بە درێژایی چەند مانگێک تاپۆی پشیلەکە بەرۆکی خەیاڵی بەرنەدام و نەدا، لەم ماوەیەدا جۆرە هەست و سۆزێک بۆ ڕوحم گەڕابووەوە ، هەرچەندە لە هەستی پەشیمانی دەچوو ، بەڵام بە ڕاستی پەشیمانی نەبوو. تەنیا جۆرە بۆشاییەک بوو بە هۆی لە دەستدانی پشیلەکەوە دروست بوو بوو ، بۆیە کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی کە پشیلەیەکی دیکەی وەکو ئەوەی خۆم پەیدا بکەم .

شەوێک ، کە مات و مەلول ، لە یەکێک لە فەزاحەتخانە هەمیشەییەکاندا دانیشتبووم ، نها هاتووچۆی ئەم جۆرە شوێنە خراپانەم دەکرد- لە ناکاوا شتێکی ڕەش لە سەر بەرمیلێکی گەورەی جن یان شەراب، سەرنجی ڕاکێشام . ئەو شوێنە یەکپارچە بەرمیلە شەراب بوو . ماوەیەکی زۆر حایر و سەرسام چاوم بڕییە سەر بەرمیلەکە. هێشتا بە تەواوەتی شتە ڕەشەکەی سەر بەرمیلەکەم بۆ دەرنەکەوتبوو ، لێی نزیک بوومەوە و دەستم پێیدا هێنا، پشیلەلەیەکی رەش بوو- پشیلەیەکی ڕەشی زۆر گەورە- ڕێک بە قەد پلوتۆ بوو ، لە هەموو شتێکدا لەو دەچوو، تەنیا لە یەک شتدا نەبێت : تاقە موویەکی سپی لە سەرانسەری بەدەنی پلوتۆدا نەبوو ، بەڵام ئەمە خاڵێکی سپی گۆنک بەسەر سینگییەوە بوو . هێشتا بە تەواوەتی نەوازشم نەکردبوو کە لە جێی خۆی هەستا و مرەیەکی کرد و خۆی لە دەستم هەڵسوو . وادیاربوو خۆشحاڵ بوو بەوەی کە رووم داوەتێ و نەوازشم کرد . کەواتە ئەمە ڕێک ئەو شتە بوو کە بۆی دەگەڕام . بۆیە یەکسەر چووم بۆ لای خاوەن ماڵەکە و داوام لێکرد پێم بفرۆشێت ، بەڵام بەرسڤی دامەوە کە نە هی ئەوەو نە هیچی دەربارە دەزانێ و نە قەتیش دیتوویەتی .

جارێکی دی چوومەوە بەلای پشیلەکەوەو کەوتمەوە نەوازشتی . کە خۆم بۆ ڕۆیییشتن سازدا ، دیاربوو دەیویست بە گەڵم بکەوێ و ڕێگەم دا کە دووم بکەوێ . بەدەم ڕێگەوە ناو بەنا و دەوێستام و دەستم بە پشت و سەریدا دێنا و نەوازشتم دەکرد . کە گەییە ماڵەوە ، دەتگوت هاتووەتە ماڵی خۆی و هیچ غەریبییەکی پێوە دیار نەبوو ، یەکسەر بوو بە دۆستی گیانی بە گیانی هاوسەرەکەم .

بەڵام من زۆر زوو، لە ناخی ناخەوە لێی بێزار بووم و ڕقم لێی هەستا . ئەمە ڕێک پێچەوانەی حەز و پێشبینی خۆم بوو . بە خۆیشم نازانم چۆن ئەم حاڵەم بەسەرهات و بۆچی سازگاری و نەرمکێشی پشیلەکە پەست و بێزاری کردم . بەرە بەرە پەستی و بێزاریم زیادی کردو بوو بەڕق و کینەیەکی زەقو تاڵ . یێدی خۆم لێی دەدزییەوە ، لەوە دەچوو شەرمی تاوانە ریسوایی ئامێزەکەی پێشووم ڕێگەم نەدەن ، بەدرەفتاری دەگەڵ بکەم و عەزیەتی جەستەیی بدەم . چەند هەفتەیەک خۆم لە ئازاردانی دوورگرت . بەڵام بەرە بەرە لێی پڕ دەبووم ، ڕقو نەفرەتێکی پەنهان لە ناخی ناخمدا پەنگی دەخواردەوە و بە کرپی و بێدەنگی لێی دوور دەکەوتمەوە ، وەکو چۆن یەکێک خۆی لە هەناسەی کەسێکی تاعوندار دوور دەگرێت بەو ئاوایە لێی دەڕەڤیم .

بێگومان یەکێک لە هۆیەکانی رقم لەم پشیلەیە ئەوەبوو ، کە شەوێ هێنامەوە ، بۆ بەیانییەکەی  بۆم دەرکەوت کە ئەویش وەکو پلوتۆ چاوێکی لە دەستداوە ، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هاوسەرەکەم ، زیاتر بەزەیی پێیدا بێتەوە و پتر نازی هەڵگرێت و ڕووی بداتێ ، چونکە هاوسەرەکەم وەکو گوتم هەست و سۆزی مرۆڤانی یەکپارچە تان و پۆی بوونی تەنی بوو ، کە جاران سەرچاوەی نایابترین لەزەت و شادمانی من بوو ..

تا پتر ڕقم لە پشیلەکە زیاتر دەبوو ، ئەو پتر بە دەورمدا دەهات و خۆی تێهەڵدەسووم ، بە پێ داگرییەکی نامەفهوومەوە ، هەنگاو بە هەنگاو دووم دەکەوت و لێم نەدەبووەوە ، لە هەر شوێنێکدا دانیشتبام ، یان لە ژێر کورسییەکەمدا هەڵدەکوڕما ، یان خۆی دەهاویشتە هەمێزم و بەگەمە قیزەونەکانی نەوازشتی دەکردم ، ئەگەر هەستابام تا پیاسەیەک بکەم ، بە جۆرێ خۆی وەبن پێ و لاقەکانمدا دەکرد و هەندێجار ، نووچم دەداو لەزگ بوو بکەوم . یان نینۆکە درێژ و تیژەکانی لە جلەکانم گیردەکرد و پێمدا هەڵدەگەڕاو خۆی دەگەیاندە سینگ و بەرۆکم . لەم ساتانەدا خۆزیام دەخواست بتوانم مشتێک بدەم بە کەللەیداو یەکسەر بیکوژم . بەڵام هەم یادی تاوانەکەی پێشووم و هەم – با دان بەوەدا بنەم – ترسی لە ڕادەبەدەرم لەم حەیوانە ، ڕێگەی ئەم کارانەیان نەدەدام و دەستم نەدەچووە کوشتنی .

ئەم ترسە ، ترسێکی جەستەیی نەبوو ، گێڕانەوەی ئەمەش زۆرم ئازار دەدات ، ڕەنگە هۆیەکەی شەرم بێ ، شەرم لە ئیعتراف کردن . بەڵێ تەنانەت لە زیندانی تاوانبارانیشدا ، دان نان و ئیعتراف بەوەی کە حەیوانێک ئەو هەموو ترس و نەفرەتەی خستوومەتە دڵەوە کە خۆی لە خۆی دا نیشانەی خەیاڵاتی پووچە و ناچێتە ئەقڵەوە ، زۆر مایەی شەرم و نەنگییە .

هاوسەرەکەم چەندین جار سەرنجی بۆ خاڵە سپیەکەی سەرسینگی ئەم پشیلەیە ڕاکێشا بووم ، یانی بۆ هەمان ئەو نیشانەیەی کە تاقە جیاوازی نێوان ئەم و ئەو پشیلەیە بوو کە کوشتبووم. بێگومان خوێنەر ئەوەی لە یاد ماوە کە ئەم نیشانەیە لە هەوەڵەوە شێوەیەکی گۆنگ و نا ڕوونی هەبوو ، بەڵام بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی کات ، سەرباری ئەوەی زۆرم هەوڵدا بە هەندی نەگرم و بە جۆرە خەیاڵاتێکی بزانم ، بەرجەستە و بەرجەستەتر دەبوو . نهوو بە روونی دەمبینی و بەدیتنی لەرزم لێدەهات . نەفرەت و ترس سەراپای دادەگرتم ، ئەم نیشانەو شێوەیە ئەنگێزەی هەموو نەفرەت و ترسێکم بوو ، خۆزیام دەخواست ، جورئەتم هەبێت و خۆمی لێ رزگار بکەم ، ئێستا لێم بوو بوو بە نموونەی شتێکی قێزەون- شتێکی ترسناک - کە قەنارە بوو! تەحا کە ئامێرێکی نەنگینی ڕیسوایی و تاوان بوو! قەنارەی عەزاب و لەقەفرتێ و مەرگ بوو .!

نها داماوترین بوونەوەری بەشەری بووم ، لە مرۆڤایەتی کەوتبووم ، هۆی ئەم داماویەشم حەیوانێکی ترسناک بوو! کە پێشتر بێباکانە حەیوانێکی دیکەی هاوشێوەیم کوشتبوو. منی مرۆڤی شا جوانی بوونەوەران ، گێرۆدەی بەدبەختیەکی لە تاقەت بەدەر بوو بووم ! مخابن ! سەبرو ئارامم نەمابوو، خۆشی و شادی لە حەوت کێوان ئاودیوو بوو بوون ، بە رێکەوتیش روویان تێنەدەکردم ، نە شەوم شەو بوو، نە ڕۆژم ڕۆژ! بە درێژایی رۆژ، ئەو بوونەوەرە ترسناکە بۆ ساتێک لێم نەدەبووەوە و شەویش کە ڕمووزنی ترسناکی مەرگ دەستبەردارم دەبوو ، بە ترس و لەرزەوە رادەپەڕیم و هەستم بە هەناسەی تەڕو سەنگی قورسی ئەو لە سەر سینەم دەکردا گوشاری دەروونی بە جۆرێ زۆری بۆ هێنام کە خووی خەمین و پاشماوەی ئینسانیەتی خۆشم لە دەست داو نەفرەت و نەگریسی ، بوون بە تاقە ئەندێشەی دەروونیم . ئیدی وام لیهات ڕقم لە هەموو شتێک بوو ، ڕقم لە تێکڕای تیرەی بەشەر بوو ، لە پڕ تورەیی دەیگرتم ، کۆنترۆڵی خۆم لە دەست دەداو دۆو دۆشاوم تێکەڵ دەکرد . کوێرانە ڕادەستی دەبووم ، مخابن لە هاوسەرەکەشم ، تاقە شەریکی هەموو ئازارەکانم ، تورە دەبووم ، کەچی بەو حاڵەشەوە هەرگیز گلەیی نەدەکرد ، بە سەبرێکی لە ڕادەبەدەر ، تەحەمولی ستەمەکانی ، کە رۆژ لە دووی رۆژ لە زیایدا بوو، دەکردم . کە سەبرو بەردەباری لە تاقەت بەدەری ئەوم دەبینی ، روحی سەرکێشم گرفتاری تورەییەکی تۆفانزا دەبوو .

رۆژێک بۆ کارێکی رۆژانە ، بۆ ژێر خانی بینا کۆنەکە ، کە نەداری ناچاری کردبووین لەوێندەر ئاکنجی ببین و بژین ، چوومە خوارەوە . ژنەکەم و پشیلە ڕەشەکەش لەگەڵمدا هاتن . لە کاتێکا بە قاڵدرمە ڕکەکاندا دادەگەڕاین ، پشیلەکە وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی ، بە بەردەممانداو بە نێو لاقی مندا دەهات و دەچوو ، لە پڕ بەجۆرێ خۆی دایە بەرپێم لەزگ بوو لە قاڵدرمەکانەوە بەسەر سەرا بکەوم و لە حەوت شوێنەوە ملم بشکێ . تورەییەکی شێتانە سەراپای گرتم . دەستم دایە پاچێک و ترسە منداڵانەکەی خۆم ، کە تا ئێستا ڕای گرتبووم ، فەرامۆش کردو بۆی چووم ، دەستم هەڵێنا کە رێک بیکێشم بە تەپڵی سەریداو حەیاتی لەبەر ببڕم ، بەڵام بەر لەوەی پاچەکە داوەشێنم ، ژنەکەم دەستی دایە بەر دەستم ، ئەم هەڵوێستەی ئەو هێزێکی ئەهریمەنانەی بە شێتایەتیەکەی من بەخشی ، بە جارێ دەهری کردم ، بە توندی بازووی خۆم لە دەستی دەرهێنا ، پاچەکەم

خشت لە سەریا ختم کرد ، بێ کەمترین ناڵە پەلەخوار بووەوەو دەم و دەست گیانی دەرچوو. دوای ئەم تاوانە دزێوە ، یەکسەر دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لەوەی کە جەنازەکە وەشێرم . دەمزانی شاردنەوەی ئەم جەنازەیە لە دەرێی ماڵەکەدا چ بە رۆژ و چ بەشەو زۆر ئەستەمە ، لەوەیە دراوسێکان پێی بزانن . زۆر نەخشە و پلانم بە خەیاڵ و مێشکدا هات . بیرم لەوە کردەوە کە جەنازەکە پارچە پارچە بکەم و لە ئاگرا بی سووتێنم و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە . ئەوجا بیرم لەوە کردەوە هەر لە ژێر خانەکەدا چاڵێکی بۆ هەڵکەنم و لەوێندەر بینێژم . دوای تۆزێ بیرم لەوە کردەوە کە بیخەمە بیری ناو حەوشەکەوە . دواتر بیرم لەوە کردەوە کە جەنازەکە وەکو کەلوپەلان لە سەندوقێک بنەم و حەماڵێک بانگبکەم لە ماڵی بباتە دەرێ . ئەنجام گەییمە باشترین چارە تا لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە . لێبڕام وەکو چۆن کەشیشانی سەدەکانی ناڤین قوربانییەکانی خۆیان دەخستە توێی دیوارانەوە ، بەو ئاوایە بیخەمە توێی دیواری ژێر زەمینەکە و بیشارمەوە .

ژێر زەمینەکە زۆر لە بار بوو بۆ ئەم کارە ، دەتگوت بۆ ئەم جۆرە کارە دروستکراوە . بینای دیوارەکە بتەو نەبوو زۆر جەڵەبی دروستکرا بوو ، تازە سپی کرا بووەوەو رتوبەت نەی هێشتبوو بە تەواوەتی وشک ببێتەوە. سەرباری ئەوەش کەلێن لە دیوارەکەدا هەبوو کە لە شێوەی موغەیری و دووکەڵکێش ئەو کەلێنە پڕکرابووەوەو دەگەڵ دیوارەکەدا رێکخرا بوو ، دڵنیا بووم کە دەتوانم خشتەکانی ئەم کەلێنە دەربێنم و جەنازەکە بخەمە ناو ئەم کەلێنە و دووبارە خشتەکان وەکو جاران دابنەمەوە ، بەبێ ئەوەی هیچ چاوێک هەستی پێ بکات و کەمترین گومانی بکەوێتە سەر .

نەخشەکەم باش بوو. دەستم دایە لۆسەیەک (باری) و خشتەکانم یەک یەک و بە ئاسانی دەرهێنا ، جەنازەکەم بە پێوە خستە ناو دیوارەکە ، رێک ڕامگرت تا بەو دەقەوە بوەستێ ، زۆر بە وردی هەوڵم دەدا هەموو شتەکان وەکو جاران لە جێی خۆ دابنەمەوە ، بۆرەک و قسڵ و گەچم هێنا ، زۆر بە وردی گرتمەوە ، خشتەکانم وەکو خۆی دانانەوە ، ئەوجا ماوەیەک هەوڵم دا تا گەچێک بە هەمان رەنگی گەچەکەی پێشوو ئامادە بکەم . گەچم ئامادە کرد ، دیوارەکەم بە جۆرێ سواغ دا کە بە موو لە سواغەکەی پێشوو جیا نەدەکرایەوە . ئەنجامی کارەکەم بە دڵ بوو. دیوارەکە بچووکترین شوێنەواری دەستکاری پێوە نەدەبینرا . زۆر بە دیقەت ئەرزەکەم پاک کردەوەو نیگایەکی سەرکەوتووانەی دەوروبەری خۆم کرد و لە دڵی خۆدا گوتم : "هەوڵەکەم بە فیڕۆ نەچوو." ئەوسا بەپەلە کەوتمە سۆراخی ئەو حەیوانەی کە بوو بووە بایسی ئەم کارەساتە ترسناکە . بڕیارم دابوو ئەویش بکوژم ، ئەگەر لەو دەمەدا بەردەستم کەوتبا ، بێگومان بەزندوویەتی لە دەستم دەرنەدەچوو، بەڵام پێدەچوو ئەو حەیوانە زیرەکە هەستی بەتوڕەییەکەی من کردبێت و خۆی شاردبێتەوەو نەیویستبێ خۆی بخاتە بەر شەپۆلی بێ پایانی مجێزی توڕەی من . ئیدی پشیلەی تاین بوو بە قەترەیە ئاو و چوو بە ناخی زەویدا . دیار نەبوونی ئەو بوونەوەرە قێزەونە ئارامی و ئاسوودەییەکی هێندە قووڵی بە روحم بەخشی کە لە وەسفکردن نایەت ، مەحاڵە بتوانم وەسفی بکەم . ئەو شەوە دەرنەکەوت . ئیدی لەوەتای ئەو هاتبووە ئەم ماڵە ، ئەمە یەکەم شەوم بوو کە بە ئاسوودەیی تا بەیانی بخەوم . بەڵێ سەرباری قورسی باری تاوانەکە بەسەر روحمەوە ، تێر تێر خەوتم . رۆژی دووەم و سێیەمیش بورین و هیچ خەبەرو هەواڵێک لە جەلادەکەی عەزابی روحی منەوە نەبوو. ئیدی سەر لە نوێ هەناسەی ئۆخەی و ئازادیم هەڵکێشا ، ئیدی ئەو ئەهریمەنە دووچاری ترس بوو بوو و بە یەکجارەکی رۆیی بوو! ئیدی چاوم لە چاوی دەبڕاو جارێکی دی نەم دەبینییەوە! ئەمەم زۆر لە گیان خۆش بوو! باری تاوانە رەشەکەم بەرە بەرە لە سەر شانم سووک دەبوو و خەوی نەدەزڕاندم . هەندێ لێکۆڵینەوەی سەرەتایی کران و کۆمەڵێک وەڵامی ئامادە و کلێشەییم دایەوەو ئەنجامەکان دڵخۆشکەرە بوون . نەخێر فەرمانی

پشکنینی ماڵەکە دەرچوو. بەڵام هیچ شتێک کەشف نەبوو ، بۆم دەرکەوت کە هیچ خەتەرێک لە سەر شادمانی ئایندەم نییە .

لە رۆژی چوارەمی پاش تاوانەکەدا ، مەفرەزەیەکی پۆلیس ، لە ناکاوداو ، بێئەوەی چاوەڕوان بم ، خۆیان بە ماڵەکەدا کرد و بە وردی کەوتنە پشکنین و پرس و جۆ ، بەڵام من چونکە لە شاردنەوەی جەنازەکە دڵنیا بووم . نە خۆم شێلو کردو نە هەستم بە هیچ نیگەرانییەک کرد . لەسەر داوای ئەفسەری پۆلیس دەگەڵیاندا چووم بۆ ژێر زەمینەکە ، هیچ خۆم شێلو نەکرد . دڵم زۆر بە ئارامی ، وەکو دڵی کەسێکی بێتاوانی بێگەر لێیدەدا . بە درێژایی ماوەی پشکنین و تەحەڕییەکە دەستم لە سەر سینگم تێک ئاڵاندبوون و بێخەم و خەیاڵ ، بە ژێر خانەکەدا دەهاتم و دەچووم . پۆلیسەکان بە ئەنجامی پشکنینەکەی خۆیان خۆشحاڵ بوون و، خۆیان بۆ رۆییشتن ئامادە دەکرد ، ئەوەندە دڵم خۆشبوو کە نەمدەتوانی شادمانییەکەم وەشێرم . هەر دەبوایە بە بۆنەی ئەو سەرکەتنەوەو بۆ ئەوەی زیاتر لە بێتاوانی خۆمیان دڵنیا بکەم قسەیەک بکەم ، شتێک بڵێم . ئەنجام لە کاتێکا کە دەیانویست بە قاڵدرمەکاندا سەر بکەون ، بەخۆم نەوەستام و گوتم:

–بەڕێزینە ، زۆر خۆشحاڵم کە هەموو گومانێکم لەلا سڕینەوە. هیوای سەلامەتیتان بۆ دەخوازم . هیوادارم لەمەو دوا رەفتارتان کەمێ بە نەزاکەت تر بێ ! جا بەڕێزینە حەزدەکەم هەر بەم بۆنەیەوە ئەوەشتان عەرز بکەم کە ئەم ماڵە، ئەم بینایە زۆر مکوم دروست کراوە ...

ئیدی شێت ئاسا و بێباکانە کەوتمە قسان و بێئەوەی بە دروستی بزانم چ دەکەم لە سەری رۆییشتم:

–... بەڕاستی بینایە نە گاڵتە. بە تایبەتی ئەم دیوارانە... دەڕۆن بەڕێزینە ؟ ئەم دیوارانە زۆر مکوم دروست کراون .

رێک لەو کاتەدا ، بە کەش و فشێکی زۆرەوە ، تاتوانیم دار عاساکەی دەستم کێشا بەو شوێنەدا کە جەنازەی هاوسەرەکەم تیا شاردبووەوە .

ئاە! خواوەند! لە چنگی ئەهریەنم رزگاربکات! هێشتا دەنگدانەوەی جەزرەبەی دارعاساکە بە تەواوەتی نەنیشتبووەوە کە دەنگێک لە دیوارەکەوە هاتە گوێ . لە هەوەڵەوە ناڵەیەکی گۆنگی پچڕ پچڕ بوو ، لە گریانی منداڵ دەچوو ، بەڵام دەنگەکە زوو بە زوو بەرزتربووەوە ، نەخێر بوو بە دەنگێکی گەورەی دوورو درێژی غەریب و نامرۆڤانی و ناساز ، بوو بە لورە – لورێک کە رەگی هەم لە ترس و هەم لە سەرکەوتندا بوو ، لورەیەک وەکو ئەوەی لە بنەبانی دۆزەخەوە بێت ، هەم هاواری دۆزەخییانی نەفرەت لێکراوی جەرگەی ئاگری عەزاب بێت و هەم هاواری ئەهریمەنانی خۆشحاڵ بە عەزابی هەتا هەتایی.

ئەوپەڕی گەوجیەتیە کە باسی ئەو بیرانەتان بۆ بکەم کە لەو کاتەدا ، لە مێشکمدا گێژیان دەخوارد و پێکیاندا دەدا... خەریک بوو لە خۆ دەچووم ، لەترێکم داو خۆم بە دیوارەکەی بەرانبەر گرتەوە... مەفرەزە پۆلیسەکە هایم و حەیران ، تۆقیوو ترساو ، لە سەر قالدرمەکە رەق ڕاوەستان ، دوای تۆزێک ، باسکی پۆلاینیان لێ هەڵماڵی و کەوتنە روخاندنی دیوارەکە ، ئەو بەشەی کە تازە کرابووەوە ، بە یەک کەڕەت داڕوخاو. جەنازەکە تەواو شێوا بوو، خوێنی وشکەوە بوو سەراپای داپۆشی بوو . بەرزە پێ ڕاوەستا بوو ، پشیلە رەشە بەد نیهادەکە بە دەمی خڵتانی خوێن و تاقە چاوە ئاگرینەکەیەوە لە سەر سەری هەڵتووتا بوو . ئەو پشیلەیەی کە بە کردەوەکانی خۆی

ئەو تاوانەی پێکردم و ئەوجا لورەو میاوە میاوەکەی ڕادەستی جەلادی کردم، گەیاندمیە پای قەنارە . تومەز پشیلەکەشم لە ناو دیوارەکەدا شارد بووەوە .

سەرچاوە:

*- ادغار الن بو / القط الاسود وقصص اخری/ ترجمە خالدە سعید/ 2011/ دار التکوین للتألیف والترجمە والنشر.

*- داستانهای شگفت انگیز/ ادگار الن پو/ ترجمەی محمود سلطانیە/ چاپی اول: 1388/ انتشارات جامی

## ٣- سێبەر

ئێوە کە دەم خوێننەوە ، هێشتا دەنێو زیندووانداان ، لێ منی نووسەر ، لەمێژە چوومە بۆ وڵاتی سێبەران . بە ڕاستی شتی سەیر روو دەدات . نهێنی فرە کەشف دەبێت . سەدان ساڵ تێدەپەڕێت بێئەوەی خەڵکی ئەم بیرەوەریانە بدینن . کاتێکیش کە دەیبینن . هەندێکیان باوەڕی پێناکەن . هەندێکی دی گوماندەکەن ، خەڵکێکی زۆر کەم بە کەرەستەیەکی دەزانن بۆ تێفکرین و ڕامان لەو پیتانەی بە قەڵەمێکی ئاسن لە سەر ئەم تابلۆیانەی دەنەخشێنم و هەڵیدەکەنم .

ساڵەکەی، ساڵی ترس بوو، ئاوس بوو بە هەستی توندو تیژتر لە ترس ، ترسێک کە لەسەر زەمیندا چ نێوێکی نییە . گەلەک نیشانە و پەرجویان رویان دا ، تاعون ، باڵی رەشی بە فراوانی بەسەر دەریاو زەمیندا کێشا بوو. لێ ئەستێرەناسان غافڵ نەبوون لەوەی کە ئاسمانان ئەو دەمانە نیشانەی کلۆڵی بوون . هەروەها بۆ من و ئەنوسی گریکیش روون و ئاشکرا بوو کە ئێمە نزیک دەبینەوە لە گەڕانەوەی ساڵی نەوەدو چواری پاش حەوت سەد کە هەستارەی ژوپیتەر "موشتەری" لە گەڵ بازنەی سووری هەستارەی کەیوانی "زوحەل" ترسناکدا یەک دەگرێ . روحی تایبەتی ئاسمانان دەسەڵاتی خۆی ، ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ، نەک تەنێ بەسەر گۆی زەویدا، بەڵکو بەسەر دڵ و دەروون و بیرو بیرکردنەوەی بەشەریشدا دەنواند.

شەوێکیان، حەوت کەس دەنێو کۆشکێکی شکۆدارا لە شارێکی تاریدا بە نێوی "بتولیمائیس" لە دەوری چەند قاپە مەیەکی ئەرخەوانی لە دورگەی کیو رۆنیشتبووین . ژوورەکەمان چ دەروازەیەکی نەبوو جگە لە دەرگایەکی بەرزی مس . دەرگاکە دەستکردی کورینوس بوو ، لە سەنعەتە دەگمەنەکان بوو و لە ناوەوە دادەخرا . ئەو پەردە رەشانەی کە ئەم ژوورە خەمینەیان دەپاراست ، دیمەنی هەیڤ و ستێرە خەمگینەکان و شەقامە چکۆڵەکانی لە چاو ون نەدەکرین ، لێ یادەوەری تاعون و هەستکردن بە تاعون ، بەو سانابیە دەستبەردار نەدەبوون و

لیمان نەدەڕەوینەوە . زۆر شت لە دەوروبەر و نزیکمان هەبوون ، نەمدەتوانی وەکو پێویست بایەخیان بدەمێ ، شتی مەتریالی و روحی – سەنگینی جەو- هەستکردن بەخەفە بوون ، تەنگاو بوون ، لە سەرووی هەموو شتێکەوە ئەم جۆرە سامناکیەی ژیان ، کە کەسانی توڕەو توندە تەبیعەت پێوەی دەنالێنن ، کاتێ کە هەستەکان و توانا روحییە نووستووە عەبووسەکان بێدار دەبنەوە و زۆر بەتوڕەیی دەژێنەوەو دەبوژێنەوە . قورساییەکی کوشندە دەیهاڕن . بە سەر ئازای ئەندامماندا بڵاودەبووەوە ، بە سەر کەلوپەلی ژوورەکەدا ، بە نێو ئەو پەرداخانەدا کە پێمان دەخواردەوە ، هەموو شتێک لەم شەکەتییەدا گوشراو و بێ هێز بێ ، هەموو شتێک ، تەنیا گڕی حەوت چرا ئاسنینەکە نەبێ کە سەرقاڵی لە رادەبەدەری ئێمەیان بە خواردن و خواردنەوەوە رووناک دەکردەوە . گڕەکە لە شێوەی دەزولەی باریکدا بەرز دەبووەوە و بەو جۆرە رەنگزەرد و بێ جوڵە دەمایەوە . هەر یەکێک لە ئێمەی دەعوەت کراوی دانیشتووی دەوری مێزە ئەبەنووسییەکە ، کە تیشکی چراکان کردبوویان بە ئاوێنە ، تیایدا "لە ئاوینەکەدا" دەیڕوانییە رەنگ زەردی خۆی و پرشنگی مۆنی چاوانی هاوڕێکانی . لە گەڵ ئەوەشدا ، بە شێوازی تایبەتی خۆمان لە قاقای شادیمان دەدا ، کە شێوازێکی هستریانە بوو – گۆرانی شێتانەمان دەچڕی ، زۆرمان دەخواردەوە ، ئەگەرچی ئاڵی شەرابەکە رەنگی خوێنی وەبیر دێنایەوە . کەسی هەشتەمین لە ژوورەکەدا بوو ، زۆئیلوسی لاو بوو . ئەم پیاوە مردبوو ، یەک تەختە راکشێنرا بوو و کفن کرا بوو... مخابن پشکداری کۆڕو بەزمەکانی نەدەکردین ، لێ دەموچاوی کە شەڕ ، گرژی کردبوو چاوەکانی کە مەرگ تەنیا نیوەی ئاگری تاعوونی لێیان تەمراندبوو ، پێدەچوو بایەخ بەو بەزم و شادییەمان بدەن ، بە هەمان ئەندازەی کە مردووان دەتوانن بایەخ بە شادی ئەوانە بدەن کە لە حاڵی مەرگدان ، لێ هەرچەندە من دەگەڵ ئەنووسدا ، هەستم کرد کە چاوانی مردووەکە تێم دەڕوانن ، هەوڵمدا لەو تاڵییە نەگەم کە گوزارشتیان لێدەکرد ، زۆر بە رژدی و لاسارییەوە دەمڕوانییە ناخی ئاوێنە ئەبەنووسییەکە ، بە دەنگێکی بەرزی زوڵاڵ گۆرانییەکانی شاعیری بەندەری تیوس-م دەگوت . لێ گۆرانییەکەم بەرە بەرە وەستا و دەنگەکەی کە دووردەکەوتەوەو لە نێو پەردە دادراوەکاندا بڵاودەبووەوە ، کز بوو و لە ئەنجامدا خەفە بوو . لێ ئا ئەوەتا لە نێو ئەم پەردانەوە کە تێیاندا مرد ، دەنگی گۆرانی دێتەوە ، سێبەرێکی لێڵی ، بێ شێوە و روخسار ، سێبەرێک، لەو سێبەرانەی کە هەیڤ کاتێک نزم بێ ، دەتوانێ بۆ بنیادەمێکی دروست بکات ، لێ ئەمە سێبەری بنیادەم نەبوو ، سێبەری خواوەند نەبوو ، سێبەری هیچ بوونەوەرێکی دیکەی ناسراو نەبوو . ئەنجام ، پاش ئەوەی تۆزێک لە نێو پەردەکاندا ڕاجفری ، بە قیتی و رەق لە سەر دەرگا مسەکە دەرکەوت .

لێ سێبەرەکە ئاڵۆز بوو ، شێوەو روخساری نەبوو ، چ ماناو دەلالەتێکی نەبوو ، هەروەها سێبەری مرۆڤ یان خوا نەبوو ، خواوەندێکی یۆنانی ، یان کلدانی یان هەر خواوەندێکی میسری . سێبەرەکە هێدی و هێمن بە سەر دەرگا گەورەکەوە بوو لە ژێر سەردەرییە کەوانەییەکەوە ، نە دەجوڵایەوە ، نە وشەیەکی لە دەم دەردەچوو ، لێ پتر و پتر دەجەمەدی و بەو شێوەیە دەمایەوە ، دەرگاکە ، درۆم نەکردبێ رێک لە بەرانبەر پێیەکانی زوئیلوسی لاوی مردوودا بوو . لێ ، ئێمەی حەوت هاوڕێ ، نەمانوێرا سەیری سێبەرەکە بکەین کاتێ بینیمان لە نێو پەردەکانەوە دەردەچێت ، کەچی ئێمە چاومان دادەخست و دەمانڕوانییە قوڵایی ئاوێنە ئەبەنووسییەکە . ئەنجام قیروسیام کرد ، منو ئەنوس ، چەند وشەیەکمان بەچپە گوت و ناو و شوێنی سێبەرەکەم پرسی. سێبەرەکە وەڵامی دایەوە :

– من سێبەرم ، لە نزیکی گۆڕستانەکانی بتولیمائیس و نزیکی ئەم دەشتە بۆرە دۆزەخییەی کە دەوری کەناڵی شارونی گلاوی داوە ، دادەنیشم.

ئەوسا ئێمە هەر حەوتمان لە ترساندا هەستاین ، بەدەم لەرزینەوە وەستاین ، هەموو سڵۆک و ترساو ، چونکە تۆنی دەنگی سێبەرەکە ، تۆنی دەنگی یەک کەس نەبوو ، بەڵکو هی حەشاماتێکی خەڵکی بوو ، ئەم دەنگە ، کە لە نێوان بڕگەیەک و بڕگەیەکی دیدا دەگۆڕا ، بە ئاڵۆزییەوە دەڕژایە نێو گوێچکەمان و لاسایی دەنگی ناسراو و ئاشنای هەزاران لەو هاوڕێیانەی دەکردەوە کە مردوون .

## ٤- دڵی ڕاز درکێن

ڕاستە!... من زۆر توونده مجێزم . توورەم.. توورەیەکی زۆر زۆر ترسناک.. هەمیشە هەروابووم و هێشتاش هەروام ، بەڵام بۆ پێم دەڵێن : کە شێتم، بەڵگەتان چییە ؟ نەخۆشی هەستەکانی دەمەزەرد کردووەمەتەوە... بەڵام وێرانی نەکردووە، سست و کولی نەکردووە . هەستی ژنەوایم ( ژنەفتن ) لە هەموو هەستەکانی دیکەم هەستیارتر و تیژتر بووە ، هەموو دەنگێن ئاسمانی و زەمینی دەژنەوم . زۆر شتی دۆزەخیش دەژنەوم ، ئیدی بۆ دەبێ بە شێتم بزانن ؟ دەیسا گوێ ڕادێرن ! تەمەشا بکەن کە چۆن بەوپەڕی ئارامی و ساغڵەمیەوە ، دەتوانم چیرۆکەکەتان لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕمەوە .

خۆیشم نازانم ئەم بیرۆکەیە چۆن لە هەوەڵەوە بەمێشکم دا هات ، مێشکی فەتح کردم ، بەڵام هەرکە سەری هەڵدا و لە مێشکم دا جێگر بوو ، ئیدی شەو و ڕۆژ بەرۆکی بەرنەدەدام . بەهەرحاڵ ئەمەم لا گرینگ و مەبەست نییە، هیچ هەوا و هەوەسێکیشم لەو بارەیەوە نییە . کابرای کالەمێرم خۆشدەویست . هیچ خراپیەکی بۆمن نەبووبوو . هەرگیز سووکایەتی پێنەکردبووم ، هیچ تەماحێکم لەو زێڕ و خشڵانە نەبوو کە هەی بوون ، لام وایە هۆی سەرەکی مەسەلەکە چاوەکانی بوو! بەڵێ ئەوە بوو! چاوی لە چاوی کەرگەز ( سیسارکە کەچەڵە ) دەچوو . چاوێکی شینی کاڵ ، تەنکە پەڵەیەکی بەسەرەوە بوو.

هەرجارێ ئەو چاوە تەمەشای بکردمایە خوێن لە جەستەمدا دەمەیی؛ ئیدی بەرەبەرە ، قۆناغ بە قۆناغ بڕیارم دا، کە ژیانی ئەو کالەمێرە ( پیرەمێرد ) سەلب بکەم و خۆم بۆ هەمیشە لەو چاوە ڕەها بکەم .

با بچینە سەر پرسەکە! ئەنگۆ وا وێنا دەکەن من شێتم ، خۆ شێت فری بەدنیاوە نییە ، لە هیچ حاڵی نابن . خۆزگە دەتانبینیم ، هەنگێ دەتانبینی بە چ بەسیرەت و دیرایەتێکەوە ڕەفتارم دەکرد... بە چ جدیەت و پارێزێکەوە... بە چ نهێنیەکەوە ڕەفتارم دەکرد و دەستم بە ئەنجامدانی نەخشەکەم دەکرد! بە درێژایی ئەو هەفتەیەی بەر لە

تاوانەکە ، بەڕادەیەک دەگەڵ یارۆی پیرەمیردا میهرەبان بووم ، کە هەرگیز شتی وام بەخۆوە نەبینی بوو. هەموو شەوێک ، لە دەوروبەری نیوەشەودا دەسکی دەرگایەکەم با دەدا ، دەمکردەوە! بە هێواشی دەمکردەوە!..پاشان ، کە دەرگاکە بەو ئەندازەیە دەکرایەوە کە سەرمی پێوە بچێت ، مۆمەکە کوژابووەوە ، هەموو شتێک تاریک بوو، تاریکی تاریک، هیچ ڕووناکیەک ، تاریکی شوێنەکەی نەدەرەواندەوە ، ئەوسا سەرم دەبردە ژوورەوە ، ئاە، ئەگەر دەتانبینی بە چ پارێز و کارامەییەک سەرم دەبردە ژوورەوە ، بێگومان پێم پێدەکەنین! بە ئەسپایی سەرم دەجوولاند . زۆر زۆر بە ئەسپایی ، بەڕادەیەک کە یارۆی پیرەمێرد بێدار نەبێتەوە . یەک سەعاتی تەواوم پێدەچوو تا سەرم لە درزی دەرگاکەوە ببەمە ژوورەوە و، بە ڕادەیەک کە بتوانم یارۆی پیرەمێر بە خەوتوویی لە سەر تەختە خەوەکەی ببینم . باشە ، شێت بەو هەموو حیکمەت و پارێزەوە ڕەفتار دەکات ؟ ئەوسا وەختایەک سەرم لە درزی دەرگاکەوە دەبردە ژوورەوە ، بەپارێزەوە سەری مۆمەکەم لادەبرد ، چونکە سەرەکەی جیڕە جیڕی لێوە دەهات . سەرەکەیم بەجۆرێ لادەبرد کە بە ئاستەم ڕووناکییەکی کزی هەست پێنەکراوی مۆمەکە بکەوێتە سەر چاوە کەرگەزییەکەی ئەو . من حەوت شەوی دوور و درێژی یەک لەسەر یەک ، ئەو کارەم کرد... هەموو شەوێک ڕێک لە نیوەشەودا... هەمیشە چاوی نوقابوو ؛ بۆیە مەحاڵ بوو بتوانم نەخشەکەم جێبەجێ بکەم؛ چونکە کابرای پیرەمێر پەستی نەدەکردم ، بەخۆی قەڵس نەدەبووم، ئەوەی قەڵس و بێزاری دەکردم، ئازاری دەدام تەنیا چاوە شەڕانیەکەی بوو ، هیچ کێشەیەکم دەگەڵ خودی پیرەمێردەکەدا نەبوو . هەموو بەیانییەک کە دنیا ڕوناک دەبووەوە ، بە جورئەتەوە بۆ ژوورەکەی دەچووم ، بێهیچ ترس و دوو دڵییەک قسەم دەگەڵی دەکرد ، بەڕاوێژێکی دۆستانە و لە دڵەوە بە ناوی خۆیەوە دەمدواند و لێم دەپرسی کە چۆن شەوی بەسەر بردووە. بۆیە ئەنگۆ دەبینن ، ئەگەر هەست بکات من هەموو شەوێ، ڕێک لە نیوەشەوا ، وەختایەک لە غورابی خەودایە ، تاقیبی دەکەم و تاقی دەکەمەوە ، دەبێ پیرەمێرێکی وریا و دووربین بێ.

لە شەوی هەشتەمین دا، لەکاتی کردنەوەی دەرگاکەدا زۆر لە جاران بەپارێزتر بووم . میلە بچووکەکەی سەعاتەکەی ئەوێندەر زۆر خێراتر لە سەعاتەکەی دەستی من دەجولا . پێشتر، واتە پێش ئەو شەوە هەرگیز هەستم بە ڕادەی توانا و بیرتیژی خۆم نەکردبوو . بەزەحمەت دەمتوانی جڵەوی هەڵچوونی ئەو هەستانە بگرم کە زادەی سەرکەوتنە ، لەم کاتەدا خەیاڵێکم بە مێشکا هات لە دڵی خۆدا گوتم لەوێ ، بەربەرە دەرگاکە دەکەمەوە ، ئەو لە غورابی خەودایە ، تەنانەت بەخەویش ئەوەی وەبیرا نایەت کە من بەتەمای چیم و چ سرێکم لەبن سەردایە . بە دەنگێکی نەوی بە بیرۆکەکە پێکەنیم؛ ڕەنگە کابرا گوێی لە پێکەنینەکەم بووبێ؛ چونکە لەناکاوا و لەسەر تەختە خەوەکە گینگڵێکی دا ، وەکو ئەوەی لە شتێک ترسابێ و بیەوێ بێدار ببێتەوە . ڕەنگە نها وا وێنا بکەن کە من لەو کاتەدا پاشەکشەم کردووە ، بەڵام نا ، ژوورەکە نوقمی تاریکییەکی ئەنگوستە چاو بوو؛ چونکە پەنجەرەکان لە ترسی دز داخرابوون . ئیدی دڵنیابووم کە ناتوانێ کردنەوەی دەرگاکە ببینێت ؛ بۆیە زیاتر دەڵەکم دەدا و پتر دەمکردەوە و زیاتر گوشارم لێدەکرد . سەرم بردە ژوورەوە ، خەریک بوو سەری مۆمەکەم لادەبرد ، پەنجە کەڵەم بەریکەوت و کەوت بە سەرە کانزاییەکەیدا ، یارۆی پیرەمێرد لە جێی خۆی ڕاپەڕی و هاواریکرد: کێیە ؟

بە کپی لە جێی خۆم وەستام و ورتەم لێوەنەهات . بە درێژایی یەک دانە سەعاتی تەواو ، جووڵەم لێبڕا و بچووکترین جووڵەم نەکرد ، بە درێژایی ئەم ماوەیە ، گوێم لە هیچ دەنگێ نەبوو کە نیشانەی ئەوەبێ یارۆی کاڵەمێر سەر لە نوێ خەوتبێتەوە . بەردەوام لە سەر جێگاکەی خۆی بوو ، ڕێک وەکو من کە چۆن بەدرێژایی شەوە درێژە یەک لە دووی یەکەکان ، گوێم لە چرکە چرکی مەرگباری سەعاتە دیوارییەکە دەگرت .

لەو دەمەدا ، گوێم لە سووکە ناڵەیەک بوو ، کە دەمزانی ناڵەیەکی ترس ئامێزی ، کوشندە و مەرگبار بوو؛ بە باشی دەناسرایەوە . ناڵەیەک نەبوو، کە ئازار و خەم بنوێنێ ، نا ، نەخێر!... دەنگێکی کز و خەفە بوو کە لە قووڵایی ڕۆحێکی ترس زەدەوە هەڵدەقوڵا . دەنگەکەم بەباشی دەناسییەوە . زۆر شەو ، لە نیوەشەوا ، کاتێ هەموو دنیا دەخەوێت ، دەنگانی زۆر لە دەروونی منەوە دەردەچێت . لەناخما ڕیشاژۆ دەبێت ، قووڵ دەبێتەوە ، دەنگە ترسناکەکەی دەنگدەداتەوە ، ئیدی ترس حەواسم پەرت دەکات . دووپاتی دەکەمەوە : ئەم دەنگەم باش دەناسی . دەزانم یارۆی پیرەمێرد هەست بەچی دەکات ، هەرچەندە دەمویست بە کامی دڵ پێبکەنم ، بەڵام دڵم بەحاڵی دەسووتا . دەزانم کە پاڵ کەوتبوو ، بەڵام لەوساوە کە لە دەنگی سووکی ژاوەژاوەکە خەبەری بووبووەوە ئیدی خەوی لێنەکەوتبووەوە . لەوساوە ترسی ناخی زیاتر و زیاتر دەبوو. هەوڵی دەدا قەناعەت بەخۆی بکات کە ترسەکەی لە خۆڕاییە ، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو. بەخۆی دەگوت : " هیچ نییە، دەنگی بایەکەیە کە خۆی بە لوولەی سۆپاکەدا دەکات ؛ هیچ نییە ، ڕەنگە مشکێک بێت و بە ژوورەکەدا بسوڕێتەوە . یان لەوەیە ، سیسرکێک بێ و بخوێنێ. " بەڵێ هەوڵیدەدا بەو ئەگەر و گریمانانە ترسەکەی بڕەوێنێتەوە و ورەی خۆی بەرز بکاتەوە ؛ بەڵام هەموو ئەو گریمانە و ئەگەرانە بێ فایدە بوون، قسر و نەزۆک بوون . چونکە ئەهریمەنی مەرگ نزیک دەبووەوە و، لە هەموو لایەکەوە دەوری قوربانیەکەی خۆی دەدا . پیرەمێرد هەرچەندە نە هیچی بینی و نە هیچی ژنەوت ، بەڵام لە سایەی باندۆری ئەم سێبەرە هەست پێنەکراو و شوومەدا توانی هەست بە حوزووری سەری من لە ژوورەکەی خۆیدا بکات . دوای چاوەڕوانی و سەبر و هەدارێکی دوور و درێژ ، هەرچەندە گوێم لە هیچ دەنگێک نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ دووبارە خەوتبێتەوە ، بڕیارم دا ، مۆمەکە بە ئاستەم ڕوناک بکەمەوە تا لە سەرەکەیەوە بەحاڵ دزە بکات ، بەو ئاوایە سەرەکەیم لابرد... هەنگێ کزە ڕوناکییەکی کەم ، زۆر بە پەنهانی ، بەجۆرێ دزەی کرد کە ناتوانن تەسەور بکەن چۆن دزەی کرد... تا ئەنجام وەکو گورزە ڕوناکیەکی لێڵ ، تەنک وەکو داوی جۆڵاتەنە ، وەکو فیشەکێک، لە درزەکەوە داڕژا و کەوتە سەر چاوە کەرگەزییەکە . چاوی کراوە بوو، تەواو کراوە بوو. هەرکە چاوم پێی کەوت ، بە تەواوەتی تووڕە بووم ، تەمەشام کرد ؛ زۆر خویا و ڕوون دیاربوو، ڕەنگێکی شینی کاڵی خەمناکی هەبوو ، شەڕێکی ترسناکی لێدەباری ، ناخی بەنج دەکردم . لە سەراپای بەدەنی پیرەمێردەکەدا تەنیا چاویم دەبینی . چونکە ڕووی گورزە ڕوناکیەکەم تەنیا کردە ئەو شوێنە نەعلەتیە.

پێم نەگوتن ئەوەی ئەنگۆ بە شێتاتی وێنای دەکەن ، جگە لە هەستێکی زیادە هیچی دیکە نییە؟

لەم کاتەدا دەنگێکی گۆنگ ، خەفە و نەوی ، بەڵام گەوجانە و بلەز ، وەکو چرکە چرکی سەعاتێ کە لە قوماشێکی ئەستوورەوە پێچرابێ ، هاتە گوێم . ئەو دەنگەم زۆر بەلاوە ئاشنا بوو.

ئایا دەنگی لێدانی دڵی یارۆی کالەمێر بوو ، ئەمە هێندەی دی تووڕەی کردم ، وەکو چۆن دەنگی تەپڵ ، سەرباز هاندەدا بۆ شەڕ و گیانی دلاوەری و بوێری شەڕی لەلا زیاد دەکات ، بەو ئاوایە تووڕەیی و غەزەبی منی زیاتر هاڕوژاند .

تەنانەت لەو کاتەشدا ، خۆم کۆنترۆڵ کرد و بێ هیچ جووڵەیەک لە جێی خۆم وەستام . زۆر بە هێواشی هەناسەم دەدا. مۆمەکەم بەبێ جووڵە بەدەستەوە گرت . هەوڵمدا گورزە ڕوناکیەکە ڕێک لەسەر چاوی ئەو ڕابگرم . لەو کاتەدا لێدانی دڵم بەجۆرێ زیادی کرد وەکو ئەوە بوو لە قوڵایی دۆزەخەوە بێت . دڵم بەتووندی لێی دەدا و سات بەسات زیاتر دەبوو ، دەم بە دەم بەرزتر دەبووەوە . وادیاربوو ترسی یارۆی پیرەمێر گەیی بووە لوتکەی خۆی ! دەڵێم ترسەکەی ، سات بەسات زیاد و زیاتر دەبوو!. .. نها باش لێم حاڵی بوون یا نا ؟

پێمگوتن من بابایەکی توونده مجێز و تووڕەم ؛ ئیدی ئاوام . نها لەم دوا بەشەی شەودا ، لە جەرگەی بێدەنگیە ترسناکەکەی ئەو ماڵە کۆنەدا ، ئەم ژاوە ژاوە دزێوە هاڕوژاندمی ، ڕادەستی ترسێکی بەترەفی کردووم ، ترسێک کە نایەتە کۆنترۆڵ کردن . وێڕای ئەوەش بۆ چەند خولەکێک خۆم گرت و بە بێدەنگی لە جێی خۆم وەستام. بەڵام لێدانەکەی دڵ ، بەردەوام بڵند و بڵندتر دەبوو . سات بە سات خویاتر دەهاتە گوێ! وام هاتە خەیاڵ کە دڵی دەتەقێت . لەو دەمەدا دڵەڕاوکێیەکی تازە دایگرتم : لەوەیە یەکێک لە دەر ودراوسێکان گوێی لەم دەنگە بێت! ئاخۆ ئەجەلی پیرەمێرد هاتبوو! هاوارێکی دووردرێژم کرد و سەری مۆمەکەم لابرد و بە هەشتاو خۆم بە ژوورا کرد . پیرەمێرد هاوارێکی کرد ، تەنیا یەک هاوار. لە چاوتروکانێکا ، ڕامکێشایە سەر ئەرزەکە ، تەختەخەوە قورسەکەم بەسەریا قڵپ کردەوە . ئەوسا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ، بزەیەکم هاتێ ، چونکە کارەکەی خۆم زۆر بەباشی و بەخێرایی ئەنجام دابوو ، بەڵام دڵی وی بۆ چەند خولەکێکی دوور و درێژ لە لێدانی خۆی بەردەوام بوو ، بە دەنگێکی خەفە لێی دەدا . وێڕای ئەوەش ئەم مەسەلەیە بێزاری نەکردم ، عەزابی نەدەدام ؛ دەنگەکە لەودیوی دیوارەکانەوە نەدەهاتە بیستن . ئەنجام لێدانەکە وەستا . کابرای کالەمێر مرد . تەختە خەوەکەم لابرد و تەمەشای کابرام کرد ، وشک بووبوو ، وەکو بەرد ڕەق بووبوو ، مرد و بڕایەوە . دەستم نایە سەر دڵی و چەند خولەکێک بەو دەقەوە ڕامگرت . هەستم بە هیچ نەبزێک نەکرد . وەکو بەرد ڕەق بووبوو، ئیدی چاوی عەزابی نەدەدام ، تەواو لە کۆڵم بووەوە .

بۆ شاردنەوەی جەنازەکە ، چەند هەنگاوێکی بەپارێز و ئاقڵانەم نا ، ئەگەر تا ئێستاش بە شێتم دەزانن ، دوای ئەوەی ئیجرائاتی شاردنەوەی جەنازەکەتان بۆ شرۆڤە دەکەم ، بێگومان بەبیرکردنەوەی خۆتانا دەچنەوە . شەو بەرەو کۆتایی دەچوو، بەپەلە کەوتمە کارکردن . بەرلە هەموو شتێک جەنازەکەم پارچە پارچە کرد ، سەریم بڕی ، پاشان دەستەکانی و دواتر لاقەکانیم بڕی . ئەوسا سێ تەختەی زەمینەی ژوورەکەم هەڵکەند و جەنازەکەم خستە ژێر تەختەکانەوە ، ئەوسا تەختەدارەکانم وەکو جاری جاران لە جێی خۆی دانایەوە ، هێندە بەڕێ و جێ و وەستایانە و تەڕدەستی و زیرەکانە دامنانەوە کە هیچ چاوێک ، چاوی هیچ بەشەرێک ، تەنانەت چاوی ئەویش هەست بە هیچ شتێکی نائاسایی ناکات . هیچ شتێک پێویستی بە پاک کردنەوە نەبوو ، نە پەڵەیەک لە ئارادا بوو نە دڵۆپە خوێنێ . بەوردی بیرم لەمە کردبووەوە ، تەشتێکی جلشۆری هەموو شتێکی لە کۆڵ کردبووەوە! ها! ها!

وەختایەک لەو کارانە بوومەوە ، میلی سەعات چواری بەیانی نیشان دەدا ، بەڵام دنیا هێشتا وەکو نیوەشەو تاریک بوو. وەختێک زەنگی سەعاتەکە لێی دا ، دەنگی دەرگای کۆڵان هات ، بەکاوەخۆ بەبێخەم و خەیاڵ چووم تا دەرگاکە بکەمەوە... نها چ شتێک هەبوو لێی بترسم ؟ سێ پیاو وەژوور کەوتن ، زۆر بە ئەدەبەوە خۆیان ناساند، کە پیاوی ئاسایشن . یەکێک لە دراوسێکان شەوێ گوێی لە دەنگی هاوارێک دەبێ؛ گومانی لەلا چێدەبێ، خەبەری ئاسایش دەدات کە تاقیب – ی ئەم بویەرە بکەن ، ئیدی ئەم پیاوانە ڕاسپێردراون ، کە تاقیبی گەڕەکەکە بکەن.

بزەیەکم بۆ کرد... لە چ بترسم؟ خێرهاتنی ئاسایشەکانم کرد : گوتم هاواری من بوو؛ خەوم دەبینی . هەروەها گوتم کابرای پیرەمێرد، چووەتە سەفەری گوندەوارەکانی دەوروبەر . ئیدی ئاسایشەکانم بەسەرانسەری خانووەکەدا گێڕا . داوام لێکردن بە کەماڵی ئارەزوو بگەڕێن... باش بگەڕێن . هەموو شوێنێ بگەڕێن، ئیدی

پێشیان کەوتم بۆ ژوورەکەی ئەو . گەنجینەکانم بەوان نیشاندا ، کە بە دەقی خۆیەوە ، بەبێ هیچ دەسکارییەک لە جێی خۆی دانرابوو.

بەدەم حەماس و جۆش و خرۆشی ئەو متمانەیەوە کە بە خۆمم پەیدا کردبوو، کورسییەکم بۆ هێنان تا لە ژوورەکە دانیشن ، تکام لێکردن ، چونکە ماندوو بوون ، واچاکە دانیشن و لێرە ئیسراحەتێ بکەن. منیش لە کاتێکا بەهۆی سەرکەوتنەکەی خۆمەوە جورئەتێکی شێتانەم پەیدا کردبوو، کوردسیەکەی خۆم ڕێک لەو شوێنەدا دانا کە جەنازەی قوربانیەکەم لە ژێریا تاقەت کردبوو .

ئاسایشەکان قەناعەتیان بە قسەکانم کرد ، بە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانم فریویان خوارد ؛ هەستم بە متمانەیەکی زۆر دەکرد . دانیشتن، بەکەماڵی ئیسراحەت و زۆر خۆمانی وەڵامی پرسیارەکانم دەدانەوە ، باسی زۆر شتی ئاساییان لە گەڵدا کردم . بەڵام دوای ماوەیەکی کەم هەستم کرد ، خەریکە ترسم لێدەنیشێت و حەزم دەکرد بڕۆن و لە کۆڵم ببنەوە . سەرم دەیەشا ، هەستم دەکرد گوێم دەزرنگێتەوە : بەڵام ئاسایشەکان بەدەم قسانەوە هەر دانیشتبوون . دەنگەکە لە گوێما ئاشکراتر بوو ؛ بەردەوام بوو ، زیاتر و ڕوونتر بوو؛ بۆ ئەوەی لە شەڕی ئەم هەستە ڕزگاربم ، ڕاشکاوانەتر قسەم دەکرد ؛ بەڵام دەنگەکە بەردەوام و توندتر بوو... تا ئەوەبوو لە کۆتاییدا بۆم بە دیارکەوت کە دەنگەکە ، ژاوەژاوەکە لە ناو گوێی منەوە نایەت .

بێگومان ، لەم کاتەدا ڕەنگم تەواو پەڕی بوو . بەڵام بە دەنگی بڵند و بەرز قسەم دەکرد ، دەنگم سات بەسات بەرز و بەرزتر دەبووەوە . دەنگەکە توندتر دەبوو ، دەمتوانی چی بکەم؟ چپەیەک بوو ، گونگ و خەفە ، بەڵام دووبارە و لێکدا لێکدا ، زۆر لە چرکە چرکی سەعاتێ دەچوو کە لە پارچە قوماشێکەوە پێچرابێ . هەناسەم سوار بووبوو... ئاسایشەکان گوێیان لە هیچ نەبوو . خێراتر و بە جورئەت ترەوە قسەم دەگەڵ دەکردن، دەنگەکە بەردەوام و خێراتر دەبوو.

لە جێی خۆم هەستام و ئیدی هەر بۆ خۆ خافڵاندن کەوتمە قسەێن بێهودە و سوعبەت و شۆخیان لە گەڵیاندا . دەنگم زۆر بەرز بوو ، بە هەردوو دەستان ئاماژەم بۆ ئێرە و ئەوێ دەکرد ؛ بەڵام دەنگ و ژاوەژاوەکە نەک هەر کەم نەبووەوە ، بەڵکو توندتر و بەرزتر بووەوە . چما نەیاندەویست بڕۆن؟ بەناو ژوورەکەدا و بەهەنگاوی قورسەوە دەهاتم و دەچووم ، لەوە دەچوو نیگای ئاسایشەکان تووڕەیان کردبم... بەڵام ژاوەژاو و دەنگە دەنگەکە نەوەستایەوە ، ئەی خوای بانی سەر ، دەتوانم چ بکەم؟ دەمم کەفی کردبوو، کەف کەوتبووە لا لغاوەم... قسەی هەلەق و مەلەقم دەکرد... نەفرەتم دەکرد ، جنێوم دەدا ! دەستم دایە کورسییەکەی ژێر خۆم ، بەسەر تەختەبەنی ژوورەکەدا(بارکیت) ڕام دەکێشا ، بەڵام فایدەی نەبوو ، ژاوە ژاوەکە بەسەر هەموو شتەکانی دیدا زاڵ بوو، بەرەبەرە ترسناکتر دەبوو... بەرز، بەرز، بەرزتر دەبووەوە ! کەچی ئاسایشەکان هەر بە خیاڵیاندا نەدەهات ، شاد و بێخەم قسەیان دەکرد ، سوعبەتیان دەکرد ، پێدەکەنین ، باشە ماقووڵە گوێیان لە هیچ نەبێ ؟ ئەی پەروەردگاری بەتوانا !... نا، نەخێر، نەخێر! گوێیان لێبوو! گومانیان پەیدا کردبوو! بە سڕەکەیان زانی بوو!... گاڵتەیان بە ترسەکەی من دەهات ! وام وێنا دەکرد ، وام بیر دەکردەوە ، هێشتاش وا بیر دەکەمەوە. بەڵام بە چ دەچێت ، چ شتێک لەم ژار خەنە بە ئازارترە ؟! بەرگەی، تەوس خەنەکانیانم نەدەگرت ! هەستم دەکرد دەبێ یان هاوار بکەم یان بمرم! ئێستاش، جارێکی دی دەنگەکە بەردەوامە... گوێتان لێیە؟ گوێ بگرن، بەرز، بەرز، بەرز، بەرزتر!.

هاوارم كرد : داماوینه! لەوەی پتر خۆتان لە گێلی مەدەن ، ڕیابازی مەكەن . بەخۆم دان بە تاوانەكەدا دەنەم!... ئەم تەختانە هەڵدەنەوە ، ئێرە، ئا ئێرە ! ئەمە دەنگی لێدانی دڵە بوغزنەكەی ئەوە !

**

بڕوانە: ادغار ألن بو، الاعمال القصصية الكاملة / ترجمة مصطفى ناصر/ دار الكتاب الجديد المتحدة/ الطبعة الاولى، ايلول/ ٢٠٢١، ص ٩٤٧ – ٩٥٣.

## ٥- ئەفسانەی بێدەنگی

لوتکەی کێوان لە مت بوونی ئەبەدی دان

دۆڵ و تاوێرێن بەرز و شکەفتان بێدەنگن

ئەلکمان[1]

شەیتان لەکاتێکا دەستی دەخستە سەر سەری من گوتی:- گوێ بگرە! ئەو خاک و مەرز و بۆیەی کە باسی دەکەم ، دیار و دەڤەرێکی بیابانی کاکی بە کاکیە و دەکەوێتە لیبیاوە ، کەوتووەتە کەناری ڕوباری زائیرەوە[2]. بەتەمای هیچ ئارامییەک مەبە لەوێ ، ئەوێ جێگەی ئارامی و بێدەنگی نییە..

ئاوی ڕوبارەکە زەردباو ، دەڵێی زافەرانە ، ناسازگارە ؛ ڕوبارەکە بەرەو دەریا ناڕوات ، بەڵکو شەپۆلە تووڕەکانی لەوەتای هەیە و لە ئەزەلەوە تا ئەبەد ، لە خۆیا و لە ژێر چاوی سووری هەتاوا ، بە نیگەرانیەوە شەپۆل دەدات و هەڵدەقوڵێ . لە هەردوو ڕەخی ڕووبارەکەوە ، قوڕ و لیتە ، دەشت و بیابانێکی بەرین ، بە درێژایی چەندین میل درێژ بووەتەوە ، زەرد دەچێتەوە ، پڕە لە نیلوفەرێن سپیواژ ، لەم تەنیاییە ترسناکەی خۆیاندا ، ئەو دەوەنانە ، بۆ یەکدی و بەڕووی یەکا ئاهو ناڵە دەکەن ، گەردن و لقە در یژەکانیان بۆ کەشکەڵانی ئاسمان هەڵدەبڕن ، لە بزاوتێکی ئەبەدی دا سەر بۆ پێش و پاشەوە دەجوڵێنن . زەمزەمەیەکی گۆنگ لە نێو ئەو نیلوفەرانەوە ، وەکو تەکانی شەپۆلی ئاوێک بە ژێر زەویدا بڕوات ، دێتەگوێ . دەوەنەکان وەکو ئەوەی قسە بۆ یەکدی بکەن ، بە ڕووی یەکدییەوە داخ هەڵدەکێشن، دەناڵێنن..

بەڵام قەڵەمڕەوی وان سنوورێکی هەیە.. سنووری خۆی هەیە ، ئەم سنووره بێشەیەکە تاریک و ترسناک ، لە بەرزایدایە ، دووره لەو دەوەنانەوە کە ملیان قوت کردووەتەوە و بەخۆ دەنازن .

لەوێدا ، دار و دەوەن وەکو ئەو شەپۆلانەی بەسەر هبردیس[3] دەڕۆن ، بەوپەڕی نیگەرانی دەژین ، لە نیگەرانی بەردەوامدان . بەڵام لە هیچ گۆشەیەکی ئاسمانەوە ، بای نایەت . درەختێن گەوره و کۆن و بەرزی سەدان ساڵە ، بەدەم ئاواز و هەمهەمەی ئەبەدیەوە ، بەم لا و بەولادا خۆ ڕادەژەنن . لە تروپکە بەرزەکانیانەوە ، دڵۆپە ئاونگان ، تک تک دەڕژێنە خوارەوە . لە پای ئەم درەختانەوە گوڵێن ژەهراوی کێوی و دیمەن غەریب ، لە خەوی مت بوونا گینگڵ دەدەن . هەورێکی کەوەیی تووند ، بەسەر سەری ئەم گوڵانەوە بە خشەخش و ژاوەژاوێکی بەرزەوە ، بەردەوام بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوات ، ئەوسا بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە و تا دەبێت بە سۆلاف و تاڤگەیەک و دەڕژێت بە سەر دیواری هەڵایساوی ئاسۆدا ! بەڵام هیچ بایەک لە هیچ گۆشەیەکی ئاسمانەوە نایەت . کەناراوەکانی ڕوباری زائیر ، نە ئارامی دەناسێت و نە بێدەنگی.

شەو بوو ، باران دەباری ؛ باران هەر دەباری و دەباری ، ئاسمان هەڵینەدەبوارد ، کە بارانەکە لە ئاسمانەوە دادەباری وەکو دڵۆپە ئاو بوو ، کە دەگەییە سەر زەوی ، وەکو دڵۆپە خوێنی لێدەهات . کە بارانەکە خۆشی کردەوە، دەرکەوت تومەز ئاسمان خوێنی باراندووە . من لە ناوەندی قۆپیەکەدا وەستام . دارێن بەرز دەوریان دابووم ، نەرمە باران بە سەرما دەباری... گوڵی زەمەق و نیلوفەران ، لە ئاهو ناڵەدا بوون ، بە دەنگێکی ترسناک ، کە ڕادەی ترسێکی قووڵ و تەنیاییەکی خەمناکی دەنواند ، گلەیی و گازنی خۆیان بۆ یەکدی دەکرد..

لە ناکاوا مانگ ، لە نێو تەم و مژەوە بەدیار کەوت ، ڕەنگی سوورێکی تۆخ بوو . چاوم بە تاوێرێکی کەوەیی زەلام کەوت کە بە هەموو قورسایی خۆیەوە ، لە کەنارەکەدا قوت بووبووەوە ، تریفەی کزی مانگەکە ڕوناکی دەکردەوە . تاوێرێکی قاوەیی بوو ، دیمەنێکی سامناکی هەبوو، درێژ ، زۆر درێژ بوو... تاوێرەکە کەوەیی بوو ، هەندێ نەخش و نیگار بە هەنیەیەوە هەڵکۆڵرابوو ، بە نێو ئەو قۆپی و تاڵاوانەدا کە گوڵە زەمەقی دەوری دابوون ، کەوتمەڕێ ، تا گەییمە جێیەکی نزیک لە کەناراوەکە ، ویستم ئەو پیت و نووسینانە بخوێنمەوە کە لە سەر تاوێرەکە هەڵکەندرابوون . بەڵام نەمتوانی جفرەکانی هەڵبێنم . بۆ قۆپی و مرداوەکە گەڕامەوە ، مانگ لە ژێر خەرمانەیەکی سوورباوەوە دەدرەوشایەوە ، ئاوڕی ئێرە و ئەوێم دایەوە ، دووبارە چاوم بڕییە تاوێرەکە ، پیت و نووسینەکان ؛ حەرفەکانم لێکدان ، وشەی : " ترسی تەنیایی " دەرچوو...

سەرم هەڵبڕی ، تەمەشای سەرەوەم کرد ، پیاوێک لە لێواری تاوێرەکەدا وەستابوو ؛ یەکسەر خۆم بە بەینی گوڵە زەمەقەکاندا کرد ، خۆم لێداگرت تا بزانم ئەو پیاوە چ دەکات و بەتەمای چییە . پیاوێکی باڵابەرز بوو، سەنگین و بەویقار دیاربوو ، شانێڵ – ێکی دەڵبی کۆنی یۆنانی لەبەر کردبوو ، لە سەری شانیەوە تا نووکی پێی داپۆشی بوو . دیمەنی لەش و لاری بە ڕوونی دیار نەبوو... بەڵام ڕوخساری بە شێوەیەکی گشتی ، لە خواوەندێکی گریکی دەچوو ؛ عەبای شەو، مژ و دوومان ، لێڵی مانگ و شەونم و خوناو نەیاندەهێشت سیما و ڕوخساری بەڕوونی بەدیار بکەوێ . هەنیەی بەرز بوو، بیرکردنەوەیەکی قووڵی دەنواند ، خەم و پەژارە و تەنیاییەکی نامۆ بە نیگایەوە دیاربوو؛ لە چرچ و لۆچەکانی سەر گۆناکانیەوە ، چیرۆکی خەم و پەژارە ، ماندوویەتی ، نەفرەت ، بێزاری و ئارەزووی دوورکەوتنەوە لە بەشەر و دنیای بەشەر ، هەڵبژاردنی تەنیایی و گۆشەگیری دەخوێنرایەوە..

پیاوەکە لە سەر تاوێرەکە ڕۆنیشت ، سەری خستە سەر دەستی ، لەو دیمەنە چۆڵ و هۆڵە ڕادەما . ئەوسا نیگای بۆ خوارەوە ، بۆ ئەو زەوی و زارەی کە ڕووەک و دار و دەوەنێن پەریشان و پەشێو دای پۆشی بوو، گواستەوە ، ئیدی نیگای کەوتە گەڕان بە نێو درەختە بەرز و زۆر کۆنەکان، ئەوسا، وردە وردە ڕوانیە ئاسمانە گرژ و مۆن و، بە تەمتوومان و مانگە سوورەکە . من لە جێگایەکی نزیکا و لە پەنا و پاساری گوڵە زەمەق و نیلوفەرەکاندا ، خۆم پەنا دابوو ، چاودێری کابراکەم دەکرد کە بزانم چ دەکات ، دیقەتم دا ، لە تەنیایی و گۆشەگیری خۆیدا دەلەرزی ؛ هەرچەند تاریکی شەوەکە ، هەتەری بینینی کەم دەکردەوە ، ئەوسا دیتم گەڕایەوە تا لە سەر تاوێرەکە دابنیشێت..

کابرا ، نیگای لە ئاسمان گواستەوە ، کەوتە تەمەشاکردنی ڕوبارە ترسناکەکەی زائیر ، ئاوە زەردباوە خەمناکەکە ، گوڵە زەمەقە چڕەکان . کابرا گوێی لە ناڵە ناڵی زەمەقەکان بوو ، ئەو زەمزەمە و سۆزەیەی لە گوڵەکانەوە هەڵدەقوڵا و یەکتریان دەلاواند . من لە پەناگاکەی خۆما هەڵتووتابووم و چاودێری کابرام دەکرد کە چ دەکات ، ئەوسا دیتم لە تەنیایی خۆیدا هەڵدەلەرزێ؛ لە کاتێکا شەو بەرەو کۆتایی دەچوو ، کابرا هەرلە سەر تاوێرەکە ڕۆنیشتبوو..

ئەوسا ، لە حەشارگەکەی خۆ وەدەرکەوتم ، بەرەو مرداوەکەی پشتەوە ڕۆیشتم ، بەناو ئاوەکە کەوتم ، ڕووم کردە ئەو دەشتە تەریکەی لە زەمەق و نیلوفەراندا شەپۆلی دەدا ، لە ڕێگادا تووشی ئەو گامێشانە بووم کە لەو زۆنگاوە بەرینانەدا دەژیان و بانگم لێکردن . گامێشەکان گوێیان لە دەنگم بوو ، دەگەڵ کۆمەڵێک ماینی دەریایی

دا، بە شڵپ و هۆڕ تا پای تاوێرەکە هاتن ، بە دەنگێکی ترسناک و لە سایەی تریفەی مانگ دا دەیانبۆڕاند . من هەر بە دەقی خۆمەوە ، لە حەشارگە نزیکەکەمدا خۆم مات دابوو و چاودێری کابرام دەکرد تا بزانم چ دەکات .

سەیرم کرد لە تەنیایی خۆیدا هەڵدەلەرزێ . تاریکییەکە ڕەوییەوە و ئەو هێشتا هەر لەسەر تاوێرەکە ڕۆنیشتبوو..

ئەوسا کەوتمە لەعنەت کردنی هەموو ئەو ڕەگەزانەی کە لە سروشت دا دیتبوومن ، دوای ئەوەی هەموو دەنگە شێواوەکانم بە نەفرەت کرد ؛ لە ناکاوا پاشماوەی زریانێکی توونو و تاریک لە ئاسماندا کۆبووەوە ، ئاسمانێ کە پێشتر سایەقە و ساماڵ ، هیچ بایەکی لێوە نەدەهات . هەورێکی تاریک و بەباران بەری ئاسمانی گرت ، پێدەچوو با و بۆرانێکی توندی پێوە بێ... بارانەکە بەسەر سەری کابرادا دادەباری.. ڕووبارەکە هەستا... ئاوەکەی بوو بە کەفاو.. گوڵە زەمەق و نیلوفەڕەکان لە جێی خۆیانەوە هاواریان لێهەستا.. بێشەکە لەبەردەم بایەکەدا دەلەرزی... هەورە تریشقە ، دەی گرماند.. تەشبریق دەتەقییەوە... تاوێرەکە دەلەرییەوە . من هەر بە دەقی خۆمەوە ، لە حەشارگە نزیکەکەی خۆمدا هەڵکوڕمابووم و چاودێری هەڵس و کەوتی کابرام دەکرد ، سەیرم کرد ، لە تەنیایی خۆیدا دەلەرزی ؛ لە کاتێکدا تاریکییەکە خەریک بوو دەڕەوییەوە ، ئەو هێشتا هەر لە سەر تاوێرەکە دانیشتبوو.

ئیدی تاقەتم چوو، کەوتمە نەفرەت لە هەموو شتێ ، لە بێدەنگی ، لە ڕووبار ، لە با ، لە دەوەن ، لە بێشە ، ئاسمان ، تەشبریق ، ناڵەی گوڵە زەمەق . هەموو شتێک بە نەفرەت بوو ، هەموو شتێک کڕ و کپ ، بێدەنگ ، بێ جووڵەیە . مانگ بە حەوێقی ئاسمانەوە وەستا ، لە جووڵە کەوت . هەورە بروسکە تەواو بوو... تەشبریق نەدەتەقییەوە... هەوران بە ئاسمانەوە ، دالەقابوون ، بەبێ جووڵە لە مۆلەقا وەستابوون... ئاو خۆی بە قوڵایی زەویدا کرد و گەڕایەوە ئاستی پێشووی خۆی و بەو دەقەوە مایەوە. درەختان لە سەما کەوتن ، گوڵە زەمەق و نیلوفەڕەکان لە ناڵە کەوتن... زەمزەمەی گوڵەکان وەستا ، دەشت و بیابانە بەرین و بێ سنوورەکەش نە سێبەر و نە دەنگی نەما . کەوتمە تەمەشای دەوروبەری خۆم ، دەمڕوانیە ئەو پیتانەی کە لە سەر تاوێرەکە هەڵکوڕمابوو ، گۆڕابوو، پیتەکانم لەیەکدان وشەی " بێدەنگی " یان لێ چێبوو..

چاوم بە ڕوخساری کابرا کەوت ، لە ترس و تۆقین دا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەمابوو . بلەز سەری لە سەر دەستی هەڵبڕی ، لە سەر تاوێرەکە هەستا و قیت ڕاوەستا و پێدەچوو گوێ بگرێ . هیچ دەنگێک لە بیابانە بەرین و بێ سنوورەکەوە نەدەهات ، پیتەکانی سەر تاوێرەکە بریتی بوو لە " ب، ێ، دە، ن، گ، ی ".

کابرا لەرزی ، سەری وەرگێڕا و پێی وەغارەوە نا ، هێندە بە پەلە دوور کەوتەوە ، کە ئیدی لە چاوم ون بوو.

-بەڵێ، نها دەڵێم : ئەفسانانی زۆر چاک و باڵکێش لە کتێبی مەجووساندا هەیە... لەو کتێبە خەمینانەی ناو ئەو قەفەزە ئاسنینانەی کە مەجووسەکان نووسیویانن . لێرەدا دەڵێم، پیاو ئەفسانانی دیرۆکی بەشکۆ لەمەڕ ئاسمان، زەوی ، دەریای بە توانا و جەبەڕووت... لەمەڕ ئەو جینانەی کە فەرمانڕەوایی دەریا و زەوی و ئاسمانانی دووریان دەکرد . حیکمەت و ماریفەتی زۆر لەو قسانەدا هەن کە دەدرێنە پاڵ سایبل[4]؛ لەوێدا شتی پیرۆز، حیکایەتی پیرۆز هەن کە خەڵکی لە باب و کالانەوە دەی بیستن و لەو تۆمارانەدا دەیخوێننەوە کە لەبەر ئاگری ئەو ئاگردانە خەمناکانەدا نووسراون کە بەدەوری دودونا[5] دەلەرزن . بەڵام وەکو چۆن بوونی خودا حەقیقەتە ، هەمان ئەو حیکاتە و ئەفسانەیەش کە شەیتان ، کاتێ لە سایەی گۆڕەکەدا دانیشتبوو، بۆی گێڕامەوە ، حەقیقەتە و لە هەموو ئەفسانەیەک جوانتر و باڵکێشترە ! وەختایەک یارۆی شەیتان گەییە کۆتایی حیکایەت و ئەفسانەکەی ، پاشەکشەی کرد و خۆی بە قوڵایی گۆڕەکەدا کرد و دەستی بە پێکەنین کرد . من نەمتوانی لەگەڵ یارۆی

شەیتان دا پێبکەنم ، چونکە نەمتوانی لە گەڵیا پێبکەنم ئیدی بە نەحلەتی کردم . ئیدی لە گۆڕ هەڵکەنە ، کە هەمیشە لە گۆڕدا دەژی ، هاتە دەرێ و لەبەر پێی شەیتانەکەدا وەرکەوت ، زەق زەق تەمەشای ڕوخساری ئەوی دەکرد.

سەرچاوە:

بڕوانە: ادغار ألن بو، الاعمال القصصية الكاملة / ترجمة مصطفى ناصر/ دار الكتاب الجديد المتحدة/ الطبعة الاولى، ايلول/ ٢٠٢١، ص 117 – 121.

پەراوێز:

١–الکمان: شاعیرێکی لیریکی گریکیە لە سەدەی حەوتەمی پ.ز لە ئەسپارتە ژیاوە.

٢– ناوی لیبیا، لە لایەن گریکە کۆنەکانەوە، وەکو ئاماژە بۆ هەموو کیشوەری ئەفریقیا بەکار براوەو زائیر ناوێکی کۆنی کۆنگۆیە.

٣– هبردیس: کۆمەڵێک گراڤ ودوڕگەی پەراگەندەن دەکەونە کەنارەوەکانی ڕۆژئاوای سکۆتلاندەوە.

٤– سایبل: ژنانی غەیبگۆن، لە یۆنانی کۆندا وا باو بووە بەهرەو توانای پێشبینییان هەبووە.

٥– دودونا: غەیبزان بووەیدا هەبووە ، لە یۆنانی کۆندا کۆنترین پەرسگەی لە سەردەمی هیلین، بە گوتەی هیرۆدۆتس دەنگی گەڵای درەختانی شرۆڤە کردووە.

## ٦ – چەند پەیڤێک دەگەڵ مۆمیاییەکدا

شەوبێرییەکەی دوێشەو، هەندێک مێشکی شێواندم، ژانەسەرێکی توند گرتبوومی، هەستم دەکرد سەرم دەسورێت ، دڵم تێکهەڵدێ ، لەجیاتی ئەوەی لە ماڵ وەدەر بکەوم و بایەکی باڵی خۆم بدەم و ماوەیەک لە دەرێ را بەسەر بەرم ، هەستمکرد عاقڵانەترین کار ئەوەیە ، کە سووکە شامێ بکەم ؛ یەک دوو پاروو هەڵمەقووت بکەم و یەکسەر خۆ لە جێگا باوێم و بخەوم . هەڵبەتە شامێکی سووک باشترە . من کوشتەی گۆشتی کەروێشکی ویلیزیم ، زۆرم حەز لێیە . بەڵام خواردنی یەک ڕەتڵ گۆشتی کەروێشک لە یەک ژەما باش نییە ، وێڕای ئەوەش دوو ڕەتڵیش ئاساییە . جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دوو ڕەتڵ و سێ ڕەتڵ دا نییە . ڕەنگە تا چواریش برۆم . ژنەکەم دەیکات بە پێنجیش ، ئاشکرایە کە ئەو دوو شتی جیاوازی تێکەڵاو کردووە ، دان بەوەدا دەنەم ؛ بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی بە بوتڵە " براون ستاوت " ەکانەوە هەیە ، دەگەڵ ئەو بەهاراتەی پێوەی دەکرێت ، کە کەروێشکی ویلیزی ناسک دەکاتەوە و بە ئاسانی دەجورێ .

پاش ئەوەی لەم بەرکوڵە بوومەوە ، شەو کڵاوە قووچەکەم لە سەر کرد بەو ئومێدەی تا سبەی نیوەڕۆ بەکەماڵی ئیسراحەت پێوەی بخەوم . بە ویژدانێکی ئاسوودەوە سەرم لە سەر سەرین نا و ، یەکسەر خەوێکی قووڵم لێکەوت .

بەڵام کەی هەموو ئاواتێکی بەشەر هاتووەتە دی ؟ هێشتا پرخەی سێیەمم لێ بەرز نەبووبووەوە کە زەنگی دەرگای دەرەوە شێتانە بەرز بووەوە ، ئەوسا بەتووندی و لێکدا لێکدا لە دەرگا درا ، یەکسەر لەخەو ڕاپەڕیم . دوای چەند ساتێک ، لە کاتێکا هێشتا چاوەکانم هەڵدەگلۆفت ، ژنەکەم نامەیەکی دۆستی دێرینم دکتۆر پۆنۆنیری لە بەردەممدا ڕاگرت.. نامەکە بەم ئاوایە بوو :

" هاوڕێ ئازیزم ، هەرکە ئەم نامەیەت وەرگرت ، هەرچۆنێ بووە ، واز لە هەموو کارێ بێنە و یەکسەر وەرە بۆلای من تا یارمەتیمان بدەیت و لە شەو بێرییەکەماندا بەشداربیت . لەم دواییانەدا دوای هەوڵ و دبلۆماسیەتێکی دوور و درێژ ، ڕەزامەندی بەڕێوەبەرانی مۆزەخانەی شار- م وەرگرت کە معایەنەی مۆمیایەک بکەین ، دیارە بەخۆت دەزانی کامە مۆمیام مەبەستە . هەڵبەتە مۆڵەتم وەرگرتووە کە کفنەکەی داماڵم و ئەگەر بە پێویستم زانی بکەومە توێکاری کردنیشی . تەنیا چەند برادەرێک لێرە ئامادە دەبن... پێویست بە وتن ناکات کە تۆیش یەکێکی لەوانە . مۆمیاییەکە حاڵی حازر لە ماڵەکەی مندایە ، سەعات یازدەی شەو دەست بەکار دەبین..

دۆستی دڵسۆزت: بونونیر...

وەختایەک گەییمە سەرناوی بونونیر ، سەرم لەوە سوڕما کە بە کەماڵی هۆشەوە بەخەبەرم . بەتاسەیەکی زۆرەوە لە سەر قەرەوێڵەکە دابەزیم ، بە هەڵدان خۆم هەڵدا . هەرچیەکم لە ڕێگا بوو، لامدا ، زۆر بە پەلە جلەکانم گۆڕی ، زۆر بلەز بۆ ماڵی دکتۆر پەل بوومەوە .

لەوێ تووشی کۆمەڵە خەڵکێکی پڕجۆش و خرۆشاو بووم ، کە بە تاسەوە چاوەڕوانی منیان دەکرد ، یارۆی مۆمیایی لە سەر مێزی نانخواردنەکە ڕاکشابوو، لەو کاتەدا کە وەژوور کەوتم ، پرۆسەی معایەنەکە دەستی پێکردبوو .

ئەم مۆمیایە ، یەکێک بوو لەو دوو مۆمیایەی کە چەند ساڵێ لەوەپێش ، کاپتن ئارتور سابرتاش، پسمامی بونونیر لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی ، مۆمیاکانی لە گۆڕستانێکی نزیکی ئیلیتیاس ( ئەم شارە، میسرییە کۆنەکان پێی

دەڵێن نوبن ، ئێستا پێی دەگوترێ کاب . وەرگێڕی عەرەبی ) لە چیاکانی لیبیادا ، لە دووری شاری تیبەی سەر ڕوباری نیل پەیدای کردبوو . غارەکانی ئەم سەردەمە ، هەرچەندە لە ئاستی جوانی گۆڕەکانی تیبەدا نەبوون ، بەڵام زۆر باڵکێش و مایەی سەرنج بوون ، چونکە زانیاری زۆر و دەگمەنیان دەربارەی ژیانی تایبەتی میسرییەکان، دەنواند، بایەخێکی بەرچاویان هەبوو . دەڵێن ئەو هۆڵەی مۆمیاکەی لێ دەرهێنرابوو، پڕ بوو لەوجۆرە وێنانە ؛ دیوارەکانی بە وێنە و تابلۆی دیواری و دیواربەند و چاوەزار، نەخش و نیگار، پەیکەر، گۆزە، موزاییکی بەنەخش و نیگار ، کە هەرهەمووی ئاماژە بوو بۆ سەروەت و سامانی مردووەکە .

ئەم مۆمیایە دەگمەنە ، ئەم گەنجینەیە بە هەمان حاڵەتەوە کە کاپتن سابرتاش دۆزی بوویەوە ، بە بێئەوەی تابووتەکەی خۆی دەسکاری کرابێ لە مۆزەخانەکەدا بوو ، هەشت دانە ساڵ بەو دەقەوە مابووەوە ، هیچ گۆڕانێکی دەرەکی بەسەردا نەهاتبوو ، جگە لە نۆڕینی ئەو کەسانەی کە بە بایەخەوە معایەنەیان دەکرد . ئیدی مۆمیاییەکی تەواو بەبێ هیچ کێماسییەک لەبەردەستماندا بوو . جا سەبارەت بەوانەی کە دەزانن هێنانی ئەوجۆرە مۆزە دەگمەنە دزراوانەی کە دەگەنە کەناراوەکانی ئێمە ، زۆر چاک دەزانن هەقی خۆمانە پیرۆزبایی ئەو شانس و بەختە لە خۆمان بکەین .

لە مێزەکە نزیک بوومەوە ، سەندووقێکی گەورەی بەسەرەوە بوو، درێژییەکەی نزیکەی حەوت پێ دەبوو و پانیەکەی سێ پێیان و قووڵییەکەی دوو پێ و نیو دەبوو. لاکێشەییە... لە شێوەی تابووتدا نییە. لە هەوەڵەوە لامان وابوو لە داری چنارە ، بەڵام کە کردمانەوە و درزێکمان تێکرد ، سەیرمان کرد مقەوایە ، لە پاپیرۆس ( زەل ) دروست کراوە . ئیدی سەندووقەکە یەکپارچە نەخش و نیگار بوو ، وێنەو دیمەنی تازیەباری و ، زۆر بابەتی دیکەی پێوەبوو کە گوزارشتیان لە خەمباری دەکرد.. هەروەها لە شوێنانی جیاوازەوە ، زنجیرەیەک نووسینی هیروگلوفی پێوەبوو ، کە وادیار بوو ئاماژەن بۆ ناو و شۆرەتی یارۆی کۆچکردوو. خۆشبەختانە دکتۆر گلیدون یەکێک بوو لە تیمەکەمان و شارەزای ئەم خەت و نووسینە بوو، بە ئاسانی پاچڤەی کرد ، وشەی ئەمیستاکیو دەرچوو.

بەڵام لە کردنەوەی سەندووقەکەدا ، بەبێ ئەوەی ئاسیوی بگاتێ ، هەندێ زەحمەتیمان هاتەپێشێ ، بە هەرحاڵ ئەنجام توانیمان بیکەینەوە ، سەندووقێکی دیکەی تیابوو لە تابووت دەچوو ، بەڵام لە سەندووقی یەکەم ، هەرچەندە لە هەموو ڕوویەکەوە لەو دەچوو، زۆر بچووکتر بوو. بۆشایی نێوان هەردوو سەندووقەکەیان بە سەمغ و کەتیرەیەک پڕکردبووەوە کە تا ڕادەیەک ڕەنگی ناوەوەی سەندووقەکەی گۆڕی بوو.

وەختایەک ئەم سەندووقەمان بە ئاسانی کردەوە ، گەیینە سەندووقی سێیەم کە ئەمیش لە تابووت دەچوو ، کوت و مت وەکو سەندووقی دووەم وابوو، فەرقەکەیان ئەمەبوو کە ئەم لە داری ئەرز دروستکرابوو، و لە دوورەوە بۆنی ئەم دارەی لێدەهات . هیچ بۆشاییەک لە نێوان سەندووقی دووەم و سێیەمدا نەبوو، تەواو پێکەوە جووت بووبوون .

پاش ئەوەی سەندووقی سێیەممان کردەوە ، جەنازەکە بە دیارکەوت ، یەکسەر دەرمان هێنا . چاوەڕوانی ئەوە بووین وەکو هەمیشە لە قوماش یان کەتانەوە پێچرابێ؛ بەڵام لە جیاتی ئەوە پەردەیەکی پاپیرۆسمان بینی ، کە توێژاڵە کەتیرەیەکی لێدرابوو ، زێرکفت کرابوو و نەخش و نیگاری بەسەرەوە بوو . نیگارەکان هەندێ بابەتیان بەرجەستە دەکرد ، کە پەیوەندییان بە سرووتێن ڕۆحی جیاوازەوە هەبوو، کە تایبەت بوون بە خواوەندێن جیاوازەوە ، جگە لەمە زۆر وێنەی بەشەری چوون یەکیش هەبوون، کە سەروسیمای خەڵکانی مومیاییان

نیشاندەدا . لە سەراپای مردووەکەدا ستوونێکی نووسینی هیرۆگلیفی هەبوو، کە ناو و شۆرەتەکانی مردووەکە و ناو و شۆرەتی خزم و کەس و کارەکانی تیا تۆمارکرابوو .

ملوانکەیەکی شووشەی لوولەکی ، ڕەنگاو ڕەنگی لە مل بوو ، وێنەی خواوەندان و سیسرکی پیرۆز و ئەو شتانەی دەنواند. پشتێنێکی لەو جۆرەش لە ناو قەدە باریکەکەی بەسترابوو .

وەختایەک لەفافە پاپیرۆسەکەمان لابرد ، سەیرمان کرد گۆشت و ماسولکەکانی، بە هۆی باشی مۆمیا کردنەکەیەوە ، بەدەقی خۆیەوە ماوەتەوە، کەمترین بۆنی تێنەگەڕابوو. بەڵام ڕەنگەکەی ئاماڵ سوور بوو، چەرم و پێستەکەی قایم و ساف و بگرە درەخشانیش بوو. ددان و قژەکەی بەباشی مابوونەوە . بەڵام چاوەکانی دەتگوت دەرهێنراون و لە جیاتی ئەوان چاوانی شووشەیی زۆر جوان دانرابوون ، زۆر جوان بوون و لەوە دەچوو ژیانیان لێ هەڵبقوڵێت . نینۆکەکانی دەست و پێی زێڕکفت کرابوون و دەدرەوشانەوە .

دکتۆر گیلدون، لە میانی سووری پێستەکەیەوە ، بۆی دەرکەوت کە پرۆسەی مۆمیاکارییەکە تەنیا بە مادەی قیر ئەنجامدراوە ؛ وەختایەک بە ئامێرێکی پۆڵایین ، بەشی سەرەوەی پێستەکەی داڕنی و، خستیە ئاگرێکەوە، بۆنێکی وەکو بۆدرەی کافور یان کەتیرەیەکی دیکەی لێ بەرز دەبووەوە کە بۆنێکی خۆشی لێدەهات .

زۆر بەوردی کەوتینە پشکنینی جەنازەکە ، تا ئەو کونانە بدۆزینەوە کە جەرگ و ناوەکەیان لێوە دەرهێنابوو، بەڵام سەیر ئەوە بوو هیچ شتێکی لەو بابەتەمان نەدۆزییەوە . هیچ یەکێک لە تیمەکەمان تا ئەو کاتە باوەڕی نەدەکرد ، مۆمیایەکی ساغ و سەلامەت و بێهیچ درز و کەلێنێک هەبێت . عادەتەن مۆخ و دەماغ لە ڕێگەی کەپووەوە دەردەهێنرا ، هەناو و ڕیخۆڵە لە کەلێنێکەوە کە دەکرایە قەبرغە دەردەهێنرا ؛ ئەوسا لاشەکە هەڵدەواسرا ، دەشۆردرا ، خوێ دەکرا ؛ ئەوسا بۆ چەند هەفتەیەک دەهێڵرایەوە و هەنگێ دەست بە مۆمیاکردنی دەکرا . چونکە هیچ کون و درزێکمان لە جەستەکەدا نەدۆزییەوە ، ئیدی دکتۆر بونونیر تفاقەکانی ئامادەکرد بۆ توێکاری .

سەعات لە دوو تێپەڕی بوو ، بۆیە ڕێکەوتین کە معایەنەی داخلی بۆ سبەی بەیانی هەڵگرین ؛ پێوەبووین بڕۆین کە یەکێک لە ئامادەبووان ، پێشنیازی کرد یەک دوو ئەزموون لە ڕێگای ڤۆڵتیەی کارەباییەوە ئەنجام بدەین . بیرۆکەی بەکارهێنانی تەزووی کارەبایی لە سەر مۆمیایەک کە بەکێمانی سێ چوار هەزار ساڵی بە سەردا بووری بوو، ئەگەرچی کارێکی زۆر پەسند نەبوو ، بەڵام کەم دابێژێک بیرۆکەیەکی نوێ باو بوو، بۆیە هەمووان یەکسەر ڕازی بوون .

کەوتینە ئەوەی ئەم پێشنیاز و بیرۆکەیە جێبەجێ بکەین ، نزیکەی دە یەکی هەوڵەکەمان جدی بوو ، نۆ دەیەکەکەی دیکەشی جۆرە ڕیسکێک بوو، پاتریەکمان بۆ نووسینگەکەی دکتۆر هێنا ، مۆمیا میسریەکەمان گواستەوە بۆ ژوورەکەی دکتۆر .

بە زەحمەتێکی زۆر، بەشێک لە ماسولکەی لاجانگەکەیمان داڕنی . ئەم بەشەی بەدەنی ، وادیاربوو لە بەشەکانی دی برێک نەرمتر بوو . بەڵام وەختایەک کە وایەری کارەباکەمان لێدا ، وەکو چۆن پێشبینیمان کردبوو ، هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا . ئەنجامی ئەزموونی یەکەم ، پێشوەختە خۆیا بوو، ئیدی هەموو بە تەوسەوە بەبێ مانایی و بێهودەیی هەوڵەکەی خۆمان پێکەنین و ئیدی خاترخوازیمان لەیەکدی کرد و خەریک بوو دەڕۆیشتین ئیدی بەڕێکەوت چاوم لە چاوانی مۆمیاکە هەڵەنگوت ، لە سەرسامیا چاوانم ئەبڵەق بوون . ئیدی لە یەکەم

نیگاوە، بۆم دەرکەوت ئەو چاوانەی کە وامان دەزانی شووشەن و لە هەوەڵەوە هیچ جووڵەیەکیان تیا نەبوو ، ئێستا پێڵوەکان بەسەریاندا دادرابوونەوە و تەنیا بەشێکی بچووک لە سپێنەکەی بەدەرەوە بوو.

هاوارێکم لە دەم دەرچوو ، سەرنجی هەمووانم بێدار کردەوە و هەموو ئامادەبووان یەکسەر ئەو حەقیقەتەیان بۆ دەرکەوت .

ناتوانم بڵێم لەو پێشهاتە ترسام، چونکە وشەی ترس پڕ بە پێستی ئەو حاڵەی من نییە ، بەڵام دەشێت ئەوە بڵێم کە ئەگەر شەرابی براون ستاوت نەبوایە ، ڕەنگە هەندێک تووڕە بوایەم . بەڵام برادەرانی دیکەم شتاقیان نەیانتوانی ئەو ترسەی دای گرتبوون ، بشارنەوە . دکتۆر بونونیر ڕەوشی باش نەبوو . بەڕاستی مایەی بەزەیی بوو. مستەر گلیدون، هەوڵیدا هەرچۆنێ بووە خۆی دەرباز بکات و بشارێتەوە . بەڵام مستەر سیلک بکنگهام وەکو چاوەڕوانم دەکرد ، لە ترسا بە چوار چنگۆڵە خۆی بە ژێر مێزەکەدا کرد .

دوای یەکەمین شۆک و حەپەسان ، بڕیارمان دا یەکسەر دەست بە ئەزموونەکەمان بکەین . ئەمجارەیان لە کەڵە موستی پێی ڕاستەوە دەستمان پێکرد . درزێکمان کردە بەشی دەرەوەی ژێر ماسولکەکەی پێی مۆمیاکەوە . وایەری پاترییەکەمان بەستەوە و تەزووی کارەباکەمان گەیاندە ئەو دەمارەی کە بووبوو بە دوو بەشەوە و ڕووت کرابوو . مۆمیاکە بە جووڵەیەکی خێرای ژیان ئامێز، ئەژنۆی ڕاستی هەڵکێشا وەکو ئەوەی بینووسێنێ بە ورگیەوە، ئەوسا لاقی بە خێراییەکی باوەڕنەکردەنی ڕاستکردەوە و شەقێکی ئەوتۆی سراواندە دکتۆر پونونیر و بەجۆرێ تووڕی دا ، وەکو ئەوەی بەردێک بێ لە مەنجەنیقەوە هاوێژرابێ ، لە پەنجەرەکەوە دەرپەڕییە سەر جادەکە .

هەموومان دەرپەڕینە دەرەوە ، تا پارچەکانی بەدەنی ئەم قوربانیە کۆ بکەینەوە ؛ بەڵام لە سەر قاڵدرمەکاندا دیتمان کە بە خێراییەکی باوەڕنەکردەنیەوە سەردەکەوت ، هەستمان کرد ئەنگێزەیەکی پڕجۆش لە پشت ئەم هەڵوێستەوە هەیە ، پێدەچوو لە جاران ڕژدتر بوو کە دەست بە ئەزموونەکەمان بکەینەوە.

ئیدی بە گوێرەی ئامۆژگارییەکەی ئەو ، یەکسەر درزێکی قووڵمان کردە لایەکی کەپووی مۆمیاکە ، دکتۆر، بێڕەحمانە دەستی بەناو درزەکەدا کرد و، ڕایکێشا تا گەیاندییە وایەرەکە .

کاریگەری کارەباکە لە هەموو ئاستێکی مادی و مەعنەوییەوە ، ئاشکرابوو ، هەوەڵجار چاوانی جەنازەکە کرانەوە و بۆ ماوەی چەند خولەکێک بەخێرایی تروکان ، وەکو چۆن جۆن بارنز لە جووڵە پانتۆمیمەکانیا ئەوەی دەکرد ( جۆن بارنز ، ئەکتەرێکی کۆمیدی بەنێوبانگ بوو لە شانۆی بارک ، لە نیویورک ، بە نزیکەی بیست و پێنج ساڵ بەر لە ١٨٤١، وەرگێڕی عەرەبی ). مۆمیاکە لە حەرەکەی دووەمدا پژمی؛ لە حەرەکەی سێیەمدا دانیشت؛ لە چوارەمدا کۆڵەمستی گوشی و لە دکتۆر پونونیر- ی ڕاوەشاند ، لە پێنجەمدا ئاوڕی لای هەردوو مستەر گلیدون و بکنگهام – ی دایەوە و بە زمانێکی ئینگلیزی ڕەوان گوتی:

" بەڕێزینە دەبی ئەوە بڵێم، چەند سەیرم بە ڕەفتاری ئەنگۆ هات ، ئەوەندەش ترسام . سەبارەت بە دکتۆر پونونێر، هەر ئەوەم لێ چاوەڕوان دەکرد ، لەوە باشترم لێ چاوەڕوان نەدەکرد . پیاوێکی بەسەزمانی گەوجە ، شتێکی لەوە باشتر نازانێ تا بیکات . من دڵم بە حاڵی دەسووتێ و نەهەقی ناگرم . بەڵام ئێوە مستەر گلیدون و مستەر باکینگهام کە زۆرتان هات و چۆی میسر کردووە و لەوێندەر دانیشتوون سەبارەت بە تۆ باکینگهام هێندە لە میسر ماویتەوە، پیاو وا وێنا دەکات کە لێرە لەدایک بووی .. تۆ کە وەختێکی زۆرت لەگەڵ ئێمەدا بەسەر

بردووە، هێندە بە ڕەوانی بە میسری قسە دەکەی ، پیاو وا تەسەور دەکات ، بتوانی وەکو زمانی زکماکی خۆت پێی بنووسیت .

ئیدی وام لە لا چەسپی بوو کە لە دۆستانی هەرە نزیکی مۆمیایانی.

چاوەڕوانی ئەوەم لێدەکردی ، ڕەفتارێکی ناسکترت هەبوایە . ئاخر چ بڵێم لە کاتێکا ، کە خراپەم دەگەڵدا دەکرێ ، تۆش ئاوا کڕ و کپ ، بێخەم و خەیاڵ تەمەشام دەکەی ؟ ئاخر چۆن قەبووڵ دەکەی تۆم، دیک و، هاری بە بەرچاوتەوە کفنەکەم دەدڕن ، و بەم سەرما و سۆڵەیە جلەکانم لەبەر دادەکەنن ؟ ئاخر چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی ، یارمەتی ئەم لێبۆکە نەحسە واتە دکتۆر پونونیر دەدەی بەناوی معایەنە و توێکارییەوە ، کەپووم ڕابکێشێت ؟

هەڵبەتە ، وا وێنا دەکەن وەختایەک ئێمە گوێمان لەو قسانە بوو، هەرهەموومان بەرەو دەرگاکە هەڵاتووین ، یان دووچاری ئەعساب بووین ، یان بەکۆمەڵ بوراوینەتەوە . ئەگەری ئەوە هەبوو یەکێک لەو سێ حاڵەتە یان هەرسێکی ڕوویاندابوایە . بەشەرەفم ، من بەڕادەیەک حەواسم پەرت بوو، نازانم چۆن و چما یەکێک لەو سێ حاڵەتە ڕوویان نەدا ، ڕەنگە سەدەمی ڕاستەقینە بگەڕێتەوە بۆ روحی ئەو سەردەمەی تیایدا دەژین ، کە یاسای هەڤدژییان تیایدا باوە ، ئێستا ڕەنگە دان بەوەدا بنەین کە هەموو کێشەکان بە شێوازی ناکۆکی و پرەنسیپی مەحاڵان دەڕوات و دێتە چارەسەر کردن ، ڕەنگە... بە هەرحاڵ، شێوازی زۆر ئاسایی قسەکردنی مۆمیاکە ، کە هیچ ئاڵۆزی و گۆنگیەکی تێدا نەبوو ، هەر ترسێکی چاوەڕوانکراوی لە وشەکانی سڕی بێتەوە . وێڕای ئەوەش ڕەنگە حەقیقەتەکان ئاشکرابن ، هیچ یەکێک لە ئەندامانی تیمەکەمان هەوڵی نەدا خۆی لە جۆرە هەستکردنێکی دیاریکراو بەترس بدزێتەوە ، یان هیچ شتێک یان حاڵەتێک لەو حاڵەتانە بە غەریب و نائاسایی بزانێ.

من، یەک لە باری خۆم ، قەناعەتم وابوو ئەو پێشهاتانە زۆر ئاسایین ، تەنیا ئەوەندەم کرد ، کە خۆم لە مەودای کوڵەمستی کابرای میسری دوورخستەوە . ئەوسا دکتۆر پونونیر هەر دوو دەستی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نا و، سوور بووبووەوە و، بەواقی وڕەوە تەمەشای مۆمیاییەکەی دەکرد . جەنابی گلیدون ، لە حاڵێکا دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا ، یەخەی کراسەکەی ڕێکخستەوە . جەنابی بکنگهام سەری دانەواندبوو ، کەڵەموستی دەستی ڕاستی نابووە سەر گۆشەی چەپی دەمی .

یارۆی میسری بۆ ماوەی چەند خولەکێک ، بە تووڕەیی لێی ڕوانی ، ئەوسا بە تەوسەوە گوتی : " مستەر بکنگهام چما قسە ناکەی ؟ گوێت لە پرسیارەکەم بوو یان نا ؟ تکایە کەڵەموستت لەسەر دەمت لادە!

جەنابی بکنگهام یەکسەر تەزوویەکی پێداهات ، کەڵەموستی دەستی ڕاستی، لەسەر گۆشەی چەپی دەمی لابرد و لە جیاتی ئەوە کەڵەموستی دەستی چەپی خستەسەر گۆشەی ڕاستی دەمی .

مۆمیاییەکە ، کە هیچ وەڵامێکی لە مستەر بکنگهام دەست نەکەوت ، بە تووڕەیی ئاوڕی لە جەنابی گلیدون دایەوە و بەڕاوێژێکی جدی داوای لێکرد و کورتی نیاز و نیەتی ئێمەی ئامادەبووانی بۆ ڕوون بکاتەوە .

مستەر گلیدون ، دوای هەڵوەستەیەکی دوور و درێژ وەڵامی دایەوە ، بە زمانی هیروگلیفی دایەوە ، خۆ ئەگەر لە چاپخانە ئەمریکیەکاندا ، پیتەکانی ڕەمزە هیروگلیفیەکان هەبوایە ، زۆرم حەز دەکرد، لێرە ، لە نوسخە ئەسڵەکەدا ، هەموو قسە جوانەکانی ئەو تۆمار بکەم.

لێرەدا بەهەلم زانی ، ئەوە بە گوێدێران ڕابگەیەنم : هەر هەموو ئەو گوت و بێژانەی کە مۆمیاکە بەشداری تێدا کرد، بە زمانی کۆنی میسری ئەنجام درا ، ئیدی بەڕێزان گلیدون و بکینگهام ، قسەکانیان بۆ من و هەموو ئامادەبووان دی کە میسریان نەبینی بوو و سەفەری ئەوێندەریان نەکردبوو، پاچڤە دەکرد . ئەم دووانە زمانی مۆمیاکەیان بە باشی دەزانی و بە ڕەوانی قسەیان پێدەکرد . بەڵام ئاگام لەم خاڵە هەبوو کە ئەو دوو بەڕێزە بۆ ئەوەی مانا و مەبەست و چەمکە تایبەتیەکان لەم مرۆڤەی سەردەمی دێرین تێبگەیەنن ، ناو بە ناو هەوڵێکی ئاوارتەیان دەدا ، تا مانا و مەبەستەکە تا ڕادەیەکی ماقوول نزیک بکەنەوە . بۆ نموونە مستەر گلیدون ، ماوەیەکی زۆر نەیتوانی مانای زاراوەی ( سیاسەت ) لە یارۆی میسری بگەیەنێت ، تا ئەوە بوو، بە کلۆیەک ڕەژوو، لە سەر دیوارەکە وێنەی زەلامێکی لاوازی مردەلۆخی ، کەپوو ئاوساوی ، باسک کورت ، بکێشێت ، زەلامەکە بەسەر کۆتەرە دارێکەوە وەستابوو، لاقی چەپی بۆ دواوە ڕاکشابوو ، باسکی ڕاستی بۆ پێشەوە درێژ کردبوو، کوڵەمستی گوشی بوو ، چاوانی بڕی بوونە ئاسمان ، دەمی بەگۆشەی نەوەت نمرە داپچڕی بوو .

هەروەها مستەر بکنگهام – ش تا ماوەیەک نەیتوانی مانای کڵاوقژ کە وشە و داهێنانێکی تازە و مودێرنە لە مۆمیاییەکە بگەیەنێت ، تا ئەوە بوو لە سەر پێشنیازی دکتۆر پونونیر ، ئامادەبوو کە کڵاوقژەکەی لە سەری خۆی دابکەنێ .

ئیدی قسەکانی جەنابی گلیدون هاتە سەر باسی ئەو سوودە زۆرانەی کە بە فەزڵی زانست ، سەبارەت بە ڕاکردنی کفنی مۆمیایان و دەرهێنانی هەناویان هاتبووە ئاراوە . ئیدی تەوازی بۆ ئەو قسەیەی خۆی هێنایەوە کە پێدەچوو سووکە تەوس و توانجێکی بۆ ئەو ؛ واتە بۆ ئەو پیاوە مۆمیاکراوەی پێیان دەگوت ئامیستاکیو، تیابێ، هەنگێ ئاغای گلیدون لە کورتی بڕییەوە و گوتی : " نها کە ئەم مەسەلە لاوەکیانە ڕوون بوونەتەوە، دەتوانین دەست بەو معایەنە و ئەزموونانە بکەین ، کە نەخشەمان بۆ کێشابوو . " ئیدی دکتۆر پونونیر، کەوتە ئامادەکردنی ئامێر و کەرەستەکانی .

سەبارەت بەو پێشنیازانەی دوایی کە کابرا باسی کردن ، پێدەچوو ئامیستاکیو ، تووشی جۆرە گومان و دوودڵییەک بووبێ ، کە بە دروستی پەی بە ڕاستی و حەقیقەتەکەی نابەم . بەڵام وا خۆی دەنواند کە قەناعەتی بە بۆچوونەکانی ئێمە کردبێ ، ئەوسا لە سەر مێزەکە هاتە خوارەوە و، تەوقەی دەگەڵ یەک بەیەکی تیمەکەماندا کرد .

دوای تەواوبوونی ئەم ڕێ ورەسمە ، یەکسەر کەوتینە پڕکردنەوەی ئەو ئاسیوانەی کە بە هۆی نەشتەرگەرییەکەوە ، بە مۆمیاییەکە گەیی بوو . درزەکەی لاجانگیمان دوورییەوە ، قاچیمان بە سارغی پێچایەوە، لەزگەیەکی پزیشکی ڕەشمان ، کە هەر یەک ئینجی چوارگۆشە دەبوو، لە نووکی کەپووی دا .

لەم کاتەدا هەستمان کرد کە کۆنت ( وادیاربوو کە ئامیستاکیۆ لەقەبی کۆنت – ی هەبووە ) سووکە مووچووڕکەیەکی پێدا هات.. کە بێگومان زادەی سەرمایەکە بوو . دکتۆر یەکسەر چوو بۆلای کۆمەدی جلەکانیەوە، و خێرا بە باڵاپۆشێکی ڕەشەوە هاتەوە ، باڵاپۆشێک کە بە باشترین شێوە لە کارگەکانی جینینگ دروستکرابوو ، لەگەڵ پانتۆڵێکی شینی شەیالەدار و کراسێکی پەمەیی و ئێلەکێکی گوڵدۆزی و سورمەچن و پاڵتۆیەکی سپی گیرفان گەورەدا ، گۆچانێک ، شەپقەیەکی بێ قەراخ ، جووتێ پێڵاوی چەرمی نایاب ، دەستکێشی ئامال زەرد ، چاویلکە ، دوو سمێڵی دەسکرد ، بۆینباخێکی مل . جا چونکە قەد و باڵای کۆنت دوو هێندەی قەد و باڵای دکتۆر دەبوو ، بۆیە بڕێک بەزەحمەت توانیمان ئەو جلکانە بکەینەبەر یارۆی میسری ؛ وەختایەک لەم

کارە بووینەوە ، ئیدی دەمانتوانی بڵێین جل و بەرگێکی شایستەی لەبەردایە . جەنابی گلیدون ، دەستی یارۆی مۆمیایی گرت و بەرەو کورسییەکی فەریحی نزیکی سوپاکەی برد ، دکتۆر لەم ماوەیەدا زەنگی لێدابوو و ئەمری کردبوو هەندێک جگەرە و شەراب بێنن .

ئیدی لەزبلەز مەجلیسەکە گەرم بوو . بەردەوامی ژیانی ئامیستاکیۆ هەندی سەیر و باوەڕنەکردەنی دەهاتەبەرچاو ، هەموو ئامادەبووان دووچاری حەپەسان و کونجکاوی بووبوون .

وابزانم، مستەر بکنگهام گوتی : " بێ ئەدەبی نەبێ لە ڕووتا ، لام وایە تۆ زۆر لە مێژە مردوویت. "

کۆنت ، بەسەرسامی وەڵامی دایەوە : " چۆن؟ تەمەنی من تەنیا حەوت سەد ساڵ و شتێکە! بابم هەزار ساڵ ژیا ، وەختایەک مرد ، نەخەڵەفابوو ، حەواسی جۆر و جەم بوو. "

دوای ئەوەی یەک زنجیرە گفت وگۆ و پرسیار و حیساب و کیتاب کرا ، لە میانی گەنگەشەکانەوە دەرکەوت کە تەمەنی مۆمیاکە بە هەڵە خەملێنرابوو ، لەو ساوە بە گۆڕستانەکانی ئیلیتیاس سپێردرابوو پێنج هەزار و پەنجا ساڵ و چەند مانگێک تێپەڕی بوو .

جەنابی بکنگهام ، هاتەوە سەر قسەکەی خۆی : " پرسیارەکەی من پەیوەندی بە تەمەنی ئەو ساتەوە نییە کە بە خاک سپێردرای، ( من هیچ گومانم لەوەدا نییە کە تۆ هێشتا گەنجیت ) من مەبەستم ئەو ماوە دوور ودرێژەیە کە لە قیر و مادەی ئیسفەلتۆم گیرابووی ".

کۆنت گوتی : چی ، لە چی ؟

مستەر بکنگهام دووبارەی کردەوە : " لە قیر و ئیسفەلتۆم "

-ئەها! بەڵێ، بە ئاستەمێک لە مەبەستت حاڵی دەبم ؛ ڕەنگە بتوانم وەڵامت بدەمەوە... لە زەمانی ئێمەدا ، جگە لە دوو کلوریدی جیوە هیچی ترمان بەکار نەدەهێنا. "

دکتۆر پۆنونیر گوتی : " ئەوەی کە وەکو پێویست لێی تێناگەین ئەوەیە کە چۆن پێنج هەزار ساڵە مردویت و لە میسرا نێژراویت و ئەمڕۆکە لێرە زندوویت و ساغ و سەلامەت و لەوپەڕی باشیدایت. "

کۆنت وەڵامی دایەوە : " ئەگەر وەکو تۆ دەڵێی ، لەو سەردەمانەدا مردبم ، ئەوا ڕەنگە حاڵی حازر مردبم ؛ چونکە مردنی من فاکتەرێکی کاریگەری بەردەوامی ژیانی من بوو ، چونکە دەزانم ئێوە هێشتا بەو خەیاڵەوە دەژین کە تەزووە کارەباییەکە پێتانی دەبەخشێ و ناتوانن لەو ڕێگەیەوە پەی بە دژواری و ئالنگارییە سەرەتاییەکانی زەمانی ئێمە ببەن . ئەلهەقی من دووچاری نەخۆشییەک بووبووم ، لە هیپنوتیزم دەچوو ، هەندێ لە دۆستە نزیکەکانمان وایان زانی بوو مردووم ، یان دەمرم ، بۆیە یەکسەر ، کەوتبوونە مۆمیایی کردنم... وابزانم ئەنگۆ پرەنسیپە سەرەتاییەکانی پرۆسەی مۆمیایی کردن دەزانن ؟ "

– بەتەواوەتی نا.

– ئەها! تێ گەیشتم... حەیفێ بۆ ئەم نەزانینە! بەهەرحاڵ نها ناتوانم ئەم پرسە لە بنج و بناوان بکەم ، وەکو دەڵێن قوڕی بن مەسەلەکە دربێنم . بەڵام ئەوەی کە پێویستە بۆ ئەنگۆی ڕوون بکەمەوە ئەوەیە : کە مۆمیایی کردن لە میسری کۆندا ، بەمانا دروستەکەی مۆمیاکاری ، بریتی بووە لەوەی کە دەزگا حەیاتی و زندووەکانی

کەسەکەیان بۆ ماوەیەکی نادیار لەکار دەخست . من لێرەدا وشەی حەیاتی و زندوو، بە چەمک و مانا بەرینەکەی بەکار دەبەم و ، زیاتر مانا مادی و ماتریاڵیەکە دەگرێتەوە تا مانا مەعنەویەکە سەبارەت بەو کەسەی مۆمیاکاریەکەی بۆ دەکرێت . جارێکی دی دەیڵێمەوە : کە لە میسری کۆنا پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی مۆمیایی کردن بریتی بووە لە ڕاگرتنی دەزگا زندوو و حەیاتیەکانی ئەو کەسانەی کاری مۆمیاکاریان بۆ دەکرا . بە کورتیەکەی دەمەوێ پێتان بڵێم لە هەرکاتێکا ، ئەو کەسەی کاری مۆمیاکاری بۆ دەکرێت ، بەدەقی خۆیەوە تا ماوەیەکی نادیار دەمێنێتەوە . جا من خۆشبەختانە خوێنم لە جۆری خوێنی ئیسکارابەیە ( الخنفساء المقدسة )، بە زندوویەتی مۆمیایی کراوم ، وەکو بەچاوی خۆتان دەبینن. "

دکتۆر پونونیر هاواریکرد : خوێنی ئیسکارابە!

– بەڵێ، خوێنی ئیسکارابە نیشانە و ئارمی یەکێکە لە ماڵباتە ئەشرافیەکان یان ( چەکی ) بنەماڵەیەکی ڕۆمانی زۆر بە نێوبانگ و دەگمەنە. تەنیا خەڵکانی سەربەو بنەماڵەیە ، بە نەژادی ئیسکارابە دێنە ژماردن ، کە من باسی نەژادی ئیسکارابە دەکەم ، باسەکەم زیاتر مەجازیە. "

– باشە ئەم باسە چ پەیوەندییەکی بە ژیان و زندوویەتی ئێستای تۆوە هەیە ؟

– لە میسری کۆنا وا باوبوو ، بەرلە مۆمیاکاری جەستەکە ، ڕیخۆڵە و هەناو و مێشکی مردووەکە دەربێنن ، تەنیا ئەوانەی لە نەژادی ئیسکارابە بوایەن ، لەم ڕێ و ڕەسمە دەبواردران . جا ئەگەر خوێنم ، خوێنی ئیسکارابەیی نەبوایە ، هەناو و مێشکیان دەردەهێنام و بەشەر بەبێ ئەوانە ناژی .

مستەر بکنگهام گوتی : تێ گەیشتم، لام وایە هەموو ئەو مۆمیاییانەی دەکەونە دەستی ئێمە ، دەبێ لە نەژادی ئیسکارابە ( سیسرکی پیرۆز ) بن .

–بێ چەندوچوون ، گومانی تیا نییە .

گلیدون، بە ڕاوێژێکی نەوی و شەرمنانەوە گوتی : وام وێنا دەکرد کە ئیسکارابە ، یەکێک بێ لە خواوەندەکانی میسر.

مۆمیاییەکە، لە جێی خۆیەوە ڕاپەڕی و هاواریکرد: – یەکێک لە چییەکانی میسر؟

–خواوەندەکان.

کۆنت، گەڕایەوە سەر کورسیەکەی خۆی و گوتی :– جەنابی گلیدون ، من پێم سەیرە بەو شێوازە قسە دەکەی. هیچ نەتەوەیەک لە سەر ڕووی زەوی نییە لە یەک خودا زیاتری ناسی بێت . جا سەبارەت بە ئێمەش وەکو میللەتانی دی ، کە نیشانە و ڕەمز و ئارمی جیاوازیان هەیە ، لە ڕێگەی ئیسکارابە و ئیبسەوە، کە ڕەمزی ئێمەن ، ئافەریدەگاری مەزن دەپەرستین ، چونکە شکۆ و عەزەمەتی پەروەردەگار ڕێگە نادات ، ڕاستەوخۆ لێی نزیک ببیتەوە...

لێرەدا بێدەگی باڵی بەسەر کۆڕ و مەجلیسەکەدا کێشا . ئەنجام دکتۆر پونونیر، سەرلەنوێ سەری قسانی کردەوە :– بەم پێیە بێ ، بەگوێرەی قسەکانی تۆ ، بە ئەگەری زۆرەوە ، دەبێ ئەو مۆمیاییانەی دیکەش کە ژێرخانەکانی دەوروبەری نیل دا هەن دەبێ لە نەژادی ئیسکارابە بن و وەکو تۆ ژیانیان تیابێ ؟

کۆنت وەڵامی دایەوە :- بێگومان ، هەر هەموو ئەو ئیسکارابانەی بەڕێکەوت ، لە ژیانا مۆمیایی کراون ، نها زندوون . تەنانەت هەندێ لەو خەڵکانەش بەنیاز و مەبەستێکی دیاریکراو مۆمیایی کراون و لە بیری سەرپەرشتیارەکانیان چوونەوە ، هێشتا بە زندوویەتی لە گۆڕەکانا ماونەتەوە .

زاتم وەبەر خۆ نا و ڕاستەوخۆ لە مۆمیاییەکەم پرسی : - بێزەحمەت دەتوانی ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە کە مەبەستت لە دەستەواژەی " بەنیاز و مەبەستێکی تایبەتی مۆمیاکاری کراون " چییە ؟

مۆمیاییەکە ، دوای ئەوەی مودەتێک لە پشت عەینەکە دەستیەکەیەوە تەمەشای کردم، بەرسڤی دایەوە : بە کەماڵی خۆشحاڵیەوە : لەسەردەمی ئێمەدا ، تێکڕای تەمەن نزیکەی هەشت سەد ساڵ بوو، بەدەگمەن ڕێکدەکەوت کەسێک پێش شەش سەد ساڵی بمرێت ، مەگەر پێشهاتێکی ئاوارتە ڕووی بدابایە . ژمارەیەکی کەم هەزار ساڵ دەژیان ، بەڵام هەشت سەد ساڵ ، تەمەنێکی ئاسایی و سروشتی بوو . دوای دۆزینەوەی پرۆسەی مۆمیاکاری وەکو بۆم باسکردن ، ئیدی فەیلەسووفەکانمان کەڵکەڵەی ئەوەیان کەوتەسەر کە ئەگەر مودەتی ئەم تەمەنە ئاساییە بەسەر چەند قۆناغێکا دابەش بکەین ، نەک هەر کونجکاوی و لاپەرەسەنی خۆمان تێر دەکەین ، بەڵکو خزمەتێکی زۆریش بە پێداویستیە زانیستەکانیش دەکەین . بۆ نموونە ، لە زانستی مێژوودا ، ئەزموون ئەوەی نیشانداوە کە ئەم تەقسیمبەندییە پێدڤیە . بۆ نموونە مێژوونووسێک کە دەگاتە تەمەنی پێنج سەد ساڵی ، دەتوانێ بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر کتێبێ بنووسێت و ڕێگەبدات جەستەی مۆمیایی بکەن و وەسێتنامەیەک بۆ سەرپەرشتیاران و ئەنجامدەرانی پرۆسەکە بنووسێت کە دوای مودەتێکی دیاریکراو ، بۆ نموونە پێنج سەد شەش سەد ساڵی دی زندووی بکەنەوە . لە دوای ئەو ماوەیە زندوو دەبێتەوە ، دەبینێ بەرهەم و کتێبەکەی بووە بە دەفتەرێکی بێبایەخی یاداشتەکان . بە واتایەکی دی بووە بە مەیدانێکی ململانێ و کێشماکێشی ئەدەبی و پڕ بووە لە هەڤدژگۆیی ، لەگەز و مەتەڵ، ڕاوبۆچوونی بێ تامی شەخسی، و شەڕە دەنووکی ڕاڤەکارانی نا بەرپرس . ئیدی ئەم جۆرە گریمانە و مەتەڵ و لەگەزانەی کە بە ناوی ساغکردنەوە ، ڕاستکردنەوە و ڕاڤەکردنەوە، لە پەراوێزی دەقەکەی وی بارکراون ، بەجۆرێ بەسەر دەقەکەدا زاڵ بووە ، دەبێ نووسەرەکە بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە مۆمێکرەوە بگەڕێ بۆ ئەوەی کتێبەکەی خۆی بدۆزێتەوە و بناسێتەوە . وەختێک دەیدۆزێتەوە ، تەمەشا دەکات ، بەجۆرێ شێواوە ، ئەو زەحمەتەی نەدەهێنا کە لە پێناوی دۆزینەوەیدا کێشاویەتی... ئیدی نووسەر دوای ئەوەی لە نوێ کتێبەکەی دەنووسێتەوە ، ئەرکێکی دیکەی دەکەوێتە ئەستۆ ، ئەویش ئەوەیە کە بە گوێرەی زانست و ئەزموون و شارەزایی خۆی داب و نەریتی باوی سەردەمەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە . بۆیە ئەم پرۆسەی کۆپی کردنەوە و گێژە و بێژەیەی حەکیمان ناو بەناو دەیکەن ، خۆی لە خۆیدا هەوڵە بۆ پاراستنی مێژوومان تا دانەبەزێ بۆ ئاستی حەکایەت و ئەفسانەی ڕووت .

دکتۆر پونونیر، لێرەدا ، بەکاوەخۆ دەستی خستە سەر بازووی یارۆی میسری و گوتی :- ببورە، ڕێگەم دەدەی بۆ چەند ساتێک قسەکەت پێ ببڕم ؟

کۆنت ، قسەکەی خۆی بڕی وگوتی :- حەزم دەکرد یەک پرسیارت لێبکەم . لە قسەکانتا باسی ئەو مێژوونووسانەت کرد کە بە خۆ داب و نەریتی سەردەمی خۆیان ڕاست دەکردەوە . تکات لێدەکەم قوربان، بەکورتی پێم بێژە ڕێژەی دروست و دروستی لەم ئەفسانە و قەباڵانەدا چەندە ؟

-قەباڵە و ئەفسانە ، بەگوێرەی پێناسە دروست و تازەکەی کە تۆ بەکارت برد ، دەگەڵ ئەو واریقاتە مێژووییانەی کە بەسەر زاری خەڵکەوەن و بە هیچ جۆرێ تۆمار نەکراون و دەسکاری نەکراون ، بەموو فەرقیان نییە و یەک زەڕە ڕاستیان تیا نییە .

دکتۆر لە سەری ڕۆیی : وەکو دیارە بەلای کەمەوە پێنج هەزار ساڵ بە سەر مۆمیاندنی تۆدا تێ پەڕیوە ، من لام وایە کە مێژوو و داب و نەریتی ئێوە لەو سەردەمانەدا سەبارەت بە مەسەلەیەک کە بایەخی جیهانی هەیە، سەبارەت بە ئەفراندن دروست بووە . هەڵبەتە ئاگاداری کە ئەفراندن و خەڵق بە کێمانی دە سەدە پێش سەردەمی ئەنگۆ ڕوویداوە .

کۆنت ئالامیستاکیۆ گوتی : چیت گوت قوربان؟

دکتۆر، قسەکەی خۆی دووبارە کردەوە . بەڵام دوای ڕوونکردنەوەیەکی زۆرتر یارۆی بیانی توانی لە مەبەستی قسەکەی وی حاڵی بێت و ئەنجام بە دوودڵییەوە گوتی : هەڵبەتە دان بەوەدا دەنەم ئەو بیرۆکانەی کە تۆ باسیان دەکەی، بۆ من تازەن . من لەو زەمانەدا هەرگیز کەسێکم نەبینی بوو ، ئەوەی لە بیرابێ گەردوون، ( یان ئێوە گوتەنی ئەم دنیایە ) سەرەتایەکی هەبووبێ . لە بیرمە جارێک ، تەنیا یەک جار، پیاوێک دووراودوور، بە ئاماژە ، ئاماژەی بۆ دیاردەیەکی گۆنگ سەبارەت بە ئەسڵ و نەژادی بەشەر کرد ؛ ئەم پیاوە وشەی ئادەمی ( یان گڵە سوور ) ی بەکاربرد ، ڕێک وەکو چۆن ئێوە بەکاری دەبەن ، بەڵام ئەم وشەیەی بەمانا گشتیەکەی بەکار دەبرد ، وەکو ئاماژەیەک بۆ دروستبوونی خۆبەخۆی بوونەوەران لە گڵ ( وەکو چۆن هەزاران گیانلەبەری میکرۆسکۆبی لە گڵ و قوڕ دروست دەبن )... قسەکانی ئەویش دەربارەی پەیدابوونی خۆبەخۆی پێنج هۆزی بەشەری، کە بەسەر پێنج تیرەی وەکو یەکدا لە سەر زەوی دابەش بووبوون .

لێرەدا ، هەموو ئامادەبووان شانیان هەڵتەکاند ، یەک دوانێکمان بەماناوە نێوچەوانمان دا بەیەکدا . جەنابی سیلک بکنگهام پاش ئەوەی نیگایەکی خێرای پشتە سەر و ئەوسا هەنیەی ئالامیستاکیوی کرد ، گوتی : بەگوێرەی ئەو تەمەنە درێژەی کە ئێوە هەتان بووە و وەکو تۆ ڕوونت کردەوە لە زەمانی ئێوەدا هەبووە ، بێگومان دەبێ دەورێکی یەجگار گەورەی لە پێشڤەچوونی گشتی و کەڵەکەبوونی ماریفەدا هەبووبێ . بۆیە بە مەزەندەی من ئەو پاشکەوتنە حیرەت ئەنگێزەی ، لە هەموو کایە زانستیانەکاندا لەلای میسریانی کۆن ، لەچاو خەڵکانی ئەم ڕۆژگارەدا ، بە تایبەتی لەلای یانگیەکان ، هەرهەموو ئەمە دەگەرێتەوە بۆ ڕەقی لە ڕادەبەدەری کاسەسەری ئینسانی میسری .

کۆنت ، بەئەدەبەوە وەڵامی دایەوە : جارێکی دی دان بەوەدا دەنەم ، کە حەواسم پەرتە و بەباشی لە قسەکانت حاڵم نابم ، تکایە بفەرموو مەبەستت چ کایەیەکی زانستیە ؟

لێرەدا ، هەموو ئامادەبووان بەیەک دەنگ وەڵامیان دایەوە کە مەبەستیان زانستی فرونولوژی و ( فرونولوژی: دەکاتە خوێندنەوەی ژیان و کاری روحی ئینسان بە گوێرەی بونیادی کاسە سەر ). ئەو داهێنانە تازە و سەیرانەی دەربارەی فیراسەتی دەماغ و کێشی موگناتیسی لە سەر بوونەوەرانی زندووە .

کۆنت ، پاش ئەوەی تا کۆتایی گوێی لێگرتین ، لەڕێگەی گێرانەوەی چەند حیکایەتێکی خۆشەوە ، بۆی ڕوونکردنیەوە کە هەوەڵین نموونەکانی گال و ( گال: فرانسوا جوزیف گال پزیشکێکی ئەڵمانیە لە تیفین برۆن لە دایک بووە ، کە بناغەی زانستی فرونولوجی داڕشتووە. ) و سپورتیزهایم ( دکتۆرێکی دیکەیە کە لە زانست دا

زۆر مەلەوان بوو ) لە کۆنی کۆنا ، هێندە کۆن کە لە بیر چووەتەوە ، لە میسرا باو بووە ، پاشان لە باو و ڕەواج کەوتووە . هەروەها میتۆدەکانی میسمیر ( فردریک ئەنتوان میسمیر، پزیشکێکی ئەڵمانی بوو کە تیۆری موگناتیسی حەیوانی داهێناوە ) لە چاو ئەو پەرجووانەدا کە زانایانی تیبە کەشفیان کردووە ؛ ئەو زانایانەی لەو ڕێگەیەوە خوێندنەوەیان بۆ ئەسپێ و ئەو شتە بچووکانە کردووە ، گاڵتەبازاڕ بووە .

لەم کاتەدا لە کۆنت – م پرسی : ئایا خەڵکانی سەردەمی وی دەیانتوانی پێشبینی خۆرگیران و مانگ گیران بکەن؟ کۆنت بە دەم تەوس خەنێکەوە وەڵامی دایەوە کە بەڵێ دەیانتوانی .

وەڵامەکەی کۆنت کەمێک پەستی کردم ، بەڵام دەستم بە هەندێ پرسیاری دی دەربارەی زانیاری وان لەمەڕ ئەستێرەناسی کرد ؛ بەڵام یەکێک لە ئامادەبووان کە تا ئەو کاتە دەمی نەکردبووەوە بەگوێی دا چپاندم کە : ئەگەر لەم بارەیەوە پێویستت بە زانیارییە ، پێویستە بگەڕێیتەوە سەر کتێبەکەی بەتلیموس یان بلوتارک کە باسێکی لە سەر ڕووی مانگ نووسیوە. ( کلودیوس بەتلیموس جوگرافی و ئەستێرەناسێکی سەدەی دووەمی پێش زاینە کە لە میسر لە دایک بووە و لەوێندەر خوێندوویەتی. )

پاشان پرسیاری زەڕەبین و زوومی سووتێنەر و بەشێوەیەکی گشتی پیشەسازی شووشەم لە مۆمیا کرد ؛ بەڵام هێشتا بە تەواوی لە پرسیارەکانم نەبووبوومەوە کە یارۆی بێدەنگ دووبارە ئانیشکی تێوەژەندم و تکای لێکردم کە چاوێ بە کتێبەکەی مێژوونووسی گریکی دیودروس سیکولوس دا بگێڕم. ( ئەمە یەکێکە لە مێژوونووسانی گریکی کە مێژووی سەردەمانی کۆنی تا ساڵی شەستی پاش زاین نووسیوە. ) بەڵام کۆنت پرسیارێکی وەڵام ئامێزی لێکردم : باشە ئێوە کە خۆ بە هاوچەرخ دەزانن ، ئایا میکروسکوبی واتان هەیە کە بتوانن وەکو میسرییەکان بەردی عەقیقی پێ بنەخشێنن؟ لە کاتێکا پێوەبووم وەڵامێکی ماقووڵی پرسیارەکەی ئەو بدۆزمەوە ، دکتۆر پونونیر هەڵیدایە و بە شێوازێکی زۆر غەریب وەڵامی دایەوە : " تۆ تەمەشای ستایلی تەلارەکانی ئێمە بکە! " . هەرچەندە دوو دۆستەکەی مە ؛ ئەوانەی میسریان بینی بوو ، بەوپەڕی نەفرەت و تووڕەیی نقورچیان لێگرت بە ڕادەیەک بەدەنیان شین و مۆر کردەوە ، بەڵام نەیانتوانی بێدەنگی بکەن . ئەو بە هەڵچوونەوە هاواریکرد : " برۆ تەمەشای نافورەی بولنگ گرینی نیویورک بکە ! ئەگەر تەمەشای ئەم شوێنە هەندێ قورس بێ و ڕامانی زۆری بوێ ، برۆ کۆشکی کاپیتول واشنگتون دی. سی ببینە " ( ئەمە بارەگای دەوڵەتی فیدراڵ و هەردوو ئەنجوومەنی ئەمریکایە لە واشنگتون ). ئیدی ئەم دکتۆرە دڵسافە بەوردی کەوتە شەرح و شرۆڤەی وردەکارییەکانی پانی و درێژی ئەم بینایە و ڕوونی کردەوە کە هەر بەرهەیوانەکەی بیست و چوار پایە و ستوونی هەیە ، تیرەی هەر ستوونێکی پێنج پێیە و، هەر ستوونێک دە پێیان لەوی دی دوورە .

کۆنت گوتی : بەداخەوە حاڵی حازر ئەندازە و ڕەهەندی دروستی هیچ یەکێک لە بینایەکانی شاری ئەژناک –ی بیر ناکەوێتەوە ، ئیدی نافورە و بیناکانی ئەم شارە ، لە سەردەمە تاریکەکانی ڕۆژگاردا مەحوو بوونەتەوە ، بەڵام کاولە و شوێنەوارەکانیان هێشتا هەر ماوە و وەختایەک ئەویان مۆمیاکاری دەکرد ، وێرانە و شوێنەواری بینایەکان هێشتا بە سەر هەردە و باسکێکی بەرینی ڕۆژئاوای تیبەوە مابوو . بەڵام وتی : بیری ماوە ( باسی هەیوانی پەرستگەکانی دەکرد ) کە هەیوانی یەکێک لە ئەزناکەکان کە کەوتبووە دەروازەی یەکێک لە کۆشکەکانی دەڤەری کەڕنەکەوە، سەد و چل و چوار ستوونی هەبوو، تیرەی هەر ستوونێکیان سی و حەوت پێ بوو، ستوونەکان بیست و پێنج پێ لە یەکترەوە دوور بوون ، بۆ چوونە ناو ئەم پەرستگە و هەیوانە لە سەمتی نیلەوە، ڕاڕەوێک بە درێژایی دوو میلان دروست کرابوو ، کە ئەمسەر و ئەوسەری پڕ بوو لە پەیکەری ئەبول هۆل و

وردەپەیکەرانی دیکە و ستوونێن بەرز ، کە بەرزی هەر یەکێکیان بیست ، شەست و، سەد پێ دەبوو. ئەوەندەی کۆنت بیری مابوو درێژی خودی کۆشکەکە لە یەک سەمتیەوە دوو میل دەبوو، ڕەنگە ڕووبەرەکەی حەوت میل بووبێ . دیوارەکانی لە هەموو لایەکەوە ، لە ناوەوە و لە دەرەوە بەجۆرەها نەخش و نیگار و نووسینی هیروگلوفی ڕازابووەوە . هەڵبەتە کۆنت ئیدیعای ئەوەی نەدەکرد کە پەنجا شەست لەو کاپتولانەی دکتۆر باسی دەکردن لە چوار دیواری ئەم بینایەدا جێیان دەبووەوە ، بەڵام دڵنیابوو کە دووسەد یان سێ سەد دانە لەو کاپتولانە بە ئاسانی لەو کۆشکەی کەرنەک دا ، کە بینایەکی چکۆلە و هیچ بوو ، جێیان دەبووەوە . بەڵام کۆنت بەو ویژدانە پاکەوە کە هەیبوو نەیدەتوانی ئیعتراف بەو بلیمەتی و جوانی و باڵادەستیەی کە لە بینای نافورەکەی بۆلینگ گرین دا ، وەکو دکتۆر باسی کردبوو، نەکات . ناچاربوو ئیعتراف بەوە بکات کە نە لە میسر و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەدا شتی وای نەدیتووە .

لێرەدا، پرسیاری هێلە ئاسنینەکانی خۆمانم لە کۆنت کرد . لە وەڵاما گوتی : هیچ بۆچوونێکی تایبەتیم لەو بارەیەوە نییە ، بەڵام بەلای ئەوەوە شتێکی ئەوتۆ نییە ، نەخشەکەی لاوازە ، بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە و هەرگیز لەگەڵ ئەو ڕێگاوبان و ڕاڕەوە بەرین و هەموار و تونێلە ئاسنانەی کە میسرییە کۆنەکان پەرستگا و کێلە بەرزەکانیان ، کە بەرزییان دەگەییە سەد و پەنجا پێ ، لە سەر دەگواستەوە ، بەراورد ناکرێت .

پاشان باسی ئەو هێز و ئامێرە میکانیکیە بەهێزانەم لەگەڵیا کرد کە هەمانە .

کۆنت ، دانی بەوەدا نا کە هەندێ شت لەو ڕووەوە دەزانین ، بەڵام لێی پرسیم : باشە ئەگەر بتان ویستبا ئەو ستوونە زەلامانە بخەنە سەر بچووکترین کۆشکی کەرنەک چیتان دەکرد، دەتانتوانی ؟

وام بەباش زانی خۆ لە گێلی بدەم و وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەمەوە ، لێم پرسی ، چ شتێک لەبارەی بیرێن ئیرتیوازی دەزانی ؛ تەنیا برۆکانی وێک هێنانەوە و هیچی تر؛ لەم کاتەدا گلیدون چاوێکی لێ داگرتم و بەچپەوە گوتی : ئەو ئەندازیارانەی بەو کارە ڕاسپێردرا بوون و بەناو دەشت و بیابانێکی بەرین کەوتبوون و لە ئاو دەگەڕان ، لەو دواییانەدا بیرێکیان دۆزی بووەوە .

پاشان هاتە سەر پیشەسازی پۆلاکارییەکانی لای خۆمان ؛ بەڵام یارۆی بیانی، سەرێکی هەڵبڕی و لێی پرسیم ئایا ئەو پۆڵایەی ئێمە ، دەرەقەتی هەڵکۆڵینی ئەو نەخش و نیگارانەی سەر ستوونی ئەو پەرستگایانەی هەیە کە هەر هەمووی بە ئامێری سادەی مس هەڵکۆڵراون .

ئەم پرسیارە بەڕادەیەک پەشۆکاندمی ، وامان بەباش زانی بابەتەکە بگۆڕین و بێینە سەر پرس و بابەتە میتافیزیکەکان . ناردمان نوسخەیەک لەو کتێبەمان بۆ بێنن کە سەرناوەکەی " مزولە " واتە سەعاتی هەتاوی، بوو، یەک دوو فەسڵمان لێی خوێندەوە ، دەربارەی شتێکی زۆر ئاڵۆز و گۆنگ بوو ، خەڵکی بوستون، پێیان دەگوت " گۆڕانی گەورە یان پێشکەوتن ".

کۆنت بە کورتی گوتی : لە سەردەمی ئەودا گۆڕانی گەورە ، زۆر باو و ئاسایی بووە و دوای مودەتێک جگە لە موسیبەتێکی واقیعی هیچی دیکەی لێنەکەوتووەتەوە و نەیتوانیوە درێژە بە پێشکەوتن و پێشڤەچوونی خۆی بدات .

ئەوسا هاتینە سەر باسی جوانی و گرینگی دیموکراتیەت ؛ بەڵام دووچاری ئاریشەێن زۆر بووین ؛ چونکە نەماندەتوانی چەمکی دروستی سوودەکانی ئازادی بۆچوون و ژیان لە سایەی وڵاتێکی کۆماریدا لە کۆنت بگەیەنین .

بە بایەخەوە گوێی لێگرتین ؛ ئەوەی ڕاستی بێ برێک پەستی و بێزاری پێوە دیاربوو. کە لە قسەکانمان بووینەوە ، گوتی لە زەمانانی زۆر کۆنا ، ئەوانیش جۆرە سیستەمێکی وەکو ئەم دیموکراتیەتەی ئێمەیان هەبووە . ئیدی سیازدە ویلایەت و دەڤەری میسری بڕیار دەدەن کە خۆیبوون و ئازادی خۆیان ڕابگەیەنن و ببن بە سەرمەشقێکی شکۆدار بۆ هەموو تیرەی بەشەر . پیران و پیاو ماقووڵانی قەوم کۆبوونەوە و باشترین دەستوریان ، کە بە خەیاڵی بەشەردا بێت ، نووسی. بۆ ماوەیەک ، لە هەموو ڕوویەکەوە بە ئارامی و بێ هیچ کێشە و ئاریشەیەک ، بە ئاشتی ژیان . تاقە کێشەیان ئەوەبوو کە هێشتا عادەتی خۆ هەڵکێشانیان تەرک نەکردبوو. ئیدی زۆری پێنەچوو ، سیازدە ویلایەتە یەکگرتووەکە جیابوونەوە و دەگەڵ پازدە بیست ویلایەتی دیکەدا ، گۆڕان بۆ دزێوترین سیستەمی سەرکوتکاری ئەوتۆ کە هەرگیز وێنەیان لە سەر ڕووی زەوی نەبینرابوو.

لەم کاتەدا پرسیارم کرد کە فەرمانڕەوا سەرکوتکار و داگیرکەرەکە ناوی چی بوو؟

ئەوەندەی یادگە بە هانای کۆنتەوە هات ، ناوی موب بوو.

ئیدی نەمدەزانی لەم بارەیەوە چ بڵێم ، دەنگم بەرز کردەوە و گاڵتەم بەنەزانی و بێ ئەدەبی یارۆی میسری کرد.

کۆنت ، بە سەرسامی لێی ڕوانیم و هیچ وەڵامێکی نەدایەوە . بەڵام کابرای خامۆش و بێدەنگ ئانیشکێکی بە قەبرغەما ژەند… و گوتی ئەمجارەیان بە جارێ خۆم ڕیسوا کرد و لە تامم دەرکردووە و پرسی ئایا ئەوەندە گێلم کە نەزانم مەکینەی هەڵم داهێنانی هیروە و ئەویش لە مولومون کاوسی یەوە وەری گرتووە .

خەیک بوو، ئیحراج دەبووین، بەڵام خۆمان و بەختمان دکتۆر پونونیر کە خەیاڵی ڕۆیی بوو، وەخۆهاتەوە و فریامان کەوت و پرسی کە ئایا میللەتی میسر پێیان وایە کە دەتوانن لە دروستکردنی تەوالێت و… جل و بەرگا هەڤڕکی خەڵکی ئەم سەردەمە تازەیە بکەن .

کۆنت ، لێرەدا ، تەمەشایەکی قایش و شەیالەکانی پانتۆڵەکەی کرد، لە کاتێکا چمکێکی چاکەتەکەی گرتبوو و بۆ چەند خولەکێک لە چاوی ئامادەبووانی نزیک کردەوە و ئەنجام بەری دایەوە و بەرەبەرە دەمی گۆشاوگۆش داچەقاند ، بەڵام نایەتەوە بیرم کە هیچ وەڵامێکی پرسیارەکەی دایەوە یان نا .

لێرەدا ، هەموو ئاسایی بووینەوە ، دکتۆر بەوپەڕی ویقارەوە لە مۆمیاییەکە نزیک بووەوە ، بە شەرەفی نەجیب زادەیی خۆی سوێندی دا ئایا میسرییەکان لە هیچ زەمانێکدا پەیان بە چۆنیەتی دروستکردنی حەبەکانی دکتۆر پونونیر یان حەبەکانی براندویت بردووە .

بە تاسەوە چاوەڕوانی وەڵامی کۆنت بووین ؛ بەڵام چاوەڕوانیەکەمان بێهودە بوو ، وەڵام نەبوو. یارۆی میسری وادیاربوو هەستی بە شەرمەزاری کرد ، سوور بووەوە و سەری داخست . هەرگیز سەرکەوتن ئەوەندە زەق و دیار نەبووە و ، شکست بەو ئاوایە قەبووڵ و تەحەموول نەکراوە . ئەلهەقی نەمدەتوانی بەرگەی دیمەنی پیاوە مۆمیاییە داماوەکە بەو بێچارەییەوە بگرم ، کڵاوەکەم هەڵگرت و بەڕێزەوە سەرم بۆ دانەواند و ڕۆیشتم.

که گەییمەوە ماڵ ، سەعات لە چواری بەیانی دەرباز بووبوو . یەکسەر چوومە ناو جێوە . نها سەعات دەی بەیانییە. لە سەعات حەوتی بەیانیەوە هەستاوم و خەریکی نووسینەوەی ئەم بیرەوەریانەم تا بەڵکو سوودێکی بۆ ماڵباتەکەم و تیرەی بەشەر هەبێت . لە ئێستا بە دواوە یارۆی مۆمیایی نابینم.. ماڵباتەکەی خۆم نابینمەوە .

ژنەکەم زمان درێژە . ئەلهەقی دلّم لەم ژیانە تۆراوە ، بێزار بووە . بگرە لە هەموو سەدەی نۆزدە بێزار و وەڕەز بووە . گەییومەتە قەناعەت هەموو شتێک شێواوە ، ناڕێک و پێکە، کوێرانە بەڕێوە دەچێت . زۆر نیگەران و ناڕەحەتم . زۆر حەزدەکەم بزانم کێ لە ساڵی ٢٠٤٥ دا دەبێ بە سەرۆک ، بۆیە هەرکە ڕدێنم تاشی ، یەکسەر بۆ ماڵی دکتۆر پونونیر دەڕۆم و داوای لێدەکەم بۆ چەند سەدەیەک مۆمیاییم بکات .

سەرچاوە:

الاعمال القصصية الكامله/ ادگار الن پو، ترجمة مصطفى ناصر/ دارالكتاب الجديد المتحدة/ ٢٠٢١ ص ١٢١٩-١٢٣٨

## ٧- دەمامکی مەرگی سوور

ماوەیەکی زۆر بوو " تاپۆی مەرگی سوور "بە وڵاتا دەسوڕایەوە . تا ئێستا تاعوونی هێندە کوشندە و ترسناکمان نەبینی بوو. ئیدی لە شێوەی خوێن دا بوو ، خوێنێکی سووری ترسناک و دزێو کە دڵمانی دادەلەرزاند ، لە هەموو شوێنێ بڵاو دەبووەوە ، ئیدی دوای ئازاری توونێ و هەستکردن بە سەرەگێژەکە و دڵ تێکهەڵهاتنی کوت وپڕ، ئەوسا خوێن بەربوونێکی زۆر لە کونیلەکانی بەدەنەوە ، ئەو پەڵە سوورانەی بەسەر بەدەنەوە ، بەتایبەتی بەسەر ڕوخساری قوربانیەکەوە بڵاو دەبوونەوە ، نیشانەی تووش بوون بە تاعوونەکە بوو ، هەنگێ دەرگاکان لە یارۆی تووشبوو دادەخران و لە هەر یارمەتی و دڵنەواییەکی هاوڕێکانی مەحرووم دەکرا ، ئیدی تووشبوون و مردنەکە لە زەرفی نیوسەعاتێکا دەبڕایەوە .

بەڵام میر پروسپێرۆ ( میر پروسپیرۆ وەکو میر پروسپیرۆیەکەی کاراکتەری شانۆنامەی گەردلوەکەی شەکسپیر ، هەوڵی دەدا لە دنیا هەڵێت ) ڕەوشی باشتر بوو ، پیاوێکی دووربین و بوێر و بەختەوەر بوو ، پیاوێک بوو لە هیچ نەدەترسا . وەختایەک موڵکەکانی خەریک بوو لە دانیشتووان چۆڵ دەبوون ، خەڵکەکە قڕیان تێدەکەوت ، نزیکەی هەزار نەفەری لە دۆستانی گەشبین و نەترس، لە قارەمانان و خانمانی دەرباری لەخۆی خڕ کردەوە و لە گەڵ ئەمانەدا چوون بۆ جێگایەکی تەریک و دوورەدەست و پەنایان بردە بەر دێرێک کە لە قەڵا دەچوو. دیمەنی ئەم بینابەرزە زۆر جوان بوو ، یەکێک بوو لە داهێنراوەکانی زەوق و سەلیقەی سەیر و غەریبی بلیمەتانەی خودی میر . حەسارێکی بڵند بە دەوری دێرەکدا کێشرابوو، دەرگاکانی هەموو ئاسن بوون . پاش ئەوەی میر و دەست و پێوەندەکەی ، خۆیان بە قەڵاکەدا کرد ، دەرباریيان کوورەیان هەڵکرد ، کەوتنە لەحیم کردنی کێلونی دەرگاکان . بڕیاریان دا ، بە هیچ کلۆجێ ڕێگەی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە نەدرێ ، ئیدی هەموو پێویستی و ئازووقەیەکیان لە دێرەکەدا دابین کرد ، ئیدی دەرباریەکان بە ئومێدی ئەوە بوون بەم تەگبیر و دووربینی یە، خۆ لە بەڵا و نەخۆشیەکە دوور بگرن و ئەوانەی دەرێی دێرەکە بە قەدەر بسپێرن . لەم کات و ڕەوش و هەڵوێست و تەنگانەیەدا ، خەمخواردن لە خەڵکانی دی بە شێتاتی ڕووت دەژمێردرا . میر هەموو پێداویستیەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی و عەیش و نۆش و ڕابواردنی دابین کردبوو . لە لێبۆکەوە بیگرە تا شایەر و سەماکار و سازڤان و هەموو جۆرە خواردنەوەیەک، تەناهی و ئەمن و ئەمان هەبوو؛ بەڵام لە دەرەوە تەنیا تاپۆی " مەرگی سوور " هەبوو.

لە کۆتایی مانگی پێنج یان شەشی ئەم گۆشەگیری و پەناگیرییەدا ، لە کاتێکا کە تاعوون لە دەرەوە هێڵەی بە خەڵکی دەکرد ، میر پروسپیرۆ ، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر ، کە ئاهەنگێکی بالماسکەیی بۆ هەزار دۆستەکەی ساز بکات تا کەمێک وەکەیف بێن و بێتاقەت نەبن . بڕیاری دا ئاهەنگێک بگێڕێ ، کە هیچ ئاهەنگێک شان لە شانی نەدات!

ئاهەنگەکە ، زۆر شتی ئاوارتەی وەکو هەرا و هەنگامە و دیمەنی هاروژاندنی ئارەزووانی بەخۆوە بینی. بەڵام ڕێگەم بدەن با جارێ وەسفێکی ئەو هۆڵانەتان بۆ بکەم کە بەزم و ئاهەنگەکەیان تێدا دەگێڕدرا . حەوت هۆڵ هەبوون ، ئەمانە هەر هەموویان سویتی تایبەتی شاهانەیان پێکدێنا . عادەتەن ئەمانە هەموو بەڕیزی یەکەوەن و کاتێ دەرگاکانیان بە هەردوولادا دەکرێتەوە، دەتوانی قوڵایی هەریەکێک لە هۆڵەکانی ببینی . بەڵام لێرەدا مەسەلەکە ڕێک بە پێچەوانەوە بوو ، هۆڵەکان بە ستایلێکی ناباوەوە دروستکرابوون ، کە بینەر هەرجارێ تەنیا یەک هۆڵی دەبینی . لە مەودای هەر بیست سی یاردەیەکدا ( هەر یاردەیەک نەوەت سانتی مەترە ) پێچێکی

چاوەڕوان نەکراو هەبوو، هەر پێچێک دیمەنێکی تازەی دەنواند . لە سەمتی چەپ و ڕاستی هەر هۆڵێکا، لە ناوەڕاستی هەر دیوارێکدا ، پەنجەرەیەکی باریک و بڵند بە ستایلی گۆتیک هەبوو ( گۆتیک ستایلێکی تایبەتی تەلارکاریە، کە لە سەدەی ١٢ – ١٦ لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا مۆد و باو بوو ) دەیڕوانییە ئەو پێچانەی دەچوونەوە سەر سویتی پاشایەتی . شووشەی ڕەنگینی هەریەکێک لەم پەنجەرانە دەگەڵ دیکۆراتی زەمینەی ئەو هۆڵەدا کە بەسەریا دەکرایەوە تێکی دەکردەوە . ئەو هۆڵەی کەوتبووە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە ، پەردەی شینی پێوە هەڵواسرابوو ، شووشەی پەنجەرەکانی شینێکی تۆخی گەرم و زندوو بوو . پەنجەرەی هۆڵی دووەم ئەرخەوانی و پەردەکانی سوور بوو ، هی هۆڵی سێیەم ، بەڕەنگی سەوز ڕازابووەوە . هی چوارەمین هۆڵ پرتەقاڵی بوو و... پێنجەم سپی و... شەشەم وەنەوشەیی بوو. بەڵام هۆڵی حەوتەم ، هەر هەمووی بە پەردەێن مەخمەڵی ڕەش داپۆشرابوو لە میچەکەیەوە تا پای دیوارەکانی، چرچ و لۆچی قورسی پەردەکان دەکەوتە سەرمافورێک لە هەما قوماش و هەمان ڕەنگ ( ساڵۆنەکان و ڕەنگەکانیان ئاماژەن بۆ ماناێن شیعری ، بۆ نموونە شین هێمایە بۆ ڕۆژ، ڕەش هێمایە بۆ شەو و، هەرهەمووی ئاماژەیە بۆ وەی کە مرۆڤ نەتوانای دیتنی ئایندەی هەیە و نە دووبارەکردنەوە و گەڕاندنەوەی ڕابردوو، وەرگێڕی عەرەبی. ) تەنیا لەم هۆڵەدا ، ڕەنگی شووشەی پەنجەرەکان، دەگەڵ دیکۆراتەکاندا تێکی نەدەکردەوە . شووشەی پەنجەرەکانی ئێرە قرمزیە... لە ڕەنگی خوێنی تۆخ دەچێ . لە هیچ هۆڵێک لەم حەوت هۆڵەدا ، پیاو نە چرایەک و نە شەمدانێکی بەدی نەدەکرد ، لە ناو جەرگەی ئەو هەموو دیکۆراتەوە کە لێرەو لەوێ بڵاو بووبووەوە یان بەبن میچەکەدا داڵەقابوو ، نە چرایەک نە شەمدانێ بەدی نەدەکرا . هیچ جۆرە ڕۆشناییەک لە سویتی هۆڵەکانەوە نەدەرژایە دەرەوە . بەڵام لە داڵانەکانی دەوری هۆڵەکانەوە ، ڕێک لە هەنبەر هەر پەنجەرەیەکدا سێ پایەکیان دانابوو، مەقەڵێیەک ڕەژووی داگیرساویان نابووە سەری، تیشکی ئاگرەکە لە شووشەی ڕەنگینی پەنجەرەکەی دەدا و هۆڵەکەی ڕووناک دەکردەوە و هەزاران هەزار دیمەنی خەیاڵی و لە وەسف نەهاتگی لێدەبووەوە . بەڵام لە هۆڵەکەی ڕۆژئاوادا ، واتە هۆڵە ڕەش و تاریکەکەدا ، کاریگەری ڕوناکی تیشکی ئاگرەکە ، کە لە سەر پەردە ڕەشەکان و لە میانی شووشە سوورە خوێن ئاساکانەوە تیشکی دەدایەوە ، ترس و خۆفێکی وای دەخستە دڵ و دەروونەوە ، پیاو هەترەشی دەچوو ، ئیدی ترسێکی وەهای دەخستە دڵەوە کە پیاو ڕەنگ بەڕوویەوە نەدەما ، تەنیا کەسانێکی زۆر کەم دەوێران پێ بنەنە ئەو ئاقارە جادووییەوە .

لەم هۆڵەدا ، لە سەمتی ڕۆژئاواوە ، سەعاتێکی زۆر گەورەی چوارچێوە عەبەنووس ، بە دیوارەکەوە داڵەقابوو ، بەندۆڵەکەی بە چرکەچرکێکی خەفە ، قورس و یەک نەوای بێزارکەر دەهات و دەچوو. وەختایەک میلی خولەک ژمێرەکە یەک دەورەی تەواو بە ڕووی سەعاتەکەدا دەخولایەوە ، لە هەناوی سەعاتەکەوە ، دەنگێکی ڕەسا ، زەنگدار ، قووڵ و ئاهەنگین بەرز دەبووەوە کە تێپەڕبوونی یەک سەعاتی ڕادەگەیاند ؛ بەڵام زەنگی سەعاتەکە هێندە قایم و ناخۆشبوو ، کە سازڤانانی ئۆرکستراکە ناچار دەبوون لە گەڵ هەموو سەری سەعاتێکدا ، بە شێوەیەکی کاتی دەستبەرداری ژەنینەکەی خۆیان ببن و گوێ لە دەنگی سەعاتەکە بگرن . باڵییەکارەکانیش لە سەما و سوڕدان دەوەستان و جۆرە پەشۆکان و حەپەسانێکی کاتی و شپرزەییەکی لەزگین بە سەر ڕەفتاری ئەم گروپە شاد و خوڕەمەدا زاڵ دەبوو ؛ تا ئەو کاتانەی کە لەرینەوەی زەنگی سەعاتەکە بەردەوام دەبوو، بە ئاشکرا ئەو دەبینرا کە بێباکترین کەسی ئەو گروپە ڕەنگیان زەرد هەڵدەگەڕا و پیرترین و بە ئەزموونترینیان هەنیەی لە نێو هەردوو دەستی دەنا ، وەکو ئەوەی دەبیرەوە چووبێ و لە زندە خەونێکی گۆنگ ڕۆچووبێ . بەڵام کە دەنگەکان بە تەواوی کپ دەبوون و دەبڕانەوە ، یەکسەر سووکە پێکەنین ، لێوی ئامادەبووانی ئاوا

دەکردەوە ؛ سازڤانەکان تەمەشای یەکتریان دەکرد و بە غەباوەتی خۆیان پێدەکەنین و بەرەبەرە دەگەیینە ئەو قەناعەت و باوەڕەی کە دەنگی زەنگەکانی دواتر ، بەم ئاوایە شپرزە و نیگەرانیان ناکات ؛ بەڵام دوای شەست خولەک ( سێ هەزار و شەش سەد چرکە ) سەعاتەکە دووبارە لێدەداتەوە ، هەمان پەشۆکانی ترسناک ، هەمان هەڵچوون، هەمان خەون و خەیاڵ ، دووبارە دەبێتەوە .

وێڕای هەمو ئەم شتانەش ، کۆڕێکی شادی و خۆشی بەشکۆ لە ئارادا بوو . سەلیقەی میر، بەڕاستی سەیر بوو، هەر لە خۆی دەهات .

لە هەڵبژاردنی شوێن و ڕەنگەکان و کاریگەریان دا ، بەسیرەتێکی تایبەتی هەبوو. لەم کارانەدا گوێی بە مۆد و داب و نەریتە باوەکان نەدەدا . نەخشەی بوێرانە و بێپەروای دەکێشا ، بیر و وێناکانی بە شێوەیەکی کێویانە پرشنگی دەدایەوە . خەڵکانێکی زۆر بە شێتیان دەزانی ، بەڵام هەواداره نزیکەکانی باوەڕیان وا نەبوو ، بەڵام بۆ دڵنیابوونەوە لەو حاڵەتە ، پیاو دەبوو لە نزیکەوە تەماسی لەگەڵدا هەبووایە ، گوێی لە دەم و دووی ببێت و ببیبنێ تا دڵنیابێت کە شێت نییە .

میر بەخۆی سەرپەرشتی بەشێکی زۆری دیکۆرات و ڕازاندنەوەی هەر حەوت هۆڵەکەی کردبوو ، تا بۆ ئەم فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵە مەزنە ساز و ئامادەبێت ؛ هەروەها جل و بەرگێن بالماسکەش بە سەلیقەی ئەو هاتبووە هەڵبژاردن و ئەویش کەسەکانی بۆ بەشداریکردن لە بالماسکەکەدا هەڵبژاردبوو ، هەر ئەویش دەورەکانی دابەش کدبوو. زۆری هەوڵدابوو کە کاراکتەرەکان ڕواڵەتی ترسناک و ڕەفتار و ئەتواری غەریب بنوێنن . زۆر بەرچاوی و باڵکێش بن ، بەڵام لە زۆر ڕووەوە لاسایی کاراکتەرەکانی شانۆنامەی هیرنانی ( هیرنانی شانۆنامەیەکی فیکتۆر هوگۆیە ١٨٣٠ پاشان فردای کردی بە ئۆپرا ) . کاراکتەرانێک بە جلی عەرەبی شۆڕەوە ، کە بە بەریان نەبوو، دەوری سەیریان دەبینی. هەندێکی دیکە هەبوون ، تاپۆئاسا بە جل و بەرگی شێتانەوە ، دەوریان دەبینی. هەندێ شتی جوانیش هەبوو . بەڵام زۆر حاڵەتی نائاسایی ترسیش هەبوو . ئیدی لێرە و لەوێ بە ناو هەر حەوت هۆڵەکەدا وەکو زنجیرە خەونێک دەهاتن و دەچوون .

هەمان ڕەنگی هۆڵەکانیان لێدەنیشت ، پێکدا دەهاتن و لە تۆ وایە موزیکەکە دەگەڵ ڕیتمی هەنگاوەکانی ئەواندا ئەنجام دەدرێ و مۆزیکی هۆڤیانەی ئورکستراکە پێدەچوو ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی هەنگاوەکانی وان بێ . ناو بەناو دەنگی سەعاتە عەبەنووسیەکە لە هۆڵە مەخمەڵی پۆشەکەوە دەهات . هەنگێ هەموو شتێک ، جگە لە دەنگی سەعاتەکە ، لە جووڵە دەکەوت و بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شتێکدا دەکێشا . خەونەکان لە جێی خۆ سڕ دەبوون . دەنگی سەعاتەکە دەڕەوێتەوە و لەیەک سات پتر نامێنێتەوە... دوای ڕەوینەوەی زەنگی سەعاتەکە ، سووکە پێکەنینێ دەکەوتە سەر لێوان و لە هەموو شوێنێکدا دەنگ دەداتەوە ؛ ئیدی موزیک جارێکی دی دەست بە ژەنین دەکاتەوە ، خەونەکان دەژێنەوە ، هەموو شتێک لە جاران شادتر دەست پێدەکاتەوە ، شادی خۆیان لە ڕەنگی پەنجەرە جۆراوجۆرەکانەوە کە شەپۆلی ئەو تیشکانە دەدەنەوە کە لە سێ پایەکانی پشتیانەوە دادەخزێن، وەردەگرن . بەڵام نها کەس لەو هۆڵە دا کە کەوتووەتە ئەوپەڕی ڕۆژئاوای کۆشکەکەوە ، ئامادەنییە ڕیسک بکات و بە دەمامکەوە بمێنێتەوە ؛ چونکە شەو خەریک بوو تەواو دەبوو و ڕوناکیەکی سووری خوێنین لە پشت شووشەکانەوە پرشنگی دەدا . تاریکی پەردە ڕەشەکان زۆر ترسناکە ؛ خۆ ئەگەر کەسێک زات بکات و لە شوێنێکی نزیک لە سەعاتە ئەبەنووسیەکەوە پێ بنێتە سەر مافوورە شوومەکەی ئەو هۆڵە ، ئیدی زنجیرە

زەنگێکی خەفە و ترسناک ؛ ترسناکتر لە هەر دەنگێکی دی ، لە گوێیدا دەزرنگێتەوە تەنانەت لە گوێی ئەو دەمامکدارانەش دا کە لە هۆڵەکانی دیدا نقومی ڕابواردنی خۆیانن ، دەنگدەداتەوە .

هۆڵەکانی دی لە خەڵکیدا جمەیان دەهات . ژیانیان لێ هەڵدەقولا ، لە گەرمەی بەزمی خۆدا بوون ، کەیف و سەفا و هەرا و هەنگامە وەکو گەردەلوول دەخولایەوە ، تا ئەنجام سەعاتە دیوارییەکە زەنگی لێدا و نیوەشەوی ڕاگەیاند . موزیک وەستا ، بالیەکاران لە سەما وەستان . وەکو جاران ، ئارامیەکی نیگەرانی ئامێز باڵی بە سەر هەموو شتێکدا کێشا . بەڵام نها زەنگی سەعاتەکە دوازدە چەلان ، لێی دا ؛ ئیدی جۆرە نیگەرانیەک ، داخزییە عەقڵ و بیری ئەوانەوە کە سەرگەرمی سەما و بەزم و هەرا و هەنگامەی خۆیان بوون . ئیدی بەرلەوەی دوا دەنگی زەنگی سەعاتەکە بە یەکجاری نقوومی بێدەنگی ببێت ، ژمارەیەک لە ئامادەبووان پەیان بەبوونی کەسێکی دەمامکدار برد کە پێشتر کەس پێی نەزانی بوو ؛ سەرنجی کەسی ڕانەکێشابوو . ئیدی لێرە و لەوێ چپەچپ دەربارەی ئەم دەمامکدارە تازەیە کەوتە نێو خەڵکەکە ، ئەوسا خوتەخوت و پرتە و بۆڵە و بیزاری بڵاو بووەوە کە گوزارشتی لە ناڕەزایی و بێزاری خەڵکەکە دەکرد و ئەوسا لە ناڕەزاییەوە ، گۆڕا بۆ ترس ، بۆ بێزاری و نەفرەت و دوودڵی .

هەڵبەتە لە کەش و هاماجێکی پڕ لە خەیاڵ و وەهم و تاپۆیاندا ، ڕەنگە مرۆڤ هەقی خۆی بێ ، وا وێنا بکات کە دەرکەوتن و پەیدابوونی شتێکی ئاسایی وەکو ئەمە نەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ئەو ترسە . هەڵبەتە کەڕنەڤاڵە بالماسکەییەکە ، بەند نەبوو بە بەشێکی دیاری کراوی شەوەکەوە ؛ بەڵام دەرکەوتن و پەیدابوونی ئەو کەسەی باسی دەکەین، حەوت پەڵی دابوو بە هەنگڵی هیرودیەتی هیرودەوە و، ( هیرود: Herode ، زنجیرەیەکە لە پاشایانی قەومی یەهوود کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەهلی ڕابواردن و خوێنخۆری بوون کە ئانتیپاس هیرود، کە مەسیح دەداتە دادگا و لە خاچی دەدات ، یەکێک بوو لەوان. ) لە سنووری ئەو نەزاکەتەش دەرچوو کە میر بەسەر مەجلیسەکەدا سەپاندبووی . هەندێ ژێ لە دڵی زۆرێک لە بێپەرواترین خەڵکان هەن ، کە ناشێت بەبێ ئیستفزاز کردنی ناسکترین سۆزی خاوەنەکانیان دەستیان بۆ ببرێ . تەنانەت لەلای ئەو گومڕایانەش کە دنیایان داوەتە بەر کلکان و ژیان و مردنیان بەلاوە فشەیە ، هەندێ شت ناکرێ بە شۆخی و فشە وەربگیرێت . ئیدی هەموو ئامادەبووان لە ناخی خۆدا هەستیان  دەکرد کە هیچ فشە و شۆخییەک لە شێوە و شەمایلی ئەو کابرا غەریبەدا هەبێت .

کابرایەکی ڕەقەڵەی درێژ بوو ، سەراپای لە کفنێکەوە پێچرابوو ، لە تۆ وایە تازە لە گۆڕ هاتووەتەدەرێ . ئەو دەمامکەی کە لە سەری کردبوو، جەنازەیەکی وەشکەوەبووی ئەوتۆی پەنهان کردبوو کە کەس بۆی کەشف نەدەکرا ، ئەگەر یارۆی دەمامکدار خۆی لە شێوەی مەرگی سووردا ، نەنواندبا، لەگین بوو ئەم شێتە سەرمەستانە شۆخی و سوعبەتە دزێوەکەی ئەویان تەحەموول و قەبووڵ بکردایە . بەڵام جلەکانی لەخوێن هەڵکشابوو، تەوێڵە پانەکەی نمە ترسێکی سووری نیشتبووە سەر .

وەختایەک میر پروسپیرۆ چاوی بەم تاپۆیە کەوت ( کە بە کاوەخۆ، هێدی و هێمن ، بێ منەت لە هەموو شتێ ، بۆ ئەنجامدانی دەورەکەی خۆی ، بە نێو بالیەکارەکاندا دەسوڕایەوە ) ئامادەبووان دیقەتیان دا کە لە ساتی یەکەمەوە، ترسێکی زۆری لێنیشت ، لەرزی لێهات ، پاشان یەکسەر لە تووڕەییدا هەنیەی سوور هەڵگەڕا . هەنگێ بە دەنگێکی گڕ هاواری بەسەر ئەو دەست و پێوەندانەیدا کرد کە بە دەوریەوە وەستابوون : " ئەمە کێیە کە بەو

شێوەیە پێمان ڕادەبوێرێ و تەوهینمان دەکات ؟ ئادەی بیگرن و ئەو دەمامکەی لە ڕوو دامالن، تا بزانین کێیە و لەگەڵ گزنگی بەیاندا ، هەڵیواسین و پاشان لە حەساری قەڵاکەوە تووڕی بدەینە دەرەوە .

میر پروسپیرو، بەدەم ئەو قسانەوە لە هۆڵەکەی ڕۆژهەڵاتدا یان لە هۆڵە شینەکەدا وەستابوو . نها قسەکانی لە هەر حەوت هۆڵەکەدا بە ئاشکرا و ڕەوانی دەنگیان دەدایەوە... میر پیاوێکی بوێر بوو، لە هیچ نەدەترسا، موزیکەکە بە ئاماژەیەکی ئەو وەستا... قسەکانی لە هەر حەوت هۆڵەکەدا بە ڕوونی و ڕەوانی دەنگیان دایەوە.

میر، دەگەڵ کۆمەڵێک لە دەست و پێوەندەکانیا ، کە ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو ، لە هۆڵە شینەکەدا وەستابوو. لە سەرەتاوە کە ئەو قسەی کرد ، جم و جووڵێکی سووک ، کەوتە نێو داروودەستەکەیەوە، کە میوانە ناوەختەکە بگرن، کە لەوکاتەدا لێیانەوە نزیک بوو، بەڵام نها یارۆی دەمامکدار، بەکاوەخۆ ، بە ئەسپایی و بەویقارەوە ، لە میر پروسپیرۆ نزیک دەبووەوە . بە هۆی گۆساخی لە ڕادەبەدەری ئەوەوە ، ترسێکی ئەوتۆ لە دڵ و دەروونی ئامادەبووان گەڕا کە کەس زاتی نەکرد دەست بەرێ و بیگرێ ؛ ئیدی بە کەماڵی ئیسراحەت درێژەی بە ڕویشتنی خۆی دا ، گەییە دوو شەقاوی خودی میر . ئیدی جەماعەت بەرەبەرە لە ناوەندی هۆڵکە دوور کەوتنەوە و خۆیان دەدایە پاڵ دیوارەکان و بێئەوەی چ کەسێک ڕێگە لە تاپۆیەکە بگرێت ، ئەویش بێهیچ ترس و دوودڵییەک ، بەهەمان ئارامی و ویقاری تایبەتی خۆیەوە ، درێژەی بە ڕێگەی خۆی دا ، لە هۆڵە شینەکەوە بۆ هۆڵە ئەرخەوانیەکە... لە ئەرخەوانیەکەوە بۆ سەوزەکە... لە سەوزەکەوە بۆ پرتەقاڵییەکە... و لێرەوە بۆ هۆڵە سپی یەکە... و لەوێوە بۆ هۆڵە وەنەوشەییەکە دەڕۆیی ، بە بێئەوەی کەس هەوڵی گرتنی بدات . لەو کاتەدا میر کەلە ترسنۆکییە کاتیەکەی ساتێ لەوەپێشی خۆی خەجاڵەت و شەرمەزار بوو ، تووڕەییەکی شێتانە لە ناخیەوە هەڵقولا ، بەبێ باکیەکی بێ وێنەوە تاوی دا ، هەر شەش هۆڵەکەی بڕی ، هیچ کەسێک لە دار و دەستە تۆقیوەکەی ، کە لە ترسا وەکو مردوو لە جێی خۆ ڕاوەستابوون ، دووی نەکەوتن . میر هەڵیکێشایە خەنجەر ، بە هەشتاو بێئەوەی لە هیچ بترسێت ، بێپەروا چووە پێشێ ، تا گەییە نزیکی یارۆی دەمامکدار کە تا ئەو کاتە هەرلە پاشەکشەدا بوو ، وەختایەک میر پروسپیرۆ گەییە هۆڵە مەخمەڵیەکە ، لە هیکڕا تاپۆیەکە لە کۆتایی هۆڵە مەخمەڵیەکەدا ، وەرسوڕایەوە و لە هەنبەر ئەو کەسەدا ( میر ) کە دووی کەوتبوو وەستایەوە . هاوارێکی تیژ بەرز بووەوە... خەنجەرەکە کەوت ، بەدەم زرینگانەوەوە کەوتە سەر مافوورە شوومەکە ، دوای یەک سات میر پرۆسپیرۆ کەوتە سەر ئەرزەکە و خلتانی خوێنی خۆی بوو . ئیدی خێڵی ئاهەنگێڕەکان، لە نائومێدیدا ، زاتیان وەبەرهاتەوە ، بەکۆمەڵ و بەهەشتاو بەرەو هۆڵە ڕەش و تاریکەکە تاویان دا و کابرای نەناسیان ، کە وەکو بت – ێکی بێ گیان ، بە بێ جووڵە لە سایەی سەعاتە عەبەنووسیەکەدا وەستابوو ، گرت ، بە ترسەوە ، ترسێکی لە وەسف نەهاتگەوە ، هەناسەبڕکێ پێکەوتبوو ، وەختایەک دەمامکەکەیان لێ داماڵی، لە مردوویەک دەچوو تازە لە قەبر هاتبێتە دەرەوە ، هیچ بوونەوەرێکیان لە ژێر دەمامک و کفنەکەیەوە بەدی نەکرد ، لە ترسا لە جێی خۆیان وشک بوون .

بەو ئاوایە مەرگی سوور هاتە ناسین ، تومەز شەوێ وەکو دز و بەدزییەوە خۆی گەیاندبووە ئەوێندەر . هەموو میوانەکان یەک لە دوای یەک ، لە هۆڵەکانی عەیش و نۆش دا ، کە لە نمێکی خوێناویدا نقوم بووبوون ، تەختی ئەرزەکە بوون و بە هەمان حاڵەتی نائومێدییەوە کە لە کاتی کەوتندا دووچاری بووبوون ، مردن . ئیدی زەنگی سەعاتە عەبەنووسیەکەش تا مردنی دوا کەس بەردەوام بوو . گڕی مەقەڵیە سێ پایەکەش ، کوژایەوە . ئیدی تاریکی و فەوتان و مەرگی سوور ، بە سەر هەموو شتێکدا زاڵ بوو .

سەرچاوە:

ادغار الن پو/ ترجمة مصطفى ناصر/ دارالكتاب الجديد المتحدة/٢٠٢١، ص ٨٧٩-٨٨٦ .

## ٨- بەرمیلی ئەمونتیلادو

بەوپەڕی سەبرەوە، تەحەموولی ئەو نەهەقیانەم دەکرد کە فورتوناتو ، دەرهەقم دەیکرد ؛ بەڵام وەختایەک شوولی لێ هەڵکێشا و کار گەییە ئەوەی جنێوم بداتێ ، سوێندم خوارد کە تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە و نەیەڵم کە ئەمەی بە سەرەوە بچێت . ئێوە خۆتان باش تەبیعەتی من دەناسن ، وا وێنا نەکەن کە مەبەستم لەم قسەیە تەنیا هەڕەشەیە . ئەمە بەڵێنێکەوە و بە خۆمم داوە ، هەرچۆنێ بووە دەبێ تۆڵەی خۆم بکەمەوە ، ئەمە بڕیارێکە و بەخۆمم داوە و بڕاوەتەوە. ئیدی جدیەتی بڕیارەکە کردبوویە کارێک خۆم لە هەرجۆرە ڕیسکێک دوور بگرم . تەنیا تۆڵەکردنەوەکەم مەبەست نەبوو، بەڵکو دەبوا ئەم تۆڵەیە بەجۆرێ بێ، کە لە هەر سزایەک بخەلەسم . چونکە ئەگەر زەرەری تۆڵە بە یارۆی تۆڵەسێن بگات ، کاریگەری جوێن و نەهەقیەکان ناسڕێتەوە . هەر وەها لە حاڵێکا تۆڵەسێن ئەگەر خۆی بەو کەسەی جنێوی پێداوە و نەهەقی دەربارە کردووە ، نیشان نەدات ، برینی ئەو جنێوانەی پێی دراون ساڕێژ نابێتەوە .

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە من نە بە قسە و نە بە کردەوە ، کارێکی وەهام نەکرد کە فورتوناتۆ گومانم لێبکات ، وەکو هەمیشە بە ڕووی خۆش و پێکەنینەوە ڕەفتارم لەگەڵیا دەکرد ؛ و نەم دەهێشت هەست بەوە بکات کە بیرۆکەی کوشتنی وی لە پشت ئەم پێکەنینەوە پەنهانە .

ئەم فورتوناتۆیە ، هەرچەندە لە زۆر ڕووەوە کەسێکی بەڕێز و سەنگین بوو، پیاو سامی لێدەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش لاوازییەکی هەبوو . زۆر شانازی بەخۆیەوە دەکرد کە شەرابناسێکی لە زەبرە . لە نێو ئیتالیاییەکاندا کەم کەس هەن بە ڕاستی شەرابناس بن ، ستایش و هەڵسەنگاندنی وان بە زۆری دەستکرد و نادروستە و لە کات و شوێنی جیاوازدا دەگۆڕێن . ئیدی بەو درۆیانە میلیونێرانی ئینگلیزی و نەمساوی هەڵدەخەڵەتێنن و کڵاویان دەکەنە سەر.

فورتوناتۆ ، سەبارەت بە هونەرەکانی نیگارکێشی و ناسینی بەردێن گرانبەها و جەواهیرات وەکو هاوڵاتیەکانی دیکەی خۆی فریبۆک و خاپینۆک بوو ؛ بەڵام لە ناسینی شەرابی کۆندا ، ڕاستگۆ و بێ فڕوفێڵ دیاربوو . لەم بوارەدا جیاوازییەکی فرە لە نێوان من و ئەودا نەبوو . لە مەیکەدە ئیتاڵییەکاندا ، حیسابی زۆر بۆ بۆچوونی من دەکرا ، شارەزاییەکی باشم لە مێوی ئیتاڵیدا هەبوو ، هەرکاتێ بۆم ڕێکەوتبا، بڕێکی زۆری شەرابی کۆنم دەکڕی .

عەسرانێک ، دەمەدەمی ڕۆژئاوا ، لە گەرمەی ئاهەنگ و ڕێ و ڕەسمی کەڕنەڤاڵە شێتانەکاندا ، تووشی دۆستەکەم بووم . زۆر بەگەرمی پێشوازی کردم ؛ چونکە زۆری خواردبووەوە و مەستی مەست بوو. دۆستەکەم خۆی گۆڕی بوو ، جلێکی بەدەن چەسپی دوو ڕەنگی خەت خەتی لەبەر

کردبوو، کڵاوێکی قووچی زەنگۆڵەداری لە سەر کردبوو . هەڵبەتە بە دیتنی خۆشحاڵ بووم ، بیرم لەوە دەکردەوە کە نابێ لە چنگم دەربازبێ . بەدەم دەست گوشینەوە گوتم :- فورتوناتۆ- ی ئازیز! باش بوو ئەمڕۆ یەکمان بینی، ئەمڕۆ زۆر کەشخە و سەرحاڵی ! ئەمڕۆ بەرمیلێ شەرابم بۆ هاتووە ، پێی دەڵێن ئەمونتیلادو ، بەڵام بڕێک لە جۆرەکەی بە گومانم. "

گوتی :- چی؟ شەرابی ئەمونتیلادو، یەک بەرمیلی تەواو ؟ مەحاڵە! بەتایبەتی لە گەرمەی ئەم کەڕنەڤاڵە جەنجاڵەدا !

وەڵامم دایەوە :- بەخۆیشم بەگومانم ، بێ ئەقڵیەکەی من لەوەدایە کە پارەی ئەمونتیلادۆکەم کاش داوە بەبێ ئەوەی ڕاوێژ بە تۆ بکەم . ئاخر تۆ ماوەیەکە دیارنیت . دەترسام ئەم سەفقەیەم لە کیس بچێت .

- شەرابی ئەمونتیلادو!

- خۆیشم هەندێ بەگومانم .

- شەرابی ئەمونتیلادو!

- حەزم دەکەم ئەم گومانەم بڕەوێتەوە .

- شەرابی ئەمونتیلادو!

- وادیارە تۆ مژوولی، بۆیە دەڕۆم بزانم لوچزی ( ناوێکی ئیتاڵیە ) نادۆزمەوە . تاقە کەسێ کە سەر لەو شتانە دەربکات هەر ئەوە . ئەم پیاوە ڕاستی مەسەلەکەم پێ دەڵێت .

- لوچزی شەرابی ئەمونتیلادو لە شەرابی شیری جیا ناکاتەوە...

- کەچی هەندێ قەل پیاو هەن دەڵێن سەلیقەی ئەو هاوتای سەلیقەی تۆیە .

- وەرە با بڕۆین.

- بۆ کوێ؟

- بۆ ژێرزەمینی شەرابەکانی تۆ .

- نەخێر گیانی من ، نامەوێ سەرقاڵت بکەم ، لام وایە ژوانت هەیە . لوچزی...

- نەخێر ، هیچ ژوانێکم نییە... بابڕۆین .

– نەخێر برادەری ئازیزم ، مەسەلەکە ژوان نییە ، دنیا زۆر ساردە ، سەرمات دەبێ ، لاموایە تات لێیە . ژێرخانەکان زۆر شێدار و نمسارن ، هەرهەمووی کەڕوو و شۆرەکاتە .

– گرینگ نییە ، بابڕۆین ! زۆر سارد نییە . گوتت ئەمونتیلادۆ ، ڕەنگە کڵاویان کردبێتە سەرت . بەڵام لوچزی شەرابی ئەمونتیلادۆ و شەرابی شیری لێکدی جیاناکاتەوە .

فورتوناتۆ ، بە دەم قسەکردنەوە باسکی گرتم . شانێڵێکی ئاوریشمی ڕەشی لەبەر کرد ، زیاتر لێم نزیک بووەوە ، هەستم کرد ، بەرەوماڵەکەی خۆم بکێشم دەکات .

کەس لە ماڵەوە نەبوو ، پێشخزمەتەکان ، هەر هەموویان چووبوون بۆ کەڕنەڤاڵ . خۆ پێم گوتبوون کە لە ماڵ وەدەرنەکەون ، چونکە نەمدەویست تا بەیانی بۆ ماڵ بگەڕێمەوە . بەڵام دڵنیابووم ، ئەم فەرمانە کافی بوو ، بۆ ئەوەی هەرکە من لە ماڵ وەدەر کەوتم ، ئیدی هەرهەموویان بەپەلە لە ماڵ وەدەر بکەون .

دوو مەشخەڵم لەسەر ڕەفەکە داگرت ، یەکێکیانم دایە دەست فورتۆناتۆوە . ئیدی بە ڕووخۆشیەوە ، بەناو ژوورە یەک لە نێو یەکەکانی ماڵەکەدا بردم ، تا گەیاندمە ئەو ڕاڕەو و پلیکانانەی کە دەچوو بۆ ژێرزەمینەکان . پێشی کەوتم و بە پلیکانە پێچاوپێچەکاندا داگەڕاین ، هەر ساناساتێ ئاوڕی پاشەوەم دەدایەوە و داوام لێدەکرد کە ئاگای لە خۆی بێت. ئەنجام گەیشتینە ناو ژێرزەمینە نمناکەکەی ماڵباتی مونتریسور . برادەرەکەم بەلارەلار و لاقە لەرزێ دەچووە پێشێ و ، لە گەڵ هەر هەنگاوێکدا زەنگۆڵەکانی کڵاوە قووچەکەی دەزرینگانەوە. فورتوناتۆ پرسی :

– کوا بەرمیلە ئەمونتیلادۆکە ؟

گوتم : هێشتا ماومانە ؛ بڕوانە ئەو جۆڵاتەنانەی کە بە دیوارەکانی ئەم ژێرزەمینەوە، دەردرەوشێنەوە

ئاوڕی لای منی دایەوە ، بە دووچاوی لێڵەوە کە ڕوندکی مەستییان لێدەتکا ، ڕوانیە چاوانی من ، پرسی: ڕتووبەت و شێیە ؟

وەڵامم دایەوە : ڕتوبەت و شێیە . لە کەیەوە دەکۆکیت؟

– ئهو، ئهو، ئهو! ئهو! ئهو! ئهو!

برادەرە داماوەکەم تا چەند خولەکێک نەیتوانی وەڵام بداتەوە . پاشان گوتی :– هیچ نییە.

لێبڕاوانە گوتم :– با بگەڕێینەوە ، سەلامەتی تۆم لا گرینگە . تۆ پیاوێکی دەوڵەمەند ، بەڕێز ، لەبەردڵان ؛ بەختەوەر ، ڕێک وەکو جارانی من ، تۆ کەسێکی کە خەڵکی پێویستیان پێتە . بەڵام من کەس بە

خەممەوە نییە . فەرموو با بگەڕێینەوە ؛ نەخۆش دەکەوی ، من نامەوێ بە هۆی منەوە نەخۆش بکەوی . ئەمە جگە لەوەی لوچزی – ش هەیە .

گوتی:- بەسە ، کۆکە هیچ نییە ، خۆ نامکوژێ . خۆ بە سووکە سەرمایەک نامرم .

وەڵامم دایەوە : دروستە ، ڕاستە ، ئەلهەقی بەنیاز نەبووم دووچاری ناڕەحەتی و دڵەڕاوکێت بکەم . بەڵام دەبێ ئاگات لەخۆ بێ . قومێ شەرابی میدوک ، لە شێ و ڕتوبەت دەتپارێزێ .

لەم دەمەدا ملی بوتڵێکم گرت و لە نێو ڕیزێکی دوو و درێژی ئەو بوتڵانەدا کە لە سەر ڕەفەیەک ڕیزکرابوون ، دەرم هێنا ، سەرەکەیم هەڵپچڕی و گوتم:- بیخۆرەوە .

بە دەم خێسەیەکەوە ، بوتڵەکەی بۆ دەمی برد . سووکە هەڵوەستەیەکی کرد ، ئەوسا ، کڕنۆشێکی دۆستانەی بۆ کردم . لەم کاتەدا زەنگۆڵەکانی کڵاوە قووچەکەی زرینگایەوە ، گوتی : بەخۆشی ئەو مردووانە دەیخۆمەوە کە لە دەورمان پاڵکەوتوون . ( ئەم جۆرە ژێر زەمینانە ، لە هەمان کاتدا گۆڕستانی خانەوادەگیشن ) .

-و منیش بە سەلامەتی عەمر درێژی تۆ دەخۆمەوە .

دووبارە قۆڵی بە قۆڵما کرد و کەوتینەوە ڕێ . پرسی :- ئەم ژێرزەمینانە زۆر گەورەن؟

بەرسڤم دایەوە : ماڵباتی مونتریسور، ماڵباتێکی خانەدان و گەورەیە .

- نیشانە و ناوی فامیلی ماڵباتەکەی ئێوەم لەبیر چووەتەوە .

- یەک پێی گەورەیە بە سەر مەزرایەکی زومورڕدینەوە . ئەم پێیە مارێک بەدەم خزینەوە ، کە ددانەکانی بە پاژنەی پێیەکەدا دەکات ، پان دەکاتەوە .

- ئەدی ئاڕمەکەتان؟

- هیچ تاوان و نەهەقیەک بەبێ سزا تێناپەڕێ .

گوتی:- زۆرچاکە .

کاریگەری شەرابەکە لە چاویا دەدرەوشایەوە و زەنگۆڵەکان دەزرینگانەوە . شەرابی میدۆک خەیاڵی منیشی ڕۆشنکردبووەوە . بە بەینی ئەو خەرمانە ئێسکانەدا کە تێکەڵی بەرمیلە شەرابەکان و تەختەدارەکان بووبوو بەرەو قوڵایی ناو ژێرزەمینەکان چووین ، دووبارە وەستاین ، ئەمجارەیان زاتم وەبەرخۆ نا و باسکی فورتوناتۆم لە سەرووی ئانیشکیەوە گرت و گوتم: - ئەم ڕتوبەت و شێیە

دەبینی چۆن بەرەبەرە زیاد دەکات و وەکو خەنەتیلکە ( قەوزە ، کرێژە بەرد ) بە تاقەکاندا هەڵگەڕاوە ، نها لە ژێر بەستێنی ڕوبارەکەداین ، ڕتوبەت دادەخزێتە مۆخی ئێسقانەوە . وەرە تا درەنگ نەبووە و کار لە کار نەترازاوە ، با بگەڕێنیەوە ؛ کۆکەکەی تۆ...

گوتی:- گرینگ نییە ، با بەردەوام بین ، بەڵام با جارێ چۆڕێ میدۆکی دی بخۆمەوە .

چووم دەستم دایە بوتڵێکی گەورەی شەرابی گراڤ و سەرەکەیم هەڵپچڕی و دامێ ، بەیەک بین هەڵیقوڕاند . گڕێکی تیژ لە چاوانی دەبووەوە . دەستی بە پێکەنین کرد و تا توانی بوتڵەکەی هەڵدایە ئاسمان کە نەمزانی مەبەستی لەم ڕەفتارە چی بوو .

بە سەرسامی تەمەشام کرد ، هەمان ڕەفتاری پێشووی کردەوە و گوتی :- تێناگەی؟

- نەخێر.

- کەواتە تۆ ئەندامی جەماعەتی برایان نیت .

- چۆن؟

- بەنا نیت ، لە ماسونیەکان نیت .

گوتم : بەڵێ ، بەڵێ .

-تۆ، مەحاڵە! ماسۆنیت؟

وەڵامم دایەوە :- بەڵێ ، بەنام ( ماسۆنی ) .

گوتی :- بەڵگەیەک ، نیشانەیەکم بدەیە .

ماڵەیەکم لە ژێر کەڵەکە بەرد و ئێسقانەکاندا درهێنا و گوتم :- ئەمەیە .

چەند هەنگاوێ کشایەوە و هاواریکرد :- گاڵتە دەکەی! دەی با بڕۆین بەلای ئەمونتیلادۆکەوە .

گوتم :- باشە .

ماڵەکەم ، خستەوە ژێر پاڵتۆکەم و جارێکی دی قۆڵم بە قۆڵیا کردەوە ، زۆر بە قورسی خۆی دا بەسەر قۆڵمدا . بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەمونتیلادۆکە ، درێژەمان بەڕێی خۆدا . بەژێر زنجیرەیەک تاقی نزمدا تێپەڕین ، دابەزینە خوارەوە ، درێژەمان بە ڕێی خۆ دایەوە ، دووبارە دابەزینەوە تا

ئەنجام گەیشتینە ژێرزەمینێکی قووڵ ، بۆگەنی و چڕی هەواکەی کردیە کارێک مەشخەڵەکان لە جیاتی بدرەوشێنەوە ، سوور هەڵگەڕان و کز بوون .

لەوسەری ئەم ژێرزەمینە ، ژێرزەمینێکی تەسکتر هەبوو . هەندێ لە دیوارەکانی هەڵکۆڵدرابوون ، پڕبوون لە ئێسک و پروسکی بەشەران ، بەجۆڕی هەڵچنرابوو، خەریک بوو دەگەییە بن میچی سەردابەکە . ئەم ژێرزەمینە ، لە ژێرزەمین و گۆڕستانی ناودارانی پاریس دەچوو ، سێ لای ناوەوەی ئەم ژێرزەمینە بەم جۆرە ڕازێنرابوونەوە . ئێسقانەکانی سەمتی چوارەم بە ناڕێک و پێکی ڕژابوونە سەر ئەرزەکە و کەڵەکە بووبوون . لەو دیوارەوە کە لە ئێسقانان خاڵی بوو ، تاقچەیەکی دی دەبینرا کە قوڵیەکەی نزیکەی چوار پێ و، پانیەکەی سێ و بەرزییەکەی شەش ، حەوت پێ دەبوو . پێدەچوو بۆ مەبەستێکی تایبەتی دروست کرابێت ، تاقەکە فاسیلەی نێوان دوو پایە و ستوونی پڕ کردبووەوە کە سەقفی ژێرزەمینەکە و گۆڕستانەکەیان بەسەرەوە بوو، تاقچەکە پاڵی دابوو بە دیوارێکی بازنەییەوە کە لە بەردی گرانیتی یەک تەختە دروست کرابوو .

فورتوناتو، بێهودە مەشخەڵە نیوە خامۆشەکەی بەرز دەکردەوە و هەوڵیدەدا قوڵایی ئەم چاڵە ببینێ . لەبەر ڕۆشنایی کز و لێڵی مەشخەڵەکاندا ، ئەم چاڵەمان نەدەبینی . لەو کاتەدا پێمگوت : فەرموو پێشکەوە ، ئەمونتیلادۆکە لێرەدایە . بەڵام سەبارەت بە لوچزی...

دۆستەکەم ، لە کاتێکا کە بە لەقە لەق دەچووە پێشێ ، قسەکەی پێ بڕیم و گوتی :- کابرایەکی نەزانە . لە پڕێکا گەییە کۆتایی ژێرزەمینەکە ، تاوێرێکی گەورەی هاتەڕێ ، حایر و حەپەساو ، لە بەردەم تاوێرەکەدا وەستا ، دوای تۆزێک دەڵەکم دا ، تەواو بە تاوێرە گرانیتەکەوە نووسا . دوو ئەڵقە و قولاپی ئاسن بەسەر گرانیتەکەوە بوو ، هەردوو پێ، لە یەکەوە دوور بوون ، کە یەکێکیان زنجیرەیەکی کورت و ئەویتریان قفڵێکی پێوە بوو . زنجیرەکەم لە ناوقەدی ئاڵاند ، لە چەند چرکەیەکدا بەستمەوە . کابرا بەڕادەیەک شۆک بوو کە قەڵەمی دەست و پێی شکا ، هیچ بەرگرییەکی پێنەکرا، قفڵەکەم لە زنجیرەکەدا ، کلیلەکەیم دەرهێنا و دوور کەوتمەوە ، پێم گوت دەستت دەربێنە و بە دیوارەکەیدا بێنە ؛ بێگومان هەست بە شێ و شۆرەکاتەکە دەکەیت . ئەلهەقی شوێنەکە زۆر نمسارە . جارێکی دی داوات لێدەکەم با بگەڕێینەوە . نا ؟ کەواتە لەم حاڵەدا دەبێ بڕۆم، دەبێ بەجێت بێڵم ؛ بەڵام بەرلەوەی بڕۆم هەر ئەمرێکت هەیە ، لە خزمەتدام .

دۆستەکەم ، کە هێشتا حەپەسان و سەرسامیەکە بەری نەدابوو، هاواریکرد :- ئەمونتیلادۆکە!

وەڵامم دایەوە :- ڕاستە ، ئەمونتیلادۆکە !

بە دەم ئەو قسانەوە ، پرم دایە ئەو کۆما ئێسقانانەی کە باسم کردن و کەنارم خستن . ئیدی زوو بەزوو هەندێ بەرد و قسڵ و کەرەستەی بیناکاری بە دیار کەوت ، ئیدی بەو کەرەستانە و بە کۆمەکی ئەو ماڵەیەی پێم بوو ، بەجدی دەستم بە دروستکردنی دیوارێک کرد کە ئەو چاڵە داپۆشێت و لە کەسەوە دیار نەبێت .

تازە خەریک بوو لە چینی یەکەم دەبوومەوە ، بۆم دەرکەوت کە مەستیەکەی فورتوناتۆ ڕەویوەتەوە ؛ یەکەم نیشانەش ئەوە بوو کە گوێم لە هاوارێکی گۆنگ و خەفە بوو کە وەکو ناڵە لە قوڵایی چاڵەکەوە دەهات . ئەمە هاواری پیاوێکی مەست نەبوو . ئەوسا بێدەنگیەکی دوور و درێژ و مەند باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشا ، ئەوسا چینی دووەم ، سێیەم و، چوارەمم لە دیوارەکە نا. لەم کاتەدا زرە زرِی شێتانەی زنجیرەکەم هاتەگوێ ؛ زرە زرەکە چەند خولەکێک بەردەوام بوو . بۆ ئەوەی زیاتر لەزەت بدینم ، کارەکەم ڕاگرت و لە سەر کۆما ئێسقانەکە دانیشتم . وەختایەک زرە زرەکە تەواو بوو، دووبارە دەستم دایەوە ماڵەکەم ، بەپەلە و بێ وچان چینی پێنجەم، شەشەم و حەوتەمم تەواو کرد ، ئیدی دیوارەکە گەیی بووە ئاستی سینگم . جارێکی دی لەکار وەستام ، دەستم دایە مەشخەڵەکە ، بەرزم کردەوە ، لە سەرووی دیوارەکەوە ڕامگرت ، لەبەر ڕوناکی کزی مەشخەڵەکە ڕوانیمە ئەو کابرایەی لە چاڵەکەدا بوو.

لە ناکاوا شەپۆلە هاوارێکی بەرز و لەرزۆک لە گەرووی کابرای زنجیر کراوەوە بەرز بووەوە ؛ کردیە کارێ کە بلەز پاشەکشە بکەم . بۆ چەند ساتێک بە دوودڵی مامەوە.. دەلەرزیم . ئەوسا شمشێرەکەم هەڵکێشا ، ئیدی بەناو شوێنەکە کەوتم ؛ بیرۆکەیەکی پەلەم بە خەیاڵدا هات . دەستم نایە سەر دیوارە بتەوەکەی گۆڕستانەکە ، هەستم بە دڵنیایی و ئاسوودەیی کرد . گەڕامەوە و لە دیوارەکە نزیک بوومەوە ، وەڵامی هات و هاواری حەریفەکەمم دایەوە . گوێ بە گوێی ئەو هاوارم کرد ، لە هاوارکردنا یارمەتیم دا.. هاوارەکەی من لەوەی ئەو بەهێزتر بوو. بەڵێ وام کرد ، هات و هاوارەکە زیاتر بوو .

شەو، گەیی بووە نیوە ، کارەکەم لە تەواوبووندا بوو. چینی هەشتەم ، نۆیەم و، دەیەمم لێنا ، مەڵاتی بەشێکی چینی یازدەیەم و کۆتاییم ڕاخستبوو، تەنیا یەک بەرد مابوو ، لە سەر مەڵاتەکەی دابنەم و بەیەکجاری سواغی بدەم . بەردەکەم بە زۆر هەڵگرت ؛ زۆر قورس بوو ؛ ئیدی بە کەیفی دڵی خۆم، لە جێی خۆیدا دامنا . بەڵام لەم کاتەدا دەنگی پێکەنینێکی خەفە لە چاڵەکەوە بەرز بووەوە ، زیاتر لە گریان دەچوو ، مووی سەرم گرژ بوون . لە دوای ئەمەوە دەنگێکی خەمین هاتە گوێ ، بەزەحمەت ناسیمەوە و زانیم کە دەنگی فورتوناتۆی خانەدانە . دەنگەکە گوتی :- ها ها! ها! ها!

لە ڕاستیا شۆخییەکی باش بوو ، گاڵتەیەکی جوان بوو! دوای ئەوەی بۆ کۆشکەکە گەڕاینەوە ، زۆر بەم شۆخییە پێدەکەنین . ها! ها! هەروەها زۆر لەم شەرابە نایابە دەخۆینەوە... ها! ها!

گوتم: لە شەرابی ئەمونتیلادۆ؟

-ها! ها! ها!، بەڵێ، لە شەرابی ئەمونتیلادۆ. باشە درەنگ نییە ، زۆر دوا نەکەوتووین؟ ئایا خانم فورتوناتۆ و ئەوانی دی لە کۆشکەکەدا چاوەڕوانمان ناکەن؟ با بڕۆین .

بەرسڤم دایەوە : بەڵێ ، با لێرە بڕۆین .

- لەبەر خاتری خوا ، مونتریسور!

- گوتم: بەڵێ، لەبەر خاتری خوا!

بەڵام چاوەڕوانی هیچ وەڵامێکی ئەو قسانە نەبووم . تەواو بێتاقەت بووم و بە دەنگی بەرز هاوارم کرد :- فورتوناتۆ!

هیچ وەڵامێک نەبوو . جارێکی دی هاوارم کرد : فورتوناتو!

دیسان هیچ وەڵامێک نەبوو . لەو کەلێنەوە کە مابوو ، روناکی مەشخەڵەکەم ئاراستەی ژوورەوە کرد ، تەنیا گوێم لە زرینگە زرینگی زەنگوڵەکان بوو. دڵم گیرا ؛ هەڵبەتە بە سەدەمی ڕتوبەت و شێیە زۆر و خنکێنەرەکە بوو . ئیدی کەوتمە پەلە پەل کە تا زووە کۆتایی بە کارە زەحمەتەکەم بێنم . مەڵاتەکەم لە جێی خۆی ڕاخست و، دوا بەردم نایە سەری و بەباشی سواغم دا ، ئێسقانە کۆنەکانم ، کە نیو سەدەیەک دەبوو ، دەستی عەبدەل بەشەریان پێ نەکەوتبوو ، لە پاڵ دیوارە تازەکەدا کەڵەکە کرد و گوتم : بنوو بە ئارامی ، نووستنی ئەبەدی .

سەرچاوە:

ادغار الن پو/ الاعمال القصصية الكاملة/ ترجمة مصطفى ناصر/ دار الكتاب الجديدة المتحدة/ ٢٠٢١ ص ١٢٣٩ – ١٢٢٧ .

ژێدەرو سەرچاوە :

١-د. الطاهر احمد كلی/ القصه القصیره/ دراسه ومختارات .

٢-جمال میر صادقی/ رمان، قصه, داستان كوتاه .

٣- رضا براهنی/ قصه نویسی .

٤- دیڤید سنگلیر/ ادگار الن پو/ ترجمه سلافەحجاوی.

٥- مغامرات واسرار./ مجوعه قصص/ ادگار الن پو/ ت: خالده سعید .

٦- موسوعه ادبا ء امریكا/ الجزء الاول/ 1978 د . نبیل راغب.

٧- أثار كلاسیک جهان/19/ دفتر معرفیو نقد ادبیات كلاسیک جهان ، معرفی و نقد : ویرانی كاخ ئاشەر/ اثر ادگار الن پو./ تهران/ 1388 .

٨- اشنایی با ادگار الن پۆ/ پل استراترن/ ترجمه كاظم فیروزمند/ چاپ اول : 1389 / نشر مركز.

٩- فرهنگ ادبیات جهان/ زهرای خانلری / چاپ اول/ 1375/ انتشارات خوارزمی

١٠- تاریخ نقد جدید (جلد سوم)/ رنه ولک ، ترجمه سعید ارباب شیرانی/ انتشارات نیلوفر /چاپ سوم: 1389.

١١- سلسله اعلام الفكر العالمی/ ادغار الان پو/ تألیف: جان روسلو، ترجمه وقدم له : كمیل قیصر داغر/ المؤسسه العربیه للدراسات والنشر/ الطبعه الثانیه / 1985

١٢- سیری در بزرگترین كتابهای جهان/ جلد دوم/ تألیف: حسن شهباز/ موسسه انتشارات امیر كبیر/ تهران ، 1389(2010)

١٣- ادگار الن پو/ گربه سیاه و داستانهای دیگر (متن كوتاه شده) ترجمه مهدی غبرائی/ چاپ دوم / 1381 كتاب مریم (وابسته به نشر مركز)

١٤- ادغار الن بو / القط الاسود وقصص اخری/ ترجمه خالده سعید/ 2011/ دار التكوین للتألیف والترجمه والنشر.

١٥- داستانهای شگفت انگیز/ ادگار الن پو/ ترجمەی محمود سلطانیه/ چاپی اول: 1388/ انتشارات جامی

١٦- ادغار الن بۆ/ الاعمال القصصية الكامله/ ترجمه مصطفى ناصر/ دار الكتاب الجديده المتحده/ ٢٠٢١

هەندێ لە بەرهەمە گرینگەکانی پۆ:

کورتە چیرۆک و شیعرەکانی پۆ بە زۆری و پێش ئەوەی کۆبکرێنەوەو لە دوو توێی کتێباندا بڵاوبکرێنەوە ، بە پەرتەوازەیی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە . لێرەدا ناوی هەندێک لەو بەرهەمانە تۆمار دەکەین:

❋- تەیمور لەنگ، (1827)

❋- ئەل ئەعراف، (1829)

❋- دەستنووسی ناو بوتڵێک، (1833)

❋- سەربهوردی بێ پێشینەی هانس فال ناوێک، (1835)

❋- لیجیا، (1827)

❋- چیرۆکی ئارتور گوردون پیم - ی نانتوکتی، .(1838)

❋- هەرەسی کۆشکەکەی ماڵباتی ئۆشەر، (1839)

❋- کوشتارێن شەقامی مورگ، .(1841)

❋- قالۆنچەی زێڕین، .(1843)

❋- پشیلە رەشەکە، .(1843)

❋- بیرو بەندۆڵ، .(1843)

❋- قەڵەڕەش، .(1845)

❋- بۆشکەکەی ئامونتیلادو، .(1846)

❋- ئولالومی، .(1847)

❋- یورکا، .(1848)

❋- بۆ ئانی .(1849)

❋- بۆ دایکم .(1849)

ژینامەی پۆ:

١٨٠٩: ئیدگار لە بوستون، لە ١/١٩ لە باب و داکێکی ئەکتەر ، بە ناوی دەڤیدو ئیلیزابت هاتووەتە دنیا .

١٨١٠: بابی، ماڵ و منداڵەکەی بەجێدێڵێت .

١٨١١: دایکی دەمرێت ، پۆ دەکەوێتە لای خانەوادەی جۆن ئالانی بازرگانی خەڵکی ریچموند .

١٨١٥: جۆن ئالان و هاوسەرەکەی ، پۆ دەگەڵ خۆدا بۆ سکۆتلاندی ئینگلیستان دەبەن .

١٨٢٠: دەگەڵ، جۆن ئالان و هاوسەرەکەیدا ، بۆ ئەمریکا دەزڤڕێتەوە .

١٨٢٦: بۆ ماوەی ساڵێک دەچێتە زانستگەی ڤیرجینیا .

١٨٢٧: لە بۆستۆن، دیوانی تەیموور لەنگ و چەند چامەیەکی دی بڵاودەکاتەوە . بە ناوی ئیدگار، ئەی ، پری دەچێتە ریزی سوپا .

١٨٢٩: لە مانگی یەکدا ، پلەی سەرگروبانی وەردەگرێت . لە مانگی چواردا : واز لە سوپا دێنێ. لە مانگی هەشتدا لە ماڵی پوری ، ماریا کلیم و کیژە گەنجەکەی ، ڤیرجینیا، لە بالتیمور ئاکنجی دەبێت .

١٨٣٠: دەچێتە زانستگەی سوپایی ویست پوینتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

١٨٣١: لە مانگی یەک : دادگایی سوپایی دەکرێ و لە ویست پوینت دەردەکرێت . لە مانگی سێدا : شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە . لە مانگی یازدە : لەبەر قەرزاری دەگیرێت ، دوای دوو مانگ جۆن ئالان قەرزەکەی بۆ دەداتەوەو ئەمە دوا کۆمەکی وی بە پۆ دەبێت .

١٨٣٣: بە کورتە چیرۆکی "دەستنووسی نێو بوتڵێک" بەشداری پێشبڕکێیەکی چیرۆک دەکات و خەڵاتی پێشبڕکێیەکە کە پەنجا دۆلار دەبێت ، بە دەست دێنێ .

١٨٣٤: سەرپەرشتیارە دەوڵەمەندەکەی ، جۆن ئالان دەمرێت و لە وەسێتنامەکەیدا هیچ شتێک بۆ پۆ دانانێت .

١٨٣٥: چیرۆکی "سەربهوردی بێ پێشینەی هانس فال ناوێک" دەنووسێت کە ئەمڕۆکە بە یەکەمین بەرهەمی خەیاڵی – زانستی دادەنرێت ، لە مانگی پێنجدا دەکەوێتە نووسینی وتارو باسێن بەردەوام بۆ پەیکی ئەدەبی باشوور، و تۆماس وایتی خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە ، دەیکات بە یاریدەدەری

سەرنووسەر. لە مانگی نۆدا ، لەبەر بێ متمانەیی ، ئەو پۆستەی لێ دەسەندرێتەوە ، لە مانگی دەدا دەکرێت بەسەر نووسەری پەیکی ئەدەبی باشوور .

١٨٣٦: لە مانگی پێنجدا دەگەڵ ڤیرجینیا کلیمی پورزایدا کە تەمەنی سیازدە ساڵان دەبێ ، زەماوەند دەکات .

١٨٣٧: لە مانگی یەکدا ، دەستبەرداری سەرنووسەریی پەیکی ئەدەبی باشوور دەبێت ، لە مانگی دوودا بۆ نیویورک دەڕوات . لە مانگی چواردا : قەیرانی ئابووری لە بازاڕی بۆرسەی نیویورکدا دەکاتە کارێک گەلێک لە گۆڤارو بڵاوکراوەکان دابخرێن و کە کەساد و قەیرانی ئابووری سەرانسەری ئەمریکای گرتەوە خات کلیم ناچار بوو بچێتە پانسیون .

١٨٣٨: پۆ (چیرۆکی ئارتور گوردون پیم- ی نانتوکتی) بەکتێب بڵاوکردەوە . بۆ فیلادلفیا رۆیی.

١٨٤٠: چیرۆکێن گروتسک و ئارابسک لە فیلادلفیا بڵاودەبنەوە.

١٨٤١: هەوڵی ناکام بۆ دامەزراندن لە وەزارەتی گەنجینە لە واشنگتۆن . لە بەهاردا پۆ بۆ یەکەمجار دکتۆر روفوس ویلموت گریس وولدی ژینامەنووس و کەشکۆڵ نوس دەبینێ ، و لە مانگی شەشدا لێکۆڵینەوەیەکی جوان لەمەڕ شیعرو شاعیری لە ئەمریکا دەنووسێت .

١٨٤٢: ڤیرجینیا ، هاوسەری پۆ، تووشی خوێن هەڵێنان دەبێ.

١٨٤٣: قالۆنچەی زێڕین" بڵاودەکاتەوەو پێشوازییەکی گەرمی لەلایەن جەماوەری خوێنەرەوە لێدەکرێت. پەخشانە رۆمانسیەکانی ئیدگار ئالان پۆش لە فیلادلفیادا بڵاودەبێتەوە.

١٨٤٤: یەکەمین بڵاوبوونەوەی "قەلەڕەش" پایەی پۆ وەکو سیمایەکی ئەدەبی نەتەوەیی دەچەسپێنێ.

١٨٤٥: فرانسیس سرجنت ئاسگودی شاعیر (1811- 1850) دەبینێ کە دەست بە پەیگیری پۆ دەکات ، نووسینەکانی وی دەربارەی پۆ هەراو هەنگامەو گەنگەشەیەکی زۆر دەنێتەوە . هەر لەم ساڵەدا "قەلەڕەش و شیعرێن دی" بڵاودەبێتەوە .

١٨٤٦: مانگی پێنج، دەچێ بۆ فوردهام و لەوێندەر لە کولبەیەکدا ئاکنجی دەبێت . زنجیرە وتاری "ئەدیبانی نیویورک" دەنووسێت کە شەڕو دەعواو سکاڵای دادڤانی لێدەکەوێتەوە .

١٨٤٧: لە تەموزدا ، ڤیرجینیای ژنی لە تەمەنی بیست وچوار ساڵیدا بە نەخۆشی دەردە باریکە (سیل) دەمرێت .

١٨٤٨: له ناوچەی رودئایلند ، بۆ ماوەیەک دەگەڵ سارا هیلین ویتمەنی شاعیردا بە دەزگیرانداری دەمێنێتەوە . جۆرە ئەشق و ئاشقێنیەکی ئەفلاتوونی دەگەڵ چەندین ژندا پەیدا دەکات . له مانگی پێنجدا لێکۆڵینەوە بە ناوبانگەکەی( یورکا) بڵاودەکاتەوە .

١٨٤٩: بەدەم ورێنەی مەستیەوە دەگاتە فیلادلفیا . چاک دەبێتەوە ، سەفەری ریچموند دەکات و، تەدارەکی زەماوەند دەگەڵ سارا ئالمیرادا دەبینیٚ . له مانگی نۆدا له ریچموندەوە بەرەو نیویورک دەڕوات. له ٣/ ١٠دا له بالتیمور، بە بێهۆشی له کەنار جادەیەکەدا دەیبیننەوە. له ٧/ ١٠: له نەخۆشخانەی واشنگتۆن کولیج بالتیمور دەمرێت و گریس وولد دەبێت بە سەر وەسێتی ئەدەبی وی..

# فەرهەنگۆک

ئا:

ئەداو ئەتوار : رەوشت و ئاکار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەوک : قورگ ، گەروو ، بەرمل

ئاسیو : ئازار ، بەڵا ، زیان ، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق ، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە ، هەوە ، هون

ئەگەرنا : دەنا ، ئەگینا ، ئەگین ، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی ، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش ، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش ، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم ، قوبان

ئاران : گەرمەسێر ، گەرمیان ، زستانەوار

ئۆین : پیلان ، دەسیسە ، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز ، پیلانگێڕ

ئێشک: پاس ، کێشک

ئاکنجی : نیشتەجێ

ئالوودە :گیرۆدە ، خووپێگرتوو

ئاوەز : هۆش، فام ، ئەقڵ

ئاشپەز : شیوکەر، چێشت لێنەر ، چێشتچی، شێف

ئەنگێزە : هۆ ، هاندەر ، سۆنگە

ئەستەم : زەحمەت ، ئاسێ ، دژوار

ئیرەیی : حەسوودی

ئەستێڵ : حەوز

ئیستەرەم : دەمەوێ

ئەستەڕ : بەر ، بەری کەواو...

ئاپۆڕا : حەشامات ، قەرەباڵغی

ئاشووب : پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ : جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل : کورسی

ئاوەز : ئەقڵ

ئاخێز : نیوە هەستان

ئەوقات : پارێزەر

ئۆل : ئاین

ئاریشە : کێشە ، گرفت

ئاودڕکە : ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ب:

باوەژن : زڕدایک ، هەوێی دایک ، باجی

باب : باوک، باڤ

بالآنما: بالآنوێن ، ئاوێنەی بالاڕوان

بلەز : خێرا ، بەپەلە ، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور : شووشە

بێنەوا : هەژار ، بێچارە ، داماو

بە تۆبزی : بە زۆر ، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە : جۆرە کانزایەکە ، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز : بێچارە، نەدار ، بەسەزمان

بەرۆک : یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ : بە هێواشی

بەرسڤ : وەڵام

بەڕک : گیرفان ، باخەڵ

بالیفۆکە : سەرینی بچووک ، گۆشە

بوری : تێپەڕی

بیلبتون : بە تەواوەتی

بەو ئاوایە : بەو جۆرە ، بەو شێوەیە

باریە : لۆسە

بەستێن : رۆخ ، کەنار ، گوێ چەم ، دەم چەم

بێشە : دارستان ، لێر

بەرکۆشە : بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە : ژێر پیاڵە

بۆرەقنە : ئامال بۆر ، مەیلەو بۆر ، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی : بێ زیان ، سەلامەت

بارِ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو : بێزگ ، مەگیرانی

بێزگەوان : بێزووکەر

بەلانس : هاوسەنگی

بارتەقا : باتەقا ، هەنبەر ، بەرانبەر

باجەوان : باجگر

بەسوێ : بە ژان ، بە ئازار

بەردەبار : پیاوی زانا و بە تەگبیر

بێدادی : نەهەقی

بەیتاڵ : پزیشکی ئاژەلان

بویەر : ڕووداو

باژێرۆک : شارۆچکە

باشار: دەربردن ، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی ، بەراهی

بەڵەد : شارەزا ، ڕێزان ، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە : بەفری زۆر دەنک ورد

بەلەک : پووز

به خورتی : به تۆپزی

بالیف : سەرین ، پشتی

بەگەنکردن : پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس : هۆ، باعیس ، سۆنگە

بەرخودان : مقاوەمەت

پ:

پێشخزمەت : نۆکەری بەردەستان

پارک : باخ

پسمام : کوڕە مام ، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەک

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە ، لە مریشک گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ : بەش

پرتەو: تیشک ، روناکی

پێکڤە : پێکەوە ، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە ، کەوڵی تیسکن

پەژمردە : چەرمسی ، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە : گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ ، هەڵامەت

پیتاک : باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل : شەپۆل

پەسلان : قیامەت ، ئەو دنیا

پاتاوە : پێڵاو، کاڵە .

پاتۆق : شوێنی کۆبوونەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری : حوکمی پێشوەختە

ت:

تەمەشاڤان : بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە : شانۆ، نمایشسەرا

تەژی : پڕ، لیپاو لیپ ، سەر رێژ

تێشت : نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان ، تاشتی

تالووکە : مەترسی ، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا : گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فڵان ، ناڤبری

تاژی : سەگی ڕاو، تانجی، تاژی بەگزادەی سەگە.

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:تووڕەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : رێگر ، چەتە

توولەک: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریک

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن: تاقی کردنەوە ، تەجرەبە کردن

جوڕنە : حەوزۆکەی گەرماو

جما: جوڵا، بزوا

جڤاکی: کۆمەڵایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمک، لفانە

چ:

چەلەنگ : چوست و چالاک ، گورج و گۆڵ ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە ، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ : مانگا

چەنگ : ئامێرێکی موسیقایە ، هارپ

چەکمە : جزمە، پووت

چەمەنزار : مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا ، لەبەرچی

چقڵ : دڕک ، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە ، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمک : سووچ ، گۆشە

چوارنکال : هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش : سڵ ، رەوەک ، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەک:  جەفەنگ، قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو  ، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت : مەینەت ، خەفەت ، کەسەر، داخ ، خەم

حەجامات : خوێن بەردان

خ:

خەنی لە خۆتان : خۆشی لە خۆتان

خشکۆک : دەلال، جوانکیلە ، جوان ، قەشەنگ

خەنەقاندن : خنکاندن ، لە سێدارەدان

خورجین: هەگبەی لە بەن ، جانتای لە بەن،  خورج

خا : خات، خاتوون ، خانم ، یا

خاپاندن : فریودان ، تەفرەدان ، خەڵەتاندن

خاپینۆک : فریبۆک ، فێڵباز

خانەدان : نەجیمزادە ، ئەسڵزادە

خودان: خێو ، خاوەن ، ساحێب

خوڵک : خولق

خۆرتی : بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێک ، بێ کەم و زیاد

خوبزە: نۆکەر ، خزمەتچی ، خولام

خاکی: بێ هەوا ، بێ فیز

خەرگە : پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی : خۆو بەخت ، بە هەڵکەوت

خەبتین : خەبات کردن

خشکۆک : جوان ، خشیک

خویا : ئاشکرا ، دیار ، روون

خۆرانگاز : تاوە سووت ، سووتاو لەبەر خۆر

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ ، وار

دێرکەوتن : دواکەوتن

دلپاقژ : دڵپاک، بێ فرو فێڵ ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان : هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی ، دڵنەرم ، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە ، نەنک

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریان : دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕک ، چقڵ ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ ، ئامرازی چەڵتووک کوتان

دەڵەکدان : پاڵنان

دڕدۆنگ : دوودڵ ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی ، بچووکی

دەڵەچە : مەرایی کەر ، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ، دارە قوڵە

دیرۆکنووس : مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات ، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی ، سواڵ،پار سەگی

داشۆ: کاکە ، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

ڕ:

رەقسین: سەما ، هەڵپەڕین

ڕنەک : قەشەو

ڕدێن: ریش

روندک : فرمێسک، رونتک، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕک : کووڕ ، ڕژد

رابوون : هەستان

رۆخانە : روبار، چۆم، چێم ڕوو:ئاوێ بڕوا بۆ ڕۆخانە، خزم بیخوا نەک بێگانە.

ڕند : جوان ، خوشیک ، خشکۆک

ڕمووده: ئالووده ، هۆگر

رادەست : خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسک: مغامەرە، سەرکێشی

ریوەڵە : بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت : دانیشت

رووپامایی : مەرایی ، دەڵەچەیی ، بن ریشەیی

راmووسان: ماچ

رەهەنە : رەهەندە، عەودال، ئاوارە ، چۆلگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت

ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن ، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم ، دەو

زوڕییەت : وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە : زێد ، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان : زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت : سەرکۆنە ، لۆمە

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەک ، بێ وەفا ، نمەک حەرام

سۆز: پەیمان ، بەڵێن

ستران: گۆرانی ، قام ، لاوک

سپێدە : بەرەبەیان

سەوزەزار : مێرگ ، مێرگوزار ، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە : بەسەرهات، سەرگوزەشتە ، سەربهورد

سەرگوروشتە : سەربوردە،

سخێف : جنێو

سەختگیر: توند و بەزەبت و رەبت

سیوات : خوێنەواری

سائەقڵ : شێتۆکە

سەربۆز : سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی : هەتیوو، منداڵی بێ داک و باب

سیکتر: دەرکردن ، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە : بزۆز، نەسرەوت ، زرینگ ، ئاژاوەچی

سێبەندی : بێ شەرم و حەیا ،

ستێران: ئەستێران

سابرێن : نێری ، تەگە

سەرۆ: ئیلهام ، سرووش

سازڤان : مۆزیکوان

سەرناڤ : ناونیشان

ستان:  شار، پارێزگا

ستاندار : پارێزگار، متەسەڕیف

ساردخانە : مەیتخانە

سۆل: پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ، نەعل

سەردولکە : گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆک : منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند : ڕێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

ش:

شرِندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شرپۆش : شرۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام : شیو، شیڤ ، خواردنی ئێواران

شکەفت : ئەشکەوت

شکەستەنی : ناسک ، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان: هیچیان ، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ : پارەیەکە

شاپ : شەق

شەکەت : ماندوو، هیلاک

شوورە : دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ ، شەڕانی

شەنگوڵ : بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون : پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالک

شەمدان: مۆمدان ، شەمان ، جێگەی مۆم

شۆڤار: زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاک

شاشک : مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیک

شیرەت : راوێژ ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە : کارنامەی خوێندن

ع:

عاسا: دار عاسا ، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس : دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غارٍ: ئەشکەوت

غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە ، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەک، گاڵتەوگەپ ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە ، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ : لووت بەرز ، بە دەعیە ، روحزل

فاما: فامیدە ، تێگەییشتوو ، زیرەک

ڤالا: بەتاڵ ، خاڵی ، پووک ، ئاواڵە ، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووک

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین : پاشانشین ، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی : تاشتی ، بەرقلیان، نانی بەیانی ، تێشت ، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ : قەپێلک ، قاپۆرە

قوشقی: تووڕە ، وەرەز ، سڵ ، رەوەک

قەرقەشە : تەشقەڵە ، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێک یان دەوڵەتێک

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەلایی: کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە : تاق تاقکەرە

قاوش : هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت : بەخت رەش ، بەدبەخت ، نەگبەت

قامک : پەنجە، ئەنگوست ، پل ، کلک

قامبێژ : گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو : ترسنۆک

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ: زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات : بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ : گۆبازی ، قاشوان

قەپاتمە : سۆیتەلی ، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کووڕ ، پشت کۆم

ک:

کوت ومت : دەقاودەق

کوانگە : کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسک

کودەڵە : بێچووە بەراز

کوختە : کۆخ، خانووی چکۆلە و خراپ

کوڵکە : موو، توک

کولۆ : کوللە

کەچڕەوی : لە ڕێ لادان ، تەحریفیەت

کەوەیی : شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەک : سۆس

کۆمەک : یارمەتی ، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە : کوڕی بچووک

کەپوو: لووت ، دفن

کەونارا : زۆرکۆن ، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی : پێکەنیناوی

کامکردن : نەوس تکان

کەزی : پرچ ، زلف

کڵاوخود : کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان : مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆلۆنی: موهاجیرنشین ، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی : ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەندەکار : کەسێک کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی : پاسەوان ، نیگابان

کۆ : سڵ ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت ، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند : بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن : گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت : ناشیرین ، کاری خراپ

کەتواری : ریالیستی ، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

گ:

گۆساخ : چاوقایم ، رووقایم، ئازا

گەدا : پارسەک ، سواڵکەر، دەرۆزەکەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەکمە : دەمەوێ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی ، کایە

گەنج : زێرو زیو ، ماڵی دنیا

گەردنبەند : ملوانکە

گازکردن : بانگکردن

گۆرین:  یارۆ ، ناڤبری

گوند: دێ ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆلکە

گارد : پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە : موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەک : زبلدان ، سەرانگوێلک

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گلکۆ: گۆڕ، ئارامگە

ل:

لە کەیفان : لە خۆشیان

لە بیلادەوە : لە ئیجادەوە ، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ ، فزوڵی، کونجکاو

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریک بوو، وەخت بوو

لێ: بەڵام

لێبڕا : بڕیاری دا

لۆسە : باریە

لاق: قاچ ، لنگ

لەزکرن : خێراکردن ، پەلەکردن

لایدە: بێگانە

لە هەنبەر : بەرانبەر

لێ : بەڵام

لەیستۆک : بووکەشووشە ، بووکەڵە

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین : رەنگە ، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ، پەلە

لەبڕ : یەکسەری ، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی ، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نک: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

م:

موغازە : فرۆشگە ، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول : سەرقاڵ،  سەرگەرم

مڵ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب : جەلاد

مەزرا:  کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ : وڵات ، نیشتمان

مقەوا : کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ : قۆناغ ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات : خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری : موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ : نەژنەو ، سوور لەسەر شتێک

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراک : کەوچک ، کەچک

مینا، میناک: وەک ، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە ، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت ، ئیجازە

مەرگی مفاجا : سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشک

ن:

نەزاکەت : ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا

نەترە : ورە

ناچیز: هیچ ، زۆر کەم

نەژاد : رەگەز ، رەچەڵەک، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نک : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو : نەبیست ، منجڕ

نمەد : لباد

نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤساڵ : میانە ساڵ

و:

وەمێنێ: بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت : شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە ، دارالنشر

وەشانكار: بڵاوكەرەوە ، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم : مومبارەكی ، پیرۆزی

وشكەبار: میوەی وشكەوەكراو

ه:

هانكە هانك: هەناسە بركێ

هەژگ: لكەداری وشكەوە بوو، چڕوچیلكەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ : هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و كێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان ، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووكە : ئیستا ، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوكمی چاو

هۆڤی: كێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیركردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدار : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە : لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕک : ملەکەر، ململانێ ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، برۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف: دوو کەسی لە یەک ئاستی کۆمەڵایەتی

هاودەستی: هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆک : هەیڤک ، مانگیلە ، مانگی یەک شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج:  ئۆتمۆسفیر

هەیڤە شەو: مانگەشەو

هەڵاوێردن : جیاکردنەوە

هاتە وەشاندن:  بڵاوکرایەوە

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست ، بێگۆڕان

یارۆ : فڵان

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن.

حەمە کەریم عارف

*- کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایک بووە.

•- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

•- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.

•- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

•- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

* - جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم,قەرەمیرزا، ڕەندی عارفزادە، حەمۆکە، بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*- لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

•- لە هەشتاکانەوە تا 2010/8/20ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

•- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم 1979

2- کۆچی سوور، رۆمان, چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007

3- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم 1988

4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم 2005

5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان

6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ

7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005

8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم  2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی

9- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین،  چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007

10- شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێران.

11- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گولان

12 – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین،  چاپی سێیەم  2006

13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق

14- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گولان

15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008

16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی،  چاپی دووەم،  2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر

17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985

18- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەلە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006

19- جێ پێ (کۆمەلە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوک

20- زندە خەون، کۆمەلە چیرۆک، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی

21- چیرۆکستان ،کۆمەلێک دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوک

22-دیدارو دەقو رەخنە،چ2005،1

23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1

24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوک

25- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005

27- مێژووی رەگ و رەچەلەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1

28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004

29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006

30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011

31 –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998

32- چینی کۆن، چ1(        )دەزگای موکریانی

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

36- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)

37- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

39- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)

41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی

42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

43- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

44- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای

45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

47- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008

49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

51- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی

52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

---

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

56- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی

57- گوگول، نووسەری ریالیست

58- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

60- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان

62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

---

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008

64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008

65- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008

66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ1،2004،دەزگای سپیرێز

67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی

68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

69- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006

70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی

71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006

72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006

74- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ1/ 2010/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە(70)

75- دەربارەی رۆمانو چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008

76- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوک

77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009

78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004

80- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف

81-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی

82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

83- ریوایەت, رۆمان, بزورگی عەلەوی

84- وقفات فی رحاب الپقافه الکوردیه, حەمە کەریم عارف

85- هەژاران, رۆمان, دوستوفسکی

86- دەیڤد کۆپەرفیلد, (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

87- ئۆدیسە, داستان، هۆمیرۆس

88- ظل الصوت و قصص اخری, تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

89- شازادە و گەدا, رۆمان, مارک توین

90- توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

91- سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

92- باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی

93- نامەکانی تولستۆی

94- جەمیلە, رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد

96- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

97- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ مندالان

98- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

99- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

100- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

101- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

102- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

103- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

104-مێژووی رۆمانی تورکی

105- دیوار...کۆچیرۆک................کۆمەڵێک نووسەر

106- کۆکۆرۆ..............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

107- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

108- ئەودیوی مەرگ............حەمەکەریم عارف/چ12001/ موکریانی

109- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

110- گەمژە, ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

111- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

112- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

113- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

114- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

115- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)

116- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

117- هەزار پیشە................حەمەکەریم عارف

118- چیخۆف...هنری ترۆیا

119- دۆنی ئارام/1

120- دۆنی ئارام/2

121- دۆنی ئارام/3

122- دۆنی ئارام/4

123- دەربارەی ئۆدێسە

124- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

125- ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

126- گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

127- بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"

128- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

129- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

130- پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی

131- گۆگۆل،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

132- ڕەبەنێکی ڕەشپۆش, چیخۆف

133- کەنیزۆ ،کۆمەلّێک چیرۆکی هەلّبژاردەی فارسی

134- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

135- جیرۆکی شاریک , رۆمان , ئەحمەد مەحموود.

136- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

137- کۆلانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

138- چۆن پۆلامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروفسکی

139- بیست و سێ چیرۆکی تۆلستۆی

١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک ,شۆلۆخۆف

١٤١- قەیرانی سێبەر ، حەمە کەریم عارف

١٤٢- ئەفسانەی تەروادە

١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز

144- دلّی شەو، نەجیب مەحفووز

١٤٥- ئاوێنەکان، نەجیب مەحفووز

146- جەنابی ڕێزار، نەجیب مەحفووز

١٤٧- دەورانی مندالّیم، ماکسیم گۆرکی

١٤٨- خڕخەپان ، گی. دو مۆپاسان

١٤٩- یەڵماز گونای (ژیانی سەر بەرزانە)

١٥٠- هاوسەفەر ،ماکسیم گۆرکی.

١٥١- ئەو ڕۆژەی سەرکۆمار کوژرا، نەجیب مەحفووز

١٥٢- خەمی نان (لە نێو خەڵکیدا) ،ماکسیم گۆرکی

١٥٣- ڕۆژانی زانستگەم، ماکسیم گۆرکی

١٥٤- پییر و جان، ڕۆمان ، مۆپاسان

١٥٥- دەنگدانەوەکانی ژیانم، نەجیب مەحفووز

١٥٦- دەروازەیەک بۆ سینەمای کوردی، بورهان شاوی

١٥٧- بیل ئامی، ڕۆمان، مۆپاسان

١٥٨- ساڵپا، ڕۆمان، یڵماز گونای

١٥٩- ڤیان، کۆ چیرۆک، مۆپاسان

١٦٠- هۆرلا، کۆ چیرۆک، مۆپاسان

١٦١- هەوەڵین بەفر، کۆچیرۆک، مۆپاسان

١٦٢- دوو هاوڕێ، کۆچیرۆک، مۆپاسان

١٦٣- چاوەروانی، کۆچیرۆک، مۆپاسان

١٦٤- خاتو باتیست، کۆچیرۆک، مۆپاسان

١٦٥- دەروازەیەک بۆ جیهانی چیرۆک وڕۆمان،حەمەکەریم عارف

١٦٦- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە ەریم عارف، چ٢

١٦٧- شەری ئاخر زەمان، ڕۆمان، ماریۆ بەرگازیۆسا

١٦٨- دەق بییانووە بۆ گێرانەوە، حەمە ەریم عارف

١٦٩- خان خەلیلی، ڕۆمان، نەجیب مەحفوز

١٧٠- هۆلیوود، ڕۆمان، بۆکۆفسکی

١٧١- ماسیە زێرینەکە، ڕۆمان، لۆکلیزۆ

١٧٢-سەربهوردی پیرەمێردێکی سەد ساڵە، ڕۆمان

١٧٣- حەمە کەریم عارف پیاوێک....غازی حەسەن

١٧٤- سەفەرنامەکەی ریچ

١٧٥- ئیفلاسی سیاسی و قاتی سیاسەتوان..حەمەکەریم عارف.